# شانۆی توندوتیژ

## لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٩٤١)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.info**

■ **شانۆی توندوتیژ**
**لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا**

نووسین: دانا ڕەئووف

دیزاینی ناوەوە: شەماڵ وەلی

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠٠ دانە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

چاپی: دووەم، چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠٢٠ کوردستان - سلێمانی
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٩٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە
■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

ژمارەی نێودەوڵەتیی کتێب
ISBN 978 – 91–639 – 8915 – 5

دانا ڕەئووف


# شانۆی توندوتیژ

## لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا

سلێمانی - ٢٠٢٠

# خودایە، تۆ چیت لە جەستەی من کرد؟

ئەنتۆنان ئارتۆ





# پێڕست


پێشەکیی چاپی دووەم ل: ١١

هەنگاوێکی پێویست بۆ ڕووناکییەکی زیاتر ل: ١٣

سەرەتایەکی پێویست ل: ١٧

**دەروازەی یەکەم:**

تیۆر ل: ٣١

**بەشی یەکەم:**

با ئەنتۆنان ئارتۆ بناسین ل: ٣٣

**بەشی دووەم:**

دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون بە جیهانی ئارتۆ. ل: ٥٧

**بەشی سێیەم:**

کاریگەرییەکانی ئەلفرێد گاری ل: ٧٣

**بەشی چوارەم:**

دیدی ئارتۆ و شانۆی خۆرهەڵاتی کۆن. ل: ٨٧

**بەشی پێنجەم:**

تیۆری شانۆ و فەلسەفەی شانۆ ل: ٩٩

فەلسەفەی شانۆ و کاریگەرییە فەلسەفییەکان ل: ١١٣

**بەشی شەشەم:**

ئارتۆ و ئەدەبی شانۆیی و هونەری دراما ل: ١١٩

**بەشی حەوتەم:**

چەمکی توندوتیژی، ئەفسوون و میتافیزیک لە شانۆی توندوتیژیـدا ل: ١٣٥

ئارتۆ و توندوتیژی ل: ١٣٥

ئەفسوون و میتافیزیک ل: ١٤٣

**بەشی هەشتەم:**

داستان، تاعوون، توندوتیژی، ڕۆشنبیری و... ل: ١٥١

داستان لە شانۆی توندوتیژدا ل: ١٥٣

شانۆ — تاعوون ل: ١٥٧

شانۆ — ڕۆشنبیری ل: ١٦٠

ئارتۆ و گەشتەکەی مەکسیک ل: ١٦٤

**دەروازەی دووەم:**

پراکتیک ل: ١٦٩

**بەشی یەکەم:**

دەرهێنان و هونەری نواندن لە شانۆی توندوتیژدا ل: ١٧١

**بەشی دووەم:**

بینەر و ڕۆڵی بینەران لە شانۆی توندوتیژدا ل: ١٨٧

دواوشە و پوختەی ئەم کتێبە ل: ١٩٥

**سەرچاوەکان: ل: ٢٠٣**

**پاشکۆکان: ل: ٢٠٧**

شانۆ و هەمبەرەکەی ١ ل: ٢٠٩

شانۆ و هەمبەرەکەی ٢ ل: ٢٤٧

پریشکی خوێن ل: ٢٥٧

چەند پارچە شیعرێکی ئەنتۆنان ئارتۆ ل: ٢٦٩

من ئەو شاعیرەی ناوەوەتم خۆش دەوێت ل: ٢٧٧

ژووری سپی ل: ٢٩١

کورتەیەک لە کرۆنۆلۆگی ژیان و بەرهەمەکانی ئەنتۆنان ئارتۆ ل: ٣١٣

ئێستایش دەبێ شتێک بڵێم
کە ڕەنگە بە لای زۆر کەسەوە سەیر بێت
من دوژمنی شانۆم
هەمیشەیش هەر دوژمنی دەبم...
چەندێک شانۆم خۆش دەوێ
هێندەیش بە هەمان پاساو، دوژمنیم.

ئەنتۆنان ئارتۆ

## پێشەکیی چاپی دووەم

لە هەشـــتاکاندا، کە قوتـــابیی پەیمـــانگەی هونەرەجوانەکـــان بـووم، ئەنتۆنـان ئـارتۆ و شـانۆی تونـدوتیژ جـێگەی سـەرنج و تێرامــانم بــوون، هەمیشــە بەدوای زانیــاریی نــوێ و زیــاتردا دەگەڕام و دەمویســـت لەم تەوژمە شـــانۆییەدا، هەرچەنـــدە زانیاری و سەرچاوەکان زۆر کەم بوون، قووڵ ببمەوە. هەر لە ڕێـــگەی ئەم شانۆییەشـــــەوە، ڕێچکەیەکـــی جیـــاواز و ئەزمـــوونگەریم بــۆ کــاری شـــانۆییم هەڵبــژارد و چەنــدێک بمتوانیایە لە واقیعییەتی سایکۆلۆژی و شانۆی ڕیالیزمی دوور دەکەوتمەوە.

کە پەیمانگەیشـــم تەواو کـــرد، لەپـــاڵ پێشکەشـــکردنی شـــانۆنامەی ئەنتیگـــۆن-ی شانۆنامەنووســـی فەرەنســـی ژان ئـــانوی، لێکـــۆڵینەوەیەکم لەســـەر ئەنتۆنـــان ئـــارتۆ و شـــانۆی تونـــدوتیژ، بە زمـــانی عەرەبـــی نووســـی و بـــووە جـــێگەی ڕەزامەندیی ئەو مامۆستایەی سەرپەرشتیی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دەکردم. دوای تەواوکردنی پەیمانگە و گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، ئـــارتۆ وەک خولیـــایەک لە مێشـــکمدا هەر مـــایەوە، بیـــرم لـــێ دەکـــردەوە و لەگەڵ هاوڕێکـــانی ئەو دەمەمـــدا، بەردەوام باســـی تیـــۆر و چـــۆنیەتیی لایەنە پراکتیکـــی و کردەییەکـــانی شـــانۆی توندوتیژمان دەکرد و دەمانزانی چەندە گرانە.

دواجـار لێکـۆڵینەوەکەی پەیمـانگەم کـرد بە کـوردی، ئەو لێکـۆڵینەوەیە بـووە دەروازە و سـەرەتایەکی پـتەو بـۆ یەکەم کتێـب و بەرهەمـی چـاپکراوم، بە نـاوی (شـانۆی تونـدوتیژی لەنێـوان تیـۆر و پراکتیـک)دا، کە هەر دوای مـاوەیەکی کەم یەک دانەیشی لە کتێبخانەکاندا نەما و بووە سەرچاوەیەکی سـەرەکی و پێویسـت بـۆ هونەرمەنـدان و قوتابییـانی هـونەر و بەشـێکی زۆری ڕۆشنبیرانیش.

ئێسـتا ئەو کتێبە لە هـیچ شـوێنێک دەست ناکەوێت و تـاکە سـەرچاوەی (ئـارتۆ) و شـانۆی توندوتیژییشـە و چەنـدان جـار پرسـیاری ئەوەم لـێ کـراوە، کە بـۆ چـاپی نـاکەمەوە؟ ڕەنـگە ئێسـتا بەهـای ئەم کتێـبە زیـاتر بێـت، لەو ڕووەوەی کتێـبەکەی ئەنتۆنـان ئـارتۆ خۆیشـی (شـانۆ و هەمبەرەکەی) بە کـوردی لە بەردەسـتایە و ڕاسـتەوخۆ لە فەرەنسـییەوە کـراوە بە کـوردی. ئەم کتێـــبەیش ڕێگەخۆشـــکەر و یارمەتیـــدەرێکی باشـــە بـــۆ تێگەیشتنێکی قووڵ و باشتری ئەو کتێبە بەنرخە.

دوای هەوڵ و کۆششـێکی زۆر و پیـاچوونەوەیەکی چـڕ و ڕاســـتکردنەوەی هەڵەی چـــاپ و گەڕانەوە بـــۆ چەنـــدان ســـەرچاوەی تـــر و دەوڵەمەنـــدکردنی بە چەنـــدان پاشـــکۆ و قووڵبـوونەوە لە زۆر لایەنـی تـری کتێبەکـە، چـاپی دووەمـی دەخەینەوە بەردەستی ئێوەی ئازیز.

**دانا ڕەئووف**
**٢٠١٩/١/٢٤**
**ستۆکهۆڵم**

## هەنگاوێکی پێویست بۆ ڕووناکییەکی زیاتر

شانۆ لە هەرە دیاردەکانی شارستانییەتە، پێوەرێکی ڕاستگۆی ڕادەی ئەو سەردەمەیە، هۆشیاریی نەتەوەکان دەردەخات، ڕاستەوخۆ بە ژیانەوە بەندە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە. گەوهەر و هێز و جوانیی گشت لایەنە هونەری و ئەدەبییەکانی تیادا دەنوێنرێ. باڵاترین پلەی بیروبۆچوونە. گەشتێک بە ڕێرەوی کاروانەکەی مرۆڤ ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ.

ئەم سەدە جەنجاڵە پڕ لە ناکامی و بەدبەختییە، کە دەبوو خەون و خولیاکانی تیادا سەوز بێ، بەڵام تەماکاری و هەڵپەی درندانە ئەو خواستە شیرینانەی جوانەمەرگ کرد. سەرەتا بە جەنگ و لە ئەورووپاوە شاڵاوی هێنا، تەڕ و وشک پێکەوە لە دۆزەخی سەرمایەداریدا دەسووتان. گشت بایەخ و وێنە باڵا پیرۆزەکان لە مامەڵەی جەنگدا بە بێبایەخی و بێهوودەیی گۆڕانەوە. هیچ شتێک لە شوێنی خۆیدا نەمایەوە. بەڵێ ئەو دوو جەنگە کوشندە جیهانییە مرۆڤیان بردەوە بۆ چاخەکانی بەر لە بەردین، چ گومان لەوەدا نییە، تەنها شتێک کە ڕادەی پێشکەوتنی پێ بپێورێ هۆشیارییە، بە گشت شێوەکانیەوە، ڕەوشت، هەڵسوکەوت و پەیوەندی، واتە بێڕەوشتی بووە ڕواڵەتی ڕۆژگارەکە. نەتەوەکان ژێر پێ خران، دروشمی زەق و بریسکەداریش گەلێکن، بەڵام کامەتا ئەنجام و کوا دەستمایە؟ لە لای (دیرنمان) دەگاتە ڕادەیەک کە لە شانۆیی (زانایانی فیزیک)، (ئەنشتاین) و هاوەڵانی دەخاتە ئاستی پێداچوونەوە، گەر زانست

بۆ ئاسوودەیی مرۆڤ نەبێ، سوودی چییە؟ کەواتە ڕژێمە ئابوورییەکان کە دەستنیشانکەری جۆری ڕژێمە ڕامیارییەکانن، ئەوانە بەرپرسیارن.

لە ڕۆژانێکی وادا و لە سەردەمێکی ئاوا سەیروسەمەرەدا چی دەچنینەوە؟ هەر چۆن پاش کوێرەوەریی سەدەکانی ناوەڕاست، چاوێک بە بەرودوادا گێڕدرایەوە، ئەمجارەیش نەک چاوێک هەزاران چاو، چەندەها تەرز و چەندەها بۆچوون، خولیایەکی گەورە سەریان هەڵدا، سەرەتا لە شوێنی ڕووداوەکان، واتا ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا.

چەند جۆرێک، یان بڵێین بۆچوون پەیدا بوون. ئەمە لێشاوی لافاوێکە و هاتووە، هەرەسە، لای هەندێک هەرەسی شارستانییەتە و ئیتر تەواو، زۆر مەلەوان خۆیان بە خواستی ڕۆچوون سپارد و لەنگەری گیرسانەوەیان نەهاویشت، نەک هەر ئەوەندەو بەڵکو خێری ماسییەکانیشیان بە خۆیانەوە نەهێشت. هەشبوو هەشی بەسەری ئەوان سپارد و بووە سووپەر و سەنگەر، بووە بەربەست و بەرگر. واتە ئەوانەی کەساسی و خاکەساریان ڕامالی و جارێکی تر ژیانەوە، لێرەدا ڕۆڵی ڕابەرێتیی هونەرمەند دەردەکەوێ، کە شایستەی ڕابەرایەتیکردنی نەتەوە بێ. لێرەدا دیاردەی پێشەنگی و بۆپێشەوەچوون هاتنە ئاراوە. بووە ڕێباز و سەرمەشقیی تیادا دەکرا. کەسانێک گۆی هونەرەکەیان پێ بردەوە. باری ژیانەکە پێویستی بە دۆزینەوە و پشکنینێکی فرە هەبوو، هەریەکە پێشبڕکێی لەتەک کات و هاوەڵانیدا دەکرد، لەنێوان ئەم کێشمەکێشەدا گەلێ بابەت ڕاست بوونەوە، یەکێ لەو بابەتە هەرە گرنگانە شانۆی توندوتیژ بوو، دەنگدانەوەی هونەر لە ئاستی ئەو بارە ئاڵۆزە نالەبارە سەختەدا.

ئەم کتێبەی هونەرمەند دانا ڕەئووف نووسیویەتی (شانۆی توندوتیژ لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا)، گرنگییەکی تایبەتی هەیە،

یەکەمیان کردنەوەی پەنجەرەیەکە لەپێناوی ڕووناکیی زیاتردا، دووەمیان دەستپێشکەرییەکی پێویست و پیرۆزە. پاش خوێندنەوەیەکی وردم بۆ نووسینەکەی، گەیشتمە ئاستی ئەو ڕاستییەی کە نووسەر بە تەواوی قاڵی بابەتەکەیە، بۆیە بە خۆڕایی ئەم ئەرکە قورسەی لە خۆی ڕانەبینیوە، ڕاستییەکی تریش ئەوەیە، کە نووسەر پەیڕەوییەکی ڕێبازی زانستییانەی کردووە لە نووسینەکەیدا، وەک دەستپێکردن و شوێنباسکەوتن و گەیشتنە ئاکامێکی مەبەست. بە ڕادەیەک کە کەسێک، قوتابییەکی هونەر بتوانێ تینوویتیی بشکێ و ئاهی تێگەیشتن بە بیر و مێشکی بگات، چونکە هەر باسێک، یان توخمێک لە توخمە سەرەکییەکانی ئەو ڕێبازە بەسەرکراوەتەوە، ئەمەیش لەژێر ڕۆشنایی سەرچاوە بڕواپێکراوە زانستییەکاندا.

دڵنیام ئەم بەرهەمە جێگەیەکی تایبەتی دەگرێ و کەلێنی زۆر گەورەی پێ پڕ دەکرێتەوە. ئەمەیش بەروبوومی پشکنین و شەونخوونی و ماندووبوونێکە، کە لە عەشقێکی ڕاستەقینەی هونەرەوە لەدایک بووە. وا بزانم چڕوپڕیی نووسراوەکەی "کاک دانا" مەودای ئەوەی نەهێشتووەتەوە زیاتر لەسەری بڕۆم. ئەم جۆرە بەرهەمانە برەو بە باری ڕۆشنبیری دەدەن و چاومان بە ئاسۆ فراوانەکاندا هەڵدەهێنن، سەرەڕای ئەوە خزمەتێکی تایبەتی بە قوتابییان و هونەرمەندانی شانۆ دەگەیەنن. لە خوام داوایە ئەم هەنگاوە، گەلێک هەنگاوی تر بەدوای خۆیدا بهێنێ و سوپاسی برای هونەرمەندم کاکە دانا دەکەم، کە ڕێزی ئەم چەند وشە نووسینەی لێ نام و هەر بژین.

**ئەحمەد سالار**
**١٩٨٨/٤/٢٧**
**سلێمانی**

## سەرەتایەکی پێویست

دوابەدوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، چەندین ڕووناکبیر و تیۆریست و دەرهێنەر و ئەکتەر و هونەرمەند پەیدا بوون، کە هەر لە سەرەتاوە ئازارەکانی مرۆڤی سەردەمەکەی خۆیانیان، بەرامبەر هەموو ئاکامەکانی هێزە ڕوخێنەر و شەڕخواز و کێشە نهێلستییەکانی تر، کە گێژاوێکی قووڵی لەبننەهاتوویان بۆ دونیا و ئادەمیزاد خولْقاندبوو، لە بەرهەمەکانیاندا کردە خاڵی دەستپێکردن و ململانێیەکی درێژخایەن و بەردەوام. هەر لە ئەنجامی ئەو بەیەکاچوون و کێشمەکێشە گەورەیەشدا، چەندین بزوتنەوەی هزری و ئەدەبی و هونەری پەیدا بوون، کە چارەسەری هونەری و هزرییان بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان زۆر جیاواز و بەدەر بوو لە بزوتنەوە هونەرییە باوەکان. ئەم جووڵانەوە هزری و هونەرییانە هەر لە سەرەتاوە و لە بەرەنجامی ئەو قۆناغە ئاڵۆز و تاڵەی ڕۆژئاوا، لە ڕوانگەیەکی هونەریی تووڕە و سەرکێش و یاخییەوە ئەزموونەکانیان بە دیار خستووە، کە ئەمەیش ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە ڕاڕایی و نەهامەتیی سەرەتای سەدەی بیستەم کردووە.

(دەربڕینخوازی) ئێکسپرۆشیونیزم[1] لە هونەری وێنەکێشاندا لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، پاشان لە بوارەکانی تری هونەردا، وەک شانۆ و ئەدەب و سینەما بەکار هات. دادایزم و سوریالیزم و سمبولیزم و کوبیزم و ئایندەگەری و چەندان شێوازی هونەریی تر، کە لەسەر بنەمایەکی هزری و فەلسەفییانە تێڕوانینەکانیان لە شێوە ڕێپۆرتوارێکی هونەریدا بەرجەستە کردبوو، نموونەیەکی زیندووی ئەو شاڵاوە تووڕە و یاخییەی گیانی سەردەم بوون. ئەمە جگە لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ڕێبازی پووچگەرایی، کە وەک تەوژمێکی فەلسەفی و لە ڕوانگەی (ڕۆژگارێکی پڕ لە ڕەشبینی و دڵەڕاوکەی مرۆڤ و ئەنجامەکانی جەنگەوە) گەیشتنە ئەو ئاکامەی بانگەشە بۆ نەمانیی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤ و بێمانایی ژیان و نەمانی پێوەندیی مرۆڤایەتی لەنێوان خەڵک بکەن و دیاردەی نامۆبوون بەدیار بخەن. ئەمانە لە لایەک، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەزموون و شیکردنەوە دەروونییەکانی پزیشکی دەروونناسی گەورە "سیگمۆند فرۆید" ١٨٥٦-١٩٣٩ لە جیهانی دەروون و نەست (بێئاگایی/ الاشعور) و ڕاڤەکردنی خەون و شیکردنەوەی زۆر دیاردە و بە ستنەوەی بە شاکارە ئەدەبی و هونەرییە گەورەکانی جیهانەوە، بەها و کاریگەریی خۆی نواندووە. (هونەریش) بەهێزترین چەکێک بووە، کە

---

[1] .بزوتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبییە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە، کارە هونەرییەکانی ئەم ڕێبازە زیاتر گوزارشتکردنێکی سۆز و هەڵچوونی دەروونیی هونەرمەندە لە کێشە و دژایەتییەکانیدا. بەو پێیە تێڕوانینە خودییەکان و ڕەوشە دەروونییەکان دەبنە بناغەی پڕۆژەی داهێنانی هونەری، ئەمە سەرباری شێواندنی واقیع، وەک شێوازە هونەرییەکە، لە ڕێگەی ئاسانکردن و وردکردنەوە و ئاوێتەکردنی واقیع بە خەون و بەکارهێنانی هێما و نزیکبوونەوە و شکۆپێدانی نەست. (لاشعور)

ڕابەرانی ئەم ڕێبازانە بە هۆیەوە ئەو دیاردە و تەوژمانەیان دەربڕیوە، لە ڕێگەی هونەرەوە توانیویانە گۆمی مەنگی هەموو دابونەریت و تیۆر و شێوازەکانی هونەر و ئەدەب بشڵەقێنن و گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەراپای ڕێباز و تیۆرە هونەری و ئەدەبییەکاندا بێنن. ئەم تەوژمانە بە هەموو لق و بوارە جۆراوجۆرەکانیانەوە دەیانویست بە تێڕوانینێکی نوێخوازییەوە گوزارشت لە خەم و ئازارەکانی مرۆڤایەتی بکەن، کە لە گێژاوی هەردوو جەنگی گەورە و ترسناکی جیهانیدا ژیابوون، ئەو مرۆڤەی بە درێژایی ڕۆژگار لە تیۆرە فەلسەفی و کێشە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکاندا چەواشە کرابوون. ئەو مرۆڤانەی لەژێر ستەمی ڕژێمە بورژوا و دکتاتۆرەکاندا چەوسێنرابوونەوە. هەر لە ئەنجامی ئەو گێژاو و ململانێیەدا چەندانی وەک کۆنستانتین ستانیسلاڤسکی ١٨٦٣-١٩٣٨ و ئەدوارد گۆردن گرەیک ١٨٧٢ ١٩٦٦ و ئێرڤین پیسکاتۆر ١٨٩٣-١٩٦٦ و برتۆلد بریێشت ١٨٩٨-١٩٥٦ و ئارتور ئەدامۆف ١٩٠٨-١٩٧٠ و سامۆیل بێکیت ١٩٠٦-١٩٨٣ و یۆژین یۆنسکۆ ١٩٠٩-١٩٩٤ و ژان ژینیە ١٩١٠-١٩٨٦ و فەرناندۆ ئارابال ١٩٣٢- ...تاد وەدەرکەوتن، کە هەریەکەیان بە شێوەیەک و بە بابەتێکی هزری و هونەری تایبەتمەندەوە، بەشداریی دروستبوونی ئەو (هەڕەمە) مەزن و بەرز و هەمەچەشنەی هونەر و ئەدەب و هزرەیان کردووە. شتێکی ئاشکرایە ئەم بزوتنەوە هونەری و ئەدەبییانە لە یەکەم هەنگاویانەوە هەوڵیان داوە لە دیدێکی دژ بە ڕێبازی ڕۆمانسی، ڕیالیزم و ناتورالیزم و باوی ئەو سەردەمەوە شۆڕشەکەیان بەرپا بکەن.

ئەوە بوو لە یەکەم هەنگاودا بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان ڕوویان کردە شوێنە گشتییەکان و لە هۆڵە ئاساییە قەشەنگ و گەورەکانی شانۆ دوورکەوتنەوە، لەپێناوی بەدیهێنانی جەماوەرێکی گەورە و هۆشمەندتردا، تا نمایشەکانیان تایبەت نەبێت بە گرفت و کێشەکانی ناو خێزانە بۆرژواکان. بۆ ئەم مەبەستەیش زۆربەی هونەرمەندەکان نمایشەکانیان لەسەر شەقامە گشتی و ناو کارگە و گەراجی ئۆتۆمبێل و باخچە گشتی و گۆڕەپانە گەورەکاندا نمایش کردووە.

دەتوانین بڵێین ئەو بزوتنەوە و تەوژمە شانۆییە نوێیانە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو خاڵی سەرەکیدا یەکیان دەگرتەوە: یەکەمیان گۆڕانکاری لە ڕووی پێوەندیی نێوان نمایش و بینەرانەوە، دووەمیان تێکڕای ئەم نمایشانە ڕوویان کردووەتە ڕاڤەکردنی ڕەوشەکانی مرۆڤایەتی، کە زیاتر داماڵین و توندوتیژیی بەخۆوە گرتووە، بە تایبەتییش لە ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ بە واقیعە تاڵەکانەوە[٢].

یەکێک لە گرنگترین ئەو شتانە، کە لە مێژووی شانۆدا نمایشە شانۆییەکان پەیڕەویان دەکرد، بەڵام بزوتنەوە هونەری و شانۆییە نوێیەکان پشتگوێیان خستبوو، دیواری چوارەم بوو؛ ئەو دیوارەی کە وا نمایشەکان لەنێوان خۆیان و بینەراندا دروستیان کرد بوو. لە شانۆدا ئەو دیوارە وەهمییەی نێوان بینەر و تەختەی شانۆ، کە بینەر لەوێوە ئەکتەر و ڕووداوەکانی سەر تەختەی شانۆ دەبینێت بە "دیواری چوارەم" ناوی دەبەن و سەرچاوەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی گریکی و ڕۆمانی کۆن، کە سێ دیواری هەبوو، هیی چوارەمیش ئەو دیوارە

---

[٢]. بڕوانە لاپەڕە ٢٥٥ لە:

سعد آردش، المخرج فی المسرح المعاصر، ١٩٧٩، الکویت.

وەهمییــە بــوو. یەکــەم جــاریش فەیلەســووف و ڕەخنــەگری فڕەنسـی "دێنیس دیدرۆیت" ١٧١٣-١٧٨٤ لەگـەڵ سـەرهەڵدانی شانۆی ڕیالیزم ڕوونی کردەوە، ئەمەیش زیاتر ڕێگەی خۆش کرد بۆ سەلماندنی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە بۆ مسۆگەرکردنی شێوازە نوێیەکانی تری کارە هونەرییەکان و بەرجەستەکردنیان.

(ئەنــدریە ئەنتــوان)[٣] بەرپرســی شــانۆی سەربەســت لە فەرەنسا و دەرهێنەری ڕێبازی ناتورالیزمەکان، یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی بەردەوام دووپاتی گرنگیی ئەو دیوارەیان کــردووەتەوە و هەوڵــی داوە لە ڕێــگەی شــانۆکەیەوە بیکــاتە نەریتێکی بەردەوام و نەگۆڕی شانۆ. ئەنتوان هەمیشە لە کاتی بەرهەمهێنــانی بەرهەمە نوێیەکانیــدا ئەکتەرەکــانی ئاگــادار کردووەتەوە، بەوەی گوتوویەتی (پێویستە لە بیرتان بچێتەوە، کە لە هۆڵی شانۆدان و لە بەردەم بینەراندان) هاوکات شانۆ ڕیالیزمییەکەی کۆنستانتین ستانیسلاڤسکی لە مۆسکۆ (شانۆی هــونەری مۆســکۆ)، دووپــاتی گرنگــی و پێویســتیی دیــواری چوارەمی لەنێوان بینەر و ئەکتەر، لەسەر شانۆ کردووەتەوە.

[٣] ئەنــدریە ئەنتــوان ١٨٥٨-١٩٤٣ یەکــێکە لە کــۆڵەکە پتەوەکــانی شــانۆی هاوچەرخی فەڕەنسی، ساڵی ١٨٨٧ شانۆی (سەربەست)ی دامەزراندووە. ئەم دەرهێــنەرە لەپــاڵ نووســەری گەورەی ئەو دەمەی فەرەنســا، ئەمیــل زۆلا، کەوتووەتە بەرەوپێشبردنی شۆڕشە ناتورالیزمییەکەی زۆلا و لەو ڕوانگەیەوە دووپاتی گرنگیی بەرجەستەکردن و وەدەرخستنی واقیع و ژیانی لەسەر شانۆ کردووە، بۆ ئەو مەبەستەیش نمایشەکانی لە چیرۆکەکانی ئەمیل زۆلاوە ئامادە کردووە. هاوکات هەندێک لە دەقەکانی ڕابەرانی شانۆی ناتورالیزم و ڕیالیزمی، وەک: تۆرگنیڤ، تۆڵستۆی، ستریندبێرگ و ئیبسن-ی نمایش کردووە، هەروەها هەندێک شانۆییشی نمایش کردووە، کە نەکەوتوونەتە ژێر ئاڵای قوتابخانەی ناتورالیزمەوە، لەوانە شا لیر و سیزەری شەکسپیر.

بەم شێوەیە هەردوو ڕێبازی ناتورالیزم و ڕیالیزم لە ڕوانگەی ئەو دیـوارەوە، کە تـوخمێکی گرنگـی شـێوازە هونەرییەکەیـان بـووە، هـیچ جـۆرە پێوەنـدی و بەشـدارییەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆیان لەنێـوان شـانۆ و بینەرانـدا نەهێشـتووە، بەڵکـو بینەرانیــان نــوقمی جیهــانی بێهۆشـــی و خۆلەبیرچــوونەوە کـردووە. نوانـدن لە پشـت ئەم دیـوای چـوارەمەوە بـۆ ئەکـتەر دەبێـتە کـارێکی سـەخت؛ واتـە ئـەو دیـوارە وەهمییـەی بینـەر لەوێوە ئەکتـەر و ڕووداوەکانی سـەر تەختـەی شـانۆی دەبینی، بە ئاماژە بە بینەر دەڵێت، کە ئەو هەست و سۆز و بیرۆکەیـەی پیشـانی دەدا هیـی خـۆی نـین و هیـی کارەکتەرەکەیـە. ئەکتـەر زیاتر لەوەی هەست بـە خـەمباری بکـات، نواندن بۆ خـەمباریی کارەکتەرەکـە دەکـات. ئـەو کـە بـە ئامـادەبوونی خـۆی لەسـەر تەختەی شانۆ دووری و جیاوازیی نێوان خۆی و کارەکتەرەکە پیشان دەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تـەنیا هەسـت و سـۆز و بیرۆکــەی ئــەو کارەکتــەرەی، کــە ڕۆڵەکــەی دەبینێــت، لــە فۆرمێکـەوە دادەڕێژێـت. بینـەر لـە ڕێگـەی ئـەم دیـوارەوە لـەم ڕاستییە دەگات.

لەگەڵ بەرپـابوونی ئەو شۆڕشـە هونەرییـانەدا، ئەم دیـواری چــوارەمەیش وەک هەمــوو شــێواز و دابــونەریتە کــۆن و بەسـەرچووەکانی تـر ڕمێنـرا و لە یەکەم هەنگاویـانەوە، هەوڵـی ئەوەیان دا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کـاریگەر لەنێوان نمایشـە شانۆییەکان و بینەران دەستەبەر بکەن، واتە توانییـان لە بـواری پرۆسێسـی چارەسـەرکردنی دەرهێنـان و نوانـدنەوە، بیـنەران بخەنە نێو گۆڕەپانی یارییە نمایشە شانۆییەکانەوە و –بیانەوێت

و نەیانەوێت- وەک توخمێکی زیندوو بەشداریی ئەو سرووتە[٤] یان ڕیتواڵە شانۆییانە بکەن. بەم شێوەیە بینەران لە تەوەرەی ئەو یارییە شانۆییانەدا –لە ڕوانگەی نەخشە و پرۆسەی دەرهێنانەکەوە– هەر وەک هەموو ئەکتەرێک و بەبێ جیاوازی، ڕۆڵی تایبەتیی خۆی دیوە و بەشداری و بەشێکی گرنگی نمایشەکە بووە.

پێش ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ کام لە هونەرمەندان و تویژەرەوان و تیۆریستەکانی هونەر و شانۆی هاوچەرخ و کاریگەری و ڕۆڵەکانیان لە بزوتنەوە و پاشەڕۆژی هونەر بکەین، دەمەوێت ڕۆڵ و بۆچوون و تێڕوانینە تیۆرییەکانی مۆسیقاری جیهانی (ڕیشارد ڤاگنەر) ١٨١٣-١٨٨٣ دەستنیشان بکەم، چونکە یەکەم هونەرمەندە ئاماژەی بە هونەرێکی گشتگر و سەراپاگیری کردووە و جێپەنجەی بەسەر سەرەتای هەنگاوەکانی هەڵگرانی کاروانی بزوتنەوەی ئەزموونگەریی هونەر و هونەری شانۆ (ئێدوارد گۆردن کرەیگ)ی ئینگلیزی و (ئەدۆڵف ئاپیا) ١٨٦٢-١٩٢٨ی سویسرییەوە دیارە و لە هەموو ڕوویەکەوە کارێکی گەورەی کردووەتە سەر پاشەڕۆژی هونەر.

ئەو هونەرەی (ڤاگنەر)یش مەبەستی بووە و لەپێناویدا هۆڵێکی گەورەی نواندنی بۆ کردووەتەوە، دروستکردنی

---

[٤] .سرووت: هەرچەندە لە زۆر نووسینی ترمدا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، وشەی (کەش)م بەرامبەر بە سرووت، یان طقس بەکارهێناوە، بەڵام دوای وردبوونەوەیەکی بەردەوام و پرس و ڕای زۆر لە زمانزانەکان، گەیشتمە ئەو بڕوایەی، کە وشەی سرووت زیاتر ماناکە دەبەخشێت، لەو ڕووەوەی، کە هەموو جۆرە ڕیتواڵ و طقسێک بە ئاهەنگ و سروود دەست پێ دەکات، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەم وشەیە بە دەقاودەقی واتاکەی خۆی لە (ئاڤێستا)دا بەکار هاتووە.

درامایەکی مۆسیقایی بووە، تا قۆناغی تراژیدیای گریکییەکان ببووژێنێتەوە. بێگومان دەستەبەرکردنی ئەم درامایەش بە یەکەمین تەقەلا بۆ بووژاندنەوەی دراما و شانۆی کۆنی یۆنانی، لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژئاوایی هاوچەرخدا دادەنرێت[٥].

ڤاگنەر فەلسەفە و چەمکی پراکتیکە هونەرییەکەی ناو نا هونەری ئایندە، ئەم چەمکەیش لای ڤاگنەر وێنەیەکی چڕوپڕ و تێکەڵاوی نموونەییە بۆ هونەر و هەموو توخمە شانۆییەکانی تیا کۆدەبێتەوە، یان بە واتایەکی دی دراماکەی ڤاگنەر بە درامای وشە و ئاواز هەژمار دەکرێت، کە ئەمەیش بە ڕای ئەو تاکە وێنەیەکی ئەفسوونییە بۆ دەستەبەرکردن و بەرجەستەکردنی هونەری شانۆ، چونکە هەموو هونەرەکانی تر لە ئەدەب و دراما و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری، بە واتا هاوچەرخییەکەی (شانۆیەکی گشتگر) لە کارێکی درامیدا کۆدەبێتەوە. ئەوەی ڤاگنەر مەبەستی بووە بەرجەستەی بکات و لە ڕوانگەی پڕۆژە هونەرییە بەردەوامەکانیەوە دەستەبەریان بکات، ئەو (شۆڕشە لێوانلێو لە هێما و شێوەکارییە تژی لەو واتایە بووە، کە مەسەلەی ئەفسوونی لە هونەری شانۆدا خوڵقاندووە و بە هۆیەوە گوزارشتیان لە ڕەهایی جیهانێتیی دیوی ناوەوەی خودی مرۆڤ کردووە.)[٦] کەواتە ڕوخسارە مۆدێرن و گەوهەرە بنەڕەتییەکانی هونەر لای ئەم هونەرمەندە (بەپێی ئاماژەکردن بۆ تێبینییەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی "نیچە" بۆچوون و کارەکانی ڤاگنەر) ئەو هێز و وزە گەورە و مەزنە بووە لە خوڵقاندنی بەرەوپێشچوون و گەشەی گیانیدا، چونکە هونەر توانایەکی ئەفسوونیی بەرزە لە بەردەم کردنەوەی

---

[٥].د. عبدالرحمان بدوی، نیتشه خلاصة الفکر الاوربی، الکویت، ١٩٧٥.

[٦].سعد اردش، المخرج فی المسرح المعاصر، ل ٨٤-٨٥، ١٩٧٩. الکویت، ١٩٧٩.

ئاسـۆیەکی گیـانیی نـوێ و ئامـادەکردنی وێنەیەکـی پیـرۆزی بوون، بە یارمەتیی هێزێکی بەتوانای هێماگەل.[7]

کەواتە لە ڕوانـگەی ئەم دەروازەیەوە جێـی سەرسـوڕمان نیـیە، کە نـیچە بڵێـت: (مۆسـیقای ڤـاگنەر توانـای نـوێکردنەوەی شارسـتانییەتی هەیە، نەک هەر ئەوە، بەڵکـو خوڵقانـدنی شارستانییەتێکی پیرۆزی تازەیش.)[8]

دوابەدوای ڤـاگنەر، هونەرمەنـدێکی دی هـاتووە، کە ئەویـش کەم و زۆر جێپەنجەی ڤاگنەری پێوە دیار بووە و لە جێگەی خـۆیەوە و لە ڕووی ئەو ڕۆڵە بەرزەیەوە لە بوارەکـانی ئەدەب و هـونەری شـێوەکاری و سـینەما و شـانۆدا، کـارێکی گەورەی کردووەتە سەر بزوتنەوەی هـونەری شـانۆ و ئەدەب و سـینەما و لقە جۆربەجۆرەکانی تر. ئەویـش بلیمەتـی کۆشـکی هـونەری فەڕەنسـایی و مامۆسـتای تەوژم و ڕێبـازە نوێخـواز و هاوچەرخەکـانی ئەو دەمە هونەرمەنـد "ژان کۆکتـۆ" (١٨٩١-١٩٦٣)[9] بووە.

کۆکتۆ شارەزاییەکی تەواو و گشتگری لە هەمـوو قوتابخـانە و شـێواز و تەوژمە فیکـری و هونەرییەکانـدا هەبـووە، بەڵام ئەوەی دووپـات کـردووەتەوە، کە لە نووسـینەکانیدا شـوێنپێی هـیچ کـام لەو قوتابخـانە و تەوژمە هـونەری و هزرییـانەی

---

[7]. عبدالرحمان بدوی، خلاصة الفکر الاوروپی، سلسلة الفلاسفة، نیتشە، ل٦١.

[8].هەمان سەرچاوە، ل٦١-٦٢.

[9].ژان کۆکتـۆ لە میزون/لافتـێ لە پـاریس لە خێزانێکـی بـورژوازی لەدایـک بـووە، باوکی جۆرج کۆکتۆ بۆ ماوەیەک پارێزەر بووە، دایکیشی ئۆژینی لیکونت بووە. کۆکتـۆ هەر لە سـەرەتاوە منـداڵێکی نـازدار و هەسـتناسـک و تـووڕە و کەلـلەڕەق بووە، لە تەمەنی شـەش ساڵییەوە بە جیهـانی سێرک و دوای ئەوەیش بە شـانۆ ئاشنا بووە.

هەڵنەگرتـــــووە[١٠]. لەگەڵ ئەوەیشـــــدا، کۆکتـــۆ زۆر جـــار بە شـــێوەیەکی گشـــتی لە تەوەرە ســـریالییەکەی سریالیســـتەکان نزیـــــک بـــــووەتەوە، بە تـــــایبەتییش ئەم لایەنە لە فـــــیلمە سینەماییەکانیدا دەردەکەوێت، کە نووسـەر و دەرهێنەرەکەیشـی بـووە، ئەمە جگە لەوەی یەکەم کەس بـووە، کە لە تێڕوانینێکـی هاوچەرخانەوە، داستان و ئەفسانە گریکییەکانی داڕشـتووەتەوە و چارەســـەرێکی هاوچەرخـــانەی بـــۆ کـــردوون. بـــۆ نمـــوونە (ئۆدیپـــۆس) و (ئەنتیگـــونە)، ئەوەی جێگـــووەی ســـەرنجە، کە کۆکتۆ هەمیشە لەو داستانانەدا، مرۆڤی وەک هێزێکی گەورە لە ڕوانـگەی چارەنووسـێکی دژ و جیـاوازەوە بینیـوە[١١]. ئەوەی تـا ئێسـتا لە تێکـڕای لێکـۆڵینەوە و شـیکردنەوە و خسـتنەڕووی بەرهەمە بەپیتە هەمیشـە زینـدووەکانی کۆکتـۆدا دەخـرێتە ڕوو، ئەو جیهـانە شـیعرئامێزە گەورە و ناسـکە پـڕ لە ژیـانەیە، کە تێکڕای بەرهەمە شـانۆیی و نووسـینە جۆربەجۆر و دەرهێنـانە شـانۆیی و فیلمە سـینەماییەکانی دەگرێتەوە. بەم جـۆرە کۆکتـۆ لە چاخی سریالیزمدا ئەفسـوونی لە شـانۆ و سـینەما و شـاکارە ئەدەبییەکانیـدا خوڵقانـدووە و پێگەیەکـی دیـار و کـاریگەری هەبووە.

بەو چەشـــــنە ئەم تەوژمە هـــــاوچەرخە هونەرییـــــانە، لە سەرانسـەری ڕۆژئـاوا و ئەمەریکـادا لەسـەر بنـاغەیەکی پتەو و هۆشـــمەندی ئەو بـــزوتنەوە و مێـــژووە پرشـــنگدارەی بیـــر و هـونەرەوە و لەپـاڵ ئەو کەلەپـوورە بەپێـز و گەورەیەدا ڕێـگەی شۆڕشـی هونەرییـان گـرتە بەر و ڕێگەخۆشـکەرێکی پـتەویش

[١٠]. المثقف العربي، مجلة الفكر العربي التقدمي و الادب الجديد، العدد ١٧١، آب ١٩٦٩.

[١١]. هەمان سەرچاوە.

بوون بۆ تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی (بۆل فۆرت) و (لینیە بۆ) لە فەڕەنسا، لابورە شانۆییەکانی (مایرهۆڵد) و (ڤاختانکۆف) لە ڕووسیا و زنجیرە تاقیکردنەوەکانی (جۆرج فۆخس)ی ئەڵمانی بە شێوەیەکی گشتی و (ئەنتۆنان ئارتۆ) لە فەڕەنسا، بە شێوەیەکی تایبەتی.[12]

ئەم باسەی ئێمەیش لێرەدا سەبارەت بە (ئەنتۆنان ئارتۆ)یە، کە توانیی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و ئێجگار فراوان لە هونەری شانۆدا بەرپا بکات. ئارتۆ سەبارەت بە شانۆکەی و ئەو دیدە هونەری و ئێستاتیکایەی بۆ هونەری شانۆ هەیبووە، دەڵێت: (هەموو کارتێکردنێک توندوتیژییە، دەبێت شانۆ بەپێی ئەو بیرۆکەیە، بیرۆکەی کردارێکی ورووژێنەر و پەڕانگیر، خۆی نوێ بکاتەوە.)[13] ئارتۆ هەر زوو دەیەوێت ڕۆڵی شانۆ و پەیامی شانۆ ڕوون بکاتەوە و دیدێکی جیاواز بۆ فۆرم و تەکنیکی ئەو شانۆیەی ئەو دەیویست دەستەبەر بکات. ئێستاتیکای ئارتۆ شێوازێکی تر لەخۆ دەگرێت و بە شێوەیەکی تر بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت: (ئامانجی شانۆ ئەوەیە لە ڕێی جووڵە کاریگەرەکانەوە بە شێوەیەکی بابەتییانە گوزارشت لە حەقیقەتە شاراوەکان بکات، تیشک بخاتە سەر ئەو بەشە لە حەقیقەت، کە لە دەرکەوتنیدا لەگەڵ چارەنووس، لەپشت فۆرمەکاندا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.)[14]

ئارتۆی شانۆکار و شاعیر بە یەکێک لەو کەسانە هەژمار دەکرێت، کە لە دیدێکی پێویستەوە بەشداریی لە مێژووی

---

[12]. سعد اردش، المخرج في المسرح المعاصر، ل ٨٧-٩٦، الكويت، ١٩٧٩.

[13] . ئارتۆ، ئەنتۆنان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١٣٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردم، ٢٠١٧.

[14]. لاپەڕە ١١١ لە هەمان سەرچاوەی ژمارە ١٣دا.

گۆرانکارییەکـانی جەسـتەدا کـردووە؛ ئەو ژیـانی خـۆی بە هـونەرەکەی خوڵقانـد و هەوڵـی نەهێشـتنی ئەو بەربەسـتانەی دەدا، کە ڕێگەیـان لە گوزارشـتەکانی جەسـتە دەگـرت. مەسـەلە تیۆرییەکانیش بۆ ئارتۆ یەکەیەکی گرنگی جیانەکراوە بوون لە خـودی پرۆسـە شـانۆییەکەدا، دیـدێک بە هـیچ جۆرێـک لە بەشەکانی تری شانۆ جیا ناکرێتەوە. لەبەر ئەوە دەروازەکانی ئەم کتێبەی بەردەستتان تیۆرە و لە تیۆرەوە لایەنە کردەیی و پـراکتیکییە ئێسـتاتیکییەکانی ئەو شـانۆیە ڕوون دەکەیـنەوە، کە ئارتۆ هەموو ژیانی خۆی لەپێناویدا بەخشی.

بێگومـان ئامـادەکردنی هەر باسـێک دەربـارەی دەرهێـنەرە جیهانییەکـان و ئەو شـانۆکارانەی بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەشـداریی گۆڕانکـاری و گەشـە و بەرەوپێشـچوونی بنەماکـانی نمایشـی شـانۆییان کـردووە و تیـۆری تـایبەت و سـەربەخۆیان دەربـارەی هـونەری نوانـدن و دەرهێنـان دانـاوە، بـۆ نمـوونە مایرهۆڵـد، پیسـکاتۆر، گـرۆتۆفسکی، بریشـت... هتـد، ڕووبەڕووی گەلێـک کۆسـپ و تەگەرەی گرنگمـان دەکـاتەوە، لەوانە، یەکەم: نەبـوونی سـەرچاوەی تەواو و بـاوەڕپێکراو، کە ئەم قوتابخـانە و تەوژمە شـانۆییانە شـی بکـاتەوە و لە هەردوو ڕووی تیـۆری و پراکتیـک و کـردەییەوە بیـانگرێتە خـۆ، دووەم نەبـوونی هـیچ جـۆرە ئەزمـوونێکی شـانۆیی وا لە گۆڕەپـانی بـزوتنەوەی شـانۆی عێراقـی بە گشـتی و لە کوردسـتان بە تـایبەتی، کە توانیبێتیـان ئەگەرچـی لەسـەر ئاسـتێکی ڕووکەشیشـدا بووبێـت، پەیـڕەوی ئەو تیـۆر و تەوژمە شـانۆییانەی کردبێـت و لە بـواری نمایشـە شـانۆییەکاندا بەرجەستە و نمایش کرابێت.

ئەم لێکـــۆڵینەوەیەی وا لە بەردەســـتتاندایە، بەرهەمـــی ماندووبوون و پشکنینێکی زۆر و لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامی چەنـدان سـاڵەی خـۆمە و بەو ئەنجامانەیشەوە، کە پێیان گەیشتووم. بێگومان لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا بێ کەموکووڕی نابێت، بەڵام هیوادارم بەم کتێبە دەرگایەکی فراوانمان خستبێتە سەر پشت بۆ گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی بەردەوامی ئەکادیمییانەی هەموو ئەو بلیمەتانەی ڕۆڵی شیاو و دیاریکراوی خۆیان لە گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی شانۆی هاوچەرخدا بینیوە، ئەمەیش لەپێناوی هەنگاونانێکی خێرا و هۆشمەند و زانستییانە بۆ خولقاندنی شانۆیەکی پێشکەوتووی کوردی.



ئارتۆ وەک ئەکتەر لە فیلمی ژان دارک

# دەروازەی یەکەم:

# تیۆر



ئارتۆ وەک ئەکتەر

## بەشی یەکەم

## با ئەنتۆنان ئارتۆ بناسین

ئـارتۆ خـاڵی وەرچەخـان و دابڕانێکـی گەورەیە لە ڕەوتـی شانۆی هـاوچەرخی ئەورووپیدا، لە ئـارتۆ-وە سـەرەتایەکی تـر بـۆ شـانۆ دەسـت پـێ دەکـات و هەمـوو سـەرچاوەی گۆڕانکارییەکـان دەگەڕێـنەوە بـۆ ئەو. هەمـوو تەوژم و جووڵانەوە نوێخواز و ئەڤانگاردەکانیش لە بزوتنەوەی شـانۆی جیهانیدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەژێر کـاریگەریی ئـارتۆ-دا کاریـان کـردووە و کـاریگەرییەکی بەهێـزی ئەویـان بەسـەرەوە بـووە. هەنـدێک لە تـوێژەرەوە و ڕەخنەگـرە شـانۆیی و مێژوونووسـانی هـونەر و ئەکادیمیسـتەکان (ئەنتۆنـان ئـارتۆ) ١٨٩٦-١٩٤٨ بە داسـتانی درامـا و شـانۆی هـاوچەرخ نـاوزەد دەکەن[١]. ئارتۆ سـەرەتای ژیـانی هـونەریی بە دیوانێکی شـیعریی بچووک دەست پێ کـردووە، ئەو دیوانەیشـی کۆمەڵەشـیعرێکی هێمـاگەلی تـژی لە تەمـومژی لەخـۆ گرتـووە. دوای دەرکردنـی ئەم دیـوانە شـیعرییەی لە هونەرمەنـدە سوریالیسـتەکان بە شـێوەیەکی گشـتی و (ئەنـدریە بریتـۆن) بە شـێوەیەکی تـایبەتی نزیک بووەتەوە و نێوەندییەکی بەتینی هـاوڕێیەتی و هونەرییـان لەنێوانـدا دروسـت بـووە و بـووەتە ئەنـدامێکی چـالاک لەم

---

١. ارنولـد رنولـد پ. هنچلـف، موسـوعة المصـطلح النقـدي، اللامعقـول، ترجمـة د. عبدالواحد لولوة، ل٦٢.

تەوژمەدا و توانیـــویەتی بە مـــاوەیەکی کـــورت ببێـــتە جێـــی ســــــەرنجی زۆر لە لاوە هونەرمەنـــــد و ڕەخنەگرەکـــــان و جێگەیەکی شیاو و فراوانیش لەناو سوریالیستەکاندا بۆ خۆی بکاتەوە. ئارتۆ هیوایەکی زۆر لەسەر جووڵانەوەی سوریالیزم دادەنێت، ئەو پێی وا بوو سوریالیزم ئەو دەروازەیەیە، یان ئەو دەستپێکەیە دەکرێت ببێتە هیوایەک بۆ ئەو مرۆڤانەی لەدایک نەبوون، هەروەها بۆ ئەو مرۆڤانەی، کە پێویستە لە ژیاندا وریا بکرێنەوە و بە شێوەیەکی تر لەدایک ببنەوە. ئارتۆ پێی وا بوو دەبێت هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی وەکو خێزان و میللەت، سەرلەنوێ بنیاد بنێرێنەوە. ئەو هونەرە مردووەی پـــارە پەیـــدا دەکـــات، پـــڕۆژە ســـاختەکان و هەمـــوو ئەو شارستانییەتە ئیفلیجەی دەستی بەسەر دونیادا گرتووە، دەبێت نەمێنن و کۆتاییان پێ بێ، تا دەروازە بۆ سات و زەمەنێکی نوێ و جیاواز، شوێنێکی نوێ و مرۆڤی نوێ، بکاتەوە. بەڵام ئەمە چـــۆن ڕوو دەدات؟ شـــیعر و شـــانۆ، یـــان ســـوریالیزم و فۆرمە تازەکانی شانۆ ئەم جیهانە نوێیە دەستەبەر دەکات.

ئـــارتۆ لە تەمەنـــی پێـــنج ســـاڵییەوە تووشـــی ئەو دەردەی مێشـــک دەبێـــت، کە لە هەمـــوو ژیانیـــدا پێـــوەی تـــلاوەتەوە و لە مـــردن دەگەڕێـــتەوە، لە دوا قۆناغەکـــانی دواناوەندیـــدا لەپـــڕ ڕەوشی تەندروستیی تەواو خراپ دەبێ، ئازارێکی لەڕادەلەبەر مێشکی دادەگرێت و لە مرۆڤێکی کراوە و دڵخۆشەوە دەبێتە کەسێکی ڕەشبین و گۆشەگیر. لەنێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩٢٠دا لە چەندین نەخۆشخانەی تایبەتی دەروونی و مێشکدا دەخرێتە ژێر چاودێری و چارەسەرکردنەوە، هەر لەم ماوەیەدا، جگە لە فەرەنسا، دوو ساڵ لە نەخۆشخانەکانی سویسرادا چارەسەر دەکرێت.

ئـارتۆ لە مـانگی شەشـی سـاڵی ١٩٢٢دا لە مارسـیلیا ئەو هەلەی بـۆ دەڕەخسـێت، کە نمایشـێکی کۆمپانیـایەکی سـەمای کەمبـۆدی ببینێـت. لەم نمایشـەدا یەکەم دیـدە جیـاوازەکەی بـۆ شـانۆیەک لە دەرەوەی ڕێسـا تیقلیـدی و نەریتگەراکـان لا دروست دەبێت، لە ساڵی ١٩٣١دا کە نمایشێکی سـەمازانەکانی دوورگەی بـالی لە پـاریس دەبینێـت، سـەرلەنوێ ئەم دیـدەی لا زیندوو دەبێتەوە. دوایی زیاتر لەم مەسەلەیە دەدوێین.

ئـارتۆ، کە دەچێـتە پـاریس لە مـاوەیەکی کورتـدا دەتوانێـت سـێ کتێبـی گرنـگ بـڵاو بکـاتەوە، بە هـۆی بڵاوکـردنەوەی ئەو کتێبانەیشەوە زیاتر بە کۆڕ و ناوەنـدە هـونەری و کولتـووری و هـزرییەکەی ئەو دەمەی پـاریس بناسـرێت. کتێبەکـانیش بـریتین لە: ڕازی لێڵـی ١٩٢٥، تەرازوی مێشـک ١٩٢٥، لەگەڵ کۆمەڵێـک نامە بۆ (جاک ڕیفییر)[2] ١٩٢٧.

ئـارتۆ دوای ئەوەی (ئەنـدریە بریتـۆن)[3]دەچێـتە ئەڵمانیـا و لەوێ چـاوی بە (ترۆتسـکی) دەکەوێت و ڕەزامەنـدیی خـۆی بـۆ هەڵوێسـت و هـزر و بۆچوونەکـانی دەردەبڕێـت، بەمەیـش لە سـنوور و پرەنسـیپ و ڕێبـازی سـوریالیزم لادەدات و دەچێـتە خانەی سیاسـەتەوە، شـێتگیر دەبێت. ئـارتۆ لەوە گەیشـتبوو، کە مرۆڤە ئازاد و داهێنەرەکان نابێت پابەندی هـیچ شـتێک بکـرێن،

---

[2]. د. سامية آحمد آسعد، في الادب الفرنسي المعاصر، ل١٣١.

[3].بریتـون، ئەنـدریە ١٨٩٦–١٩٦٦ شـاعیرێکی فەڕەنسـییە و بە دامەزرێـنەر و ڕابەری ڕێبـازی سـوریالیزم دادەنرێـت. سـاڵی ١٩٢٤ مانیفێسـتی یەکەمـی سـوریالیزمی دەرکـردووە، بەڵام لەدواییدا چـووەتە ڕیـزی پـارتی چەپڕەوەوە و ئەوەنـدە نابـات و لە سـاڵی ١٩٣٥دا وازی لـێ دەهێنێت و لە ڕیزەکانی ئەو پـارتە دێـتە دەرەوە. دوای ئەوەی نازییەکـان پـاریس داگیـر دەکەن، دەچێـتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ساڵی ١٩٤٦ دوای تەواوبـوونی جەنـگ، دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی.

که سوریالیستەکان "خۆیان فرۆشت" بە کۆمۆنیستەکان، چیی تر نایەوێت لەگەڵیاندا کار بکات و ئارتۆ ئەو هەڵوێستەی سوریالیستەکان بە ناپاکی هەژمار دەکات. بریتۆن و ئەراگۆن و ئەندامە دیارەکانی تری سوریالیزم ساڵی ١٩٢٧ لە بەیانامەیەکدا لایەنگیریی خۆیان بۆ کۆمۆنیستەکان دەردەبڕن و دواتریش ئارتۆ لە بزوتنەوەکەیاندا پەراوێز دەخەن؛ بێگومان لەو بەیاننامەیەدا، هەڵوێستی سیاسیی خۆیان ڕادەگەیەنن. ئارتۆ وەڵامیان دەداتەوە بەوەی سوریالیزم ئەو ڕۆژە مرد، کە بریتۆن و هەندێک لە هاوەڵەکانی لە کۆمۆنیستەکان نزیک بوونەوە.

ئارتۆ ساڵی ١٩٢٨ لە ڕوانگەی نابەجێی ئەم هەڵوێستەی بریتۆن-ەوە، کە بە هەڵوێستێکی سیاسی ئاماژەی بۆ دەکات، ناڕەزایی و دژایەتیی خۆی بە نمایشکردنی (خەونەنمایشێک)ی نووسەری سویدی (ئاوگۆست ستریندبێرگ) ١٨٤٩-١٩١٢ دەردەبڕێت و دواتر سوریالیستەکان بڕیاری دەرکردنی ئارتۆ دەدەن. نمایشەکەی ئارتۆ بە یارمەتی و پاڵپشتی باڵیۆزخانەی سوید لە فەڕەنسا دەبێت، ئەمەیش پەرچەکردارێکی بەهێزی لە لایەن سوریالیستەکانەوە لێ دەکەوێتەوە؛ لێرەوە هاوڕێ سوریالیستەکانی دەبن بە دوژمنی و یەکەم ڕۆژی نمایشی (خەونەنمایشێک)، کە ئارتۆ بەوپەڕی هێز و تواناوە کاری تیا کردبوو و هیوایەکی گەورەی لەسەر ڕۆ نابوو، تێک دەدەن. ئارتۆ بە هۆی ئەم ئاژاوەیەوە ئەو هەلەی کە بۆی ڕەخسا بوو، تا بچێتە سوید و وەک ڕێژیسۆرێکی میوان لە شانۆکانی ستۆکهۆڵم کار بکات، لەدەست دەدات. ئیتر ئارتۆ لەگەڵ هاوکارەکانی ناچار دەبن پۆلیس بانگ بکەن، لە ئەنجامدا بریتۆن و هەندێک لە ئەندامەکانی تری سوریالیزم دەستگیر

دەکرێن. ئەناییس نین-یش لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: (ئارتۆ ئەو سوریالیستە بوو، کە سوریالیستەکان بە سوریالیستیان نەدەزانی.)

ئارتۆ لە سەرەتادا قوتابیی (شارڵ دۆلان) ١٨٨٥-١٩٤٩ بووە و کاریشی لەگەڵ (لۆینیا بۆ) و (جۆرج بیتۆییف) ١٨٨٤-١٩٣٩دا کردووە و لە شانۆی Théatre de l´Atelier، کە یەکێک بوو لە شانۆ هەرە گرنگەکانی ئەو دەمەی پاریس، دەگیرسێتەوە. لەم شانۆیەدا، دید و بنەماکانی شانۆی رۆژهەڵات سەرچاوە بووە، هەروەها شانۆی چاخەکانی ناوەڕاست، ئەکتەرەکان فێری ئەوە دەکران، بۆ ئەوەی گوزارشت لە شتەکان بکەن، پێویستە دەستەکانیان، قاچ و هەموو جەستەیان بەکار بهێنن. لەم شانۆیەدا کار لەسەر دەقەکانی ئەلفرێد گاری، ستریندبێرگ و ئیبسن و چەندان نووسەری تر دەکرا، هاوکات شانۆکە، لەپاڵ چالاکی و نمایشەکانیاندا، قوتابخانەیەکی شانۆیش بووە. ئارتۆ لەم شانۆیەدا چەندان ڕۆڵ دەبینێت، یەکێک لەو ڕۆڵانەی کە لەم شانۆیەدا سەرکەوتنێکی زۆری تیا بەدەست دەهێنێت، ڕۆڵی (باسیلیۆ) بووە لە شانۆنامەی (ژیان خەونێکە)ی شانۆنامەنووسی ئیسپانی کالدۆرین. ئارتۆ هەر بۆ ئەم نمایشە دیزاینی جلوبەرگ و دیکۆری نمایشەکەیشی دروست کردووە. لە هەمان کاتیشدا چەند کورتە شانۆییەکی دەرهێناوە و مەشقی لەسەر هونەری نواندن کردووە، هەندێک ڕۆڵی لاوەکی، بەڵام گرنگی لە شانۆ و سینەمادا دیووە، لەوانە ڕۆڵی

(مــارا) له فیلمــی (نــاپلیۆن) و (بــاوکه کراســیان) له فیلمێکــی دانیمارکیدا، به ناوی (مردن و ئازارەکانی ژان دارک)ەوە[٤].

ئارتۆ، سـەبارەت بـەوەی لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانی ئـەدەب و هونــەردا لێهــاتوو بــووە، زۆر لە لێکــۆڵەرەوان جیــاوازیی ئارتۆی دەرهێنەر و هونەرمەندی شانۆ و ئـارتۆی نیگارکێش و شــاعیر و ئەکتەریـان نەکـردووە. ئـارتۆ شـاعیر و هونەرمەنـد، نووســەری نــامە و پیــاوی شــانۆ و ســینەما، پەیــامبەر و بە شــێوەیەکی قــووڵ ڕەخنەگــری کــۆمەڵگەیش بــووە. هەمــوو بوارەکانی ژیانی کولتووری ئەورووپا، شـانۆ، ئەدەب، فەلسـەفە، مۆسیقا، هونەری وێنەکێشـان... هتد، بە شـێوەیەک لە شـێوەکان کاریگەریی ئارتۆ-یان بەسەرەوە هەبووە و هەیە.

ئــارتۆ ســاڵی ١٩٣٨ بە هــۆی ســەرنەکەوتنی نمایشــکردنی شانۆیی (بنەماڵەی تشنشی)، پرۆژەیەک لە نواندن و دەرهێنانی خۆی، دەبێتە هۆی گاڵتەپێکردنێکی بێبەزەییانەی بینەران، لەبەر ئەوەی هــیچ حــاڵی نــابن. شــتێکی ئاشــکرایە، کە بینەرانــی ئەو دەمەی شــانۆی فەڕەنســی ئەو ئامادەییەیــان تیــا نەبــووە بــۆ ئەوەی لەو گۆڕانکــارییە بنەڕەتیــیە شــانۆییانەی ئــارتۆ بــگەن. ئارتۆ لە ئەنجامدا تووشـی نەخۆشـیی دەروونـی و دەمـارگرژی و جــۆرە شــێتییەک دەبێــت، کە بــۆ مــاوەی ١٠ ســاڵ لــەژێر چاودێرییــەکی ورد، خراوەتــە نەخۆشــخانەی دەروونـــی و نەخۆشــییەکانی مێشــکەوە. ئــارتۆ لە مــاوەی ئەم دە ســاڵەی ژیانیدا، تووشی گەلێک ئـازاری سـەخت و برسـێتی و نەهـامەتی هــاتووە، ئەمەیــش ناچــاری کــردووە، بە تــایبەتی بــۆ ئەوەی بەسەر ئـازارە دەروونییەکانیدا سـەرکەوێت، فێری بەکارهێنانی

---

[٤]. د. سامية آحمد آسعد، في الادب الفرنسي المعاصر، ل١٣٢.

مۆرفین ببێت، دواجاریش بە تەواوی هۆگری مۆرفین و مادده هۆشبەرەکان دەبێت[٥]. مۆرفین و هیرۆین و هەموو جۆرەکانی تری مادده هۆشبەرەکان دەبنە دەرمانی ژیانی رۆژانەی ئارتۆ. ئارتۆ لە ژیانیدا، چەندان جار ناچاری دەورەی پاکژکردنەوەی جەستە لە ژەهری مادده هۆشبەرەکان دەکرێت، بەڵام هەمیشە لەم دەورانەدا ئەوە دووپات کراوەتەوە، کە بە مانای وشەکە هۆگریان نەبووە. ئەو نەخۆشییە دەروونییەی کە هەر لە منداڵییەوە دووچاری دەبێت، وای لێ دەکات ناچاری بەکارهێنانی نارکۆتیکا ببێت بۆ ئەوەی ئەو ئازارە گەورەیەی هەیبووە، کەم بکاتەوە.

ئارتۆ پێویستی بەوە بووە لە دونیا بگات و بە نهێنییەکانی بزانێت. ئەمە تەنیا کێشەیەک بووە، کە هەمیشە مێشکی داگیر کردووە. ئەو تێگەیشتنەی ئەو گەرەکی بووە، پێویستی بە رێگە و شێوازە ئاکاری و رامیارییە ئاساییەکان نەبووە، بەڵکو پێویستی بەو رێگەیە بووە، کە وەک سوریالیستەکان دەستنیشانیان کردبوو، گەڕانەوە بێت بۆ سەردەمی بەر لە دەستپێکردنی مێژوو. لەم ڕەوشەیشدا هونەرمەندە هۆشیار و بلیمەتەکان، پێویست بووە بگەڕێنەوە بۆ جیهانە پڕ لە نهێنییەکانی پێش لەدایکبوون و دوای مردن[٦]. کەواتە ئەو شێتییەی ئارتۆ تووشی هاتبوو، جۆرێک بووە لە بێدەسەڵاتی و بێتوانایی بەسەر ئەو جیهانە فراوانەی تژی لە هێما و کارەساتە خەفەکراوەکانی ناوەوەی خۆی بووە، کە نەیتوانیوە کۆنترۆڵیان بکات و بەسەریاندا زاڵ بێت. ئارتۆ لە ناکۆکییەکی دەروونیی چڕ و سەختدا ژیاوە، نە توانیویەتی هاوسەنگیی

---

[٥]. هەمان سەرچاوەی ژمارە ٤، ل١٣٢.

[٦]. والاس فاولی، عصر السريالية، ترجمة خاليدة سعيد، ل٣٢-٣٣.

نێوان ژیانێکی ئاسایی و نە ئەندێشەکانیدا ڕابگرێت؛ هەر لەبەر ئەوەیش بووە، ژیانی وەک ئەکتەر وا بووە و هەمیشە ئەو شانۆیەی لە ئەندێشەکانیدا بوونێکی بەهێزی هەبووە، ئەوا خۆی لە ژیانی ڕۆژانەیدا، ئەکتەری سەرەکی بووە. ئارتۆ هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە ئەو لە کارە هونەرییەکانی لەدایک بووە، نەک لە دایکێک.

لەم ڕووەوە (ئەنایس نین)[٧]، کە هاوڕێیەکی نزیکی ئارتۆ بووە، گوتوویەتی (ئارتۆ شێتی ئەوەیە، کە کەس هاودەمیی ئەو شێتێتییەی ئەو نەبووە.) ئەنایس نین بەم شێوەیە لە یاداشتەکانیدا باسی خۆی و ئارتۆ دەکات: ("لە خەڵک وایە من شێتم، تۆ لەو بڕوایەدایت، کە من شێت بم؟ ئەمە ئەو شتەیە تۆ دەترسێنێت؟" من لەو ساتەوەختەدا دەمزانی ئارتۆ شێتە، من ئەوەم لە چاوەکانیدا دەبینی، دەشمزانی کە من ئەو شێتێتییەی ئەوم خۆش دەویست. من ئەوەم لە دەمیدا دەبینی، کە لێوەکانی بە ماددەی هۆشبەر ڕەش هەڵگەڕابوون، دەم و لێوێک من نەمدەویست ماچییان بکەم. ئارتۆ ماچت بکات، وەک ئەوە وایە لەگەڵ ئەو بەرەو مردن ڕاتبکێشن، بەرەو نەخۆشیی شێتی؛ دەشمزانی، کە ئەو لە ڕێگەی خۆشەویستیی

[٧]. ئەنایس نین بەوە ناسراوە، کە لە ساڵەکانی سیی سەدەی ڕابردوودا، لە نزیکەوە هاوڕێیەتیی هەندێک لە نووسەرە پێشڕەو و ناسراوەکانی کردووە، لەوانە ئارتۆ و هینری میلەر. ئەم خانمە هەندێک ڕۆمان و کورتەچیرۆکی بە هەناسەیەکی بەهێزی شیعری نووسیوە، بەڵام جوانترین بەرهەمەکانی یاداشتەکانیەتی، کە نزیکەی دە بەرگی لێ بڵاو کراوەتەوە. لەم یاداشتانەیدا، بە شێوەیەکی ڕاستگۆ، پەردە لەسەر پێوەندییە سێکسییەکانی خۆی لەگەڵ نووسەرەکاندا هەڵدەماڵێت و بە وردی باسی هەموو شتێک دەکات، هەر لەم یاداشتانەیشدا زۆر ڕووی لە ژیان و بەرهەم و پێوەندییەکانی بە ئارتۆوە ڕوون کردووەتەوە.

ئــافرەتێکەوە دەیویســت بگەڕێــتەوە بــۆ ژیــان، ســەرلەنوێ هەڵسـێتەوە، لەدایـک ببێـتەوە، گـەرم ببێـتەوە، سـەبارەت بـەو گومڕابوونەی ئەو لـە بەرامبەر ژیاندا، سەخت بوو بچێتە ژێر باری خۆشەویستییەکی ئاسایی مرۆڤانەوە)[8] ئارتۆ خۆی، لەو قۆناغە ئاڵۆز و سەختەی ژیانیدا، لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە بۆ (جاک ڕیفید)ی ناردووە، بەم شێوەیە باسی ئەو ستەمدیدەیی و تەنــگ و چەڵەمە دەروونیــیەی دەکــات و دەڵێــت: (تووشـــی نەخۆشییەکی ڕۆحیی ترسناک هاتووم و ئازارم دەدات، بیرم لە هەمـوو ئاسـت و کاتێکـدا تەمـومژاوی دەبێـت و لـێم جیـا دەبێـتەوە، هەمـوو شـتێک، هەر لە کـارێکی ئاسـانەوە تـا ئەو کارانەیشـی، کە دەمەوێت تۆماریـان بکەم. ئێسـتا کەوتـوومەتە ژێـر ئاسـتی بـارە نالەبـارە دەروونیـیە دژوارەکەی خـۆمەوە، ئەمەیش دەزانم، ئازاریشی پێوە دەچێژم، بەڵام پێشی قایلم، لە ترســی ئەوەی نەوەک بە تەواوی بمـــرم.) یـــان ڕووبەڕوو بە (ئەنایيس نین)ی گوتووە: (جێم ناهێڵیت؟ دوورنـاکەویتەوە و ون نابیـت؟ تـۆ بـۆ مـن هەمـوو شـتێکی، تـۆ دانسـقە و جیـاوازی. هەرگیز لەوەوبەر ئافرەتێکی وەک تۆم نەدیوە. باوەڕ ناکەم. من ترسی گەورەم ئەوەیە، ئەمە هەمووی خەون بێ. تۆ ون بیت. ئـارتۆ دەسـتەکانی گـرژ کردبـوون، دەسـتی منـی گـرت، وەک کەسـێک کە خەریـکە دەخنکێـت.)[9] ئـارتۆ لە دوا کتێبیشـیدا، کە سەبارەت بە (ڤان گۆگ) بە ناوی (خۆکوژ بە دەستی کۆمەڵگە) نووسیویەتی، گوزارشت لەو ئازار و ژانەی خۆی بەم شێوەیە

---

[8]. بڕوانە لاپەڕە ٢٠٧ لە:

Anais Nin, Dagbok, 1931–1934, översättning av Britt Arenander, bokförlaget Trevi, 1977

[9]. لاپەڕە ٢٠٩ لە هەمان سەرچاوە.

دەکـات. "مـن خـۆم نـۆ سـاڵم لە نەخۆشـخانە دەروونـی و عەقلییەکانـدا بـردووەتە سـەر، لەگەڵ ئەوەیشـدا هەرگیـز نەکەوتبـوومە ژێر بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و کۆتاییهێنـان بە ژیـانم، بەڵام دەزانـم هەمـوو دانیشـتن و جەلسـەیەک لەگەڵ پزیشـکە دەروونیـیەکەم لە کـاتی بەیانییانـدا، کە سـەردانی دەکردم، ئارەزووی ئەوەم دەکرد خۆم هەڵواسم، بە تـایبەتی کە دەمزانی ناتوانم ملی ئەو لێ بکەمەوە"[10]

(ژان لـویس بـارۆ) و (ڕۆجیه بـلان) و (جـان فـیلا) هـاوڕێ نزیک و دڵسۆزەکانی ئـارتۆ بوون و لە هەمـوو کـاتێکی تەنگانە و هەڵچـوونی بـارە دەروونییەکانیـدا، بە دەنگـیەوە چـوون و یارمەتییان داوە. ئەم هاوڕێیانە، خۆیان بە قوتابیی ئـارتۆ زانیوە و جێپەنجەی بەسـەر کـار و بەرهەمەکانیانەوە دیـار بـووە، ئەم هونەرمەندانە نەیانتوانیوە لەژێر کـاریگەریی بیر و ڕا و دید و تێڕوانینەکـانی ئـارتۆ ڕزگاریـان بێت و بەردەوام وەک مامۆسـتا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

کاریگەرییەکانی ئـارتۆ تەنهـا بەسـەر هونەرمەندانی شـانۆ و شـانۆکارەکانەوە نەبـووە، بەڵکـو ڕۆڵێکـی کـاریگەر و ڕاسـتەوخۆی بەسـەر نووسـەرانی دراما و شـانۆی ئەبسـێرد و پـووچگەراوە هەبـووە، لەم ڕووەوە تەنهـا سـامۆیل بێکیـت و ئـۆژێن یۆنێسـکۆ نەکەوتـوونەتە ژێـر کـارتێکردنی تیۆرەکـانی ئارتۆوە، بەڵکو هەموو نووسەرانی ڕێبازی شـانۆی پێشـڕەو، بە تـایبەتی ئەو نووسـەرانەی لەدوای سـاڵەکانی ١٩٤٥ەوە بەرهەمەکانیـان بڵاو کردووەتەوە، بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ کەوتـوونەتە ژێـر کـاریگەریی دیـدە ئێسـتاتیکی و

---

١٠. بڕوانـە: Artaud, Antonin, Van Gogh, Självmördad av samhället, översättning av Percival, Norstedts, 1995

تیــۆری و پــراکتیکییەکەی ئــارتۆوە[11]، بەڵام هــیچ کــام لەو نووســـەرانە، جــگە لە (ئەدامــۆڤ) ١٩٠٨-١٩٧٠ ددانیـــان بەو ڕاستییەدا نەناوە. دوای مردنی ئارتۆ (ژان ژینییە) ١٩١٠-١٩٨٦ تــوانیی تیۆرەکــانی ئــارتۆ لە دوو تــوێی دەقەکــانی خۆیــدا بەرجەســتە بکـات و ئەو ڕەوشــە ڕیتواڵئاســا و ئەفســوونییە بە دەقە شانۆییەکانی ببەخشێت، کە ئارتۆ بانگەشـەی بۆ دەکردن، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆربەی لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرەکان، ئەوەیـان دووپــات کــردووەتەوە، کاتێــک ژینیــیە ئەو دەقە شــانۆییانەی نووسیوە، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی ئارتۆ و شـانۆی توندوتیژ نەبووە، تەنانەت ژینییە خۆیشی ددانی بەم ڕاستییەدا ناوە[12].

ئـارتۆ کـاریگەریی هەر بەســەر نووســەر و شـانۆکارەکانەوە نەبــووە، بەڵکــو کــاریگەرییەکی گەورە و قووڵیشـــی بەســـەر هونەرمەندانی مۆسیقا و ئاواز و مۆسیقای ڕۆکی جیهانییەوە هەبــووە، بــۆ نمــوونە (بــاو هــاوس) یەکێــک لە ئەلبــوومە مۆســـیقییەکانی بە نـــاوی (ئەنتۆنـــان ئـــارتۆ)وە نـــاو نـــاوە، هونەرمەنـدی ناسـراوی ئەرجەنتینـی (لیـوس ئەلبێرتـۆ سـپینێتە) یەکێک لە ئەلبوومەکـانی نـاو نـاوە (ئـارتۆ) و بەشـێکی زۆر لە گۆرانییەکانی ئەم ئەلبوومەی لە شیعر و تێکستەکانی ئارتۆ-وە ئامادە کردووە و ئاواز و میلۆدیی بۆ داناون. یوهـان زۆران، کە

---

[11]. د. سامية احمد اسعد، فی الادب الفرنسی المعاصر، ل ١٥٤

[12]. ژان ژینییە ڕۆمـاننووس و شـانۆنامەنووس و شـاعیرێکی فەرەنسـاوییە و بە شێوەیەکی ناشەرعی لە دایکێکی سۆزانی لەدایک بووە، ئەمەیش کـاریگەرییەکی گەورەی کـردووەتە سـەر پاشـەڕۆژ و ڕەوتـی ژیـانی. ژینیـیە بەشـێکی زۆری ژیـانی لە بەندیخانەکانـدا دەبـاتە سـەر و ئاسـتی هۆشـمەندی و حەزی نووسـین لەنـــاو بەندیخانەکانـــدا لا دروســـت دەبێـــت. گرنگتـــرین دەقە شـــانۆییەکانی: بەربەستەکان، ئاهەنگی ڕەشپێستەکان، کارەکەرەکان.

کۆمپۆسیتۆرێکی ناسراوە، تا ئێستا سێ بەرهەمی خۆی پێشکەشی ئارتۆ کردووە.

ساڵی ١٩٢٦ بە ئەستێرەیەکی گەش و مانگێکی هەمیشە ئاوانەبووی ژیانی ئارتۆ دادەنرێت، لەم ساڵەدا و بە یارمەتیی (ڕۆجییە فیتراک) و (روبیرا ڕۆن) شانۆی (ئەلفرێد گاری)یان دامەزراندووە، Theatre Alfred Jarry هەرچەندە تەمەنی ئەم شانۆیە هێندە ناخایەنێت، بەڵام ئارتۆ بە دامەزراندنی ئەم شانۆیە خەونەکەی دێتە دی و لەو ماوە کورتەی تەمەنی ئەو شانۆیەدا چوار شانۆیی نمایش دەکات، ئەو شانۆییانەیش بریتی بوون لە: (سکی سووتاو) و (نهێنییەکانی خۆشەویستی)، ١٩٢٧ لە نووسینی ڕۆجییە فیتراک و لەسەر شانۆی گرێنێل، ساڵی ١٩٢٨ دەقێکی پۆل کلۆدێل (نانخواردنی نیوەڕۆ) لەسەر شانۆی (کۆمیدی شانزیلیزێ) ساڵی ١٩٢٨ (خەونەنمایشێک)ی ستریندبێرگ لەسەر شانۆی (ئەڤینیو) و ساڵی ١٩٢٨ (ڤیکتۆر، یاخود منداڵەکان دەسەڵات دەگرنە دەست) لە نووسینی ڕۆجییە فیتراک، لەسەر شانۆی (کۆمیدی شانزیلیزێ) نمایش دەکات[١٣]. ئەو شانۆییانەی ئارتۆ نمایشی کردوون، لە ڕوانگە و دیدی شیعرە پڕ لە هێما و سوریالیزمەکانیەوە داڕشتوونەتەوە و سیناریۆی بۆ داناون، یان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو شانۆییانەی نمایشکردوون، کە (رۆجیە فیتراک)[١٤]

---

[١٣]. ئەنتۆنین ئارتۆ، المسرح و قرينه، ترجمة د. سامية احمد اسعد، ل١٤٥.

[١٤]. ڕۆجیە فیتراک ١٨٩٩-١٩٥٢ شاعیر و شانۆنامەنووس بووە، سوریالییانە گەورە بووە و لەگەڵ ئارتۆ شانۆی ئەلفرێد گاری-یان دامەزراندووە، بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانۆی پووچگەرا دادەنرێت. لە ساڵانی ١٩٣٨-١٩٣٩وە و بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی دووەم، کەوتووەتە ئامادەکردنی پرۆگرامی ئێزگە، کە بە یەکێک لە چالاکییە نزیک بە دەروونی فیتراک خۆی دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ بەرپابوونی جەنگ و بە هۆی ئەوەی لای نازییەکان و بە هۆی

دەینووسین، لەبەر ئەوەی فیتراک وەک هاوڕێ و قوتابییەک، لە هەمـوو کەس زیـاتر دەیتـوانی لە ئـارتۆ بگـات و توانـای پەی دەرپەی پراکتیک و تیۆرەکانی ئارتۆ دەستەبەر بکات، هەر لەم ڕووەوە فیتراک ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە ئارتۆ شیعری لە جەسـتەی خـۆی دروسـت کـردووە، چـونکە ئـارتۆ ڕای وا بـووە، کە (هەمـوو نووسـەرە شـانۆییە گەورەکـان لە دەرەوەی شانۆ دا بیریان کردووەتەوە.)

لە ڕوانگەی ئەم ڕایەی لای سەرەوە، دەتوانین بڵێین ئارتۆ، وەک سۆفی یـاخود شـاعیر، ویسـتوویەتی ڕاسـتییە بنەڕەتـی و بیروباوڕەکـان لە بەرگێکـی فەلسـەفییەوە بگـۆڕێتە سـەر شـتی ماددی و تژی لە هەست، بۆ ئەوەی بگاتە دۆزینەوەی هەندێک مەودای نـوێ لە هـۆش و هەڵچـوون و هەسـتی ئـادەمیزاد، ئەمەیـش لە ڕێـگەی قووڵبـوونەوە لە جیهـانی خەون و زینـدە خەونەکانمانەوە، بۆ دۆزینەوە و خستنەڕووی ئەو شتانەی لە نەستماندا خەفە کـراون[15]. ئـارتۆ هەر لە سـەرەتای سـییەکاندا ئامـاژەی بۆ مەسـەلەی گرنگـی خەون کـردووە و لە یەکێک لە تێکسـتەکانیدا دەڵێـت: (ڕووداوەکـانی نێـو خەون، کە بە هـۆی ئاگـایی قـووڵمەوە بەڕێـوە دەچـن، مانـای ڕووداوەکـانی ژیـانی ئاگاییم فێر دەکەن، کە چارەنووسی ڕووت منیـان تێدا بەڕێوە دەبات؛ کەواتە شانۆ وەک ئاگاییەکی مەزنە، بەڵام ئەوە منم، کە

---

یەکێـک لە بەرنامەکـانیەوە نـاوی دەخـرێتە لیسـتی نـاوە قەدەغەکراوەکـانەوە، بەرنـامەکەی دەوەسـتێت. دوای ئەوە پـاریس بەجـێ دەهێڵێـت و تـا دوای کۆتاییهاتنی جەنگ ناگەڕێتەوە.

[15]. والاس فاولی، عصر السريالية، ترجمة خاليدة سعيد، ل٢١٠.

لەوێدا چارەنووس دەبەم بە ڕێوە.)[16] ئارتۆ دەیویست یاسایەک لە پشت مێژوو و لە سەروو مێژوویشەوە بدۆزێتەوە، تا وەک چەمکێک بەکاری بهێنێت، چونکە دەیویست شتێکی جێگیر لە ڕەوشــی مرۆڤــدا، کە لەم بارودۆخەیشــدا، ســنووردارییەتی و چڕبوونەوەیە بە هۆی لەخۆ نامۆبوونە لە کۆمەڵگە و بێگومان لە دەوروبەرەکەیش، لە پڕۆژەکانیدا بەرجەستە بکات.

ئارتۆ ساڵی ١٩٣٧ گۆچانێکی دەست دەکەوێت، ئەم گۆچانە بــۆ ئەو دەبێــتە دەســتپێکی تراژیــدیای ژیــانی. گۆچــانێکی سیحراوی و بانگەشەی ئەوە دەکات، ئەو گۆچانە دەگەڕێتەوە بۆ (سانت پاتریک)، کە کەسایەتییەکی پیرۆزی ئیرلەندییەکان و سمبولی دینی و نەتەوایەتی هەموو گەلی ئیرلەندا بوو. ئەم گۆچــانە وا لە ئــارتۆ دەکــات بەرەو ئیرلەنــدە بکەوێــتە ڕێ، ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە دەبێت گۆچانەکە بگەڕێتەوە بۆ کڵێســا پیرۆزەکــانی ئیرلەنــدە، تــا بەســــەر تەوژمە دژ بە مەسیحییەکاندا زاڵ بن. ئەم سەفەرە بۆ ئارتۆ گەشتێک دەبێت بە ناوەوەی خۆیدا، گەشتێک دەبێت لە گومانەوە بۆ گومانێکی قووڵتر، کە دەبێتە هۆی تەنگەژە و قەیرانێکی دەروونیی قووڵ و کاریگەریی بەسەر هەموو ژیانیەوە دەبێت. ئارتۆ سەرەتای مانگی هەشتی ساڵی ١٩٣٧ دەڕوات بۆ ئێرلەندە، کە دەگاتە دبلــن بــەدحاڵیبوونێک ڕوو دەدات، پــۆلیس دەیگــرن و ئەشــکەنجەی دەدەن و دەیگەڕێنــنەوە بــۆ فەرەنســا. لە کــاتی گەڕانەوەدا، لە پاپۆڕەکەدا شێتگیر دەبێت و کاپتنی پاپۆڕەکە ناچار دەبێت بەندی بکات. کە دەگاتەوە فەرەنسا و کەنارەکانی

---

[16]. لاپەڕە ٢٢٠ لە: ئارتۆ، ئەنتۆنان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧.

Le Havre لە لایەن پۆلیسی فەڕەنسییەوە سەرلەنوێ ئەشکەنجە دەدرێتەوە و وەک شێتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. لێرەوە چارەنووسی ئارتۆ لە نەخۆشخانە ئەقڵییەکانەوە دەست پێ دەکات، کە جەنگی جیهانیی دووەمیش هەڵدەگیرسێت، ئەو وەک مرۆڤێکی تەنیا و گۆشەگیر و لەبیرکراو، وەک ئەوەی لە سەرەمەرگدا بێت، لە کەشێکی پیس و نامرۆڤانە و دڵڕەقانەی نەخۆشخانەکاندا دەخرێتە ژێر چاودێرییەکی توندەوە و بە کولەمەگی دەژی.

ئارتۆ، لەدوای ئەو چەند پرۆژە و ئەزموونە کردەییەیدا، ساڵی ١٩٣٨ هەموو ئەو باسە تیۆرانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردبوونەوە، بە کتێبێکی سەربەخۆیش بە ناونیشانی (شانۆ و هەمبەرەکەی) بڵاو کردووەتەوە. ئەم کتێبە، کە لە کۆمەڵێک نامە، مانیفێست و گوتاری تیۆری پێک هاتووە، لە ئەزموونە پراکتیکییە کردەییەکانی ئارتۆ کاریگەرتر بووە بەسەر نووسەر و هونەرمەندانی شانۆی پووچگەراوە، ئەمەیش تووشی بێزاری و ئەندێشەیەکی بێپایانی کردووە.

ئارتۆ ژیانی تایبەتیی پڕ بووە لە کێشمەکێش و دژایەتی و جۆرێک لە شێتی و نەخۆشیی دەروونی، بە جۆرێک زۆر جار نەیتوانیوە بەسەر خودی خۆیدا زاڵ بێت، لە سەرووی هەموو ئەمانەیشەوە مانەوە و چاودێریکردنی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە (شێتخانە) باری دەروونیی تەواو ئاڵۆز و وێران دەکات. هەموو ئەو شتانەی، کە لە ژیانیدا ڕوویان داوە، لە تیۆرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، ئەوەتانێ خەون جیهانێکی بەرفراوان و ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤە لە تێڕوانینەکانیەوە، لەخەوندا نەبێت خۆمان بەڕاستی و باشی نابینین. لەم ڕوانگەیەوە گرنگییەکی زۆری داوە بە خەون، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە بڕوای ئەو

دەبێــت شــانۆ، وەک خەونێکــی هەمیشــەیی وا بێــت. ئــارتۆ لە یادەوەری و ڕۆژژمێرەکانیدا دەڵێت: (مـن جگە لە مرۆڤێک، کە لە دژی هەمـوو شـتێکی بـوون لە شۆڕشـدام، هـیچ شـتێکی تـر نیم، بە تایبەتییش دژی ئەو گرفتەی، کە لێرە بم.)

لەبەر ئەوە ئــارتۆ بەو شــێوە ڕاســتەوخۆیە شــانۆکەی پابەندی ئەو تێڕوانینە ئایدیالییە بووە، کە نەیویستووە بە هـیچ جۆرێک بیرۆکەکانی مۆرکێکی سیاسـی بەخـۆوە بگـرن؛ بەڵکـو مەودایەکی گەلێک فراوانتری لەخۆ گرتـووە و زیـاتر مەبەستی بــووە لە مــرۆڤ و شــتە گەوهەرییەکــانیەوە لەســەر هەمــوو ئاستەکان نزیک ببێتەوە. هەر لەم ڕووەوە مەبەستی شانۆکەی تەنهــا ئەوە نەبــووە ژیــان و جیهــان بگۆڕێــت، هەســتی بە پێویستیی گۆڕانکارییەکی گشتی و بنەڕەتی لە خـودی مـرۆڤ خۆیدا کردووە و مەبەستی بووە بە داردەستە ئەفسوونییەکەی کڵــپەی ئەو شۆڕشــە لە نــاخی مرۆڤــدا هەڵبگیرســێنێت، لەم دیدەیشــەوە بە ڕای ئەو هــیچ شۆڕشــێک ناتوانێــت بگــاتە ئاکامەکانی، ئەگەر لە سەرەتادا هەوڵی گۆڕینی گیان و خـودی خۆی نەدات[١٧].

شــانۆ بــۆ ئــارتۆ ژیــانە و ژیــانی خــۆی نمایشــێکە بــۆ بەرجەســتەکردنی ئەو چەمــکەی ئەو بـۆ شــانۆی داهێنــا، واتە جـۆرێکە لەو تونـدوتیژییەی چـارەنووس و هێـزە ئەزەلییەکـان مرۆڤـــی پـــێ تـــاقی دەکـــاتەوە. لەم ڕووەوە لە (شـــانۆ و هەمـبەرەکەی)دا دەڵێت: "مـن بە شـێوەیەکی نەخشـەبۆداڕێژراو تـرس نـاچێنم. وشـەی تونـدوتیژی دەبێت بە مانـا فـراوانەکەی وەری بگـرین، نەک بەو مانـا ماتەریـاڵی و برینـدارکەرەی، کە بە

---

[١٧]. د. سامية أحمد أسعد، في الادب الفرنسي المعاصر، ل١٥٨.

شـــێوەیەکی بـــاو دەدرێـــتە پـــاڵی"[18] ئـــارتۆ هەر لە (شـــانۆ و هەمـــــبەرەکەی)دا، بە شـــــێوەیەکی کـــۆنکرێتی و لە دیـــــدە شـــانۆییەکەوە، پێناســـەیەکی کـورتی چەمـکە تونـدوتیژییەکەی شـانۆکەی بەم شـێوەیە دەکـات و دەڵێـت: (دەبێـت ئەوە لە یـاد نەکەیـن، کە جـووڵە لە شـانۆدا تونـدوتیژە، بەڵام کردارێکـی بێلایەنە و ئارەزووی توندوتیژی ناکات.)[19]

ئـارتۆ، ئەو هونەرمەنـدە بـوو، کە دژی شـانۆی کلاسـیکی و بـۆرژوا و نەریتگەرایـی ئەورووپـی و کـۆمەڵگە وەسـتایەوە، هاوکـات کەسـێکیش بـوو، کە هەمیشـە نائـارام و بێبەزەیـی بەرامبەر جەستە و دەروونی خۆیشی؛ هەمیشەیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو جەستەیەکی هەتاهەتایی هەیە.

ئارتۆ بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیهانە شـانۆییە ئەفسـوونییە توندوتیژەی، کە لە نووسینە تیۆرییەکانیدا تۆماری کردوون، بە یـــارمەتیی نووســـینەکانی شـــیللیی شـــاعیر و ســـتندال-ی رۆمـــاننووس دەقێکـــی شـــانۆیی بە ناونیشـــانی (بنەمـــاڵەی تشنشـــی)ی نووســـیوە و لە هـــۆڵێکی خـــراپ و شـــانۆیەکی بازنەییدا، دوور لە هەموو مەرجەکانی هۆڵ و شـانۆوە نمـایش کـــردووە[20]. بە مانـــای هەولـــی داوە جێگەیەکـــی تـــر، دوور لە بیناسـازی شـانۆ تەقلیـدییە ئیتـالییە بـاوەکەوە بـۆ نمایشـەکەی بـدۆزێتەوە. ئەم شـانۆییەش بەسـەرهاتی (کۆنـت تشنشـی)ی ١٥٤٩-١٥٩٨ دەگێـڕێتەوە، کە لە سـەدەی شـانزەهەمدا ژیـاوە.

---

[18]. ئارتۆ، ئەنتۆنان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل١٥٥.

[19]. ئارتۆ، ئەنتۆنان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل١٣٠.

[20]. سعد أردش، المخرج في المسرح المعاصر، ل٢٦٢.

ئارتۆ لەم نمایشەدا ئەو خۆشەویستییە حەرام و قەدەغەکراوە سێکسییەی تشنشی بۆ بیاتریس-ی کچی بەرچاو خستووە، کە پیاوێکی ئەرستۆکراتی ڕۆمانیی توندوتیژ بووە، ئەم پیاوە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی دەوڵەمەنددا دەکات، پیلان بۆ کوشتنی کوڕەکانی دادەڕێژیت و دەستدرێژیی سێکسییش دەکاتە سەر بیاتریس-ی کچی. "بیاتریس بە یارمەتیی باوەژنەکەی و برایەکی و پیاوکوژێکی بەکرێگیراو دەتوانێت باوکی بکوژێت. ئارتۆ دەقەکەی خۆی لەسەر دەقێکی تراژیدیی پێنج بەشی شیللی-یەوە ئامادە کردووە، کە ساڵی ١٨١٩ نووسراوە، ستندال-یش چیرۆکێکی ١٦٠٠ەکانی لە ئیتالییەوە بۆ وەرگێڕاوە، کە باسی ژیانی ئەو بنەماڵەیەی کردووە."[٢١] ئارتۆ جگە لە کاری دەرهێنان، هەر خۆیشی ڕۆڵی (کۆنت تشنشی)ی بینیوە و دیزاینی جلوبەرگ و سینۆگرافیاکەیشی کردووە.

هەرچەندە فەرەنساییەکان گاڵتە بەم نمایشە دەکەن، بەڵام ڕەخنەگرەکان تا ئێستا بە یەکێک لە نمایشە سەرسووڕهێنەرەکانی مێژووی بزوتنەوەی شانۆی فەڕەنسی دادەنێن. (بنەماڵەی تشنشی) بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٥ نمایش کراوە.

ئارتۆ بەم نمایشە هەموو دیوار و دەمامک و بەربەستە ساختەکانی کۆمەڵگەی ئەورووپیی هەڵماڵیوە، کە ئابڕوویەکی پڕ لە درۆودەلەسە و دروستکراوی لە پشتەوە حەشارداوە، بەڵام ئەم هەوڵە شانۆییەی ئارتۆ لە یەکەم شەوی نمایشکردنیەوە تووشی نوشوستی و شکانەوەیەکی گەورە

---

[٢١]. بڕوانە: Percival, Artaud, Beckett, Blake, essäer och tolkningar, Carlssons bokförlag, 1992

هـاتووه، ئەمـەیش وای لـە ئـارتۆ کـردووە هاوسـەنگیی خـۆی لەدەسـت بـدا و بـەرەو شـێتیی بـردووە و وەک هەڵهاتنێک لەو ڕەوشە بەرەو وڵاتی مەکسیک و دواتریش بۆ ئێرلەندا دەڕوات، لە ئەنجامیشـــدا خـــراوەتە نەخۆشـــخانەی مێشـــکەوە. ئەم نوشوستە و لەدەستدانی هۆشـە، تەنها بە هـۆی ئەم نمایشـەوە نەبووە. ئـارتۆ لە ژیانیدا سـەرکەوتن لە هـیچ بوارێکدا بەدەست ناهێنێـت و ئەم کـاردانەوە بەهێـزەیش دەیخـاتە بەردەم ئەو ڕاستییە تاڵەی، کە لە بوارەکانی شانۆ و ئەدەبدا کەسێک بـووە، هیچ ئەنجامێکی ئەرێنیی بەدەست نەهێناوە. ئـارتۆ ویسـتوویەتی بەو گەشتەی بۆ مەکسیک، قەرەبووی نوشوستییەکانی بکاتەوە و ئاڵتەرناتیڤێکی تـر بـۆ شـانۆکەی و بـۆ ژیـانی بدۆزێتەوە، هەر لەبەر ئەوە بەر لە سـەفەرەکەی گوتـوویەتی: (مـن ئەم سـەفەرە لەپێنـاوی گەڕان بەدوای هێـزە نادیـار و غەیبییەکانـدا دەکەم، نـازانم دەیـدۆزمەوە، یـان نـا، لەو بـڕوایەدام لە مەکسـیک تـاکو ئێسـتایش ئەو هێـزە گەرمـانە هەبـن، کە هێـزی پاڵەپەسـتۆی خـوێنی هیندییەسـوورەکان ڕێـک دەخـات. لەوێ ئەو شـانۆیە هەیە، کە مـن دەمەوێـت، لەوانەیە بتـوانم لە نـاوەوەی خۆمـدا هەڵی بگـرم و بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ گوزارشـتی لـێ بکەم.) ئـارتۆ بە مەبەسـتی ئاشـنابوون و لێکـۆڵینەوە لە کولتـوورە بەرایـی و سـەرەتاییەکانی مـرۆڤ چـوو بـۆ مەکسـیک، بەڵام کە گەڕایەوە لە ڕووی دەروونییەوە بە تەواوی تێک شکابوو.

ئـــــارتۆ دوای هەوڵ و تەقەلایەکـــــی زۆر لە لایەن هاوڕێکـانیەوە، سـالّی ١٩٤٦ لە نەخۆشـخانەی دەروونـی لە (ڕۆدێز) دێتە دەرەوە، لە مانگی پێنجی ئەو سـاڵەوە، واتە سـاڵی ١٩٤٦ تـا ٤ی مـانگی سـێی ١٩٤٨ کـە کـۆچی دوایـی دەکـات، لە شـوقەیەکی بچـووک لە ئیڤری، نزیـک پـاری- دەژی، کە مـوڵکی

نەخۆشــخانەکە دەبێــت. لەم شــوێنەدا بە تەواوی ســەربەســت دەبێت و هەر لەم قۆناغەی ژیانیدا، چەندان دەقی گرنگی خۆی نووسـیون، بـۆ نمـوونە کتێبە بچـووکەکەی سـەبارەت بە ڤـان گـۆگ (ڤــان گــۆگ خۆکــوژ بە دەســتی کــۆمەڵگە). ئــارتۆ لە سـەرەتای سییەکانەوە، وەک شـاعیر و هونەرمەندێکی گەنـج و جوان ناسرابوو، مرۆڤێک خـاوەنی زمـانێکی بەرزی شـیعرئامێز و بــــالا، بەڵام دوای ژیــــانێکی کــــولەمەرگی و ســــەخت لە نەخۆشـخانە دەروونییەکانـدا، ددان لە دەمیـدا نامێنێت، بە هـۆی خــواردنی خــراپ و برســێتییەوە زۆر لاواز و بێهێــز دەبێــت، پێشوەختەیش دەبێتە کەسێکی پیر و پەکەوتە، لەگەڵ ئەوەیشـدا هێشتا هەر لە پەلوپۆ نەکەوتووە، زمانەکەی، ئەو زمانەی باسـی ئازار و ئەشکەنجەی ژیانی دەکرد، زیندوو بوو. لە کتێبەکەشـیدا سەبارەت بە ڤان گۆگ شتێک سەبارەت بە خۆی دەڵێت، خۆی لە ڤـان گۆگ-دا دەبینێتەوە. ئەو دەڵێت: (ڤـان گۆگ لە هەمـوو ژیانیدا، بە وزەیەکی نادیـار و ویستێکی پـلان بـۆ دارێـژراوەوە، بەدوای (مــن)ی خۆیــدا دەگەڕا. ئەو لە ڕەوشــێکی هەڵچــووی شێتێتیدا کۆتایی بە ژیـانی نەهێنـا، لە تـرس و دڵەڕاوکێی ئەوەی دەیویســت بەدەســتی نەهێنێــت، بەڵکـو بە پـێچەوانەوە ئەو لەو ساتەدا گەیشتبووە زۆر شت و ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو، کە ئەو لە کوێیە و کێیە، کە هۆشی گشتیی کۆمەڵگە بەئاگا هـاتەوە، بۆ ئەوەی ســــزای ئەو بــــدات، لەبەر ئەوەی ئەو لە یاســــاکانی دەرچووبوو، بەدەسـتی ئەو کۆمەڵگەیە کۆتـایی بە ژیـانی خـۆی هێنا). (ڤان گۆگ خۆکوژ بە دەستی کۆمەڵگە، نووسینی ئارتۆ. بـڕوانە سـەرچاوەی ژمـارە ١٠). ئـارتۆ هەرچەنـدە لەم کتێبەیـدا باسی ڤان گۆگ دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا باسی خـۆی دەکـات و خۆی لە ڤان گۆگ-دا دەبینێتەوە.

ئـارتۆ لە ١٣ی مـانگی یەکـی سـاڵی ١٩٤٧دا لە پـاریس دوا نمایشی خۆی بۆ بینەران پێشکەش دەکات. تەنانەت ئەوانەیشـی کە هـاتوون بـۆ ئەوەی گـاڵتە بە ئـارتۆ بکەن و نمایشـەکە تێک بـدەن، بێـدەنگ دەبـن. لەم نمایشـەدا مرۆڤێک دەدوێت، کە هـیچ یەکێک لە بینەرانی ئەو نمایشـە، وەک ئەو (ئـارتۆ) تووشـی ئەو ئـازارە گەورە ڕۆحـی و جەسـتەییە نەبـوون. جەسـتە بـۆ ئـارتۆ لەم نمایشـەدا شـانۆیەکە، لە هەڵکشـانێکی بەردەوامـدایە. ئـارتۆ لەم شانۆیەدا دوا تواناکانی خۆی بەکار دەهێنێت.

ئارتۆ ڕووەو بینەرەکانی دەڵێت:

*ئێمە هێشتا لەدایک نەبووین.*

*ئێمە هێشتا نەهاتووینەتە دونیاوە.*

*هێشتا هیچ دونیایەک نییە.*

*هێشتا هیچ شتێک نەخوڵقاوە.*

*ئەو ڕۆحەی دەبێت بوونی هەبێت، هێشتا نەخوڵقاوە.*

ئـارتۆ لەم دوا نمایشــەیدا، وەک ئەکـتەر گەمە بە جەســتەی خـۆی دەکـات؛ جەســتەی خـۆی لەســەر شــانۆ بەرامــبەر بە جەستەی ئەوانی تر (بینـەران) لە هـۆڵەکەدا، دەبێتە بەڵگەی ئەو تراژیــدیایەی ئــارتۆی تیــا ژیــاوە. گەمەیەکــی جەســتەیی، لە شــانۆیەکی تونــدوتیژدا، کە بەشــێک بــووە لەو خوڵقانــدنەی مێـژووی مرۆڤـایەتی. ئازارەکـانی ئـارتۆ لەم دوا نمایشــەدا لە مێـژوودا بەرجەســتە دەبێـت، هاوکـات دەبێـتە تـابلۆیەک بـۆ بینەرەکـانی. بینەرەکانی لەو دوا نمایشـەدا، هەناسـە بە هەناسـە لەگەڵ ئــارتۆدا دەبــن، ســەیری ئەو جەســتە شــێوێنراوەیان کــردووە، کە لە ڕامــان و پەیڤێکــی قــووڵی ڕۆحیـدا بــووە، کە هێشـتا هەناسـەی دەدا، کە هێشـتا ڕوونـاکیی بـڵاو دەکـردەوە. نمایشەکە دەبێتە جێگەی سـەرنجی بینەران، چەندان کەس ئەو

پرسیارەیان دەکرد، ئارتۆ کێیە؟ بلیمەتە، شاعیرە، ئەکتەرێکی شێتە، یان مرۆڤێکە کەس لێی تێناگات؟

لەوانەیە نەتوانین چارەنووسمان بگۆڕین، بەڵام دەتوانین وا لە چارەنووسمان بکەین، کە جێگەی سەرنج بێت؛ ئەمەیش یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی هونەری شانۆ، کە مرۆڤ تا دەشدۆڕێت ئاهەنگ بە تواناکانی خۆیەوە بگێڕێت، یان وەک ئارتۆ دەڵێت: وەک ئەوەی قوربانی بین و بەسەر خاچەکانەوە بسووتێنرێین، هاوکات لەناو ئاگرەکەوە دەست ڕاکێشین.

ئارتۆ چەند مانگێک بەر لە کۆچی دوایی لەنێوان ٢٢ بۆ ٢٩ی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٤٧دا، پرۆگرامێکی ڕادیۆ بە ناوی (بۆ ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی خوا بهێنین) تۆمار دەکات، کە بڕیار بووە پرۆگرامەکە لە ٢ی مانگی ٢ی ساڵی ١٩٤٨دا پەخش بکرێت، بەڵام لەپڕ بە بڕیاری بەڕێوەبەری ڕادیۆی فەڕەنسی Wladimir Porché بە ڕۆژێک بەر لە پەخشکردنی، ڕادەگیرێت و قەدەغەیش دەکرێت. ئارتۆ لەم پڕۆگرامەدا، کە بە دەنگی خۆی تۆماری دەکات، دەنگی بەو هاوارە بەخشیووە، کە مرۆڤایەتی ئامادە نەبووە گوێی بۆ ڕادێرێ، ئەو هاوارەی تەنها گوزارشتی لە ئازارەکانی جەستەی خۆی نەدەکرد، بەڵکو گوزارشتێک بوو لە ئازارەکانی ئەو کاتەی ئارتۆی تیا ژیاوە. جەستە بۆ ئەو هەموو شتێک بووە. بە جەستە فۆرمی خەونەکانی دادەڕشت، هەروەها بە ئاگایی و بە هەڵسانەوە، جەستەیەک ڕادەپەڕێت و هاوار دەکات، هاوارێک خەڵکی بەئاگا دێنێتەوە. ٣٠ ساڵ دواتر ڕادیۆی فەڕەنسی ئەم پرۆگرامە پەخش دەکات.

بەو جۆرە ژیانی ئارتۆ بریتی بووە لە کۆمەڵێک کارەسات و کێشە و ململانێ و پەلەقاژە لەگەڵ ژیان و بوون و جیهاندا؛

ئـــارتۆ دوای هـــاتنە دەرەوەی لەو بەنـــدیخانە دەروونیـــیە توونـدوتیژەدا، لە لایەن خـانمە ئەکـتەری ناسـراوی فەرەنسـا (سـارە برنـارد)ەوە و بە ئامـادەبوونی هونەرمەنـد و نووسـەرە گەورەکـــانی ئەو دەمەی پـــاریس، ڕێزێکـــی گەورەی لـــێ دەگیرێت[22] و ساڵی ١٩٤٧ ناونیشانی شاعیری گەورە و مەزنی لێ دەنێن، بەڵام ئەم ڕێزلێنانە زۆر ناخایەنێت و پاش دوو ساڵ لە هاتنە دەرەوەی لەو نەخۆشخانە دەروونییانـە، کۆچی دوایی کردووە و ماڵئاوایی هەتاهـەتایی لە ژیان و شانۆ کردووە. بەو شێوەیە، گەورەیی ئەم هونەرمەندە نەفرەتلێکراوە، دوای مردنی لای فەرەنسییەکان و هەموو ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا ئاشکرا دەبێت و دەبێتە پەیامبەری نەوەیەک لە شانۆکاران. بۆ یەکەم جـاریش سـاڵی ١٩٥٦ تێکـڕای نووسـینەکانی لە؛ نـامە، لێکۆڵینەوەی تیۆری شانۆیی، گێڕانەوە، شیعر، هێڵکاری، دیمەنە شـانۆییەکان، سـیناریۆی فیلم، سـەفەرنامە، گوتـاری ڕەخنەیـی، یــادەوەری... هتــد لە چــاپێکی جــوان و گەورەدا، لە دەزگــای گالیمراد لە پاریس بڵاو دەکرێتەوە. دەزگای گالیمراد تـا سـاڵی ١٩٩١ بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئـارتۆدا و دواجار کۆی بەرهەمەکانی لە ٢٥ بەرگدا بڵاو دەکرێنەوە.

بەم خسـتنەڕووە خێـرایەی ژیـانی ئـارتۆ و لە بەردەم ئەم هاوارەی بۆ شانۆیەکی نوێ و جیاواز، دەگەینە ئەم ئاکامە: ئەو هــاوارەی ئـارتۆ، هــاوارێکی پـڕ لە ژان و ئەندێشــە و ئــازاری مرۆڤێکــی پــڕ لە هەســت و هۆشــە، کە شــەونخونی بەدیــار

---

[22]. برنـار، سـارە ١٨٤٤–١٩٢٣ خـانمە ئەکتەرێکـی شـانۆی فەرەنسـی بـووە، بە هۆی کارەکتەر و دەنگ و توانـای چوونە نـاو ڕۆڵەکانیەوە (هاوشـوناس بووە)، بە باشترین ئەکتەر ئاماژەی بۆ کراوە. سارە برنـار ناوبـانگێکی گەورەی هەبـووە و لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا ناسراو بووە.

بیرکـردنەوە و تێڕامـانی خوڵقانـدنی دونیـایەکی نوێـوە دەکـات، هاوارێکە، بە ئاشـکرا دەنگدانەوەی ئازارەکـانی خـودی خـۆی بە جەسـتەیەوە، بە گیـانیەوە، بە دەروونـیەوە، دیـارە. هاوکـات هەر ئەم ئـازارە توانـای ئەوەی هەیە پەردە لەسـەر ڕووی نهێنـی و شتە ڕووکەش و ساختەکان هەڵماڵێت.

شـتێکی ئاشـکرایە ئـارتۆ، کە ویسـتوویەتی ڕۆڵـی وشـە ببەخشـێت بە جەسـتە، تـا زۆر بە قـووڵی سـەختیی ڕۆژگـار و کلۆڵیی مرۆڤمان پیشـان بدات، ئەو سـەختییەی مـرۆڤ تووشـی نەخۆشـی و دابـڕان دەکـات و بێبەزەییـانە تێکـی دەشـکێنێت و چارەنووسـیش بەردەوام ڕووبەڕووی ململانـێ و کارەسـاتی دەکات. ئارتۆ مرۆڤێکی بێدەرەتان و پڕ لە ژان و ئازار بـووە، بە هەستیارییەکی زۆر بەرز و ناسک، ئاسۆگە و بیر و هۆشـی گۆش کراون.

ئەوەی ئـارتۆ کـردی، شـانۆکارانی دونیـای بـۆ هەتاهەتـایە خستە بەردەمـی ئەو ڕاستییە ڕەهـایەوە، کە ئەگەری جیاواز و تـازە لە بەردەمـی کـاری شـانۆدا هەن. ئـارتۆ بە دیـد و تیـۆرە شـانۆییەکەی بـووە ئەو کەسـەی پێشـبینیی بـۆ ئایندەی شـانۆ کـرد، شـتێکی گـوت لەوەوبەر بەو شـێوەیە نەگـوترا بـوو، بەڵام کەسانی وەک ستانیسلاڤسکی، مایرهۆڵد، برێشت، گرۆتۆڤسکی و بـرووک، توانییـان بە ئەزمـوون و سـوودوەرگرتن و کـاری کردەیـی و پراکتیکیـی بەردەوام، پێشـبینییەکانی ئـارتۆ بـکەنە ئەزموونێکی دەوڵەمەند و دۆزینەوەی زمـانێکی جیاواز و نوێ بۆ هونەری شانۆ.

بەشی دووەم

## دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون بە جیهانی ئارتۆ

ئەنتۆنان ئارتۆ بزوێنەرێکی گرنگی ئەو هاوارە تووڕەییە، کە لە سەرانسەری پانتایی شانۆی ئەورووپیدا دەنگی داوەتەوە و کاریگەرییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی هەیە. ئارتۆ تەنها لە ڕێگەی کۆمەڵێک گوتار و هەندێک نامە و چەند نمایشێکەوە، توانیی گۆمێکی مەنگی شانۆیی فەڕەنسی و دواتریش ئەورووپی و جیهانی بشڵەقێنێت و بانگەوازی شانۆیەکی ئەفسوونی و شیعرئامێز بڵاو بکاتەوە. گوتار و نامەکانی لە دواییدا، بە کتێبێکی سەربەخۆ بە ناوی (شانۆ و هەمبەرەکەی) Le Théatre et son double لە دەزگای (گالیمار) بڵاو کراوەتەوە. ئەم کتێبە بەهایەکی ئێجگار گەورەی لە مێژووی دراما و شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا هەیە و زۆربەی شانۆکارە لاو و بەئەزموونەکان، لە سەرانسەری جیهاندا وەک ئینجیل-ی شانۆیەکی مۆدێرن و ئەڤانگارد هەژماریان کردووە. مانیفێستەکانی شانۆی توندوتیژی، گرنگترین بنەماکانی ئەم کتێبە پێک دەهێنێت و بە شێوەیەکی کۆنکرێتی و کردەیی دیدی خۆی بۆ چەمکە ئێستاتیکییەکەی شانۆی توندوتیژ دەخاتە ڕوو. (ژان لویس بارۆ)[١] سەبارەت بەم کتێبە گوتوویەتی: (بەبێ

---

[١]. ژان لویس بارۆ، ئەکتەرێکی گەورە و هونەرمەندێکی دیاری شانۆی فەڕەنسی بووە، وەک ڕێژیسۆر و ئەکتەر و بەڕێوەبەرێکی بەتوانای شانۆ

هـیچ دوودڵـیـیەک، شـانۆ و هەمـبەرەکەی گرنگتـرین کتێـبە لە سەدەی بیستەمدا دەربارەی شانۆ نووسرابێت.)[2]

ئـارتۆ جگە لەوەی هونەرمەنـدێکی شـانۆیی لێهـاتوو بـووە، شاعیرێکی خـاوەن هەست و بەتوانـای سـوریالیش بـووە، لەبەر ئەوە شانۆکەیشـی زۆر سـیما و تێڕوانینـی سـوریالیزمی بـۆ بـوون و واقیـع هەبـووە، ویسـتوویەتی لە ڕوانـگەی خوڵقانـدنی هێزێکـی ناتەبـای ئەفسـوونییەوە بەنـاو نەسـتی مرۆڤدا ڕۆبچێتە خـوارەوە، هاوکـات شـانۆیش بگەڕێنێـتەوە بـۆ سـەر بنەمـا و چـاوگە سـەرەکییەکانی خـۆی و شوناسـێکی تایبەتمەنـدی شـانۆیی پـێ ببەخشـێت. ئەوەتـا لە یەکێک لە نامەکانیـدا دەڵێت: (شـانۆی ئەلفرێـد گـاری-مـان بەو نیـازە دامەزرانـد، ئەو سەربەستییە تەواوەی لە مۆسیقا و شـیعر و وێنەکێشـاندا هەیە، ببەخشـین بە شـانۆ، ئەو سەربەسـتییەی تـا ئێسـتا و بە شێوەیەکی سەیر و نامۆ شانۆی لێ بێبەش کراوە.)[3]

ئەم گـوتەیەش ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەکـاتەوە، کە ئـارتۆ هەوڵی گەڕانەوە و دۆزینەوەی شانۆ و شێوازە سـەرەتاییەکانی داوە، بە تـایبەتییش لە ڕووی شـێوەی نمـایش و کـارتێکردنەوە، بۆ نمـوونە تەوتەم و داسـتان و ڕێتواڵ و نەریتەکـانی کۆمەڵگە سـەرەتاییەکان، دوابەدوای ئەوانـیش سـەرەتاکانی درامـا و شانۆی دێرینی گریک، کە لە ئامێزی نەریتە ئایینییەکاندا لەدایک

---

ئاماژەی بۆ کراوە. سەرەتای ژیانی هونەریی وەک قوتابییەک لەسەر دەستی (شـارل دیـلان)ەوە دەسـتی پـێ کـردووە، دوای ئەوە وەک ئەکـتەر و قوتـابی دەکەوێـتە ژێـر کـاریگەریی ئـارتۆ-وە. بـۆ زیـاتر ئاشـنابوون بە ژیـان و بەرهەمەکـانی ئەم هونەرمەنـدە، بـڕوانە، گرگنـی بلـیمەت (جـان لـوی بـارۆ)، وەرگێڕانی دانا ڕەئووف، گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ژمارە ٦٥.

[2]. ليونارد كابل برونكو، مسرح الطليعة، ترجمه يوسف أسكندر، ل٣١.

[3]. د. سامية أحمد أسعد، في الادب الفرنسي المعاصر، ل١٣٧.

بـوون[٤]. شـتێکی ڕوون و ئاشـکرایە ئەو ڕیتـوالانە تـانوپۆیەکی نمایشئاسـا و هـونەری و شـانۆییان لەخۆ گرتـووە. جەمـاوەری ئەو کـــۆمەڵگە ســـــەرەتاییانە لە ڕێـــگە جۆربەجۆرەکـــانەوە، بەشـدارییەکی ڕاسـتەوخۆیان لەو ڕیتـواڵە ئایینییـانەدا کـردووە، بێگومـــان ئەو ڕیتـــوالانەیش بەشـــبەحاڵی خۆیـــان کۆمەڵێـــک هێمـــاگەلی ئاشـــکرا بـــوون، کـــە لـــە نەســـت و هەســـتی تێکـــڕای کۆمەڵگـــەدا خەفـــە کـــراوە[٥]. لەم ڕووەوە شـــانۆ بـــۆ ئـــارتۆ نزیکبـوونەوەیە لە گەردوونەوە، سـمبولێکە هێزێکـی گەردوونـی دەیجووڵێنێت و لەسەر بنەمـایەکی ڕتیواڵی و ئەفسـوونی، دوور لە ســـــتراکتورە ڕیـــــالیزمی و دەروونیـــــیەکەی شـــــانۆ نەریتگەراکـانەوە کـار دەکـات. ئـارتۆ لەم ڕووەوە لە شـانۆ و هەمبەرەکەیـدا دەڵێـت: (شـانۆ سـیمبۆلێکی تەواوی پیشـاندانە گەردوونییەکانە.)[٦]

---

[٤]. تەوتەم، Totem ئاژەڵ، ڕووەک یان هەر تەنێکی گەورەی هەستپێکراوە، کە کـۆمەڵگەی ســـەرەتایی بەوپەڕی ڕێـز و شـکۆمەندییەوە ســـەریان بـۆ نەوی کردووە؛ خەڵکی ئەو هۆزە سەرەتاییانەی بەر لە پەیدابوونی شارستانییەت، وا هەستییان کـردووە، کە بنچینە و نەژادیـان دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو تەوتەمە. ئەمە جگە لەوەی خێڵ و هۆزەکان بەو تەوتەمانەیشـەوە ناو نراون، هەروەها تەوتەم هێماگەلی (تەوتەمییەت) Totemismیش بووە، کە کۆمەڵێک بیروڕا و عەقیدەی ئـالۆز سـەبارەت بە تەوتەم و پێوەنـدییە پەنهانەکـانی نێـوان خەڵکـی هـۆزە بەراییەکان لەخۆ دەگرێت، ئەمە جگە لەوەی یەکێکە لە کۆنترین شێوە و شێوازە دینییەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی. سیمای سەرەکیی تەوتەمییەت هەستکردنە بە بوونێکی هـاوبەش لە پێوەندیی کۆمەڵ و ئەو جۆرە ئاژەڵ و شتەکانی ترەوە، کە ئاماژەمـان بـۆ کـردن، ئەمە جـگە لەوەی زیـاتر پەیوەسـتە بە ئـابووریی ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەوە و پارێزەرێکی بەهێزی خەڵکی بووە.

[٥]. د. سمير سرحان، تجارب جديدة في الفن المسرحي، ل١٠.

[٦]. ئـەنتۆنان ئـارتۆ، شـانۆ و هەمـبەرەکەی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، ٢٠١٧، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل٢٠٤.

بێگومـان ڕیتـواڵ-یـش دەربڕینێکـی ئاشـکرای ئـەو نەسـتە خەفەکراوەی کۆمەڵگەبووە و بینەرانی پێکەوە بەستوونەتەوە و پارێزگـاریی سـنووری کـۆمەڵایەتی و هەسـت و سـۆزی کردوون، دواتر ئـەو کۆمەڵگەیـە، بـە هـۆی هۆشـیاربوونەوەیان، توانیویانـە ئـەوەی بـە خەفـەکراوی لـە نەسـتیاندا هـەبووە، بورکانئاسا بیهێننە دەرەوە و کۆمەڵێک وێنە و سەما و جۆرە ئەفسـوونێک بخـولقێنن و لەگەڵ ڕیتـواڵە ئایینییەکانیـان سـرووتێکی هـونەری بەرجەسـتە بکەن. ئەمەیـش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان (بەراییەکان) لە دیدێکی ئەفسانەئامێز و داستانەکانەوە، بە وێنەی شیعری و هێما بیریان کردووەتەوە و لە شـتەکان گەیشـتوون. ئەوەی شـایانی ئامـاژەبۆکردنە، نەریـتە تەوتەمییەکـانی ئەو کـۆمەڵگە سـەرەتاییانەی بەر لە دەرکەوتنـی شارسـتانییەتەکە، شـێوەیەکی ئەفسـوونییان لەخـۆ گرتـووە و ڕۆڵێکـی ئاشـکرا و ڕاسـتەخۆیان لەو ئـاهەنگە ڕیتواڵییـانەدا دیـوە. ئـارتۆ لە (شـانۆ و هەمـبەرەکەی)دا دەڵێـت: (تەوتەمگەرایی ئەکتەرە، گەمە دەکات، لەبەر ئەوەی دەجووڵێت و لەپێنـاو ئەکتەرەکانـدا دروسـت کـراوە. گشـت کولتـوورێکی ڕاسـتەقینە پشـت بە هۆکـارە بەربەری و بەراییەکـانی تەوتەمگەرایـی دەبەسـتێت، کە مـن ئەو ژیـانە هـۆڤینییەی دەپەرستم، واتە ئەو ژیانەی بە تەواوی خۆڕسکە).[٧]

هونەرمەنـدانی شـانۆی هـاوچەرخ، لە سـەرووی هەمووشـیانەوە "ئـارتۆ"، لە تێگەیشـتنی چەمکـی ئەم سیسـتێمە پـراکتیکییەوە، دواجـاریش لە ئەنجـامی هەنـدێک لە ئەزمـوونە تایبەتییەکـانی خۆیـانەوە، گەیشـتوونەتە ئەو ئاکـامەی بڵـێن،

٧. لاپەڕە ٢٠ لە هەمان سەرچاوە.

ڕووداوەکان لەسەر شانۆ دەبینرێن، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەست و هۆشـی بینەرانـدا دەسـووڕێنەوە؛ ئەو هەسـت و هۆشـەی دەچێتە سـەر شانۆ و لەگەڵ هوشیاریی ئەکتەرەکاندا یەکانگیر دەبن. ئارتۆ کاریگەرییەکی گەورەی نمایشـە سـەمائامێزەکانی دوورگەی (بـالی)ی بەسـەرەوە دەبێـت و ئەو نمایشـانە، بە شێوەیەکی ڕەها دەیگەیەننە هزر و دیدە ئێستاتیکییەکەی بۆ شـانۆ، لەم ڕووەوە ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە: (هەمـوو ئەفرانـدنێک لەم شـانۆیەدا لە تەختـەی شـانۆوە دەسـت پـێ دەکات، تەرجەمەکردنی (دەربڕینی) و تەنانەت بنچینەکەیشی لە تەوژمێکی دەروونیی نهێنیدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەویش وتەیە پێش وشە.)[8]

کەواتە لەم ڕوانگەیەوە، ئەو هونەرمەندانە یەکەم هەنگاو، کە هەوڵـی سـەلماندن و گەیشـتنە ئەنجامیـان بـۆ داوە، بەشـدارپێکردنی بینـەران و پێکەوەبەسـتنەوەی بە ئەکـتەر و ڕووداوەکان، لە یەکەیەکی ئێستاتیکیی نمایشئاسای پڕ لە شیعر و هەڵوێستدا بووە. ئارتۆ لە دیدی ئەو تیۆرەی سـەبارەت بە شانۆکەی لە دووتوێی کتێبی (شانۆ و هەمبەرەکەی)دا بڵاوی کردووەتەوە، تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەی خستووەتە سەر ئەم مەسـەلەیە، بێگومـان لە بـواری بۆچـوونێکی کردەیـی و تەکنیکی و دیدی هونەرمەندێکی شانۆوە. شانۆ و هەمبەرەکەی بۆ ئارتۆ، یەکسانە بە ژیانی ڕاستەقینە، کەواتە هەمبەرەکەی ئارتۆ بۆ شانۆ ژیانە ڕاستەقینەکەیە. شانۆ بۆ ئارتۆ ژیانە، بەڵام ئەو واقیعیـیەت و نـاتورالیزمییە نییە، کە لە ١٨٠٠ەکانـدا ڕووکـاری ڕاسـتەقینەی شـانۆی ڕۆژئـاوا بـوون، شـانۆ بەپێـی

---

8. لاپەڕە ٩٦ لە هەمان سەرچاوە.

پێناسـەکانی ئـارتۆ فۆرمێکی هـونەری نییە، بەڵکو هـونەرێکە بە قووڵی دەچێتە ژیانەوە، هەر وەک ئەوەی لە ژیان بگەیت وەک شـانۆ. ئـارتۆ لەو بـڕوایەدا بـووە، کە ڕاسـتیی مـرۆڤ، یـان واقیعییەتـی مرۆڤ فۆرمی ڕاسـتەقینەی خـۆی نەدۆزیـوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەنـدامە تەواوەکەی جەسـتەی مـرۆڤ هێشـتا دروسـت نەبـووە و لە جەسـتەدا جێگەی خـۆی نەکـردووەتەوە. ئارتۆ چەندان جار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (من نـاتوانم لە دەرەوەی ژیـان، هـیچ کارێـک ببینم.) ئەم ژیـانە ڕاسـتەقینەیەش لەنێـو سـیحر و ڕێتـواڵە پیرۆزەکـان و ئەفسـوون و چەمکـی میتافیزیکدا ئەو تـاعوونەیە، کە پەردە لەسـەر هەمـوو شـتەکانی ژیان هەڵدەماڵن. ئارتۆ لە (شانۆ و هەمبەرەکەی)دا، سـەرنجمان بۆ خاڵێکی گرنگی چەمکی هونەری شـانۆ ڕادەکێشـێت، کە تـاکو ئێستایش بنەما و ستراکتورێکی بە بەهای شانۆیە. (شـانۆ تەنها لەو ساتەوەختەوە دەتوانێت بوونی هەبێت، کە مەحاڵەکان تێیدا بەڕاستی دەست پێ بکەن، لەو سـاتەوەختەوە، کە ئەو شـیعرەی لەسـەر تەختەی شـانۆ گوزەر دەکات، بـاری زیـاتر لە کۆمەڵی سیمبوڵە واقیعییەکان بنێت و هێزی پێویستییان پێ ببەخشێت.)[٩]

ئـارتۆ شـانۆکەی بە شـانۆی تونـدوتیژ نـاوزەد دەکـات و لە کتێبەکەیشـیدا هەوڵ دەدات بە چەنـدان شـێوە و شـێواز ئەم چەمـکە تونـدوتیژەی شـانۆکەی ڕوون بکـاتەوە. شـانۆی تونـدوتیژ، بەپێـی هـزری ئـارتۆ دەیەوێـت کـاریگەریی بەسـەر جیهانەوە هەبێت، گۆڕانکاری لە بنەماکانی گەردووندا دروسـت بکـات، ئەو ئەفسـوونە بێـت، کە بتوانێـت مرۆڤـی نـوێ دروسـت بکـات، ئەمەیـش ئەو هێـزەیە خـود بەرەو پـاکژبوونەوە

---

[٩]. هەمان سەرچاوە.

(کاتارسـیس) دەبـات. ئـارتۆ بـڕوای وایە بیـنەری شـانۆی توندوتیژ، کە لە نمایشـەکە دێـنە دەرەوە، وەک ئەوە وایە لە هۆڵی نەشتەرگەری هاتبنە دەرەوە، نەشتەرگەریی بۆ کراوە و چاک بووەتەوە، بەڵام لە کاتی چارەسەر و نەشتەرگەرییەکەدا تەواو داچڵەکێنـراوە و ڕووبەڕووی چەنـدان هێـدمەی بەهێـز کراوەتەوە، کە بە هۆیەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئاستە تاریکەکانی ناوەوەی خۆیدا کردووە. ئارتۆ دەیەوێت شانۆ بنەماکانی کۆمەڵگە و شارستانییەت و بگرە جیهانیش هەڵبوەشێنت و سەرلەنوێ بونیادی بنێتەوە. چەمکی توندوتیژی بۆ ئارتۆ، یەکگرتنـی جەسـتە و ڕۆحە، ئەم یەکگـرتنەیش لە تێکشـکانی ناکۆکییەکانەوە سـەرهەڵدەدات و دروست دەبێت، بەمەیش شانۆ دەبێتە ئەو ژیانەی لای ئارتۆ لە هەمبەرەکەیدا، چەمکێکی میتـافیزیکی، کیمـاگەری لەخـۆ دەگرێـت، کە ئـاوێتەی ئەو دەردەمان دەکات، ئارتۆ بە تاعوون ئاماژەی بۆ کردووە. ئارتۆ هزرێکی فەلسەفی بۆ چەمکی توندوتیژیی هەبووە، لەم ڕووەوە دەڵێت: (زۆر چاک دەتوانین وێنای توندوتیژیی پەتی بکەین بەبێ ئـازار و ئەشـکەنجەی جەسـتەیی. ئەگەر بە شـێوازی فەلسەفی بدوێین و بڵێین توندوتیژی چییە؟ ئەوا لە گۆشەنیگای هـزرەوە، توندوتیژی مانـای سـەختی، ڕەقـی دەگەیەنێت. پیادەکردن، بڕیاری حەتمی، جەبرگەرایی و ڕەهایی دەگەیەنێت. حەتمییەتی فەلسـەفیی هەرە باو لە دیدگای بوونی خۆمانەوە وێنەیەکە لە وێنەکانی توندوتیژی.)[١٠] ئارتۆ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا، لەو کتێبە بچووکەیدا، کە دەربارەی (ڤان گۆگ) ١٨٥٣–١٨٩٠ دەینووسێت، دەگەڕێتەوە بۆ سەر جەستە، جەستە و

---

[١٠]. لاپەڕە ١٥٦ لە هەمان سەرچاوە.

هەناسـەدان، وەک پرۆسـەیەکی کردەیـی و دیـدێکی قـووڵتر بـۆ تێگەیشــتن لە جەســتە. ئــارتۆ لەم دەروازەیەوە ســەبارەت بە چەمکــی تونــدوتیژی دەڵێــت: (شــانۆی تونــدوتیژی فـۆرمێکی شانۆیە، کە شانۆ پاک دەکاتەوە و تازەی دەکاتەوە- بە تـایبەتی بە هۆی گوزارشتی جەستەوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی تەکنیکی تـایبەتی هەناســەدانەوە.) بەڵام ڕەخنەگرەکـان، کتێبـی (شــانۆ و هەمبەرەکەی) بە تیـۆرێکی سـەربەخۆ و تـایبەتی شـانۆ دانـانێن، بەڵکــو زیــاتر ئەوە دووپــات دەکەنەوە، کە ئەو بیروڕایــانەی ئـارتۆ، تەنهـا بریتـی بـوون لە دەربڕینێکـی تـووڕە و تونـدوتیژی ناوەوەی خۆی، کە ناچار بووە بەو شـێوەیە دەری ببڕێت، هەر لەبەر ئەوەی خۆیشــی وەک شــانۆکارێک نەیتوانیـوە بۆچـوونە تیۆرییەکـانی بخـاتە بـواری ئەزمـوون و کردەیی و پـراکتیکەوە. ئەمە جـگە لەوەی لەو کتێبەیـدا بەردەوام، وەک پەرسـتگەیەکی ئەفسووناوی دەڕوانێتە شانۆ، بەو بڕوایەی شـانۆ تەنهـا هێـز و وزەیەکە بتوانێـت مرۆڤێکـی نـوێ بخوڵقێنێـت و بهێنێـتە دنیـاوە، چـونکە شـانۆ لە تێڕوانینـی ئـارتۆوە، شـانۆیەکی میتـافیزیکییە و ئاکـامی پێکانـدنی دوو خــاڵی گـرنگە، ئەوەیــش: چارەســەر و بونیادنــــــانەوەیە، بە یەکــــــانگیربوونی ئەم دوو خـــــاڵەیش پرۆسێسێکی پێکەوە بەستراو سەقامگیر دەبێت.[11]

دیـدە تیۆرییەکـانی ئـارتۆ جـۆرێکە لە شـیعر، هەناسـەیەکی دینــی لەخــۆ دەگرێــت، وەک بەشــێک لە ڕەخنەگرەکــانیش

---

[11]. چەمکــی میتــافیزیکی شــانۆ هەوڵــدانێکە بــۆ گونجــان لەنێــوان مــرۆڤ و فەلســەفەی بەردەوامیـدا (الصـيرورة) بەرەو گەردوون و دوابەداوی ئەوە بەرەو ڕۆچـوون و نەمـان (الفنـاء)، بە مانـا فەلسـەفییە ئایـدیالیزمییەکەی فەرهەنگـی فەلسـەفە نـایەت. لە بەشـەکانی تـری ئەم کتێبەدا زیـاتر لەم چەمکە میتـافیزیکییە دەدوێین.

ئاماژەیـان بـۆ کـردووە، بە چەشـنی کتێبە دینییە پیرۆزەکـان قورسـایی هەیە؛ هاوکـات ئەم هـزر و دیـدە تیۆرییـانە پـڕن لە بۆچوونی دژبەیەک. ئـارتۆ تیۆرەکـانی لەسـەر چەندان بنەمـای میتافیزیـک، سـایکۆلۆژی و ئێسـتاتیکایەکی گشـگر داڕشـتووە، بەڵام لەنێو ئەم دیدە تیۆرییەوە چەندان بۆچوون و پێشنیازی کردەیـی، پراکتیکـی کۆنکریتئاسـای کـردووە. بەشـێک لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر تیۆرەکانی ئارتۆ کراون، بە تایبەتی دەقە فەلسـەفییەکان، هەوڵیـان داوە، ئەم دوو لایەنە لە یەکتـری جیـا بـکەنەوە، مەبەسـتم تیـۆر و پـراکتیکە. لەم ڕووەوە دەتـوانین بڵێین، کە گرنگیی بەهـای ئـارتۆ دەگەڕێتەوە بـۆ دوو هۆکـار: یەکەم بۆچـوون و دیـدە تیۆرییەکـانی مـۆرک و نـاوەڕۆکێکی دینیی لەخۆ گرتووە، وەک تیۆرێکی هۆشمەندانەی ئەکـادیمیی ئەبستراک بن، دووەمیشیان دەکرێت تیۆرەکانی ئارتۆ لەسـەر چەندان ئاست و بە چەندان شێوە بخوێندرێتەوە. دەکرێت لە چەنـدین دەروازەی جیـاوازەوە لە ئـارتۆ نزیـک ببینـەوە، لەم ڕووەیشـەوە هیچ جۆرە بەربەستێکی لۆژیکی، یان هۆشیاری نییە، کە ڕێگر بێت لەوەی بە چ شێوەیەک دەمانەوێت ئارتۆ بخوێنینەوە.

چەمکـی شـانۆی تونـدوتیژ، تەنهـا دیـدێکی ئێسـتاتیکی و تەکنیکێکی جیاواز نەبووە و ئارتۆ هەوڵی داوە، وەک لەوەوبەر ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، بنەمـایەکی فەلسـەفی بـۆ ئەم زاراوەیە بـدۆزێتەوە و دایبڕێژێـت، بـۆ نمـوونە ئـارتۆ لە هزرێکـی فەلسەفییەوە دەیڕوانییە هێزە شەڕخواز و لە هەمان کاتدا ئەو هێزانەیش، کە بە چاکە و خێر ناوزەد کراوان. ئەم دوو هێزە چەنـدە دژبەیەک کـار دەکەن، هێنـدەیش تەواوکەری یەکتـرین، یەکەیەکی گرنگی ئەو توندوتیژییەن لە سروشت و سروشتی

مرۆڤدا هەن و ئارتۆ دەیانکاتە بنەمایەک بۆ دیدە ئێستاتیکی، هەروەها فەلسەفییەکەیشی بۆ شانۆ. ژیانیش ئەو شەڕ و خێرەیە، کە لەسەر شانۆ و لە کاتی نمایش و لەدوای نمایشیش بەردەوامییەکی هەتاهەتایی بە بوونی مرۆڤ و بە ژیان بەخشیوە. لەبەر ئەوە چەمکە توندوتیژییەکەی ئارتۆ، بەرامبەر سروشتی ژیان و سروشتی مرۆڤ توندوتیژە، هێندەیش بەرامبەر بە خودی (توندوتیژی)یەکە، توندوتیژە. لێرەوە مرۆڤ بەر ئەو ئەزموونە دەکەوێت، کە بەرەو پاکژبوونەوە و خولقاندنەوەیەکی تری دەبات، بەمەیش جەستە و ڕۆح، لە یەکەیەکی نوێدا یەک دەگرنەوە.

کاری شانۆ لاساییکردنەوە و جوانکردنی ژیان نییە، بەڵکو شانۆ گەمەیەکی ئەفسوونی و کردەیەکی سەخت و گرانی ژیانە و ڕیتواڵێکی پیرۆزە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ؛ شانۆ بۆ ئارتۆ ژیانە و توانای خولقاندنی ژیانی هەیە. ئارتۆ نایەوێت بینەرەکانی لەنێو ئەم ئەفسوون و شانۆ توندوتیژەدا بەرەو هەڵچوون و ئەندێشە بەرێت، بەڵکو دەیەوێت بوونی مرۆڤ (بینەرەکانی) بخاتە بەردەوم ئەزموونێکی سەختی وەهاوە، کە بتوانن بڕیاری یەکالاکەرەوە بدەن. شانۆ بۆ ئارتۆ بریتییە لە ژیان، ئەو ژیانەی لێوانلێوە لە توندوتیژییەکی بوونگەرایانە و تێکەڵاوی، یاخود بەرجەستەی توندوتیژییەکانی ژیان و ئازارەکانی جەستە و ڕۆح دەبن. توندوتیژی بۆ ئارتۆ لە چەمکی هەڵوەشاندنەوە و وێرانکردندا، لە پشت ئازارەکانی جەستە و ڕۆحەوە، بە مەبەستی خولقاندنێکی نوێ-وە کار دەکات. توندوتیژی لە بنەما فەلسەفییەکانیشەوە، بەر لەوەی چەمکێکی شانۆیی بێت، بۆ ئارتۆ پەردەهەڵماڵینە لە ناکۆکییەکان: ناکۆکییە دەروونی، ڕۆحی، ماددی و میتافیزیکی.

ئـارتۆ بە شـێوەیەکی سـاکار، هاوکـات قـوولێش گوزارشـت لەم میکـانیزمە پـتەوەی ژیان/تونـدوتیژی دەکـات و دەڵێـت: (کەواتە گـوتم "تونـدوتیژی"، وەک ئەوەی بڵێم "ژیـان"، وەک ئەوەی بڵێم حەتمیـیـەت. لەبەر ئەوە، دەمەوێـت ئامـاژە بـۆ ئەوە بـکەم، کە شـانۆ بە تـایبەتی بـۆ مـن کـردارە، دەرکـەوتنێکی بەردەوامـە و وەسـتانی بـۆ نییـە، دەیشـووبهێنم بە کردارێکـی ڕاسـتی، واتە زیندوو، واتە ئەفسووناوی.)[١٢]

دوای هەموو ئەمانە دەمەوێت ئاماژە بۆ یەکێک لە هۆکـارە هەرە کاریگەرەکـان بـکەم، کە زیـاتر بـووە پـاڵپێوەنەرێکی ڕاسـتەوخۆی ئـارتۆ بـۆ بەدواداگەڕان و پشـکنینی چەمـک و شێوازێکی شانۆیی نوێ و جوودا، ئەوەیش نمایشی هەندێک لە سـەمازانەکانی دوورگەی (بـالی) بـووە، کە لە گەشـتێکی هونەریـدا، لە پـاریس سـاڵی ١٩٣١ کۆمەڵێـک نمایشـی سەرسووڕهێنەر و ناوازەیان پێشکەش کردووە. ئەو نمایشـەی دوورگەی بـالی لەسـەر بنەماکـانی سـەما، گـۆرانی، هـونەری پـانتۆمیم و مۆسـیقاوە ڕۆنـراوە و بە هەمـوو شـێوەیەک دوور بـووە لە شـانۆ سـایکۆلۆژییە نەریـتگەرا و بـورژوازییە ڕیالیزمەکەی ئەورووپاوە. ئارتۆ هەستی بەوە کردووە، کە ئەم نمایشەی شانۆی بالی، هونەری شـانۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ سـەر بنەمـا سـەربەخۆکانی شـانۆ. نمایشـەکەی دوورگەی بـالی ئەو دیـدەی بـۆ ئـارتۆ دووپـات کـردووەتەوە، کە دەبێـت شـانۆ لە گۆشـەنیگای وەهـم و ترسـەوە بگەڕێنـرێتەوە بـۆ سـەرچاوە سروشـتی و سـەرەکییەکانی شـانۆ؛ نمایشـە سـەمائامێزەکانی دوورگەی بالی ئەو نموونە پراکتیکییە بوون، کە ئەو بانگەشـەی

---

[١٢]. ئەنتۆنان ئـارتۆ، شـانۆ و هەمـبەرەکەی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١٧٥.

بۆ دەکردن، هونەرێکی سەربەخۆ، کە لە دەسەڵاتی نووسەر و دەق ڕزگاری بووە. ئەمە جگە لەو دەنگدانەوە بەردەوامەی شانۆنامەی (ئۆپۆی پادشا) لە هەست و هزر و هۆشیدا دەزرنگایەوە، کە شانۆنامەنووسی فەڕەنسی (ئەلفرێد گاری) شانۆی فەرەنسیی پێ بەئاگا هێنایەوە[١٣]. ئارتۆ لە شانۆ و هەمبەرەکەیدا، سەبارەت بە بالی دەڵێت: (خەڵکی بالی، کە بۆ هەموو بارودۆخێکی ژیان چەندین جووڵە و ئاماژەی جۆراوجۆر بەکار دێنن، بە ڕێسا و یاسا شانۆییەکان بەها بەرزەکەی پێ دەبەخشنەوە؛ کاریگەریی بەهای بەرز و کارتێکەری چەندین ڕێسا و یاسامان پیشان دەدەن، کە بە شێوەیەکی پوخت فێری بوون و بەوپەڕی لێزانییەوە پیادەیان دەکەن.)[١٤]

ئارتۆ بەو شێوەیە، لە ڕوانگەی ئەو وزە ڕۆحییە بەرزەی نمایشەکانی دوورگەی (بالی) و هاوارە تژی لە گاڵتەجاڕەکەی (ئۆپۆ) و گەشتەکانی خۆی بۆ مەکسیک و ئێرلەندەوە، هاوکات ڕۆچوونە ناو جیهانی شانۆی ڕۆژهەڵاتی کۆنەوە، گەیشتە ئەو ئاستەی وێنای شانۆیەکی نموونەیی ئایدیالیزمی، لەسەر بنەماکانی نەست و لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی خەون و زیندەخەونەکانەوە بەدی بهێنێت. دەستەبەرکردنی ئەم جیهانەیش لەسەر شانۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ هێز و ڕۆڵ و بەهای

---

[١٣]. بالی ئەو دوورگەیەیە، کە لەسەر نەخشەی ئەندۆنیسیا، تەنها خاڵێکی زۆر بچووکە لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆخی (جاوا)وە. لە ڕووە دینییەکەیشەوە درێژبوونەوەیەکی دێرینی ئیمپراتۆریەتی (هیندۆسییەکان)ە، ئەمڕۆیش تاقە وڵاتێکی هندۆسە لە دەرەوەی سنووری (هیند)ەوە. لە بەشەکانی تردا زیاتر ڕۆڵی دوورگەی بالی ڕوون دەکەینەوە.

[١٤]. لاپەڕە ٨٧ و ٨٨ لە: ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم.

هونەری دەرهێنان و خودی هونەرمەندە دەرهێنەرەکە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەیشەوە، کە جێگەی گومان نییە، کارتێکردنی هەریەک لە گۆردن کرەیگ و ئەدۆڵف ئاپیا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە تایبەتی لە ڕووی ڕزگارکردنی توانا ئەفسوونی و میتافیزیکییەکانەوە، دیارە لە پانتایی شانۆ و جەستەی ئەکتەردا، بە شێوەیەکی تایبەتی.

ئەمڕۆیش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە پەنجا ساڵ بەسەر مردنی ئەم هونەرمەندەدا، لە سەرتاپای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بووەتە خاوەنی پەیامێکی گەورە و پیرۆزی بزوتنەوەی شانۆی هاوچەرخ و تیۆرەکانی ئامادەییەکی بەردەوامیان لە لابورە شانۆییەکانی جیهاندا هەیە؛ کتێبەکەیشی (شانۆ و هەمبەرەکەی) وەرگێردراوەتە سەر زۆربەی زمانە جیهانییەکان و بە هەزارەها دانەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کەواتە ئەمڕۆ، لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی ئارتۆدا، زۆر لە بزوتنەوە و نمایشە ئەزموونگەرییەکانی شانۆی هاوچەرخ و هونەرمەندە خاوەن دید و پڕۆژە بەردەوام و گەورەکانی شانۆ، لە وێستگەکانی ئارتۆدا وەستاون و لە دید و چەمکی تایبەتی خۆیانەوە، تیۆرەکانی ئارتۆیان لە ئەزموونێکی کردەیی و پرۆسێسە هونەرییەکانیاندا بەرجەستە کردووە.

ئارتۆ ئەو سەرچاوە گرنگە بووە، کە هەمیشە بەشێکی زۆری شانۆکارە گەورە و ئەڤانگاردەکان گەڕاونەتەوە سەری و سوودیان لێ وەرگرتووە، بۆ نموونە، ژۆلیان بێک و شانۆی زیندوو لە ئەمەریکا، کە لە شەستەکاندا گەورەترین تەوژمەکانی شانۆی ئەمەریکی بووە و دیدێکی سیاسی بۆ شانۆ هەبووە. ژۆلیان بێک زۆر جار لەسەر شەقام و باخچە

گشتییەکاندا نمایشـەکانیان پێشکەش کردووە. گرۆتۆڤسکی لە دیدە کردەیی و تیۆرییەکانیدا بۆ شانۆی هەژار، کاریگەرییەکی تەواوی ئارتۆی بەسەرەوەیە، هاوکات پیتەر برووک لە شەستەکاندا، کاریگەرییەکی زۆری ئارتۆی بەسەرەوە بووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕوانینە، بروک لە هەموو شانۆکارێکی تر زیاتر لە (ئارتۆ) و چەمک و زاراوەکانی شانۆی توندوتیژی نزیک بووەتەوە. بروک بە شێوەیەکی زانستییانە، سوودی لە تیۆرەکانی ئارتۆ وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستەیش لەگەڵ، یەکێک لە یاریدەدەرەکانی (چارلس ماروتیز) گرووپێکیان لەناو شانۆی شەکسپیری شایانە بە ناوی (شانۆی توندوتیژ)ەوە، لەپێناوی دۆزینەوە و بەدواداگەڕانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئارتۆ بەجێی هێشتوون، دامەزراندووە، تا بە هۆیانەوە لە چۆنیەتیی شانۆیەکی پیرۆز بگەن[15].

بروک لە قۆناغی سەرەتای گەڕان و پشکنینی شانۆییدا، وەک هونەرمەندێکی لێهاتوو، لەگەڵ ئەو گرووپەدا، تیۆرەکانی ئارتۆ-ی کردووەتە دەستپێک و بناغە و لەو دەروازەیەوە کەوتووەتە پراکتیزەکردن و ئەزموونی کردەیی و چەسپاندن و بەرجەستەکردنی پرۆسێسە شانۆییەکانی، هاوکات ناساندنی (ئارتۆ) بە بینەر و هونەرمەندانی شانۆ و ڕەخنەگرە شانۆییەکانیش، لە هەموو ئەورووپا و ئەمەریکادا. برووک وەک ئەنجامێکی ئەو تاقیگەیە دەقە کورتەکەی ئارتۆ (پریشکی خوێن) نمایش دەکەن. (لە کۆتایی ئەم کتێبەدا لە یەکێک لە پاشکۆکاندا ئەم دەقەی ئارتۆ-مان وەرگێڕاوە و داناوە.) ئەم

---

[15]. بيتر بروک، المكان الخالي، ترجمة سامي عبدالحميد، ل٤٩.

ئەزمـــوونەی بـــرووک ڕێگەخۆشـــکەر بـــوو بـــۆ ســـەرلەنوێ دۆزیـــنەوە و ناســـاندنی ئـــارتۆ وەک یەکێـــک لە گرنگتـــرین ســـەرچاوە و تەوژمەکـــانی شـــانۆی جیهـــانی. بەڵام نابێـــت ئەوەیشـــمان لە یـــاد بچێـــت، کە بـــرووک وەک ڕێژیســـۆر و شـانۆکارێکی ئەزموونکـار و داهێـنەر، ئەو قۆنـاغەی بڕیـوە و توانیـویەتی ڕێبـاز و فـۆرم و تەکنیکێکـی خـۆی دابهێنێـت و لە ڕێـگەی ئەزموونەکـانیەوە ئەکـتەر بە شـێواز و تەکنیکێکـی تـر پێبگەیەنێـت و ڕەوڕەوەی هـونەری دەرهێنـانیش لە ئەنجـامی تاقیکردنەوە بەردەوامەکانیەوە بەرەوپێشەوە بەرێت.

ئەو قۆنـــاغەی بـــرووک، کە لەژێـــر ڕۆشـــنایی شـــانۆ توندوتیژەکەی ئارتۆ-دا ئەزموونەکانی تیا نمایش کردووە، بە شـێوەیەکی گشـتی بریتـی بـوون لەم پـڕۆژانە: قۆنـاغی سـەرەتا سـیناریۆیەکی لەژێـر ناونیشـانی (گەرمـاوی گشـتی) نمـایش کـردووە، دوای ئەوە دەقـی (بەربەسـتەکان)ی شانۆنامەنووسـی فەڕەنسـی (ژان ژینییـە)ی هەڵبـژاردووە، کە بە دەقێکـی درامیـی هاوچەرخ دادەنرێت و نزیکە لە دید و بۆچوونەکانی ئارتۆ-ەوە. دوای بەربەسـتەکان (مـارا – سـاد)ی پیـتەر ڤـایس بـرووک دەگەیەنێتە ترۆپکی سەرکەوتنەکان[١٦].

بـرووک لە لەنـدەن، سـاڵی ١٩٦٥ ئەو شـاکارە لە بەرگێکـی ئەفســـوونی و ڕیتواڵئـــامێزی بەرزدا نمـــایش دەکـــات و بەو بەرهەمەی توانیویەتی بەسەر گشت سنوورە جیهانییەکاندا باز بـدات و مـارا – سـاد لەسـەر شـانۆی زۆربەی وڵاتـانی دنیـادا نمایش بکات، دواتریش بۆ تیڤی تۆمار بکرێت. لەگەڵ ئەوەیشـدا، ئەم شـــانۆکارە هەمیشـــە نوێخـــوازە، ســـنووری ئاکامەکـــانی لە

---

[١٦]. د. سامية آحمد آسعد، في الادب الفرنسي المعاصر، ل١٥٨-١٥٩.

پشت نمایشی (مارا- ساد)ەوە کۆتایی نایەت، بەڵکو ئارتۆ و تیۆرەکانی شانۆی توندوتیژ لە دەرهێنانە قەشەنگەکەی (ئۆدیپۆس)ی (سینیکا)دا[17] ساڵی ١٩٦٨ لە پاریس دەگەیەنێتە گەلێک ئەنجامی ئەرێنی و سەرکەوتنی زیاتر[18].

ئەم ئەزموونەی برووک لەگەڵ ئارتۆ و شانۆی توندوتیژدا کاریگەریی بەسەر نمایشەکانی شەکسپیریشەوە دەبێت و برووک سوودێکی زۆر لە ئێستاتیکای ئارتۆ بۆ خوێندنەوەکانی شەکسپیر وەردەگرێت.



ئارتۆ لە ڕۆڵی مارا

---

[17]. سینیکا، لوشیوس ئەنایوس (٤ی پ.ز، ٦٥ی د.ز) لە ڕابەرە دیارەکانی فەلسەفەی (ڕەواقی) ڕۆمانییەکان بووە و (نیرۆن)ی پەروەردە کردووە، کە لە دواییدا لە سێدارەی دەدات. سینیکا گرنگییەکی تایبەتی داوە بە ڕێبازی (یەکبوون) "وحدة الوجود" لای ڕەواقییە یۆنانییەکان. بە شێوەیەکی سەرەکی گرفتە ئاکارییەکانی ڕوون کردووەتەوە و بەوەی ئەگەر بە جۆرێکی باڵا چارەسەر بکرێت مرۆڤ دەگاتە ترۆپکی گیانێکی ئاسوودە و هێمن، هەروەها هەوڵی داوە فەلسەفەی ئاکار، کە ئەمەیش لە بناغەوە فەلسەفەیەکی خودییە، ببەستێتەوە بە کاری کۆمەڵ و دەوڵەت و وڵاتەوە. ئارتۆ یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی بە چاوێکی بەرز و سەرسوورمانەوە ڕوانیویەتە فەلسەفەی سینیکا. بۆ زیاتر شارەزابوونیش بڕوانە کتێبی (في الادب الفرنسي العاصر).

[18]. د. سامية آحمد آسعد، في الادب الفرنسي المعاصر، ل١٥٩.

## بەشی سێیەم

## کاریگەرییەکانی ئەلفرێد گاری

نووسەر و شانۆنامەنووس ئەلفرێد گاری ١٨٧٣- ١٩٠٧ کارێکی گەورەی کردووەتە سەر بیرورِا و دید و بۆچوونە شانۆییەکانی ئارتۆ، هەروەها (گاری) بە رِابەرێکی گەورەی بزوتنەوەی شانۆی پێشرەوی جیهانی و باوکی رِۆحیی تەوژمی دادائییەکان دادەنرێت. لەبەر ئەوە لێرەدا هەندێک زیاتر تیشک دەخەینە سەر دید و ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە و دەیبەستینەوە بە ئارتۆ-وە، تا لەم رِوانگەیەوە دەرگایەکی تر بکەینەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بە جیهانی ئارتۆ ئاشنا بین.

بەها و بایەخی ئەلفرێد گاری لەوەدایە، کە رِۆڵێکی گەورە و مەزنی لە بوارەکانی ئەدەب و هونەری شانۆدا گێرِاوە، هاوکات بووەتە سەرقافڵە و سەرەتا و دەستپێکی پتەو و هۆشمەند بۆ ئەو رِێبازە هزری و هونەرییە گەورەیەی ئەمرِۆکە بە شانۆی پێشرەو و پووچگەرا دەناسرێت و چەندان کەڵەنووسەری بەتوانا و لێهاتوو، لە هەموو لایەکی جیهانەوە رِابەرایەتییان کرد، وڵاتەکەی گاری-یش (فەرەنسا)یان کردە ناوەند و مەڵبەندی ئەم شۆرِشە گەورە هزری و هونەرییە.



**نەمایشەکانی ئارتۆ لە شانۆی ئەلفرێد گاری**

(گـاری) سـاڵی ١٩٠٧ کـۆچی دوایـی کـردووە، دوای ئەو لە فەڕەنسا، تا دەرکەوتنی تیۆر و ئەزموونەکانی ئەنتۆنان ئارتۆ، کەسێک نەیتوانیوە بە شـێوەیەکی زانسـتییانە و بابەتییـانە پەرە بەو جۆرە ئەدەب و هونەرە بـدات و شـوێنپێی هەڵبگرێت، لەبەر ئەوە لەنـــاو گەرمەی کـــۆڕی بیـــر و فەلســـەفە و هـــونەردا، وردەوردە، لەگەڵ ڕۆژگـــاردا نـــاوی بەرەو ونبـــوون و بیرچـــوونەوە دەچێـــت[١]. بەڵام دوای دەرکەوتنـــی تەوژمـــی داداییەکـان و ئەو سـەرکەوتنە بێپایـانەی درامـای پـووچگەرا و ئەبسێرد و ئەو ئەدەبەی بە بێهودە، لەسەر دەستی ئەلبێر کامۆ ١٩١٣-١٩٦٠ لە لایەک و یۆنێســـکۆ، بێکێـــت، ژان ژینیـــیە،

[١]. ئەمەیش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە ناوەندە ئەدەبی و هـونەری و لای ڕەخنەگرانـی ئەوکـاتەی فەڕەنسـا، گـاری تووشـی شـاڵاوێکی توندوتیژ هاتووە و بیروڕا و شێوازە هونەرییەکەی پەسەند نەکراوە.

ئەدامـۆڤ... و ئەوانـی تـر لە لایەکـی دیـکەوە، بەدەسـتیان هێنـا، سـەرلەنوێ نـاوی ئەلفرێـد گـاری-یـش، لە ئاسـمانی ئەدەب و هـونەر و شـانۆی هاوچەرخـدا، کەوتەوە درەوشـاندنەوە. ئەمە جگە لەوەی بڵاوبـوونەوەی دیـد و تیـۆرە شـانۆییەکانی ئـارتۆ، ڕۆڵێکـی ڕاسـتەوخۆی هەبـووە بە ئاشـنابوونی دیـد و درامـا و هـونەری ئەلفرێد گـاری بە جیهـانی شـانۆ و ئەدەب و هـونەری هاوچەرخی ئەورووپی؛ هونەرمەندە شانۆییەکان، کە لەو دیـد و ڕوانگەیەوە، زیـاتر بە شـێوەیەکی کردەیی و ڕوون ناسـراون و مۆرکێکی تایبەتییشیان وەرگرتووە.

شـانۆی فەرەنسـی بە درێژایـی بیسـت سـاڵ لە بـازنەیەکی داخـراودا سـووڕاوەتەوە و تووشـی شکسـتی و نەهـامەتییەکی بەهێـز هـاتبوو، تـا لە نیـوەی سـەدەی بیسـتەمدا ئەلفرێـد گـاری تـوانیی لە یەکێـک لە ئێوارەکـانی سـاڵی ١٨٩٦دا ئەو شـانۆ بێجووڵە مردووە تووشی ڕاچڵەکین و خورپەیەکی بەهێز بکات و لەو نەهـامەتی و ئەو شکسـتەی تێیکەوتبـوو ڕاپەڕێنێـت و بەئاگـای بهێنێـتەوە[2]. زەنگـی ئەو ڕاچڵەکینەیش لە کڵێسـاکەی (ئۆپۆی پادشـا)وە دەنگـی دایەوە و گۆمە مەنگەکەی شـانۆی فەڕەنسـیی پـێ شـڵەقاند و تیپـی (لونییە بوییە) Lunge – Poés Theatre de lÓeuvre شـەرەفی ئەم شۆڕشـەی بە نەمایشـی (ئۆپـۆ پادشـا) لەسـەر شـانۆی Théatre Nouveau پـێ بـڕا[3]. ئەوەی جـێگەی ئامـاژەبۆکردنە، کە ئەم نمایشـە لە لایەن ڕەخنەگرەکانەوە هێرشێکی توندی دەکرێتە سەر.

دەتـوانین بڵێـین، ئەلفرێـد گـاری بە دەق و نمایشـی (ئۆپـۆ پادشا) شانۆی پێشڕەوی دامەزراند، لەبەر ئەوەی یەکەم دەقی

---

[2]. جورج ولورث، مسرح الاحتجاج و التناقض، ترجمة د. عبدالمنعم اسماعيل، ل١٣.

[3]. هەمان سەرچاوەی ژمارە یەک، ل١٣.

شانۆیی و نمایشی هاوچەرخ بووە، کە توانیی ڕەنگدانەوەیەکی ئەو هێرشە پڕ لە هەراوزەنایە بێت، کە بووە شۆڕشێکی دووفاق، دژ بەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژیا و هەموو ئەو شێوازە پەیڕەوکراوانەیش، کە خەریک بوون لە دید و ڕوانگەی کارەکانی ئەندریە ئەنتوان و (شانۆی ئازاد)ەوە، ڕەگی پتەوی و نەمری و هەتاهەتایی خۆی لەناو دراما و شانۆی ناتورالیزم و ڕیالیزمدا دابکوتێت.

ئەلفرێد گاری و نمایشەکەی (ئۆپۆ پادشا)، وەک هەموو کارێکی تازەگەر و نوێخواز تووشی شالاوێکی توندوتیژی ڕەخنەگران هاتووە، وەک ژان دارک بە خاچی مەسیحدا هەڵیانواسیوە و ئەوەیشیان دووپات کردووەتەوە، کە ئەلفرێد گاری مرۆڤێکی شێت و دێوانەیە و دوورە لە هەموو سیفەتێکی مرۆڤئاساوە، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو دەرگاکانی بە ڕوودا دابخرێت.

مەدار و بیرۆکەی سەرەکیی ئەم دەقە کۆمیدیایەیش لە کارەکتەری باوکە (ئۆپۆ)دا خۆی دەبینێتەوە. ئۆپۆ کارەکتەرێکی ترسناکە، هاوکات کەسێکی پێکەنیناوی و گاڵتەجارە[٤]. (ئۆپۆ) یاخییە، یاخیبوونەکەی تەنها دژی دامودەزگاکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو دژی خودی ژیانە؛ (ئۆپۆ) کەسایەتییەکی ناپاک، چاوبرسی، بێباک، بێبەزەیی، توندوتیژ و ترسنۆکیشە، خاوەنی دەسەڵاتێکی شەڕانیی گەورەی گەردوونییە، لە هەمان کاتدا کارەکتەرێکی کۆمیدییە و بینەران دەهێنێتە پێکەنین. (ئۆپۆ) بە جەستە قەڵەوە

---

[٤]. پێکەنیناوی (پێکەنین)، کە لە هەموو جۆر و ئامانجەکانیدا مانایەک دەبەخشێت: پێکەنینێکی ڕەها، ئەو پێکەنینەی لە بارێکی وەستاوی (الجمود) گێلییەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە لەرینەوەی پڕ لە گریانێکی بەکوڵ، ئەمەیش ئەو پێکەنینەیە کە ئارتۆ دەیەوێت لە ڕێگەی شانۆکەیەوە، کە دوو ڕووی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی لەخۆ دەگرێت و چەمکەکەیشی پێکەنینە، بەکاری بهێنێت.

گەورەکەی و بۆنە ناخۆشەکەی و سەرە ڕووتاوەکەی، دەبێتە جێگەی گاڵتەجاڕی و پێکەنین.

(کاتولێ مندیس) Catulle Meddes لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرێکی فەڕەنسییە، بەم شێوەیە بەرجەستەی ئەو کۆمەڵە کردارانەی، کە لە کارەکتەری ئۆپۆدا دەرکەوتوون، کردووە: ئۆپۆ جۆرێکە لەو گێلێتییە ئەبەدییەی لە مرۆڤدا هەیە، لەگەڵ ئارەزوو، شەڕ، غەریزە، دڕندەیی و گەندەڵکارییەکانی تری ناوەوەی مرۆڤ. ئەمانە هەموویان، کە بارودۆخێکی لەباریان بۆ هەڵبکەوێت، دەبنە وزەیەکی کاولکار و زۆردار، هەموو لایەنەکانی ژیانیش لە خێرخوازی، نیشتیمانپەروەری و بەها بەرز و پیرۆزەکان دەبنە پارووبەکی چەوری ئەو کەسانە. لێرەدا گرنگ ئەوەیە، کە ئەوەی پێویست بوو بگوترێت (لە دووتوێی "ئۆپۆ"دا) گوتراوە، وەک کارەساتێکی مێژوویی و گرنگ لە مێژووی درامادا ئەو کارەساتە مەزنە بە شێوەی شۆڕشێکی گەورەی دژ بە ڕۆمانسییەت و ناتورالیزم و ڕیالیزم و هەموو کارە کلاسیکی و باوەکان ڕوویان دا. شتێکی ئاشکرایشە، کە لە جیهانی شانۆدا، هەر وەک واقیع خۆی، هەرگیز ڕووداوەکان، بە تایبەتییش ئەو ڕووداوانەی دەبنە جێی مشتومڕ و سەرەوژێرکردنی شتەکان و دەستەبەرکردنی زمان و فۆرمێکی نوێ، ناگەڕێنەوە بۆ دواوە[٥]. ئەو ڕووداوەی بۆ جارێکیش ڕوو بدات، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت ڕوو بداتەوە و هەنگاوی خێراتر بنێت، چونکە جێپەنجە و کاریگەریی خۆی بەسەر بزوتنەوەی هونەر و هزری مرۆڤایەتییەوە بەجێهێشتووە. وەک دەشزانین هەمیشە هەنگاوی یەکەم بە دەستپێک و سەرەتا دادەنرێت، بە تایبەتی سەرەتای پرۆژە کارێکی هونەری، بە مەرجێک هەنگاوێکی هۆشمەندانە و بەهێز بێت، گەشە دەکات و

---

[٥]. جورج ولورث، مسرح الاحتجاج و التناقض، ترجمة د. عبدالمنعم اسماعيل، ل١٧.

بەردەوامــی وەردەگرێــت و دەشــبێتە نەژادێکــی گەلێــک پــتەو و بەپیت.

دوای نمایشــکردنی (ئۆپــۆ پادشــا) بەو شــێوە تونــدوتیژە گاڵتەجــارە، کە تــوانیی گۆڕانکــارییەکی ســەراپاگیر و بنەڕەتــی بەسەر شانۆدا بهێنێت، شتێکی بەڵگەنەویستە شانۆ ئەو ڕەوش و بارودۆخە مردووەی ناو بنەما تەقلیدی و ئەکادمییەت و یاسا و سیستێمە بە ڕاستە پێوانەکەی ڕێبازە باوەکان، تێپەڕێنێت.

ئەلفرێــد گــاری وەک نووســەر و هونەرمەنــدێکی هۆشــمەند، هەرگیز هەوڵی ئەوەی نەداوە فەلسەفەیەکی دیاریکراوی هەبێت و بیکاتە بنەما و ڕێپۆرتوارێکی تایبەت بە خۆی و پەیڕەوی بکات، هاوکات گشت ئەو بەرهەمانەی پێشکەشی کردوون مۆرکێکی ئاسان و سادە و خۆرسکیان بەخۆوە گرتووە، هەر وەک چۆن منــداڵ لە جیهــانی بێئاگاییــدا کــاری گەورە و دەگــمەن دەهێنــنە بەرهەم[٦]. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێــت، کە ئەلفرێــد گــاری توانــای ئەوەی نەبوو بێت لە دید و ڕوانگە و مەودایەکی تایبەت و دیاری فەلســەفی ڕێکوپێکــەوە، بــۆ ڕاڤەکــردن و تێگەیشــتنی ئاکامەکــانی، تواناکانی خۆی بخاتە ڕوو. هێڵــی گشــتی دەقەکــانی ئۆپــۆ، کە لە سێینەیەکی شانۆیی پێک هاتوون: "ئۆپۆی پاشا، ئۆپۆی کۆیلە، ئۆپــۆی ســەر گــردەکە" لە ســەرەتادا وەک بیــرۆکەی ســاکار و ڕووکەش دەردەکەون، کە گــاری هەوڵ دەدات لە هزرێکــی قووڵــدا دەریانبخات، بەڵام لە ڕاستیدا دەقەکان هەڵگری هزرێکی قووڵن، کە گاری دەیەوێت لە شێوازێکی ساکار و هزرێکــی ڕووکەشــدا دەریــان ببڕێــت. ئەلفرێــد گــاری لە ژیانیــدا هەوڵــی ئەوەی داوە مرۆڤێکی یاخی بێت لە هەموو دابونەریت و شێواز و بەرهەمێکی ئاسایی و ئاســان و ئاشــکرا[٧]. گــاری یــاخییەکی ڕەهــا بــووە، ئەو

---

[٦]. هەمان سەرچاوەی، ل١٦.

[٧]. هەمان سەرچاوەی، ل١٦.

یاخی بووه له ژیان و له شتەکانی دوای ژیانیش، به جۆرێک (واقیعێکی) تری له دەرەوەی ژیان و واقیعی ژیانی ڕۆژانەوه بۆ خۆی دروست کردووه؛ وەک ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ کردووه، واقیعەکەی گاری له دەرەوەی سنوورەکانی جیهانی فیزیکی و میتافیزیکی-یەوه بووه.

ئەم یاخیبوونە بێمەودایەی ئەلفرێد گاری تەنها له ڕێگەی هونەری شانۆوه نەبووه، بەڵکو ئەو خۆی له ژیانیدا مرۆڤێکی یاخی بووه له هەموو دابونەریتە کۆمەڵایەتی و باوەکان، بەڵام یاخیبوونێکی هۆشمەندانە، لەم ڕووەوه گوتوویەتی: (وەدەرخستنی شتەکان به ڕوونی و ئاشکرایی مرۆڤ بێزار دەکات و ماناکانی دەگۆڕن، بەڵام شته بێماناکان دەبنه هۆکاری گورجوگۆڵی ڕۆح و وا له هزری مرۆڤ دەکەن، که به شێوەیەکی چالاک بکەوێته کارکردن.)[٨] بێگومان خولقاندنی ئەو شێوازه کۆمیدییه نوێیەش، که ئۆپۆی پادشای پێ نووسیوه، نموونەیەکی بەرزی ئەو یاخیبوونەیه.

وەک لەوەوبەر گوتمان، ئەلفرێد گاری بۆ یەکەم جار له ڕوانگەی (ئۆپۆی پادشا)وه بانگەوازی یاخیبوونەکەی خۆی بڵاو کردووەتەوه، یاخیبوون لای ئەلفرێد گاری-یش یاخیبوونێکی تەواو و سەراپاگیر، بەسەر هەموو شتەکاندا بووه؛ بەسەر ژیان و دوای ژیاندا، ئەم یاخیبوونەیش مانای هەوڵدان بووه بۆ گەیشتنه (ئازادییەکی تەواو و ڕەها) و سەرپێچیکردن له کۆیلەیەتیی هەتاهەتایی مەرگ[٩].

ئەلفرێد گاری له باسێکیدا به ناونیشانی (بێهودەیی شانۆ)، که دیدێکی ڕوون و ئاشکرای ئەوه بۆ شانۆ، گوتوویەتی: (پێویسته

---

[٨]. روبرت بروستاين، المسرح الثوري من ابسن الى جان جينية، ترجمة عبدالحليم البشلاوي، ل٣٢٥.

[٩]. جورج ولورث، مسرح الاحتجاج و التناقض، ترجمة د. عبدالمنعم اسماعيل، ل٢٧.

ئەو هەموو شتە بێمانایانە لابەرین، کە سەر تەختەی شانۆیان بەبێ هیچ پێویستییەک قەرەباڵغ کردووە، بە پلەی یەکەمیش مەبەستم: دیکۆر و ئەکتەرە.)[10] ئەم گوتەیەی گاری گوزارشت لە ئێستاتیکای ئەو شانۆیە دەکات، کە ئەو بنەماکانی لە دەقەکانی (ئۆپۆ) "ئۆپۆی پاشا، ئۆپۆی کۆیلە، ئۆپۆی سەر گردەکە"دا دارشتووە، هاوکات سەدەیەک دواتر چەندان شانۆکاری گەورەی جیهان بە شێوەیەکی کردەیی و پراکتیکی هەمان دید و ئیستاتیکایان بۆ دونیادیدە و دیدی شانۆیی خۆیان بەکار هێناوە. گاری دەیویست سەر شانۆ لە هەموو دیکۆرە واقیعییەکان پاک بکاتەوە و لەبری ئەکتەریش بووکەڵە بەکار بهێنێت.

(ئەندریە بریتۆن) سەبارەت بە ئەلفرێد گاری و (ئۆپۆی پادشا) گوتوویەتی: (گاری چەسپاندنێکی جوانی "انا الاعلی" واتە: منی باڵا-یە لە چەمکی تێڕوانینەکانی نیچە و فرۆید-دا.)[11] ئەمەیش کۆی هێزێکی شاراوەی نەستی شاراوەیە، بەمەیش سریالییەکان ئۆپۆ بە دەربڕینێکی ڕاستگۆی نەست دادەنێن. ئەلفرێد گاری بۆ هێنانەدیی شانۆیەکی نوێ و بەرپاکردنی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی، سێ خاڵی سەرەکیی دەستنیشان کردووە، کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١-بوونی شانۆیەکی بچووکی ئەزموونگەریی لابوورئاسا، کە بە هیچ جۆرێک قازانج و گیرفانپڕکردن ئامانج و مەبەستی نەبێت.

٢-بوونی ڕێژیسۆری شانۆیی ئازای وا، کە بڕوای بە تازەگەریەتی و دابڕان و تێپەڕاندن هەبێت.

---

[10]. جنڤیڤ سیرو، تاریخ المسرح الحدیث، ترجمة د. بدرالدین القاسم ل١٨.

[11]. الفرید جاری، اپو ملکا، من المسرح العالمي، ترجمة د. ابراهیم حمادة، العدد ١٩١، ل١٩.

٣-بوونی بینەرێکی هۆشمەند و خاوەن چێژی هونەری و هەستناسک، کە لەم گۆڕانکاریی شانۆ ئەزموونگەرە بگات[١٢].

مەبەستی ئەلفرێد گاری لە گەوهەری ئەو شانۆیەدا ڕووتکردنەوە و داماڵینی دەمامکەکان بووە، کە لەسەر ئەندێشە و تەنیایی و بێمانایی ئەو بەهایانەی هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤی پێوە بەستراوە، ڕۆنرا بوو. لەم ڕووەوە وشە لە تێکستەکانیدا شتێکی بێگیان نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وشەکانی وزە و هێزێکی ئەفسوونیان هەبووە[١٣].

ئەنتۆنان ئارتۆ توانیی ئاکامی ئەو دید و فەلسەفەیەی ئەلفرێد گاری گەیشتبووە ئەنجامەکانی و لە بابەتە تیۆری و دەقە شانۆییەکانیدا کاری لەسەر کردبوون، لە پرۆسەیەکی شانۆییدا بەرجەستە بکات، هاوکات هەوڵێکی زۆری دا تا توانیی ئەو سیستێمە هزری و هونەرییەی ئەلفرێد گاری لەسەری ڕۆیشتووە بگۆڕێت بە زاراوەی شانۆیی و پرۆسێسێکی کردەیی؛ ئەو سیستێمەیشی لێرەدا مەبەستمانە، ڕێبازە یاخییەکەی ئەلفرێد گاری بووە، کە لە ڕێگەی شتە ناکۆک و دژ بەیەکەکانەوە بەئەنجامی دەگەیاند[١٤].

ئارتۆ لە ئەنجامدا و لە دیدی خۆی و لەم ڕوانگەیەوە، وەک هاوکێشەیەکی هونەری سەرەتای ئەو تێڕوانین و فەلسەفەیەی، کە لەوەوپێش ئەلفرێد گاری لە بواری هەندێک بنەمای کردەییەوە پرۆسێسێکی جیاوازی بۆ شانۆ و دەقە شانۆییەکان دانابوو، بەرجەستە کردووە. سەرچاوەی پشکنینەکانی ئارتۆ-یش تەنها

---

[١٢]. هەمان پەراوێزی ژمارە ١١، ل٢٤.

[١٣]. مجلة الاقلام، العدد الاول، السنة الخامسة عشرة، العدد خاص بالمسرح العالمي.

[١٤]. جورج ولورث، مسرح الاحتجاج و التناقض، ترجمة د. عبدالمنعم اسماعيل، ل٢٥.

شانۆنامەکەی ئەلفرێد گاری (ئۆپۆی پادشا) بووە، لەو جیهانەی گاری کاری لەسەر کردووە. ئارتۆ وەک هێزێکی گەورەی ڕوخێنەر ڕوانیویەتە کارەکتەری (ئۆپۆ)، ئەو هێزەی توانیویەتی بۆ هەتاهەتایە دراما لەو بۆچوونە تەسک و سواوەی، کە سالانێکی زۆری خایاند بوو، بالی بەسەر شانۆدا کێشابوو، ڕزگار بکات، چونکە کاری دراما تەنها بریتی نییە لە دلخۆشکردنی خەلکی و کاتبەسەربردن. ئارتۆ بە بانگەشەی شانۆ توندوتیژەکەی لە ئەلفرێد گاری-یەوە نزیک دەبێتەوە، هەر بۆیە شانۆکەیشی ناو دەنێت (شانۆی ئەلفرێد گاری). ئارتۆ سالی ١٩٢٦ لەگەل ڕۆگەر فیتراک و ڕۆبێرت کارۆن (شانۆی ئەلفرێد گاری) دادەمەزرێنن؛ لەم شانۆیەدا و لە دیدی ئەلفرێد گاری-یەوە دەیەوێت ڕووداوەکان بخاتە سەر شانۆ، نەک مرۆڤەکان. (مرۆڤەکان بە خەسلەتە دەروونی و حەز و ئارەزووەکانیانەوە دێن و جێی خۆیان دەگرن، بەلام وەکو هەلقولاوی هەندێک هێز بن و لە گۆشەی ئەو ڕووداوانە و ئەو حەتمییەتی مێژووییەوە تەماشا دەکرێن، کە ڕۆلی خۆیانی تێدا دەگێڕن.)[١٥] لەبەر ئەوە لەسەر دراما پێویستە لەدوای دەرکەوتنی شانۆنامەی (ئۆپۆی پادشا)وە، بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو کێشە ئاینییە پیرۆزانەی، کە لەگەل پەیدابوونی مرۆڤەوە هاتوونەتە سەر دنیا و لەگەل کۆمەلگە جیهانییە سەرەتاییەکاندا مامەلەیان کردووە.

---

[١٥]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١٩٢.



ئەلفرێد گاری

ئـارتۆ لە یەکەم مانیفێسـتی شـانۆی ئەلفرێـد گـاری-دا، کە سـاڵی ١٩٢٦ نووسـیویەتی دەڵێـت: (ئـێمە کارەکانمـان تەنهـا ئاڕاستەی هەست و هۆشـی بینەران ناکەین، بەڵکو ئاڕاستەی هەموو ژیانی دەکەین، ژیانی ئەوان و خۆیشمان. ئێمە هەموو ژیانمـان لەو نواندنەدا دادەنێـین، کە لەسـەر شـانۆ پێشـکەش دەکرێن. ئەگەر ئێمە بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، هەروەها بە شێوەیەکی زۆر قووڵ هەستەکانمان و ژیانمان ئاوێتەی ئەو نواندنە نەبن، ئەوە ئێمە هیچ بە پێویستی نازانین، ئەو ئەزموونە چیی تر بگەیەنین.)[١٦]

---

١٦. لاپەڕە ١١٩ لە: Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981

ئــارتۆ هەر لە هەمــان مانیفێســتدا ئامــاژە بــۆ شــتێکی گەوهەریی تر لە دیدی خۆی بۆ ئەو شانۆیەی ئەو دەیەوێت دروستی بکات و کاری تیا بکات، دەخاتە ڕوو، هەر بۆیە لە هەمــان مانیفێســتدا دەڵێــت: (ئەگەر ئــێمە شــانۆیەک دروســت بکەین، بۆ ئەوە نییە دەقە شانۆییەکانی تیا پێشکەش بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە بگەینە ئاستێک، پیشانی بدەین، کە شتەکان لە تاریکیدا نێژراون و پەردەیان لەسـەر هەڵنەماڵراوە، بەڵام لە هەستەکانماندا وەک کەرەسەیەک و شتێکی ئاشکرا بوون و بەردەوامییان هەیە. ئێمە بەدوای ئەوەدا ناگەڕێین -کە تا ئێستا هەیە و لە شانۆیشدا هەر هەبووە- هۆش و بیرمان بخەینە سەر شتێک، کە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە دەمانەوێت ئەو تابلۆیانە بخەینە بەرچاو، کە نەشێوێنراون، ئەو وێنانەی نکوولّییان لێ ناکرێت، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستەکانماندا دەدوێن.)[17] ئارتۆ هەر لەو مانیفێستانەی شانۆی ئەلفرێد گاری-دا، ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە بینەران دەچن بۆ شانۆ، وەک نەشتەرگەرییەکی گرانیان بۆ بکرێت، یان بچن بۆ لای دکتۆری ددان "دەزانن نامرن، بەڵام شتێکی گرانە و ئازاری دێت" شانۆ دەبێت وا لە بینەرەکانی بکات هاوار بکەن و هەست بە مەترسییەکانی ژیان بکەن.

یەکەم کاری شانۆی ئەلفرێد گاری، کە ساڵی ١٩٢٧ نمایش دەکرێت، شانۆنامەی (دایکە شێتەکە) دەبێت، لە نووسین و دەرهێنانی ئارتۆ، (ڕاز و نیازی خۆشەویستی) لە نووسینی ڕۆگەر فیتراک و (دایکێک لەگەڵ منداڵی زۆردا) نووسینی ڕۆبێرت ئارۆن. ئارتۆ بۆ یەکەم جار لەم شانۆیەدا توانیی

[17]. لاپەڕە ١٢٤ لە هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٦).

هەندێک لە دید و بۆچوونە ئێستاتیکییە جیاوازەکانی بەرجەستە بکات، ئەم شانۆیە، هەرچەندە تەمەنی زۆر کورت دەبێت، بەڵام دەروازەیەکی ئەزموونگەری بۆ ئارتۆ دەستەبەر کرد و هەر لەم قۆناغەی ژیانیدا دیدە شانۆییەکەی گەشە دەکات و دەتوانێت لە پرۆسە شانۆییەکەیدا قووڵ ببێتەوە. یەکێک لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی پاشەڕۆژی ئەم شانۆیەش دەبێتەوە، ئەوە بووە کە هەرگیز نە گرووپێکی سەر بە خۆیان و نە هیچ لۆکاڵ و شانۆیەکیان هەبووە، تا نمایشەکانیانی تیا پێشکەش بکەن. هەرچەندە تەمەنی ئەم شانۆیە، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، زۆر کورت دەبێت، بەڵام ناوبانگێکی گەورە بەدەست دەهێنێت و چەندان هونەرمەند و نووسەری دیاری ئەو دەمەی فەڕەنسا و تەنانەت لە وڵاتانی ئەورووپاوە، بۆ نموونە ئەندریە گید، ئارتور ئەدامۆڤ و پاول ڤالێری سەردانیان کردووە.

بگەڕێینەوە بۆ لای گاری و (ئۆپۆی پادشا)، ئەوەی جێگەی سەرنج و ئاماژەبۆکردنیشە، ئەوەیە ئەلفرێد گاری لەم دەقە شانۆییەیدا و لەپێناوی بوارنەدانی هیچ جۆرە مۆرکێکی خودگەراییەوە، هەموو کارەکتەرەکانی دەمامکیان پۆشیوە[١٨].

(تیزون برۆن) ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە (ئۆپۆی پادشا) هێمای شێتێتی مرۆڤایەتییە. ئۆپۆ هێزێکی خەڵەتێنراوە، دوورە لە هەموو هەستێکەوە، بە مانا هاوچەرخەکەی، مرۆڤێکی ئامێرئاسایە. لەوانەیشە هێماگەلی ئەو هێزە خواوەندییە بەهێزە بێت، کە باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، بە تایبەتی لەدوای


---

[١٨]. د. سامية احمد اسعد، الاتجاهات الرئيسة في المسرح الفرنسي العاصر. مجلة الاقلام، العدد الاول، السنة الخامسة عشرة.

ئەوەی مـرۆڤ پشـتی کـردە دڵنەوایـی خواوەنـد و نەهیـی لە میتافیزیک و ئاکار کرد و وێنەی خۆشەویستییان شێواند[19].

لە ڕوانگەی ئەم چەمکە نامرۆڤانە لە مرۆڤدا و ناماقووڵیی نـاڕەواییە لە کـۆمەڵگەدا، بـازنەی ڕۆژگـاری مرۆڤـایەتی دادەخرێـت و پشـتمان تێـدەکات و سـەردەمی ڕێـز و بەهـا پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی، کە لە ڕۆژگارە ڕابردووە دێرینەکانەوە مانای بەرەوپێشچوون و بەها پیرۆز و بلیمەتی و پاڵەوانییەتی مرۆڤی بۆ هێنابووین هێدی هێدی بەرەو نەمان دەچێت.

دەقەکانی گاری، دیدە فەلسـەفییەکەی، تەکنیک و ئێسـتاتیکا شـانۆییەکەی دەبێـتە بنەمـا و دەروازەیەک بـۆ ئەو سـتراکتورە تیـۆری و پـراکتیکییەی ئـارتۆ کـاری لەسـەر دەکـرد، ئەنجامەکانیشـی شـانۆی تونـدوتیژ و دامەزرانـدنی (شـانۆی ئەلفرێد گاری) و کتێبی (شانۆ و هەمبەرەکەی) دەبێت.



**چیرۆکە بێ وشەکانی ئارتۆ لە شانۆی ئەلفرێد گاری**

[19]. الفريد جاری، اپو ملكا، من المسرح العالمي، ترجمة د. ابراهيم حمادة، العدد ١٩١، ل٢٠.

### بەشی چوارەم

## دیدی ئارتۆ و شانۆی خۆرهەڵاتی کۆن

شانۆ لە هزری ئارتۆدا پەیوەستە بە گەردوونەوە؛ ئەمەیش لە شانۆی خۆرهەڵاتەوە -یان بە مانایەکی تر- لە شانۆی دێرینی چاپانی و هیندییەوە سەرچاوەی گرتووە[1]. ئارتۆ سرووشی لە دید و فەلسەفەی چەندان کولتووری وڵاتانەوە، بە تایبەتییش ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست و دوورەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە شانۆی بالی لە وڵاتی ئەندۆنیسیا، کە هونەری جووڵە بەشێکی گرنگی ژیانە، لەم جووڵەیەدا مۆسیقا، ئاماژە، زمانی جەستە، دەمامک، سەما و وشە لە یەکەیەکی ئێستاتیکیدا تێکەڵاو دەبن و هونەرێکی جووڵەئامێزمان لەسەر ئاستێکی بەرزی هونەری و هزری و ئەندێشە و هەست و سۆز، پێشکەش دەکەن. لەم نمایشانەی دوورگەی بالی لە ئەندۆنیسیا، هێزە شەڕخواز و ئەو هێزانەیشی دژی شەڕن لە ململانێیەکی ڕاستەوخۆدان لەسەر شانۆ؛ بینەران تەنها بینەر نین، بەڵکو بەشێکی گرنگن و دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی

---

[1]. تەنها ئارتۆ سوودی لە شارستانییەت و شانۆی خۆرهەڵات وەرنەگرتووە، بەڵکو زۆر لە پسپۆڕانی شانۆی جیهان سوودیان لەو گەنجینە مەزنەی مرۆڤایەتی وەرگرتووە. برتۆڵد برێشت نموونەیەکی بەرزە، کە لە پرۆسێسێکی هونەری و دیدە پراکتیکییەکانیدا بۆ شانۆی داستان، سوودی زۆری لێ وەرگرتووە.

نمایشـــەکەوە و گۆڕانکارییـــان بەســـەردا دێـــت. لە کتێبـــی BharteNatya Castraدا، کە کۆنترین سـەرچاوە و لێکۆڵینەوەیە سـەبارەت بە شـانۆ لە جیهانـدا نووسـرابێت؛ لەسـەر زمـانی "براهما"ی خواوەندەوە هاتووە، کە: (شانۆ لەگەڵ سەرەتاکانی جیهان و دەرکەوتنی زانستە پیرۆز و زانیاری و ئەفسانەکاندا خولقـــاوە، لەبەر ئەوە شـــانۆ دەبێـــتە جـــێگەی زانســـت و خۆشبەختیی هەموو بینەران.)[٢]

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئـارتۆ فەلسـەفەی سـەرەتایی؛ یـاخود زنجیرەیەک هەوڵ و تەقەلای کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی، بێگومـان پـێش لـەدایکبوونی شارسـتانییەت و بیرکـردنەوەی لـۆژیکیی ئـادەمیزاد و تیـۆرە جۆربەجۆرەکـان بـۆ تێگەیشـتنی گێتـی و لێکدانەوەی ژیان و مردن و چارەنووس و سروشت و یەزدان و ڕیتـــواڵ و دابـــونەریتی ئـــایینی، کە تێکـــڕا لە کۆمەڵێـــک دابـــونەریتی ڕاگـــوزاری و غەرائیزیـــدا خۆیـــان نوانـــدووە و بەرجەســـــتە بـــــوون؛ بە گەوهەری مـــــرۆڤ و ڕاســـــتیی ڕەسەنایەتیبوونی ئادەمیزاد دادەنێت. ئـارتۆ ئەم بنەمـایە دەکاتە چاوگ و سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئەو دیدە ئێسـتاتیکایەی بـۆ شـانۆکەی هەیبـووە. هاوکـات ئـارتۆ پێـی وا بـــووە، کە پچـــڕان و لە دەســـتدانی ئەم گیـــانە بەرایـــیە و کوژانـدنەوەی لە ئاسـۆیەکی پـڕ لە تەمـومژی هۆشـمەندیی مرۆڤـــایەتی و پووکـــانەوەی لە بـــازنەیەکی گەردەلوولئاســـای شارسـتانییەتدا و دروسـتبوونی کـۆمەڵگەیەکی پیشەسـازی و بەرزبـوونەوەی دەســـەڵات و بەرژەوەنـدیی بورژواکـــان، بە سیماکانی قۆنـاغی بەرەوپێشـچوون و پێشـکەوتنی ئەم سـەدەیە

---

[٢]. حفيضة محمد عبدالمنعم، انتونان ارتو و مسرح القسوة، مجلة "فصول" العدد ٣، سنة ١٩٨٢.

دادەنرێت. شانۆی توندوتیژییش لە هەوڵێکی تیۆری/کردەییدا ویستوویەتی بگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتووورە دێرینەی ڕۆژهەڵات و سوودی لێ وەربگرێت و لە ڕوانگەیەکی نوێوە موتوربەی شانۆی توندوتیژی بکات.

ئاشکرایە ئەوەی زیاتر ئارتۆ-ی بە گەوهەری سەرەتا و دەستپێکی بوون و دنیا و مرۆڤی دێرینەوە بەستبووەوە، ئەوەیە مرۆڤی ئەو کۆمەڵگە دێرینانە بە تەواوی لەگەڵ سروشت و دیاردەکانیدا خۆی گونجاندووە، یان گونجاوە. لەبەر ئەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەڕەخساون و ناکۆکییە چینایەتییەکانیش لەو کات و سەردەمانەدا هێشتا دروست نەبووبوون و سەریان هەڵنەدابوو؛ ئەمەیش تەواوی ئەو بناغە و بنەما فەلسەفییەیە، کە هونەری کۆن و ڕیتواڵە ئایینییەکانی لەسەر ڕۆنراوە. ئەوەی زیاتریش سەرنجی ئارتۆ-یشی لەو کۆمەڵگە کۆنەی مرۆڤایەتیدا ڕاکێشاوە، ئەو یەکێتییە نەپچڕاوەی نێوان مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و کۆمەڵ بووە.

ئارتۆ ئاماژەی بۆ شێواندن و نەمانی ئەم گیانە سەرەتاییە لە گێژاوی گەشەی شارستانییەت و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیادا دەکات، بەڵام ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە ئەم وزە گیانییە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و گورجوگۆڵ تر و خراپتر، لە نەستدا کار دەکات و بەردەوام ویستی خۆی بەسەر کۆمەڵ و کەون و بوونەوەرەکاندا دەسەپێنێت. ئەم وێنەیەش لە شێوەی جەنگ و پیلاندانان و لادان لە زۆر بەهای ئاکار و خووڕەوشتی بەرز و دوژمنایەتی، کە ڕۆژی بە هەزاران جۆر خۆی دەنوێنێت، دەردەکەوێت. لەبەر ئەوە ئارتۆ بە پێویستی زانیوە بگەڕێتەوە بەدوای سەرچاوەیەکی نوێدا بۆ دەرخستنی ئەو وزە گیانییەی لە مرۆڤی کومەڵگەی هاوچەرخدا هەیە، ئەم

خەونەیـــش بە ڕای ئـــارتۆ لە شـــانۆیەکی ئەفســـووناوی و ســـەرەتایی و ئەندێشـــەئامێزدا نەبێـت، نـایەتە دی [٣]. بێگومـان ئەمەیش بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەفسانە، کە وێنەیەکـی بەرزی کەلەپـووری ئەو دنیا دێـرینەیە، کە وەک خەون وایە و جـۆرێکە لە دەربڕینـــی نەســـتی شـــاراوە، بە واتایەکی دی (ڕاستییەکی میتافیزیکییە و بە زنجیرە ڕووداوێک دادەنرێـــت، کە پـــەیوەنـــدیی بە "زەمەن"ەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئەفسانە یەکێکە لە قووڵترین دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی.)[٤]

شـانۆ لای ئـارتۆ وەک دەروازەیەک وایە لەنێـوان بـوون و نەبوونـــدا، لەنێـــوان ئەو دونیـــای کە هەیە و ئەوەیـــش، کە مەزەندیی هەبوونی دەکا، دەبینێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو دونیا میتـــافیزیکییەی لە داســـتان و ئەفســـانەکانەوە دێـــنە دەرەوە و لەســـەر شـــانۆکان بەرجەســـتە دەبـــن و مەودا و ســـتراکتور و ئەتمۆســفێرێکی تــر بە بــوون و ژیــان دەبەخشــن. ئـارتۆ بەم چەشــنە لە گیـانی ڕەســەنی شارســتانییەتە کۆنەکـانەوە نزیـک دەبێـتەوە و ســـەرچاوەکانی لەوێـوە وەردەگرێـت و دەیانکاتـە هاوکێشەیەکی سروشتی ئەفسووناویی نەریتە ئایینییە کۆنەکان و لە شـــــانۆکەیدا کاریـــــان لەســـــەر دەکـــات. لەبەر ئەوەی ئەفســـانەکانی دونیـــای دێـــرین دیـــوێکی ڕۆحیـــی کـــۆمەڵگە ســـەرەتاییەکان بـــوون، بە تـــایبەتی کۆمەڵگەکـــانی خـــۆرهەڵات، بووبوونە سەرچاوەی سرووش و بەشێکی سەرەکی لە هزر و

---

[٣]. مەبەســت لە چەمکـی ســەرەتایی لە شـانۆدا، بـووژانەوەی ڕۆحیـی شـانۆی گـرێکە، ئەو شـانۆیەی بەرئەنجـامی هونەرەکـانی تـر بـووەوە و شـانۆیەکی گشتگری، بە مانا هاوچەرخەکەی خوڵقاندووە.

[٤]. علی حسین الجابری، الحوار الفلسفی بین حضارات الشرق القدیمة و حضارة الیونان ل٢٩.

لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە. ئارتۆ هەر لەم ڕوانگە فراوانەوە، پێشنیازی خولقاندنی شانۆ خۆرهەڵاتییە میتافیزیکییەکەی، دژ بە شانۆی ڕۆژئاوا، کە بە شانۆی تێڕوانین و شیکردنەوەی سایکۆلۆژی ئاماژەی بۆ دەکات، کردووە[٥].

هەمیشە تارمایی ئەفسانەکانی خۆرهەڵات، وەک تارمایی گیانی پادشای دانمارک (هاملێت)ئاسا لە هزر و بۆچوونەکانی ئارتۆدا سووڕاونەتەوە، بێگومان لەبەر ئەوەی داستان و ئەفسانەی دنیای دێرین، بە تایبەتی شانۆ و ئەفسانەی (خۆرهەڵات)، یەکێکە لە کرداره گیانییە هەرە گەورەکانی ئادەمیزاد و دروستکردنێکی سرووشبەخشی هزر و ئاوەزی شاعیرانەی ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییە بوون بە گشتی و کۆمەڵگەی خۆرهەڵات بە تایبەتی. شانۆی ڕۆژهەڵات جووڵەیەکی چڕ و لێوانلێوە لە دیقەت، ئاماژە، ڕەوش، تۆن، کە بە هەموویان زمانێکی میتافیزیکی و شانۆیی پێک دەهێنن، ئەو زمانەی بە شێوەیەکی قووڵ لە شیعرێکی کۆنکرێتی و بینراودا بەرجەستە دەبێت. هزری ئەکتەر و بینەرەکانیش، یان بە واتایەکی تر، خودی هزر بەرەو ڕەوشێکی قووڵ دەبات. شانۆی ڕۆژهەڵات خوێندنەوەیەکی ژیانە لەژێر ڕواڵەتە گشتییەکانەوە و دەرهێنانی ئەو وێنانەیە لەم ژیانەدا، کە ئێمە خۆمانی تیا بدۆزینەوە. ئەمەیش ئەو دیدەیە، کە ئارتۆ دەیویست کاری لەسەر بکات. بێگومان ئەمەیش جۆرە دووفاقییەکە، بۆ ژیانە ڕواڵەتئاسا و ڕاستەوخۆکەی ژیانی ڕوژانە نا، کە بووە بە وێنەیەکی واقیعییانەی ژیانی ڕوژانە و ڕواڵەتئاسا و ڕووکاری دەرەوەن، بەڵکو واقیعییەتێکی تر، کە

---

[٥]. أنتونين أرتو، المسرح و قرينه، ترجمة د. سامية احمد اسعد، ل٥٩-٦٤.

ئـارتۆ بەو (نەهەنـگ)ە ئاماژەی بـۆ کـردووە، کە دەچێـتە نـاو قـووڵاییە تاریکەکـانی بـن دەریـاوە و دوای ئەوە لەپـڕ سـەر دەردەهێنێـتەوە؛ واقیعییەتێکـی گەردوونیـیە و لە دەرەوەی واقیعییەتـی مـرۆڤ و ژیـانی ڕۆژانە و تەنـانەت شارستانییەتیشـەوەیە. ئـارتۆ لە شـانۆ و هەمبەرەکەیـدا دەڵێـت (لە شـانۆی ڕۆژهەڵاتیـدا، کە خـاوەن مەیـلە میتافیزیکییەکـانە و دژی شـانۆی ڕۆژئـاواییە، کە خـاوەن مەیـلە سـایکۆلۆژییەکانە، کۆی چڕوپڕیی جووڵەکان و ئاماژەکان و بـار و هەڵوێستەکان و دەنگەکـان، کە زمـانی دەرهێنـان و زمـانی سـەر شـانۆ پێـک دێـنن، لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکانی ئاگـایی و بە هەمـوو ئاڕاسـتەکاندا گشـت دەرئەنجـامە کـاریگەرییە جەسـتەیی و شـیعرییەکانی خۆیـان گەشـە پـێ دەدەن، کە بە ناچـاری هـزر پەلکـێش دەکەن بـۆ وەرگرتنـی هەڵوێسـتە قووڵەکـان، ئەو هەڵوێسـتانەی، کە دەتـوانین بە "میتافیزیکـا لە کارکردنـدا" ناوزەدیان بکەین.)[٦]

شـانۆی ڕۆژهەڵات، لەسـەر بنەماکـانی پەیوەندییەکی قووڵی گشـتگر و هەمەلایەن لەگەڵ ژیـان ڕۆنـراوە، لەم پەیوەنـدییەدا بنەما ئەفسوونییە داستانییەکان و سەرچاوە فیزیکییەکان ڕۆڵـی سـەرەکی دەبیـنن. میتافیزیـک و ئەفسـوون ڕایەڵە قـووڵ و بنەڕەتـی و بنەمـا گرنگەکـانی ئەو داسـتانە ڕۆحـی و مرۆییـانە پێـک دەهێـنن، کە شـانۆی ڕۆژهەڵات سـەرچاوەکانیەتی. لەم شانۆیەدا، هێندەی بنەما ڕۆحییەکان، ئەفسوون و داستانەکان و نەریتە پیرۆزەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە، وشـە و دیالۆگ و هزر و بنەما سایکۆلۆژییە کۆنکرێتییەکان ئەو ڕۆڵ و بەهایەیـان

[٦]. ئـەنتۆنان ئـارتۆ، شـانۆ و هەمـبەرەکەی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل٧٢.

نییە. لەبەر ئەوە شانۆی ڕۆژهەڵات، وەک شانۆ توندوتیژەکەی ئارتۆ لە چەمکێکی کیمیایی، فیزیکیدا دیدی بۆ گەردوون و مرۆڤایەتی چڕ دەکاتەوە. شانۆی ڕۆژهەڵات سنوورەکانی نێوان هەست و هزر، هەست و وشە، هەست و نەست لادەبات و لەسەر بنەمایەکی تری ڕیتواڵی/ میتافیزیکی/ فیزیکییەوە کار دەکات. ئارتۆ هەمان شت دەکات؛ کار لەسەر هەمان میکانیزم دەکات، هەر لەبەر ئەوەیشە بەردەوام ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە شانۆ شتێکی فیزیکییە و دەبێت بە جەستە پڕ بکرێتەوە، تەماشا بکرێت، نەک گوێی لێ بگیرێت. شانۆ سروشتێکی فیزیکی هەیە، ئەم سروشتە فیزیکییەی شانۆ دەبێت لە چەمکەکانی زانستی دەروونناسی دوور بخرێتەوە. شانۆی نەریتگەرای ئەورووپی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەماکانی ڕیالیزمی دەروونی ڕۆنراوە، کە ئەمەیش بۆ ئارتۆ دوورخستنەوەی شانۆیە لە سروشتە فیزیکییەکەی خۆی: نمایش دیالۆگ نییە و جێگەی هزر و گفتوگۆی سیاسی و فەلسەفی نییە، بەڵکو نمایشێکی شانۆیی ئامڕازەکانی زمانی جەستە، ئاماژە، جووڵە، ڕەنگ و مۆسیقایە، کە دەبێت، وەک شیعر تەختەی شانۆی پێ پڕ بکرێتەوە. ئارتۆ لە (شانۆ و هەمبەرەکەی)دا دەڵێت: (لە شانۆی ڕۆژهەڵاتیدا، کە خاوەن ئاڕاستە میتافیزیکییەکانە و بەرامبەر شانۆی ڕۆژئاوایی دەوەستێت، کە خاوەن ئاڕاستە دەروونییەکانە، دەستبەسەراگرتنێک لە لایەن فۆرمەکانەوە بەسەر ماناکانیان و لە لایەن مانابەخشین بەسەر هەموو ئاستەکاندا بەدی دەکرێت.)[٧] واتە ئەو زەمەنە فیزیکییەی شانۆ لە دەستی داوە،

---

[٧]. لاپەڕە ١١٤ لە: ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم.

دەبێت بگەڕێتەوە بۆ هونەری شانۆ. شانۆ هەر لە دەستپێکەوە هـــونەری بینـــین بـــووە، نەک هـــونەری بیســـتن، لەبەر ئەوە گەڕانەوە بـۆ سـەرەتا دێرینەکـانی شـانۆی گرێکـی و شـانۆی ڕۆژهەلاتـی، تـوخمە گرنگەکـانی شـانۆی تونـدوتیژی بـوون. ڕیتواڵە پیرۆزەکان و ئامڕازە هونەرییەکان و جەستەی ئەکتەر، ئەڵتەرناتیڤی دیالۆگ و وشەن لە شانۆدا، بێگومان بەکارهێنانی زمان و وشەیش، بەڵام بە شێوەیەکی تر، وەک ئارتۆ ئاماژەی بۆ کردووە، وەک ئەو (زمان)ەی لە خەونەکانماندا هەیە.

ئارتۆ لەم ڕوانگەیەوە بۆ گەیشتنە ئاکامی ئەو ئاسۆ فراوانەی، کە وەک هێزێکـی بورکـانیی هەڵچـوو و بەردەوام لە ناوەوەیـدا بـووە، ڕووی کـردووەتە شـانۆ و سـەما لە دوورگەی (بـالی)[8] چونکە مۆسیقا و سەمای ئەم دوورگەیەی (ئاسیا) لە ئاستێکی بەرزدان، ئەمە لەگەڵ هەمـوو ئەو تیـۆرە ئێسـتاتیکییانەی، کە بنـاغەیەکی پـتەوی ئەو نمایشـانەن. ئەمـانە هەمـووی لەم دوورگەیەدا گەیشتوونەتە ترۆپکی گەشەکردن[9]. ئەمەیش زیاتر "ئارتۆ"ی بەرەو کاملبوون و خەملاندنی بۆچوونەکانی بردووە؛ ئـارتۆ لە دیـد و ڕوانـگەی دوورگەی (بـالی)یەوە بۆچـوونێکی ماتریالیزمانەی دوور لە ئاخاوتن و دیالۆگ و گفتوگۆ و گەڕانەوە بـۆ دەقـی ئەدەبـی لە لا دروسـت بـووە. (لە شـانۆی بـالی-دا، دەرهێنانەکان لە ناوجەرگەی ماددەوە، لە ناوجەرگەی ژیانەوە و لە ناوجەرگەی واقیعەوە هەڵقوڵاون. لەنێو ئەو دەرهێنانەدا شتێک

[8]. لە هەموو گوند و ناوچەکانی دوورگەی (بالی)دا، ڕێکخستنی هونەریی تەواو هەیە و هەریەکە لە دانیشتوانی ئەم دوورگەیە پێوەندیی بە "سوکا" Sukaوە هەیە؛ سوکا-یش مانای کۆمەڵەیەک لە کۆمەڵەکان دەگەیەنێت، کە لەوانەیە تایبەت بێت بە سەما، مۆسیقاژەندن، یاخود سێبەری خەیاڵ.

[9]. فوبیون باوزر، المسرح فی الشرق، ترجمة احمد رضا، دار الکتاب العربی للطباعة و النشر بالقاهرة، ل٢٤٨.

لە ڕیتـواڵی ئـایینی ئاهەنگئـامێز هەیە. بەو مانـایەی، کە لە هـزر و بیرکردنــەوەی بینــەرەکانیان، هەمــوو بیرۆکەیەکــی شــوبهاندن و لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی واقیع ڕیشـەکێش دەکات.)[10] لەم ڕووەیشــەوە دووپـاتی سـنووری ئەو شـتانەی کـردووەتەوە، کە لەسـەر شـانۆ ڕوو دەدەن، بێگومـان لە پاڵ چاوپۆشـینێکی تەواوی دەقە ئەدەبییەکـان، بە پێچەوانەی دابـونەریتی شـانۆی ڕۆژئـاوا، کە دەقە ئەدەبـــی و تێـــڕوانینە ســـایکۆلۆژییەکان بـــۆ ڕاڤە و شیکردنەوەی کارەکتەر و بەها و پێودانگە دراماییەکـان، بنـاغەیەکی پـتەون. دەق لەم شـانۆیەدا، کە زیـاتر لە زمـانی ئامـاژەوە نـزیکە، بیرۆکەکـانی گەردوونــین و پەنــا دەبەنە بەر دەقە دێرینەکــان؛ لە دەروازەکــانی ئەفســانە و چیــرۆک و دەقە هەرە دێرینەکــانەوە بەدوای حەقــیقەت و بنەمــا ڕۆحییەکــانی مرۆڤــدا دەگەڕێــن، لە زانســــتە کۆنەکــــانی دروســــتبوونی دونیــــاوە، زمــــانێکی فیزیکی/جەســتەیی و ئاماژەئـامێز دەخـولقێنن و دەگەڕێـنەوە بـۆ ســـەرچاوە بەراییەکــانی مـــرۆڤ، ســـوود لە شارســـتانییەتی مەکسیکی، هندی، عیبری و ئێرانی وەردەگرن. ئـارتۆ سـەبارەت بە شانۆی بـالی، لە (شـانۆ و هەمبەرەکەی)دا دەڵێت: (دەکرێت داوای وانەیەکـی بەرزی ڕۆحـی –سـەبارەت بەو شـتانەی نـاپێورێن– لە شانۆی "بالی" بکرێت، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا ئیحائییەی لە هـــزردا هەیە. ئەم شــــانۆ میللیــــیە، بیــــرۆکە و تێڕامـــانێکی نائاســاییمان دەربـارەی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی ئەو گەلە دەداتــێ، کە جەژنە نیشـتمانییەکان لە ڕوانگەی کێشـەیەکی ڕیتـواڵییەوە نمـایش دەکــات.) هەر لەم کتێبەیــدا، زیــاتر جەخــت لەســـەر شــانۆ لەم دوورگەیە دەکاتەوە و باسـی هـاوتەریبیی دەنگ و جووڵە دەکـات، کە چۆن دیدی نمایشـەکە بەرەو پێش دەبـات. (کاتێک کە دەنگێک،

---

[10]. لاپـەڕە ٩٦ـ٩٧ لـە: ئـەنتۆنان ئـارتۆ، شـانۆ و هەمـبەرەکەی، دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم.

له شانۆی بالیدا، هاوتا بێ لەگەڵ جووڵەیەک، لەبری ئەوەی وەک دیکۆر بەکار بێت و هاوشانیی بیرۆکەیەک بکات، ئەو بیرۆکەیە گەشە پێ دەدات، ئاڕاستەی دەکات، تێکی دەشکێنێت، یاخود بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەیگۆڕێت.)[11] زیندەخەونەکەی ئارتۆ و لە دید و ڕوانگەی شانۆی دێرینی خۆرهەڵاتەوە بە تێکڕایی لە جووڵانەوەی جۆربەجۆر و ئاماژە و دەنگ و هاوار و دەنگدانەوە و گۆرانی و پانتۆمایم و سەما و چەندین شێوازی تر، کە پێکهێنەرەکانی زمانی شانۆ و هونەری دەرهێنانن، ئەو زمانەی لە ئەنجامدا بە هەستیارییەوە جەستە لە چوارچێوەی هۆشیارییەوە بەرەو جووڵە دەبات، هاتە دی و توانیی بیانخاتە بواری ئەزموونە کردەییەکانیەوە، بە تایبەتییش لە پڕۆسەی ئەو چەند ئەزموون و تاقیکردنەوەیەی لە شانۆی ئەلفرێد گاری نمایشی کردوون.

ئارتۆ مەبەستی بووە زمانێکی تایبەت بە هونەری شانۆ بخوڵقێنێت، زمانێکی هاوتای زمانی شیعر، ئەو زمانەی سەر بە هەموو لقەکانی سروشت و شیعرە و لەسەر ئاستی هەموو نەخشەکانی هۆشمەندییەوە کار دەکات، بەمەیش زمانێکی جیهانی بۆ تێگەیشتن و خوڵقاندنی ڕیتواڵ و نمایشێکی ڕیتواڵئامێز پێک دێت، ئەمەیش لەسەر ئاستی کارکردن (هزر) بە شێوەیەکی پێویست بەرەو تێڕامانێکی قووڵ و فراوانتر دەبات.

له شانۆی بالیدا هەموو شتێک ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ دەخوڵقێت و ڕێگەی خۆی لە دیدی خوێندنەوە و جووڵە و زمانێکی جەستەییەوە دەکاتەوە و ڕیتواڵێکی نموونەیی پێش وشەکان بۆ خودی وشەکان دەگونجێنێت. واتە نمایشەکان لە شانۆی دوورگەی بالیدا دەچنە دووتوێی جیهانێکی میتافیزیکئاساوە، ئەمەیش لە بواری "تقلید" و بەکارهێنانێکی

---

[11]. هەمان سەرچاوە.

تایبەتی دابونەریتەکانیانەوە، تەقلیدیش لە چەمکی سەما و شانۆی بالیدا تەکنیکێکی نەرمە و شوێنکەوتنێکی، یان لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ڕێسا تقلیدییەکانی ژیانی ڕۆژانە نییە[12]. سەما لە دوورگەی بالی ڕەوشێکی گرنگی بوونە، خەڵکی ئەم دوورگەیە لەپێناوی گەرانەوەی هاوسەنگیی گەردوون لە جیهاندا، سەما دەکەن. ئارتۆ-یش بە هەمان ئاراستە بیری کردووەتەوە و دەیویست ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆوە نمایشەکانی بخولقێنێت، نەک پەنا بەرێتە بەر دەقی نووسراو و ئامادە.

دوورکەوتنەوە لە شێکردنەوەی دەروونی و نەریتگەرای شانۆی ئەورووپی، کە هەوڵی ئەوە دەدات شتە نادیارەکان بکاتە شتێکی دیار و ئاشکرا، لە شانۆی ڕۆژهەلاتمان نزیک دەکاتەوە. ئارتۆ هەموو بنەما دەروونییەکانی شانۆی واقیعی و نەریتگەرا بە مەترسییەکی گەورە بەسەر هونەری شانۆوە دەبینێت: (سایکۆلۆژیا، کە هەمیشە دیوە نادیارەکان ئاشکرا دەکا، واتە لە چوارچێوەی هەڵسوکەوتە ئاساییی و دیارەکانی ڕۆژانە بەرجەستەی دەکات، ئەمەیش دەبێتە هۆی لەباربردنی بەهاکان، ئەم لەدەستچوونە مەترسیدارەی وزەکان، کە بە ڕای من گەیشتووەتە دوا قۆناغیان، بۆیە وای بۆ دەچم، کە دەبێت شانۆ و خودی خۆیشمان ئیدی لە سایکۆلۆژی دوور بکەوینەوە)[13]

لەم شانۆیەدا ئەوەی جێی سەرسوورمانە، خاڵێک لەو پانتاییە فراوانە جێ ناهێڵرێت بەبێ ئەوەی بە زمانی هۆنراوە و سەما و دەربڕین و هێما و ئاماژە و مۆسیقا پڕ نەکرێتەوە. لە شانۆی بالیدا بینەر هەست بە باری پێش زمان و ئاخاوتن دەکات، بالی شانۆی قوتاربوونە، هەموو شتەکان زۆر کتوپڕانە گۆڕانکاریی

---

[12]. هەمان سەرچاوە.

[13]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١٢١.

سەیر و نامۆیان بەسەردا دێت و وزەیەکی گەورەی گیانی ئاڵوودەی ناوەوەی مرۆڤ و نەستی (لاشعور) دەکات، بە شێوەیەک، کە زۆر گرانە بە زمانێکی ئەدەبی و لۆژیکی گوزارشتی پێ بکرێت.

بەم چەشنە ئارتۆ زەمینەیەکی لەبار لە داستان و ئەفسانە و هزر و شانۆی ڕۆژهەڵاتدا دەدۆزێتەوە و دیدی شانۆکەی لەسەر بونیاد دەنێت. هەر لەم دەروازەیەوە بە تەواوی لە چەمکی سایکۆلۆژیای شانۆی ڕۆژئاوا دووردەکەوێتەوە و زمانێکی جەستەیی، ئێستاتیکایەکی فیزیکی بۆ بۆچوونە تیۆرییەکانی دادەڕێژێت.



چیرۆکە بێ وشەکانی شانۆی ئەلفرێد گاری

## بەشی پێنجەم

## تیۆری شانۆیی و فەلسەفەی شانۆ

جێی خۆیەتی بڵێین، کە لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا کەم و زۆر دەستنیشانی دیاردە و تەوژمە هزری و ئەدەبی و هونەرییەکانمان کردووە و هۆکار و کاریگەریی هەردوو جەنگی گەورەی جیهانییشمان ڕوون کردووەتەوە، کە چ ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو دیاردانەدا هەبووە. هاوکات بە شێوەیەکی گشتییش پێشبینیی هونەرمەندانمان ڕوون کردەوە بە مەبەستی گەیاندنی مرۆڤی سەدەی بیستەم بە سەرفرازی و ڕزگارکردنی لەو شاڵاوە گەورە ڕەشەی ئەو ساتانە.

لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێت لەم بەشەدا گەوهەری شانۆی ئارتۆ لە ڕووی تیۆرییەوە بخەمە ڕوو، چونکە ئەو کارەساتانە بەشێکی گەورەی لە ژیان و ئەزموونەکانی ئارتۆ، وەک شاعیر و هونەرمەندێکی داهێنەر و هۆشیار، پێک هێناوە، کەسێکیش بووە لە قوربانییەکانی ئەو ڕۆژگارە و هەوڵی سەرفرازیی خەڵکیشی داوە لەو پەتایەی ئەو ڕۆژگارە هێنابوویە ئاراوە. ئارتۆ خۆی زۆر جار ئاماژەی بۆ ئەو ئازار و ژانەی تووشی هاتوون، کردووە: (من پیاوێکم ئازارێکی زۆری ڕۆحم دراوە، هەر لەبەر ئەوە ئەو مافەم هەیە دەربارەی ئەم مەسەلانە

بدویێم.)[1] ئـارتۆ لەو بـڕوایەدا بـووە، کە شـانۆیەکی ڕاسـتەقینەی ڕۆژئـــاوایی هێشـــتا دروســـت نەبـــووە، لەبەر ئەوە خەونـــی بە شانۆیەکی تازەوە دەبینی، تا ڕەوتی دونیـا بگۆڕێت و مرۆڤێکـی تر و جیـاواز دروسـت بکـات. بۆ ئەم مەبەسـتەیش هەوڵـی داوە بیروبـــاوەڕ و بـــار و ڕەوشـــە دەروونییەکـــان لە ڕوانـــگە و زەمینەیەکـــی وێـــنەی شـــیعری و لە تەکنیکێکـــی ئەفســـووناویی بەرزدا بهێنێـتە کـایەوە، بێگومـان بەمەیـش تێکـڕای بوارەکـانی هونەری شـانۆ بەرفراوانتـر دەبێـت و سـنووریکی هـونەریی بـاڵا، لە ڕوانگەی ئاسۆگەیەکی ئەفسووناویدا پرۆسێسێکی هـونەریی نمـوونەیی و بەرفـراوان و گشـگر دەخوڵقێنێـت و هەنگـاوێکی خێرایش دەبێت بۆ ڕزگارکردنی شانۆ لەو بازنە تەسکەی تیایدا قەتـیس کرابـوو. ئـارتۆ دونیـای ڕاسـتی دەگەیەنێـت بە دونیـای ئەندێشە، کە واقیع دەشارێتەوە و سەرلەنوێ دەیدۆزێتەوە.

ئـارتۆ لەم ڕوانـگەیەوە بـانگەوازی یـاخیبوونی خـۆی بـڵاو کـــردووەتەوە و مەبەستیشـــی لەو یـــاخیبوونە هەڵمـــاڵینی ئەو ڕووپۆشـــە پـڕ لە درۆ و ســاختە هزرییـانە بـووە، کە بـازنەی ڕۆشـنبیریی هـاوچەرخ بە نـاوی شارسـتانییەت و پێشـکەوتنەوە کەڵەکەی کـردووە بەســەر ڕاسـتی و بنەڕەتـی شارسـتانییەتی کـۆن و مـرۆڤە سـەرەتاییەکان و دابـونەریتە خۆڕسـکەکان، کە هەنـــــدێکیان بە نـــــاوی ئـــــایین و خۆشەویســـــتی و نیشـتمانپەروەرییەوە، ئەو مـۆرکە نـاڕەسـەنە بەخـۆوە دەگـرن. ئەمە لە لایەک و لە لایەکـی تـرەوە هەنگاونـانی بـۆ دامـاڵینی هەمـــوو ئەو دەمامکـــانەی تـــژین لە ڕق و کیـــنە و فـــڕوفێڵە غەریزەییەکـانی نـاوەوەی خـودی مـرۆڤ. ئـارتۆ لەو بـڕوایەدا

---

[1]. بڕوانە: Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981

بووه ڕۆحه بەراییەکان، کە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕابردوون بۆ لۆژیک، بەردەوام لە نەستی مرۆڤی ڕۆژئاوا دەژین و هەن. ئارتۆ ئەم هەموو دیدە نێگەتیڤ و نەرێنییەی بۆ هونەر و شارستاییەت و کۆمەڵگەی ئەورووپی هەیبووە، دەکاتە کارێکی ئەرێنی و پۆزەتیڤ، هاوکات لەنێو ئەم هەراوزەنا و دیدە ڕەخنەگرانەیەی بۆ ئەدەب و هونەری ڕۆژئاوا هەیبووە، تیۆرێکی قووڵی ڕەچەشکێن دەنووسێت، کە دەبێتە دابڕان و شۆڕشێکی گەورە لە بواری شانۆدا.

ئارتۆ لەم ڕووەوە شانۆ میتافیزیکییەکەی بە (تاعوون)، دەردەڕشانەوە ناوزەد دەکات، چونکە تاعوون وەک دەردێکی کوشندە و بەبێ جیاوازی لە ماوەیەکی کەمدا جیهان بە شێوەیەکی بەرفراوان دەگرێتەوە (شانۆ وەک تاعوون قەیرانێکە لە ڕێی مەرگ، یاخود پاکژبوونەوەوە کۆتایی دێت. تاعوونیش دەردێکی باڵادەستە، لەبەر ئەوەی قەیرانێکی گشتگیرە، دوای ئەو تەنها مەرگ یاخود پاکژبوونەوەیەکی پەرگیر دەمێنێتەوە. بە هەمان شێوە شانۆیش دەردێکە، لەبەر ئەوەی پارسەنگییەکی هەرە بەرزە، کە بەبێ تێکشکاندن و ڕوخاندن بەدەست نایەت. هزر دەباتە نێو وڕێنەیەک، کە هێز و وزەی دەورووژێنێت)[٢]. تاعوون نەخۆشییەکە کاری خۆی لە دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، لەمەیشدا بێبەزەییە و تەواوی بەشەکانی دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە، دوای ئەوە لە دیوی دەرەوە دەردەکەوێت. ئارتۆ پێی وایە شانۆ دەبێت هاوشێوەی تاعوون کار لەسەر دیوە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ

[٢]. ئارتۆ، ئەنتونان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، ٢٠١٧. ل٥٢.

بکات، واتە پەردە لەسەر دیوە شاراوەکانی مرۆڤ هەڵماڵێت، لەمەیشدا بە چەشنی تاعوون بەزەیی بە مرۆڤدا نەیەتەوە، واتە، تەنانەت پەردە لەسەر ئەو دیوانەیش هەڵماڵێت، کە ڕەنگە زۆر کەسێنی بن، یاخود لە نەستدا شاراوە بن. بێگومان ئەم شتە شاراوانەیش زادەی ئەزموونە جیاجیاکانی مرۆڤن، جا ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاخود کەسێنی بن، بەوانەیشەوە کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی مێژوو و لە هزر و پێگەی کۆمەڵگەدا چەسپاون و ترازانیان تیابووە و مرۆڤیان دەستەمۆ کردووە. لەم ڕووەوە، ئارتۆ وەک مێتافۆر مامەڵە لەگەڵ چەمکی تاعووندا دەکات. ئارتۆ شانۆیەکی دەویست تا بتوانێت وەک ئامرازێکی بەهێز بەکاری بهێنێت بۆ ڕوخاندن، وەک چۆن تاعوون چواچێوە و بنەما و ستراکتورە کۆمەڵایەتییەکان خاپوور و وێران دەکات.

ئارتۆ گوتوویەتی: دیمەن و چۆنیەتیی ئامادەکردنی دیکۆر لە شانۆکەمدا، وا لە بینەران دەکات هەست بە پاکژبوونەوە "کاتارسیس" بکەن و دوور بکەونەوە لە لاساییکردنەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت ڕووبەڕووی ئەو تەوژمە بەهێزە ببێتەوە، کە لە ڕوانگەیەوە هەست بە ڕووە ساختەکەی ڕاستی بکات[٣].

---

[٣]. مەبەست لە پاکژبوونەوە لای ئارتۆ تەنها ئەو (پاکژبوونەوە)یە نییە، کە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)ەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە بەو ڕەوشە دژەی، کە بینەران لە ڕوانگەی ئەو دیمەنە پڕ لە کارەسات و تراجیدیا بەرزەوە هەست بە خۆشنوودی و هێمنی و ئارامبوونەوە بکات، بەڵکو پاکژبوونەوە لەپاڵ ئەو بۆچوونەی ئەرستۆدا، چەمک و تێڕوانینێکی تری لای ئارتۆ هەیە، چونکە بینەر لە ڕوانگەی نمایشەکەوە هەوڵی خۆناسین دەدات. بینەران دوای بینینی نمایشێکی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژ، وەک ئەوە وایە کارەساتێکی بینیبێت، یان کتێبێکی بە دەگمەنی خوێندبێتەوە، لەم حاڵەتەیشدا لەگەڵ ئەو

گەردوون لە تێڕوانین و هـزری ئـارتۆ-دا، شـتێکە هەمیشـە لە جـــوولە و گۆڕانکاریـــدایە، ژیـــان و گەردوون هەر وەک یۆنانییەکـان ئاماژەیـان بۆ کـردووە، جۆرێکە لە گۆڕانی مـاددە، کە جـارێکی تـر دەگەڕێـتەوە تـا لە شـێوە و فـۆرمێکی تـردا دەربکەوێتەوە. ئەمەیش گەڕانەوە ئەبەدییەکەیە و جووڵانەوەی سـەر تەخـتەی شـانۆیش بـۆ ئـارتۆ و لەم دیـد و هـزرە فەلسـەفییەوە جـۆرێکە لە وێرانکـردن، وێرانکردنـی گەردوونـی لەپێنـاوی زینـدووکردنەوە و بونیادنـانەوەیەکی تـر و جیـاواز. بێگومـان ئەم تیـۆرەی ئـارتۆ لە بـواری نمایشـە شـانۆییەکەدا سیسـتێمێکی ئەفسـوونی بەخـۆە دەگرێـت و بەمە هاوکێشـە میتـافیزیکییە دژ بە پڕۆسێســە شــانۆ نەریــتگەرا درامــی و سـایکۆلۆژییەکەی ڕۆژئـاوا دەخوڵقێنێـت. (لەنێـو جیهـانێکی پیشـاندراودا، بە واتـایەکی میتـافیزیکی، خـراپە یاسـایەکی بەردەوامە و ئەوەی، کە چاکەیە، ئەرکێکە و توندوتیژییەکە، کە بـۆ تونـدوتیژییەکی دیـکە زیـاد دەکرێت، ئەگەر لەمە تێنەگەین، واتە لە بیـرۆکە میتافیزیکییەکـان تێنـاگەین.)[٤] گـۆڕینی زمـانی گفتوگــۆ و دیــالۆگ بــۆ میتافیزیــک، وەک ئەوە وایە زمـــان گوزارشـت لەو شـتانە بکـات، کە هەرگیـز بە زمـان نەکـراوە، بەکارهێنـانی زمـانە بە شـێوازێکی نـوێ و جیـاواز، جـۆرە دۆزینەوەی ڕووداوگەلێکی وەهایە، کە هێدمە دروست دەکات.

دروسـتکردنی میتافیزیکـایش لەسـەر شـانۆ، بـۆ ئـارتۆ دوورکەوتـنەوە و وازهێنـان بـووە لە زمـانە ئەدەبییـەکە، ئەو

---

ئەزمـوونە ئینسـانییەدا، بە شـێوە ڕووتە ڕەهـا بەرزەکەیدا دەژی. لەبەر ئەوە ئەو بینەرە دەگاتە ئاستی پاکژبوونەوەیەکی ڕۆحی.

[٤]. ئـەنتونان ئـارتۆ، شـانۆ و هەمـبەرەکەی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١٥٩.

زمانەی دەقی شانۆیی پێ دەنووسرا. ئارتۆ تیۆرەکانی لەسەر چەند بنەمایەک ڕۆ دەنێت، کە بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەیەکی لۆژیکی زەحمەتە، ئەوەی ئارتۆ مەبەستێتی جۆرە واقیعییەتێکە، کە ڕاستتر و قووڵترە لەو واقیعەی ئێمە هەستی پێ دەکەین و تیایدا دەژیین. ئارتۆ دەیویست زمان ببێت بە شتێکی تر؛ زمان لە شێوەی ئەفسووندا بەکار بهێنرێت. ئەو بەدوای زمانێکی بەر لە زماندا دەگەڕا، زمانێکی شانۆیی تایبەت، زمانی خەونەکان؛ ئەو زمانەیش لە جووڵە، ئاماژە، مۆسیقا، ڕووناکی و هەموو ئامرازەکانی تری زمان، زمانی بەر لە پەیڤ-دا پێکهێنەرەکانی زمانە شانۆییەکەی ئەویان بەرجەستە دەکرد. کە ئارتۆ لەسەر شانۆ دەنووسێت، بە تەواوی ئاراستەی نووسینەکە لەسەر ڕووداوە شانۆییەکەیە، واتا خودی پرۆسە پراکتیکییە کردەییەکەی شانۆ، لەم دەروازەیەشەوە دەق و بەهای وشە دەکەوێتە پەراوێزەوە؛ وەهمی واقیع، دیالۆگ، کردار و ستراکتور و دراماتۆرگییە تقلیدییەکەی شانۆ تێکدەشکێنێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئارتۆ دەیەوێت (وشە) لە خودی دەقەکە ڕزگار بکرێت، ئەمەیش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە وشە، وەک ئامرازێکی گوزارشتئامێز لە بنەما سایکۆلۆژییەکەی شانۆی نەریتگەرا دوور بکەوێتەوە. وشە دەبێت مانایەکی تر ببەخشێت، کە بتوانێت بۆ نموونە، مەودایەکی ڕۆحی و خەونئامێز لەخۆ بگرێت. زمان بۆ ئەو ئەفسوون بوو، یان ئەو وەک ئەفسوون لە زمانی دەڕوانی. ئارتۆ داوای لابردنی وشە لە دەقە شانۆییەکاندا ناکات، ئەو دەیویست چارەنووس و وزە و هێزی وشە بگۆڕێت، دەیویست وشە بجووڵێنێت و لە بەکارهێنانە نەریتگەراکانی خۆیدا دەرینبهێنێت. ئارتۆ لەو بڕوایەدا بوو بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی و وشە بەو جۆرەی

له شانۆکانی ئەورووپادا کاریان لەسەر دەکرد و له فۆرمێکی ڕیالیزمی و سایکۆلۆژیدا چەقی بەستووه، بەکارهێنانێکی هەڵەیە و دووره لە شانۆ و ڕۆڵه ڕاستەقینەکەی بەکارهێنانی شانۆوه. ئارتۆ دەیویست دەقه شانۆییەکان بگۆڕێت بۆ کۆمەڵه هێما و کۆدێکی جۆراوجۆری وەها، که جۆره پیرۆزییەک لەخۆ دەگرن. هێما و کۆدی وشەکان بۆ ئەو دەبوونه سیحر و ئەو ڕیتواڵەی نمایشەکەی تیا بەرجەسته دەکرا. زمان بۆ ئارتۆ پەیوەسته بە زمانێکی هیرۆغلوفییەوه، که سمبوڵ دروست دەکات. ئەو زمانه سمبوڵییەی ئارتۆ دەیویست، زمانی دەگەڕانەوه بۆ بنەما سەرەکییەکانی دەستپێکی زمان له کۆمەڵگه سەرەتاییەکانی بەر له مێژوو. ئەمەیش جۆره ئەلفەبێیەکی سیحرییه، که گوزارشت لەو شتانه دەکات زمان ناتوانێت، بەمەیش شانۆ دەگەڕێنێتەوه بۆ ڕەگوڕیشه دینییه میتافیزیکییەکەی. ئارتۆ بەم شێوەیه ئاماژه بۆ ئەم مەسەلەیه دەکات: (کارەکه پەیوەست نییه به سڕینەوەی وشه له شانۆدا، بەڵکو بەوەی ڕۆڵ و ئامانجی خۆی پێ بهێنرێته گۆڕین، به تایبەتی بچووککردنەوەی پێگەکەی و وەکو شتێکی دیکه تەماشا بکرێت، نەک وەک ئەوەی هۆکارێک بێت حەز و ئارەزووەکان بەرەو ئامانجی دەرەکییان ببات، لەبەر ئەوەی کارەکه هەمیشه له شانۆدا پەیوەسته بەو شێوازەی هەستەکان و ئارەزووەکان بەرامبەر یەکتر دەوەستنەوه، له ژیانیشدا مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ.)[٥] ئاکامی ئارتۆ لەم تێڕوانینه میتافیزیکییەوه بۆ شانۆ، مەرامی گەیشتنه سەرفرازی بووه، بۆ ئەم مەبەستەیش له گیان و بیر و بۆچوونەکانی فەیلەسووفی

---

[٥]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١١٣-١١٤.

ئەڵمـــانی (فریـــدریش نـــیچە) ١٨٤٤-١٩٠٠ نزیـــک بـــووەتەوە و تاوتوێی چەمکە فەلسەفییەکانی نیچە-ی کردووە و کاریگەریی بەسەریەوە هەبووە. بەم پێیە، ئارتۆ وەک نیچە لە تێڕوانینێکی چەمکـــی (ســـەرفراز) بـــوونەوە ڕوانیـــویەتە (بـــوون)، لەم ڕووەیشەوە مەبەستی -دۆزینەوەی سەرلەنوێی مرۆڤ- بووە لەژێر وێرانەخاکی هەزاران ساڵەی دابونەریتی مەسیحییەتدا، وێڵی پاشماوە میتافیزیکییەکان بووە، بە مەبەستی گەڕانەوە و ڕۆچوون بە ناواخن و ئەودیوی شتەکاندا. لەم ڕووەوە ئارتۆ وەک نیچە، لە هەوڵی سەرلەنوێ دۆزینەوەی مرۆڤدا بووە.

ئەگەر نیچە بانگەوازی گەڕانەوەی (نەشوة دیونیزیة) چێژی ئاهەنگە ئاینییە یۆنانییەکانی بڵاو کردبێتەوە، بە تایبەتییش بەر لە گەشەکردن و سەرهەڵدانی فەلسەفەی (سوکرات)، ئەوا ئارتۆ هەوڵـــی گەڕانەوەی ئەو زەمەنە پـــڕ لە دڕنـــدەییەی داوە، کە مرۆڤ وەک گیانلەبەرێکی دڕندە و دڵڕەق ژیاوە، تا لەو بوار و ڕوانـــگەیەوە بگـــاتە نهێنیـــیە قـــووڵ و شـــاراوە و پەنهانەکـــانی مرۆڤ[٦].

لە تێڕامان و تێگەیشتنی ئەو بیروڕایانەی لای سەرەوە، ئەم سێ خاڵە دەخەینە ڕوو، کە دەتوانم بڵێم دەستەبەرکردنێکی گشتیی تیۆرەکانی ئارتۆن:

١. پانتایی: پێویستە ئەم شانۆیە وەک دەروازەیەک وا بێت، تا لە ڕوانگەیەوە لە هەموو جۆرەکانی دڕندەیی و دوژمنایەتی ڕزگارمان بێت و ڕاوەدوونان بێت بۆ گیانە شەڕخوازەکان، کە لە نەســـتماندا (بە ڕێژەیەکـــی تـــایبەتی) کـــپ کـــراون و لە

---

[٦]. ســـوکرات ٤٦٩-٣٩٩ی پ.ز فەیلەســـوفێکی گـــریکییە و کـــاریگەریی فەلسەفەکەی بەسەر هەموو ئەورووپا و جیهانەوە دیارە. سوکرات بە گفتوگۆ و وتووێژ لە یۆنان و لەناو قوتابییەکانیدا ناوبانگی دەرکردبوو.

خۆخـــــواردنەوەیەکی بەردەوامــــدان، ئەگەر بــــارودۆخێکی تایبەتییان بۆ هەڵبکەوێت، ئەوا بە ئاسانی سنوورەکان دەبڕن و دەردەکەون.

ئەمەیـش جـۆرێکە لە پـاکژبوونەوە و گەڕانەوەی ئەو بیـرە ئەفســــووناوییە گەردوونیــــیە ســــەرەتاییە، کە زانســــتی شیکردنەوەی دەروونیـی نـوێیش بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـە دەروونییەکان، بە تایبەتییش بە وەرگرتنی هەڵوێستی دەرەوەی ئەو ڕەوشـەی، کە دەیەوێت نەخۆشەکەی پێبگەیەنێت، پەنـای بۆ بــردووە. ئــارتۆ لە ڕووی بەرجەســتەکردنی ئەم ڕاســتییەوە دەڵێت: (ڕووبەڕووی هەموو ئەو بینەرانە ڕادەوەستم، کە دوای چوونەدەرەوەیان لە شانۆکەی مندا، بە هیچ شـێوەیەک پابەندی بیـرۆکەی خراپەکـاری و کوشـتن و وێرانکـاری و بەدڕەوشـتی بـبن.)[٧] کەواتە ئـارتۆ ویسـتوویەتی هەرچـی پۆخڵەواتی گیـان و ناوەوەی خودی مرۆڤ هەیە ڕایماڵێت و سـەرلەنوێ مرۆڤێکی تــر لە گیــان و دەروونێکــی پــاک و بــێگەردی تــردا دروســت بکاتەوە.

٢ . شانۆکەی بنەمایەکی سـەرەوژێرکردنی هەمـوو بیـروڕا و بیرۆکە و بەها و دید و ڕێباز و نموونە باوەکان بێت، لە هەمـان کاتیشــدا بانگەوازێــک بێــت بــۆ گۆڕانکــارییەکی بنەڕەتــی لە ڕوانــگەی چەمکەکــانی ڕۆشــنبیری و هــونەرێکی نــوێ و دەربڕینێک بێت لەو شۆڕشەی، کە لە دیدی زمـانێکی جیـاواز و نـوێ و تەکنیـک و تـوخمێکی تـری تـایبەتییەوە دەرکەوتبێـت. ئـارتۆ هەر لەم دەروازەیەشـەوە دەڕوانێتە چەمکـی ڕۆشـنبیری و بە سـەرچاوەیەکی کوشندە و هەڵەی دادەنێت، مەبەسـتیش لە

---

[٧]. أنتونين أرتو، المسرح و قرينه، ترجمة د. سامية احمد اسعد، ل٧٢.

چەمــک و مەســـەلەی (ڕۆشـــنبیری) بــۆ ئـــارتۆ، ئەو بەرگە ئەســـــتووره تـــــژی له دووڕوویــــــی و درۆ و دەمـــــامکە ڕەنگاوڕەنگـــانەی شارســـتانییەتە، کە بەســـەر سروشـــتی مرۆڤایەتیـدا ســەپێنراوە و مرۆڤیــان پــێ نــوقمی دەریــایەکی گەورەی تیـۆره جۆربەجۆرەکـان کـردووە. ئـارتۆ به هەمـوو شــــێوەیەک دژی ئەو ڕۆشـــنبیرییە بـــووە، کە لە وشـــە چاپکراوەکانـدا هەبـوون، دژی ڕۆشـنبیری کتێب و ڕۆژنامەکـان بـووە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆشـنبیرییە هەمـوو پەیوەندییەکانی بە سەرچاوە بەراییەکانەوە لەدەست داوە. هـزر و دیدی ئـارتۆ بـۆ ڕۆشـنبیری ڕادیکـاڵییە و لەسـەر بنەماکـانی ڕیتـواڵە بەراییەکـان ڕۆنــراوە و دەیویســت ئــاوێزانی ژیــانی ڕۆژانەی ئەورووپــای بکـات. ئـارتۆ دەیویسـت لە ڕێـگەی ئەم ڕۆشـنبیرییە بەرایـی و ڕیتواڵانەوە، گۆڕانکاری لە هـزری دینـی کـۆمەڵگەدا بکـات، لەبەر ئەوەی دیــن ژیــانی لە نــاوەڕۆکە سـیحرییەکەی خـۆی بەتـاڵ کردووەتەوە و لایەنە غەریزییەکانی مرۆڤـی کوشـتووە. چەمکی ڕۆشـــنبیری بـــۆ ئـــارتۆ مەســـەلەیەکی کردارئـــامێزە و بە کۆئەنـدامێکی نـوێ لە ناوەوەمانـدا ئامــاژەی بـۆ دەکــات. لەم ڕووەوە دەڵێــت: (پێویســـتە پێـــداگیری لەســـەر بیـــرۆکەی ڕۆشنبیرییەکی کردارئامێز بکرێت، کە وەکو کۆئەندامێکی نوێی لـێ دێـت لە ناوەمانـدا، کە دەبێـتە جۆرێـک لە هەناسـەی دووەم؛ شارســتانییەت بــریتییە لەو ڕۆشـنبیرییەی پیــادەی دەکەیــن و تەحەکوم بە وردترین کردار و ڕەفتارمانەوە دەکات، ئامـادەگیی ڕۆحە لەنێـو شـتەکاندا. ئـێمە ڕووکەشئاسـا شارسـتانییەت و

ڕۆشنبیری لە یەکتر جیا دەکەینەوە، دوو وشە بەکار دەهێنین بۆ ناساندنی یەک کرداری هاوتا.)[8]

٣ . چاوگەیەکی بەپیتی وزەیەکی گیانیی نویَ و خاوەن هەڵوێستێکی فەلسەفیی قووڵ، لەنێوان جیهانی ڕیالیستی و جیهانی ئەندێشەدا بێت و بابەتەکانی لە ناوەڕۆکە بێبەزەیی و توندوتیژەکەی خەونەکانمانەوە دەستەبەر بکات، بەمە مەودایەکی ڕەها وەربگرێت و بە ناوەوەی خودی خۆماندا قووڵ ببێتەوە، تا ئەو جیهانە شیعرییە تەژی لە هەستە، لە نەستماندا وێنە بەرز و نموونەییەکان بەرجەستە بکات. ئارتۆ لە مانیفستی شانۆی ئەلفرێد گاری-دا دەڵێت: (بڕوامان بەو هەڕەشانە هەیە، کە لە نادیارەوە لێمان دەکرێت و دژی ئەو نادیارانە هەوڵ دەدەین. ئێمە بە هەموو هەست و هۆشمانەوە، بە هەموو توانامانەوە هەوڵی ئەوە دەدەین، کە چەند نهێنییەک بدۆزینەوە. دەمانەوێت ئەو هیوا، خەون، ئەندێشە و وێنایانە پیشان بدەین، کە لەو درۆیانەوە هاتوونەتە دەرەوە، کە چیتر هیچ کەسێک بڕوای پێ ناکات، ئەو درۆیەی ناوی شانۆیە.)[9]

ئەکتەر و دەرهێنەر بۆ ئارتۆ و لە بنەما گرنگەکانی ئەم شانۆیەوە، کەسانێکی کیمیاگەرن، کە لەنێو ماددە و وردیلەکانەوە شیکارییەکی قووڵ بۆ خودی ماددە، ڕۆح و جەستە دەکەن. ئەکتەر بنەما و ستراکتوری نمایش و سەر تەختەی شانۆیە، میکانیزمی هەموو پەیوەندییەکانە و بەهایەکی

---

[8]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل١٦.

[9]. لاپەڕە ١٢٣ـ١٢٤ لە: Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981

پیرۆز بە چەمکە هونەرییەکەی شانۆ دەبەخشێت. شانۆکاری شانۆی توندوتیژ، ئەو ئەفسوونەوانەن، کە لە پشت سروشتەوە ناسروشت دەخولقێنن و لە پشت جوولەی جەستە و فیزیای ماددە کۆنکریتییەکان و لە پشت فیزیای سروشتەوە، دەبنە ئەو کیماگەرەی ڕووبەرووی توندوتیژییەکانی ژیانمان دەکاتەوە. (پێویستە لە گۆشەنیگای بەکارهێنانی ئەفسوون و جادووگەرییەوە تەماشای دەرهێنان بکەین، نەک وەک کاردانەوەی دەقێکی نووسراو و هەموو ئەو هاووێنە فیزیکییانەی لە نووسراوەوە هەڵدەقوڵێن. بەڵکو وەکو هاویشتنە گڕاوییەکانی هەموو ئەو شتانەی دەتوانرێت لە دەرئەنجامە بابەتییەکانی جوولەیەک، وشەیەک، دەنگێک، مۆسیقایەک و گونجاندنیان لەنێو خۆیاندا هەڵهێنجرێن.)[١٠] بێگومان ئەم وێنە و شیعرە شێوەکارییە، لە لای ئارتۆ بینەران بەرەو جۆرە نەشوەیەک دەبات، ئەو نەشوەیەی دەمانگەیەنێتە گەوهەری ڕاستگۆی خەونەکانمان. مانای نەشوەیش لەدایکبوونی جۆرێکە لە (ڕیتواڵە نمایشەکەدا) لەهۆشخۆچوون و سەرشێتی و خۆشنوودی و سەرسووڕمانێکی قووڵ، هاوکات گوێزانەوەیەکی کتوپڕی ڕەوش و هێدیبوونەوەی دنیا لێوانلێو لە ئاڵۆزی و گەیشتنە ئاسمانی خۆشگوزەرانی و گوێڕایەڵی لە ئاوازی سروودی سەرفرازبوون لەخۆ دەگرێت، هەر وەک ئەوەی لەو چرکەیەی نمایشەکەدا و لە تەک خۆی و خودی خۆیدا هەست بە سەرفرازی و نەمری بکات[١١]. ئەو پەیوەندییە ئەفسوونییەیش ئارتۆ باسی دەکات، لەنێو خودی جوولە و

---

[١٠]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١١٥.

[١١]. د. لطفی فام، المسرح الفرنسی المعاصر، ل٢٧٠.

زمانی جەستە و دیدی دەرهێناندا دروست دەبێت. ئارتۆ لەم ڕووەوە دەڵێت: (ئەو پەیوەندییە ئەفسووناوییە کاریکە؛ جووڵە ئەو واقیعە دەخوڵقێنێت، کە ئاماژەی بۆ دەکات، بۆیە ئەو واقیعە سروشتێکی سامناکی دەبێ تا کاریگەریێتییەکەی خۆی جێبەجێ نەکات، سروشتە سامناکەکەی نارەوێتەوە.)[١٢] هەر لەم ڕووەوە شانۆی توندوتیژی، کە ئارتۆ بانگەشەی بۆ دەکرد، جۆرێکە لە گۆڕانکارییەکی ناوەکی، سەرەتا گۆڕانکارییەکان لە ناوەوە دەست پێ دەکات. ئەمەیش کارێکی گرانە، مرۆڤ ناچار دەکات ئەو ڕەوشەی ئەوی تیادایە بەجێ بهێڵێت و بگاتە ئاستێکی بەرزتر، یان وەک ئەوەی لە تاریکیدا بژیت و لەپڕ بەر ڕووناکییەکی بەهێز بکەویت، کە تووشی نابینایت دەکات. هونەر پێویستە لە ناوەوە لەدایک بێت و بەرەو دەرەوە بڕوات. ئارتۆ دەیەوێت بڵێت هەموو کردارێک توندوتیژییە، هەموو کردارێک خوازیاری خاڵی قووتاربوون و سەرفرازییە، وەک خاڵی دەستپێک لە هەموو شتێکدا. تەنها کردارە شیعرئامێزەکان ئەو وزە و هێزەیان هەیە، کە ڕزگارکەر بێت. لەم ڕووەوە شانۆی توندوتیژ و تیۆرەکەی بۆ ئارتۆ، جۆرێکە لە فەلسەفەی ژیان، ئەم شانۆیەیش وەک لەوەوەبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بە زمانێکی جەستەیی بەرجەستە دەبێت، زمانێک لە دەنگ و گەمەی ڕووناکی و جەستەی ئەکتەر، بێگومان ئەمە بەبێ ئەوەی هۆشمەندیی لەدەست بچێت و توانای بەسەر خۆزاڵبووندا بمێنێت.

ئارتۆ لە مانیفێستەکەی شانۆی ئەلفرێد گاریدا، کە ساڵی ١٩٢٦ نووسیویەتی دەڵێت: (ڕێکەوت لەو شانۆیەی ئێمە

---

[١٢]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل٢٣١.

دەمانەوێت، خواکەمانە. ئێمە لە شکست ناترسین، کارەسات نییە. ئەگەر ئێمە بڕوامان بە جۆرە موجیزەیەک نەبێت، ئەوا ئەم ڕێگەیەمان هەڵنەدەبژارد، کە پڕە لە مەترسی. بەڵام تەنها موجیزەیەک دەتوانێت پاداشتی سەبر و کۆششەکانمان بداتەوە. ئێمە چاوەڕوانی ئەو موجیزەیەین.)[١٣]

بەم شێوەیە ئارتۆ تەنها لە سنووری پاکژ و خاوێنبوونەوەدا ڕاناوەستێت، بەڵکو هەوڵی خولقاندنی ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی کتوپڕ و بەهێزی پڕ لە وزە دەدات، ئەمەیش لەپێناوی ئەوەی بینەران لەم نمایشانەدا بخاتە گێژاوی بوومەلەرزە و زریانێکی گەردوونی و گیانییەوە، چونکە ئەم لەرینەوە و هێدمە بەهێزانە نەبێت مرۆڤی ئەم سەدەیە، مرۆڤی سەدەی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و دنیای گلۆبالیزم، ئەو مرۆڤەی ملکەچی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانە و شیکراوەی ژێر تەلەسکۆبی تیۆرە سایکۆلۆژییەکانە، بەئاگا نایەتەوە و ناگۆڕدرێت.

---

[١٣]. لاپەڕە ١٥٨ لە: Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981

## فەلسەفەی شانۆ و کاریگەرییە فەلسەفییەکان

ئەنتۆنـــان ئـــارتۆ، بە تـــایبەتی لەدوای مـــردنەکەیەوە، وەک پەیـامبەرێکی شـانۆ ئامـاژەی بـۆ کـراوە، کەسـێک سـەرلەنوێ شـانۆی نـوێ کـردەوە و شـانۆی لە دیـدێکی تـرەوە دەبینـی، دیــدێک بنەمـــا و دەروازەیەکـــی گەردوونـــی، خـــودگەرایی و فەلسـەفیی لەخـۆ دەگـرت و سـەرنجی فەیلەسـوفەکان بە لای خۆیـدا ڕادەکێشـێت. ئـارتۆ دەبێـت بە سـەرەتایەکی تـر بـۆ فەیلەسـوف و هـزری مرۆڤـی هـاوچەرخ، بـۆ تێڕوانینێکـی فەلسەفی لە جەستە. [١٤]

ئارتۆ، وەک لەوەوەبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، هەموو بنەما نەریتگەراکانی شـانۆی تێک شـکاند و بەدوای شـانۆیەکی تـردا دەگەڕا، شـــانۆیەک، کە ســـتراکتور و بنەمـــا قـــووڵ و سەرەکییەکانی لە خودی شانۆوە هاتبێت، بۆ ئەم مەبەستەیش لە شـانە قـووڵە تاریکەکـانی ژیـانەوە، لە تونـدوتیژی و لە گەوهەری شـــانۆوە بەدوای تیۆرەکانیـــدا دەگەڕا. تیۆرەکـــانی ئـارتۆ بەشـێک بـوون لەو ئـازارە جەسـتەییەی خـۆی، لە دیـوە تاریکەکانی ڕۆحی خۆی و لە چەمکەکانی ئەو (شێت)ییەوە، کە بووبوو بە سیمای ژیانی ئەو. ئارتۆ، کە چەمکی توندوتیژیی بۆ شـانۆ داهێنـا؛ تیـۆرێکی تەواوە و هەڵۆیسـتێکی بەهێـزە دژی زەبروزەنگـی ژیـان، کە سیسـتێم و دیـن و دەسـەڵات و دیـدە

---

[١٤]. ئارتۆ کاریگەری بەسەر هەندێک لە فەیلەسووفەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەبووە، بۆ نموونە گیلیس والیۆسە، فێلێکس گیوەتاری، کە لە تیۆرە فەلسەفییەکانیاندا گەڕاونەتەوە بۆ سەر چەمک و هزری ئارتۆ، بە تایبەتییش لە مەسەلەی جەستە و پێناسەکردنی جەستە لە دەرەوەی ئەندامەکانی جەستەوە. میشێل فۆکۆ باسی فەلسەفەی شێتبوون لای ئارتۆ دەکات و دریدا بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ لای ئارتۆ.

هزرییە باڵادەستەکان بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنن. هەر لەناو ئەم شانۆ توندوتیژەدا، فەلسەفەیەک دەدۆزینەوە، کە ڕێچکەیەکی تری ژیان دەستنیشان دەکات. شانۆی توندوتیژی دیدێکی گۆڕانکاریی هەڵگرتووە، نەک هزرێکی جێگیر و ڕاوەستاو. مرۆڤ لە شانۆی توندوتیژیدا ڕووبەڕووی هێزە توندوتیژ و شەڕانییەکان بە هێزی بڕوا، نەک هێزی جەستەیی دەبێتەوە. شانۆی توندوتیژ، سادیزم و خوێن و پارچەپارچەکردنی جەستە نییە، بەڵکو مەودایەکی خودگەرای قووڵی فەلسەفییە، فەلسەفەی ژیانە، ئازاری ڕۆحە و خۆئامادەکردنە بۆ ڕووبەرووبوونەوەی هێزە گەردوونییە گەورە چارەنووس سازەکان. شانۆی توندوتیژ ئەو چارەنووسە توندوتیژەیە، کە جەلاد و قوربانی پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەموو ژیانێکیش مەرگی کەسێکی ترە. شانۆیش ئەوەمان پیشان دەدات، کە چۆن ژیان شانۆیەکی توندوتیژە. شانۆ لەم دیدە فەلسەفییەوە بۆ ئارتۆ دەبێتە هەوڵێکی بێسنوور دژ بە چارەنووس.[١٥]

ئارتۆ دەیزانی بە شانۆی توندوتیژی چ شتێک بەدەست بهێنێت و چ ئامانجێکی لەم چەمکەی شانۆ هەبوو؛ یەکێک لە ئامانجەکانی ئارتۆ لەم شانۆیە، ئەوە بوو دەیویست سیستێمی دەمارەکانی مرۆڤ چالاک بکات، تا بتوانێت ئەزموون و ڕەوشی مرۆڤ لە دەرەوەی سنوورە ئاساییەکانی کات و

---

[١٥]. ئارتۆ کاریگەریی فەیلەسووفی ڕۆمانی (سینیکا)ی بەسەرەوە بووە و زۆر سەرسام بووە بە دەقە شانۆییەکانی و هزرە فەلسەفییەکەی، تەنانەت ئارتۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە سینیکا مەزنترین نووسەری تراژیدیایە لە مێژوودا؛ هاوکات گوتوویەتی، مرۆڤ ناتوانێت هیچ نموونەیەکی نووسراو، سەبارەت بە توندوتیژی لە شانۆدا، جگە لە دەقەکانی سینیکا، لە هیچ شوێنێکی تر بدۆزێتەوە. ئارتۆ ئەو هێزە دەرەکییەی لە دەقەکانی سینیکا-دا بینیوە و بۆ ئەو دەقەکانی سینیکا، پێکدادانی هێزە پشێوە گەردوونییە گەورەکان بووە.

شوێنەوە بەرجەستە بکات. ئارتۆ دەیویست سەرلەنوێ ژیانی شانۆ، یان ڕاستتر بوونی شانۆ لە سەربەستییە تەواوەکەی خۆیدا بدۆزێتەوە، لەگەڵ دەستپێکی هێز و وزەکانی خولْقاندندا یەک بگرێتەوە، ئەندامەکانی مرۆڤ و ئۆرگانەکانی جەستەی مرۆڤ بگۆڕێت، هاوکات ئاستی هەستکردن و وەرگرتنی مرۆڤ بەهێز بکات. ئارتۆ دەیویست لە بنەماوە مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ بگۆڕێت، بە شێوەیەک ئەو مرۆڤە تازەیەی ئەو دەیویست ببێت بە بەشێکی گرنگی توخمی ئەو خولْقاندنەی، کە بتوانێت ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی دەربخات.

ئارتۆ نەک تەنها بە شانۆ، بەڵکو بە وێنە و تابلۆکانی؛ ئەو تابلۆیانەی ئەو دروستی دەکردن و ئەو هونەرە وێنەکێشانەی ئەو دەیخولْقاندن، هاوشانی هەوڵە شانۆییەکانی و نووسینە تیۆرییەکانی بەرجەستەی دیدە ڕەش و فەلسەفە نەهێلستییەکەی ئارتۆ دەکەن. وێنە و تابلۆ و هێڵکارییەکانی دوای مردنی، نەخشە ڕەشە توندوتیژەکەی ژیانی ئارتۆ تەواو دەکەن. تیشک خستنە سەر هونەری وێنەکێشان و بڵاوکردنەوەی هێڵکاری و پۆترێتەکانی، وێنە فەلسەفییەکەی ژیان و هونەری ئارتۆ تەواو دەکەن.

(جاک دریدا) ١٩٣٠-٢٠٠٤ یەکەم کەسە، کە تابلۆ و هێڵکاری و پۆترێتەکانی ئارتۆ، لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و چەمکێکی قووڵی سایکۆلۆژییەوە دەخوێنێتەوە. دریدا لە شەستەکانەوە کاری لەسەر ئارتۆ کردووە، ئاورێکی بۆ هەندێ لە ژیان و بەرهەمەکانی داوەتەوە و لە دیدێکی جیهانگیری و گەردوونییەوە، ڕاڤەی ئارتۆ-یەکی وێنەکێش و دواتریش ئارتۆیەکی شانۆکار، یان فەیلەسووفێکی شانۆمان بۆ دەکات. یەکەم کتێبی دریدا (نووسین و جیاوازی)، کە ساڵی ١٩٦٧ بڵاو کراوەتەوە، لە دوو

لێکۆڵینەوەدا، لە لایەکەوە (لە ڕووی فەلسەفەی خودگەرایی و لە لایەکی دیکەشەوە دەربارەی؛ کە لە دەرەوەی ژیان و لە سنوورەکانی مەرگدا بژیت) کار دەکات.[16]

دریدا لە ڕووی تیۆری شانۆییەوە، شیکارییەکی قووڵی فەلسەفی و سایکۆلۆژی بۆ شانۆی توندوتیژ دەکات. دواتر دریدا، دوای چەندان ساڵ دەگەڕێتەوە سەر ئارتۆ و لە کتێبێکی گەورەدا (ئەنتۆنان ئارتۆ/ هێڵکاری و پۆترێت)، کە لە ساڵی ١٩٨٦دا بڵاوی کردووەتەوە. دریدا لەم کتێبەدا، کارەکانی ئارتۆ: ئاوی، هێڵکاری جلوبەرگی شانۆیی، نەخشەی سینۆگرافیا، بەشێکی زۆر لە پۆترێتەکانی خۆی و پۆترێتی هاوڕێکانی، کە لە کات و شوێنی جیاوازدا کێشاونی، بەسەردەکاتەوە. دریدا هەر لەم کتێبەدا، هەندێک لەو نامانەیش بڵاو دەکاتەوە، کە ئارتۆ وەک تابلۆ و بە ئاگری جگەرەکەی دەستی سووتاندوونی، وەک ئەوەی وێنەی خوێنی تیا کێشابن. ئەم نامانە، کە لە نەخۆشخانە دەروونییەکانەوە بۆ هاوڕێکانی ناردوونی، بێگومان زەنگێکی پڕ مەترسیی ئارتۆ بوون لەم نەخۆشخانانەدا و هاوارێک بوون بۆ یارمەتی و ڕزگارکردنی لەم شوێنانەدا.[17]

ئەم کتێبە هونەرییە فەلسەفییە، کە تابلۆ و هێڵکاری و پۆترێتەکانی ئارتۆ، لەگەڵ تێکستەکانی دریدا لەخۆ دەگرێت، ئاوڕدانەوەیەکی سەراپاگیرە بۆ ئارتۆ، وەک هونەرمەندێکی

---

[16]. لاپەڕە ١٥٨ لە: Enckell, Johanna, Skärvor av Artaud, En essä om fransk teater efter Befrielsen, Helsingfors, 2003

[17]. ئارتۆ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر نامەی نووسیون و زۆر جار بە نامەکانی و لە ڕێگەی نامەکانیەوە هزر و دیدی هونەریی خۆی سەبارەت بە شانۆ، فەلسەفە، زمان، باری دەروونی... هتد دەربڕیوە. زۆربەی پسپۆڕانی بواری ئارتۆ، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئارتۆ لە نامەکانیدا زۆر ڕاستگۆ بووە، بۆ نموونە لە هەندێک لەو نامانەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەست دەکات ئەوەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە لە بیری دەچێتەوە و ناتوانێت هزری خۆی کۆبکاتەوە، هاوکات ئەو توانایەی نییە گوزارشت لە (من)ی خۆی بکات.

وێنەکێش و مرۆڤێکی بێدەرەتان. دریدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئـــارتۆ لە ڕەوشـــی شـــێتی و بـــارێکی دژواری دەروونـــی و لەدەستدانی هاوسەنگیدا، جۆرە زمانێکی تایبەت بە خۆی بۆ گوزارشتکردن لەو ڕەوشەی تیا ژیاوە دروست کردووە. دریدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە وێنە و هێڵکاری و پۆترێتەکان جۆرە دینامیکێکی ناوەکییە بۆ ڕاگرتنی تەوازنی ناوەوەی ئارتۆ و بەردەوامی و بەرگەگرتن و بەرگریکردن. دریدا هەموو (هاوار هاوار و هەراوزەنای ئارتۆ لە کرداردا) دەبینێتەوە.[18] ئەمەیش بابەتی ئەو (پریشکی خوێن)ەیە، کە ئارتۆ دەیەوێت بەرجەستەی بکات، ئارتۆ ساڵی ١٩٢٤ دەقێکی کورتی شانۆیی بە ناوی (پریشکی خوێن)ەوە نووسیوە.[19] دریدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ستراتیژی پریشکی خوێن، کە ئارتۆ دژی ڕووپەری ئەو کاغەزانە بەکاری دەهێنیت، کە وێنەیان لەسەر دەکێشێت.

ئارتۆ دوا وێنە، کە کێشاویەتی، پۆترێتێکی خۆیەتی لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٨دا کراوە و وەک سیمایەکی پڕ لە دراما ئاماژەی بۆ کراوە.[20]

---

[18]. لاپەڕە ١٥٨ لە: Enckell, Johanna, Skärvor av Artaud, En essä om fransk teater efter Befrielsen, Helsingfors, 2003

[19]. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣ی ئەم کتێبە.

[20]. لە ساڵی ١٩٩٦دا مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن لە نیویۆرک، پێشانگەیەکی گەورە بۆ تابلۆ و هێڵکارییەکانی ئارتۆ دەکاتەوە، هاوکات دریدا سیمینارێک سەبارەت بە ئارتۆ و هونەری وێنەکێشان پێشکەش دەکات. دریدا سیمینارەکەی بە ناوی (ئارتۆی پیرەمێرد)ەوە دەبێت، وەک هێمایەک بۆ ژیانی ئارتۆ لە دوو ساڵی کۆتایی تەمەنیدا؛ ئارتۆی تێکشکاو و گەڕانەوە بۆ هونەری وێنەکێشان. هەروەها دریدا ئاماژەی بۆ ئەوەیش کردووە، کە ئارتۆ لە هەموو ژیانیدا دژی هەموو دەزگا فەرمییەکان، تەنانەت مۆزەخانەکانیش بووە.



ئارتۆ، لۆسێتە لیۆسۆن و ڤیتراک لە تابلۆیەکی زیندودا لە شانۆی ئەلفرێد گاری

## بەشی شەشەم

## ئارتۆ و ئەدەبی شانۆیی و هونەری دراما

تـــا ئێســـتا، لە زۆربەی بەشـــەکانی ئەم تـــوێژینەوەیەدا بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ چـۆنیەتیی سـرووت و ڕیتـــواڵە ئـــاییني و ســـتراکتورە دراميیەکانمـــان دەستنيشـــان کـردووە، هاوکـات چـۆنیەتیی بەرجەسـتەکردنی ئەو ڕیتـواڵە ئـاييني‌يە دێرینـانە لە جۆرە نمايشـە هـونەرێکی درامیـی شـانۆیی ســـــەربەخۆدا ڕوون کـــــردووەتەوە. بەڵام لێـــــرەدا وەک سەرەتایەکی ئەم بەشە دەمەوێت جیاوازیی نێوان ئەو سرووت و ڕیتـواڵە ئاييني‌يـانە، وەک پەیـام و دەسـتوور و یاسـایەکی نەگۆڕی ئاسمانی، لەگەڵ سرووت و ڕیتواڵە درامیيەکان بکەم؛ ئەو ســـرووت و ڕیتـــواڵانەی ئـــێمە مەبەســـتمانە و لە نمايشـــەکانماندا هەوڵـــی بەرجەســـتەکردنی دەدەیـــن و لەو ڕێگەیەوە دەمانەوێت هونەرێکی درامی و شانۆیی سـەربەخۆ لە هونەرەکـانی تـر بخـوڵقێنین. ئەمەیـش بـۆ ئەوەی بتـوانین زیـاتر مەبەستەکانمان بپێکین و تایبەتمەندێتیيەکی پێ ببەخشین.

وەک لەوەوبەر ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، مـرۆڤ لە ڕوانـگەی سـرووت و ڕیتـواڵە درامیيەکانەوە بەردەوام دووپـاتی کەرامەت و سەربەستیی خودی خۆی دەکـاتەوە، هەروەهـا ئەم ڕیتـواڵ و سـرووتانە بانکەشـەی جـۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک، بەرامـبەر هێـــزە گەورە ئاســـمانی و ئەوانەی ســـەرزەمينيش دەکـــات،

بەمەیـش سـرووت و ڕیتـواڵە درامییەکـان، کە پڕۆسێسـێکی شانۆیی و نمایشئامێزن و پێکهاتووی گەلێک کێشـە و ململانێی هەتاهەتـایی و گەردوونیـی مـرۆڤن، زۆر جیـاوازترن لەو سـرووت و ئاهەنـگ و ڕیتـواڵە ئـاییننییە لێوانلێـون لە کڕنووشبردن و پاڕانەوەی مرۆڤ سەبارەت بە وێرد و یاسا و سـنووورە نادیـارە ئاییننییەکـان، تـا هێـزە خواوەنـدی و ئاسـمانییەکان بە چـاوی بەزەیـی و سـۆزەوە لێیـان بـڕوانن و ڕازی ببن لێیان و لێیان خۆش بن.

خـاڵی جیـاوازیش لەم مەسـەلەیەدا، کە زیـاتر گرنگە و جێی سـەرنج و ئامـاژەبۆکردنە، ئەوەیە: ئـادەمیزاد لە کاتێکدا (لە هەر سـەدە و سـەردەمێکدا بێـت) نـوقمی دەریـای ئەم سـرووت و ڕیتواڵە ئاییننییانە دەبێت و بە تەواوی خودی خۆی ون دەکات و ڕۆڵـی نامێنێـت، بەڵام لە ڕیتـواڵە شـانۆییەکاندا، کە بە شـێوەیەکی زۆر هۆشـیارانە سـوودی لەو سـرووت و وێـرد و ڕیتـواڵە ئاییننییـانە وەرگرتـووە، تەنهـا ئـادەمیزاد خـاوەنی هەڵوێستە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو دیـد و ڕوانـگەیەوە و لە بەرجەسـتەکردنێکی بـاڵادا، خـۆی و خودی خۆی دەردەبڕێت.

ئـارتۆ دوای گەشـتە هـزرییە قـووڵ و فراوانەکانی و بینینـی شـانۆییە سـەمائامێزەکانی دوورگەی (بـالی) و هۆشـیاری خۆی بەرامـبەر بە سـرووت و ڕیتـواڵە ئـاییننییە کۆنەکـانی گریـک و سـەدەکانی ناوەڕاسـت و ڕەنگـدانەوە و کـاریگەریی دەقە شانۆییەکانی ئەلفرێد گاری و هـاوار و وڕینەی بـاوکە ئۆپۆ لە مێشـکیدا، هەروەهـا نزیکـی خـۆی لە جیهـانی شـیعر و

کاریگەرییەکانی ڕامبۆ[١] و بۆدلێر[٢] و زمانە شیعرییە پاراو و قووڵ و پڕ مانا سمبوڵییەکەی مۆریس میترلنگ[٣] و لۆرانس[٤] و تارماییە کاریگەرە بەهێزەکەی ئەدگار ئالآن پۆ[٥] و هێزە گەورە ئەفسووناوییەکەی داستانی (هیرودیاد)ی مالارمییە[٦] گەیاندوویانەتە ئەو بڕوایەی بڵێت: پێویستە هونەری شانۆ لە دەقە نووسراو و ئامادە و حازربەدەستەکان بپارێزرێت و دوور بخرێتەوە.

ئارتۆ لەژێر ئەو کاریگەرییە بەهێزەی دونیای شیعرەوە دیدە شانۆییەکەی خۆی دادەڕێژێت و لە تاریکییە قووڵەکانی

---

١. ڕامبۆ، ئارسەر ١٨٥٤–١٨٩١ دادەنرێت بە دامەزرێنەر و ڕابەرێکی گەورەی قوتابخانەی سیمبوڵیزم لە شیعری هاوچەرخی جیهانیدا، لە ڕێگەی مامۆستاکەیەوە ئاگری خۆشەویستی و بیر و خوێندنەوە لە دەروونیدا لە قوتابخانەکەیدا کڵپەی سەندووە، حەزی بە گفتوگۆکردن، بە تایبەتییش لە بوارەکانی دین و سێکس و سیاسەتدا کردووە.

٢. بۆدلێر، شارڵ ١٨٢١–١٨٦٧ شاعیرێکی فەرەنسییە. بە یەکێک لە دیاریترینی ئەو هونەرمەندانەی بانگەشەی تیۆری هونەر بۆ هونەریان کردووە، دادەنرێت. تیۆرە ئێستاتیکییەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر دروستبوون و گەشەکردنی قوتابخانەی سیمبوڵیزمەوە هەبووە.

٣ . ماترلینگ، مۆریس ١٨٦٢–١٩٤٩ شاعیر و نووسەری شانۆیی بەلجیکییە. کۆلێژی یاسای تەواو کردووە، بەڵام چووەتە پاریس و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و خۆی بۆ ئەدەب و هونەر تەرخان دەکات.

٤. لورنس، دایڤید هربرت ١٨٨٥–١٩٣٠ ڕۆماننووس و شاعیرێکی ئینگلیزییە. بە یەکێک لە مەزنترین و بلیمەتە گەورەکانی ئەدەبی ڕۆمانسی ئینگلیزی دادەنرێت لە سەدەی بیستەمدا.

٥. ئالآن پۆ، ئەدگار ١٨٠٩–١٨٤٩ شاعیر و چیرۆکنووسێکی ئەمەریکییە، نووسینەکانی زیاتر بەرگێکی سمبوڵی و گوزارشتئامێز لەخۆ دەگرن و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی هونەری کورتەچیرۆکی هاوچەرخ.

٦. مالارمیە، ستێڤان ١٨٤٢–١٨٩٨ شاعیرێکی فەرەنسییە، دادەنرێت بە ڕابەر و دامەزرێنەری ڕێبازی سیمبوڵیزم.

زمانە مەجازییەکەی شیعرەوە پێناسەی ئەو شتە لە شانۆدا دەکات، کە پێناسە ناکرێت. ئارتۆ لە مانیفستەکەی دامەزراندنی شانۆی ئەلفرێد گاری-دا دەڵێت: (نمایشی شانۆیی و جوولەی ئەکتەر، تەنها وەک ئاماژەیەکی دیار، سەبارەت بە شتێکی نادیار، یان زمانێکی نهێنی سەیر دەکرێت.)[٧] ئەمەیش گەڕانەوەیەکی هزرییە بۆ ڕاڤەی شیعر لە شانۆدا و ئارتۆ دەیەوێت لە نهێنیی شیعرەوە لە نهێنییەکانی شانۆ تێبگات.

لەم ڕووەوە لە ڕێگەی دید و هزرە تیۆرەکانی و چەند ئەزموونێکی کردەییەوە کەوتە کارکردن و ئامادەکردن و داڕشتنی پرۆسێس و ستراکتورێکی تایبەتی پرۆژە شانۆییەکانیەوە. زمانی شیعر، وەک زمانێکی مەجازی و ناڕاستەوخۆ لە دەربڕیندا و نزیکی لە داستان و گوێنەدان و پشتگوێخستنی گوتەی لۆژیکیی مەسەلە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ و بابەتە پڕ لە تەمومژ و تیۆرە وشکەکان، یەکەم هەنگاوی سیستێمی لابورە شانۆییەکەی بووە. ئارتۆ لەو شێوازە شیعرییەوە خەون و ژیانە بێئاگاییەکە، مافەکانی خۆیان بەدەست دەهێننەوە، بەو شێوەیەش مرۆڤ دەگاتە نهێنییەکانی گێتی و دەرکیان پێ دەکات[٨]. بۆ ئەم مەبەستەیش شۆڕشێکی فەلسەفی و دابڕانێکی هونەری لە (زمان و زمانی ئەدەبی و هونەری نووسینی دەقی شانۆیی)دا بەرپا کردووە، ئەمەیش دوای ئەوەی بۆی ڕوون بووەتەوە، کە (زمان توانای ئەوەی نییە هاوشانی شانۆ ئایدیالیزمییەکەی ببێتەوە و ئەندێشە و هەست و سۆزە جۆربەجۆر و جیاوازەکانی مرۆڤ دەرببڕێت)،

---

[٧]. لاپەڕە ١٢٤ لە: " Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981

[٨]. والاس فاولی، عصر السريالية، ترجمة خالدة سعيد، ل٢١١.

چونکە ئارتۆ مەبەستی بووە ئاکامی نمایشەکانی، سەبارەت بە مرۆڤ، بکاتە ترۆپکی پرسیارە میتافیزیکییەکان: زەمەن، ژیان و مردن[٩]. ئارتۆ دەیویست شانۆیەکی ئەفسانەیی دروست بکات، تا بتوانێت گوزارشت لە لایەنە گەردوونییە گەورەکەی ژیان، هەروەها نهێنییەکانی مەرگ بکات و لەم ژیانە ئەو وێنانە بدۆزینەوە، کە خۆمانی تیا دەدۆزینەوە و دواتر بەرەو پاکژبوونەوەمان دەبات.

ئارتۆ هاوکات ڕۆنانی درامیی شانۆ و شانۆی کلاسیکی ئەورووپی، لەسەر بنەما ئاکارییە نەگۆڕەکان و (بنەما دەروونییەکان)ی کارەکتەر پشتگوێ دەخات، چونکە ئەم جۆرە کارەکتەرانە بۆ ئەو شانۆ ئاکارییەی، کە درێژکراوەی شانۆ سروشتییەکەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمە، نەبێت، دەست نادات. بنەما و ڕۆنانە دەروونییەکانی کارەکتەر لای ئارتۆ، پێویستە لەسەر شێوازێکی میتافیزیکی بنیات بنرێت و هێما و خواستن (الاستعارة) سیماکانی پێک بهێنێت؛ لەم ڕووەیشەوە لەسەر نووسەرە شانۆییەکان پێویستە، کە بگەنە (ڕەگە) دەروونییە قووڵ و داستانییەکانی مرۆڤ، تا لەو دەروازە و ڕێگەیەوە بتوانن ڕوخسار و سیماکانی کارەکتەرەکان دیاری بکەن[١٠].

ئارتۆ ئاماژە بۆ مەبەستی خۆی لە شانۆیەکی ئاماژەئامێز دەکات، لەو ڕووەوەی گرنگی بە بەرجەستەی لایەنە فیزیکییەکەی شانۆ دەدات، کە شتگەلێکی کۆنکرێتی و ئامادەن لەسەر شانۆ. ئەم شتگەلەیش تەنها سینۆگرافیایەکی ئامادەکراو

---

[٩]. مجلة الاقلام، العدد الاول، السنة الخامسة عشرة ١٩٧٩.

[١٠]. حفيظة محمد عيد المنعم، أنتونان أرتو و مسرح القسوة، مجلة "فصول" العدد ٣، سنة ١٩٨٢.

نیـیە، بەڵکـو مانـایەکی تـایبەت و ڕاسـتەوخۆی گرنگیـان هەیە، مانایەک چەندە لە ڕووە فیزیکییە بەرجەستەکراوەکەی شـانۆوە بەهـای هەیە و گـرنگە، بە هەمـان شـێوە مەودایەکـی قـووڵی ناوەوەیشـی هەیە؛ هێزێکـی پـڕ لە ڕاز و نیـازی نـاوەکی لەخـۆ دەگرێـت. ئەمەیـش تـاکە ڕێـگەیەکە ئامـادەگییەکی بەهێـز دەبەخشـێت بە شـانۆ و شـانۆیەکی تەواومـان پـێ دەبەخشـێت. لەم میتا-فیزیکییە شـانۆییەوە، چەمکـی توندوتیژی ئاڕاسـتەکانی خـۆی وەردەگرێـت و وەک بـوونێکی کـۆنکرێتی و هەسـتپێکراو ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

تێگەیشتن و تێڕوانینە هزرییەکەی ئارتۆ سـەبارەت بە دەقی شـانۆیی و بـوون و نەمـانی بەهـای دیـالۆگ و ئاخـاوتن و گفتوگۆ، بەم شـێوەیەی لای خـوارەوە لە هێڵێکی ڕێکی پتەو و سیستێمێکی ئاشکرادا دەردەکەوێت:

١. دەقـی شـانۆیی تـوخمێکی سـەرەکیی نمایشـکردنی شانۆییەکانە.

٢. لەگەڵ هەمـوو شـتێکدا پێویسـتە ڕێـزی دەقە شـانۆییەکان بگیرێت.

٣. دەقە شانۆییەکان شایانی بایەخ و ڕێزلێنانێکی ئەوتۆ نین.

٤. دەقـی شـانۆیی چارەنووسـێکی دیـوەزمەی تونـدوتیژە و پێویستە خۆمانی لێ قوتار بکەین.

٥. دەقە شـانۆییەکان دوژمنێکـی کوشـندەن و پێویسـتە بەسەریاندا زاڵ بین و سەربەستیی تەواو بەدەست بهێنین[١١].

بەم شـێوەیە ئـارتۆ ئەو چەمـکەی خسـتووەتە پشـتگوێ، کە دەقی شـانۆیی وەک تـوخمێکی سـەرەکیی شـانۆ سـەیر دەکـات.

---

[١١]. د. سامية آحمد آسعد، فی الادب الفرنسی المعاصر، ل١٤٥-١٤٦.

لەم ڕووەوە (لۆک ئەستان)ی ڕەخنەگری شانۆی فەرەنسی ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە و هەموو دەقەکانی سەر بە ڕێبازی شانۆی پووچگەرا و بێهودە دەکات و بە شانۆی (پێچەوانە) ناوزەدیان دەکات؛ ئەم شانۆیەیش، واتە (شانۆی پێچەوانە) بە دراوێکی دوو ڕوو دادەنێت، کە هەردوو ڕووەکەی ئالای یاخیبوون و شۆڕشیان هەڵکردووە. لەبەر ئەوەی:

١. ئەم شانۆ نوێیەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لە هەموو ئەو شانۆییانەی بینیومان و دەیانزانین و لێمان کۆڵیونەتەوە و لە دووتوێی بەرگی دەقەکاندا خوێندوومانەتەوە هەیە، بە واتایەکی دی ئەم شانۆییە گەڕانێکی هۆشیارانەیە بەدوای زەمینەیەکی بەپیت، هاوکات نادیار و شاراوەدا.

٢. ئەم دراما و شانۆ پێچەوانەیە هەوڵدانێکە بۆ گەڕانەوەی سەرەتا و بنەماکانی دراما و ڕزگارکردنی شانۆ لە زۆر توخمی زیاد و نارەسەن، کە بە درێژایی مێژوو بەسەر دابونەریتەکانی شانۆدا کەڵەکە بوون[١٢].

بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو بیروڕایە، ئارتۆ دەڵێت: (لە هونەری دەرهێنان و نمایشەکان داوا دەکەین کێشە و ململانێ کۆن و نوێیەکان چارەسەر و بەرجەستە بکات، نەک دەقە شانۆییەکان.) ئارتۆ لە (شانۆ و هەمبەرەکەی) زیاتر پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرێت و دەڵێت: (نهێنیی شانۆ لەنێو پانتاییدا خولقاندنی ناتەباییە، جێگۆڕکێپێکردنی بەرزی و نزمیی لەرە دەنگییەکانە لە دەربڕینی گوزارشتەکان بە شێوەیەکی دیالێکتیکی.)[١٣]

---

[١٢]. لیونارد کابل برونکو، مسرح الطلیعة، ترجمة یوسف أسکندر، ل١٨٨.

[١٣]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١٧٢ – ١٧٣.

کردەی بانگەواز و گوێزانەوە و بڵاوکردنەوەی بیرورِا، لە رِێگەی ئاخاوتن و دیالۆگەوە، ئەو پرِۆسێسەیە شانۆ و نمایشەکانی پێ جیادەکرێتەوە لە هەموو شتێکی تر، بە کورتی شانۆ توانای ئەم کارەی نییە؛ ئەم هۆکارە شانۆ دەکاتە لقێک لە لقەکانی ئەدەب و پرِوپاگەندە. ئارتۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئەگەر ئاکامی شانۆ تەنها پێکەوەگرێدانی بیرورِاکان بێت لە رِوانگەی ئەدەب و زمان و دیالێکتیکەوە، ئەو کاتە خۆماندووکردنمان بێمانا دەبێت و کات و پارەیەکی زۆریش دەخەینە ئاوەوە بۆ دەرهێنان و نمایشکردنی شانۆییەک. هەر لەم رِووەوە لە نامەیەکیدا، کە بۆ (رِۆگەر ڤیتراک)ی نووسیوە، دەڵێت: (ئەگەر دەتەوێت شانۆیەکی وا بخولَقێنیت، کە بەرگری لە هەندێک بیرورِای سیاسی، یان هەر شتێکی تر بکەی، ئەوا من لەگەڵ تۆدا نابم؛ چونکە هیچ شتێک لە شانۆدا نامجوولێنێت، تەنها شتە شانۆییەکان خۆیان نەبن. بەکارهێنانی شانۆ بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بیرێکی شۆرِشگێری –جگە لەوانەی، کە تەنها پەیوەندییان بە گیانەوە هەیە– وا بزانم هەوڵدانێکی نابەجێیە، ئەمە جگە لەوەی کاتبەفیرۆچوونێکی زۆرە و هیچی تر.)[١٤]

ئارتۆ ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە (وشە) لە شانۆکەیدا وەک –دەنگێکی تایبەت بە خۆی– بەکار دەهێنرێت و ئاهەنگێکی رِیتوالَئاسای بۆ دەخولَقێنرێت، لەو دید و رِوانگەیەشەوە ئەو جۆرە ئەتمۆسفێر و هەستە کاریگەرە ئامادە دەکەین، کە سروشتێکی تایبەتیی شیعری دەرِەخسێنێت،

---

[١٤]. حفيظة محمد المنعم، أنتونان أرتو و مسرح القسوة، مجلة "فصول" العدد ٣، سنة ١٩٨٢.

تا گیان و دەروونمان گۆش بکات، نەک لەو بوارەوە بیروڕا و هـزر و گفتوگۆمـان ئاڕاسـتە و پێشـکەش بکرێـت. بـۆ نمـوونە دەنگێکـی گـڕ و تـێکەڵ و نادیـاری بەهێـز، بەسـە بـۆ ئەوەی هەستی تـرس و ڕاچڵەکین و خورپەمـان لا دروسـت بکـات. لەم ڕوانگەیەوە بەکارهێنانی وشە و زمـانی دیالۆگ و ئاخـاوتن لای ئارتۆ زیاتر بەرگێکی نزیک لە ڕێبازی سـوریالیزمەکانەوە لەخۆ دەگرێت، ئـارتۆ لەپـاڵ دوورکەوتنەوەی لە بەکارهێنـانی وشـە و دیالۆگ، بەو شێوەیە و پشتگوێخستنی، هەوڵی داوە بەکارهێنـان و یـــارمەتیی هەمـــوو جـــۆرە زانســـتە کـــۆمەڵایەتی و دەروونییەکـانیش لە شـانۆدا پشـتگوێ بخـات و لێیـان دوور بکەوێـتەوە. ئـارتۆ بەم شـێوەیە باسـی هێـز و وزەی درامـا لە تێڕوانینـی شـانۆی تونـدوتیژەوە دەکـات و دەیبەسـتێتەوە بە چارەنووس و توانای مرۆڤەوە. (لەوانەیە نەتوانین چارەنووسـی ژیانمـــان بگـــۆڕین، بەڵام دەتـــوانین چارەنووســـمان جێـــی سەرنجڕاکێشـان بێـت و هەوڵ بـدەین لە کەوتـن و ڕوخانیشـدا ئاهەنـگ بە هێز و تواناکانمـانەوە بگێڕین. ئەمە یەکێکە لە پیشـە سەرەکییەکانی دراما.)

لەبەر ئەوەی گەوهەری تیـــۆر و پرۆسێســـە نمایشـــەکانی ئارتۆ لە شانۆ و فەلسەفە و شارستانییەتی خۆرهەڵاتی کۆن و جیهـانە میتـافیزیکییە شـانۆییەکەی نزیـک دەبێـتەوە و هەوڵ دەدات لەتەک ئەو جیهـانەدا سـرووت و ڕیتـواڵە شـانۆییەکی بەرز پێشبینی بکات. کەواتە ئەو بـابەت و دەقە شـانۆییانە چین، کە لەگەڵ هــزر و بۆچــوون و دیــد و تێڕوانینەکــانی ئــارتۆدا دەگونجێن؛ هەر سـەبارەت بەم مەسـەلەیە، ئارتۆ لە (مانیفێسـتی دووەمـی شـانۆی تونـدوتیژ)دا دەڵێـت: (شـانۆی تونـدوتیژ ئەو بـاس و بابەتـانە هەڵدەبژێرێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەو نەخۆشـییە

دەروونــی و شــێواوی و دڵــەڕاوکێی مرۆڤــی ئەم ســەدەیە، دەشـتوانم بڵـێم ئەمـڕۆ ئەم نەخۆشـییانە بە دیـاردەی سـەردەم دادەنـرێن.) بابەتەکـان بـابەتی کەونیـی جیهـانی دەبن[15] و بەپێـی کــۆنترین دەق و بـــابەتە ئەفســـانەییەکان ڕاڤە دەکـــرێن و سوودیان لێ وەردەگیرێت؛ لە سەرهەڵدانی زانستە گەردوونییە کۆنەکانیشـــەوە شـــت وەردەگرێـــت: بـــۆ نمـــوونە زانســـتە ئەفسـانەییەکانی سـەرهەڵدانی مەکسـیک و هینـد و عیبرانییەکـان و ئێـران، وەک لەوەوبەر و لە بەشـی پێنجەمـی ئەم کتێـبەدا ئاماژەمـــان بـــۆ کـــردووە. (کەواتە ئەم شـــانۆیە لە مرۆڤـــی سـایکۆلۆژی و مـۆرک و دابـونەریتە جیاوازەکـانی ناڕوانێـت، بەڵکو ڕووبـەڕووی مـرۆڤ بەگشـتی دەبێتـەوە و مـامەڵە لەگەڵ مـرۆڤ بە چەشـنێکی جیـاواز، دوور لە بنەمـا سـایکۆلۆژییەکانی شـانۆی ڕیـالیزمەوە دەکـات، نەک ئەو مـرۆڤە کۆمەڵایەتییـانەی، کە ملکەچـی دابونەریت و یاسـاکانن، ئـایین و زانسـت و تیـۆرە جۆربەجۆرەکان شێواندوویانە.)[16] یان (بۆ بیر لە شـانۆیەکی وا نەکەینەوە، کە ڕاسـتەوخۆ لەسـەر تەختەی شـانۆ بنووسـرێت و کاری دەرهێنانی بۆ بکرێت.)[17] ئەمەیش یەکێکە لە دید و بنەمـا ســەرەکییەکانی شـــانۆیەک، کە دەیەوێـــت لە دەرەوەی بنەمـــا تقلیدییەکانی شانۆوە کار بکات.

ئـارتۆ لەم ڕوانـگەیەوە پشـت بە دەقـی ئەدەبیـی شـانۆیی نابەســـتێت؛ چـــونکە لە دیـــدی ئـــارتۆ-ەوە شـــانۆ نابێـــت

---

[15]. گەردوون (الکـون) لای ئـارتۆ هەمـان بۆچـوون و مەبەسـتی تیۆرەکـانی (هرقلیســطس)ە ســەبارەت بە جیهــان، ئەو جیهــانەی هەمیشــە لە جــووڵە و گۆڕاندایە.

[16]. أنتونین أرتو، المسرح و قرینة، ترجمة د. سامیة أحمد أسعد ل١٠٨-١٠٩.

[17]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆنوبەرامەی بوخوردی بەرهەمە شانۆییە نووسراوەکانی ناو کتێبخانەکانی لێ بێت، بەڵکو پێشنیازی ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە دەکات، کە لە کاتی پرۆسێسی دەرهێناندا خۆی ڕاگوزاری دروست دەبێت، بە واتای هەر لەو کاتەوە، کە توخمەکانی تری زمانە شانۆییەکە لە دیکۆر و ڕووناکی و پێکهێنەرەکانی تری شانۆییەکە ئامادە دەکرێت. (لە شانۆدا هێڵ دەنگە، جووڵە و مۆزیکە، ئەو جووڵەیەی کە لە دەنگەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک وشەیەکی واتاداری ڕوونی نێو ڕستەیەکە.)[18] بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەش تەنها بابەتەکە، پێش پرۆسێسی دەرهێنان دەستنیشان دەکرێت، هەر لێرەیشەوە مەسەلە ڕاگوزارییەکە لە کاتی نمایشکردنەکەدا لەگەڵ بینەراندا ڕوو نادات، بەڵکو لە کاتی پرۆڤە و پرۆسێسی دۆزینەوە و کاری دەرهێناندا دەخولقێت، بۆ ئەوەی زمانی دیالۆگ و توخمەکانی تری شانۆییەکە لە یەکەیەکی هونەریدا سەقامگیر بین. هەموو دیمەنێک، هەموو چرکەیەک لە نواندنی ئەکتەرەکان دەبێت خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی گرنگ و کاریگەر بێت. بینەران پێویستە ئەو هەستەیان تێدا دروست بکرێت، کە ئەوەی لەسەر شانۆ دەیبینین، دیمەنێکە لە بوون و ژیانی ئەو.

لە ئاکامی ئەم تێڕوانینانەدا دەتوانین بڵێین ئەنجامی ئەم شانۆیە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان نەبووە، یان گۆڕەپانی شۆڕشە هزری و دژبەیەک و پڕوپاگەندە سیاسییەکان، بەڵکو مەبەستی ئەم شانۆیە گوزارشتکردن بووە لە هەندێک لە ڕاستییە شاراوە قووڵەکان، بە ڕێگەیەکی تری بابەتییانە و گرنگیدان بە هەموو ئەو شتانەی

---

[18]. شانۆ و خواوەندەکان، ئەنتۆنان ئارتۆ، وەرگێڕانی کاردۆ، ئەنتوان ئارتۆ، کۆمەڵێک نووسەر، کتێبی شانۆ ژمارە ٥، دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠١٥. ل٣٤.

مرۆڤایەتین؛ تەنانەت لە داستان و کتێبە ئایینییە نێردراوەکانی ئاسمانییش هیچ نابینێت، ئەوانە نەبێت، کە پەیوەندییان بە هەموو خەڵکەوە هەیە و پرسیاری جۆراوجۆر لە هەموو سەردەمێکدا، دەربارەی گرفت و پەیوەندیی مەسەلە گەوهەرییەکانی مرۆڤ و بوونی مرۆڤ دەوروورژێنێت. لەبەر ئەوە ڕاڤەکردنی بارە دەروونییەکان و لێکۆڵینەوەیان شتێکی دوورە لە گەوهەر و بنەما سەرەکی و ڕاستەقینەکانی شانۆوە، هاوکات لە قسە و مشتومڕ و ئاخاوتن و دیالۆگەوە، دوورن لە هەموو کێش و بەهایەکەوە، لەبەر ئەوەی گوێزانەوەیەکی بێهودەی ئەو شتانەیە، کە دەتوانین بیانبینین. گۆڕانی چارەنووس و ڕۆڵی وشە لە شانۆی توندوتیژ و شیعرئامێزدا مانای وایە، کە ئەو دیالۆگ و وشانە بە شێوازێکی ماددی و بەڵگەدار، لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستە بکرێن و ئەو وشانە وەک هەموو شتێکی ماددی، ئەو شتانەی توانای لەرینەوەیان هەیە و دەتوانرێت، وەک هەموو شتێکی دی بە دەست بگیرێن، ئەمانە هەمووی لەسەر شانۆ و بە شێوەیەکی ماددی بەرجەستە بکرێن. کەواتە وشە لەم نمایشانەدا (ئەو قەوارەییە، کە پانتاییەک لە بۆشاییدا داگیر دەکات) وا بزانم ئەم پێناسەیەیش لە پرۆسێسی نمایشە شانۆییەکاندا شتێکی ئاسان نەبێت.

ئارتۆ توانیی لە دید و ڕوانگەی چەمکی تیۆرە شانۆییەکەیەوە بەسەر مەسەلەی ڕووداوە شیعرئامێزەکاندا (شاعرية الحدث) زاڵ بێت، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خۆی سەپاندبوو بەسەر ڕەوت و بزوتنەوەی هونەری شانۆ و درامادا، لە هەمان کاتیشدا وەک هەڵوێست و ڕوویەکی ناکۆک و دژ بەم هەڵوێستەی شانۆ و درامای تەقلیدیی ڕۆژئاوا،

شانۆکەی خۆی ناو بنێت (شاعیریەتی شوێن-شاعرية المكان). ئارتۆ بەم ڕێگەیەیش زیاتر بیرە ڕووتەکەی (فكرة المجردة) نزیک دەخاتەوە لە مێشک و هەست و سۆزی بینەرەوە، بەوەی شێوەیەکی بەڵگەداری پێ دەبەخشێت. نموونەیش بۆ ئەمە (مرۆڤێک) نەفرەت لە خواوەندێک دەکات، خێرا لەشێکی گەورەی زەبەلاح لە بەردەمیدا دەربکەوێت، کە وێنەیەک بێت لەو نەفرەتەی لە دەمی هاتووەتە دەرەوە. بەمەیش بیرەکە دەبێتە وێنەیەکی شێوەکاری و لە پانتایی شانۆدا بەرجەستە دەکرێت[19].

ئارتۆ خۆی بەم شێوەیە باسی ئەم چەمکە شیعرییەی شانۆکەی و ئەو دیدە هزرییەی لە پشت ئەم کارەوەیە، دەکات: (ئەو زەمانەی، کە لەپێناوی هەستەکاندا پێک دێت، لەپێشدا دەبێت خۆی سەرقاڵی بەدیهێنانی خواستی هەستەکان بکات. ئەو کارەیش ڕێگریی لێ ناکات، کە دواتر هەموو دەرئەنجامە هزرگەرایییەکانی لەسەر گشت ئەو ئاستانەی شیاون و بە هەموو ئاڕاستەکاندا گەشە پێ بدات. ئەمەیش ڕێ خۆش دەکات بۆ گۆڕینی شیعری وشە بۆ شیعری پانتایی، کە لە

---

[19]. مەبەست لەم دوو زاراوەیە (ڕووداوە شیعرئامێزەکان "شاعرية الحدث" و شاعیرییەتی شوێن "شاعرية المكان" ئەوەیە، کە ئارتۆ گرنگیی نەداوە بە شیعریەتی ڕووداو و زمانی ئەدەبی و شیعری دەقە شانۆییەکان، بەڵکو بە یارمەتی و لە دید و ڕێگەی بەکارهێنانی مۆسیقا و سەما و هونەرەکانی جووڵانەوە و پانتۆمایم و گۆرانی و ڕیتواڵ و ڕووناکی و هەموو چاوگ و توخم و شێوازە سەرەتاییەکانی تری سەرەتای شانۆوە، وێنەیەکی بەرزی شیعری بەو پانتاییە فراوانەی نمایشەکەی لەسەر پێشکەش کراوە، بەخشیوە، بەمەیش شانۆیەکی سەراپاگیری سەربەخۆ دەخوڵقێت، کە پێی دەگوترێت (شاعیرییەتی شوێن.)

بوارێکدا ئـاوێتە دەبێـت، بە هـیچ جۆرێـک پەیوەسـت نابێـت بە وشەکانەوە.)[٢٠]

بێگومان ئارتۆ مەبەستی ئەوە نەبووە، کە بە تەواوی ڕۆڵـی (وشـە) لە شانۆدا نەهێڵێت و بیخـاتە پەراوێزەوە، بەڵکو گرنگیی وشــە بـۆ ئـارتۆ و لەم شــانۆ تونـدوتیژ و سەرکێشــە پـڕ لە ئەندێشــەیەدا، هەمــان گرنگیــی وشــەی بەکــارهێنراوی نــاو خەونەکانمـانە، چـونکە وشـەکان لەم شـێوازەی شـانۆدا مانـا و ناوەڕۆکە ڕووکەشەکانی ون دەکات و لەو جیهانەی لێی پەیدا بـووە، جیـا دەبێـتەوە و هەمـوو ئەو سـنوورانەیش دەبڕێت، کە بەرەو دواوەی دەگەڕێنـەوە. ئەم تیـۆرەیش جۆرێـک لە وێنەی ئەفسـووناویی دەوێـت، تـا ئەو خەونە بکـاتە سـرووتە نمایشــە شیعرئامێزەکان.[٢١]

ئـارتۆ لە ڕووی گرنگیـی بـایەخی خەون لە ژیـانی مرۆڤـدا دەڵێــت: (ڕووداوەکــانی خەون، کە هۆشــمەندییەکی قــووڵ لە بێئاگایماندا دەستەبەریان دەکات، فێری ڕووداوەکانی ئاگاییمـان دەکـات، لەو کـاتەی قەدەرێکـی ڕووت بەبـێ ئـارەزووی خۆمـان ئەمانبـات بەڕێوە.) کەواتە بەکارهێنـانی خەون لە شـانۆ و درامـا و لای ئـارتۆ و نمایشــەکانیدا سـتراکتور و بنـاغە و بنەمـایەکی سەرەکی و پتەویـان هەیە، چونکە لە خەونـدا نە درۆ هەیە و نە واقیــع، نە پەیوەســتیی ڕاســتەقینە و نە دووفــاقی، لەم ڕووەوە دەتــوانین بڵــێن نمایشــەکانی ئــارتۆ بــریتین لە خەونێــک لە چوارچێـوەی نەســتماندا، بـۆیە لە نووســەری دەقە شــانۆییە نووسراوەکان نزیک نابێتەوە.

---

[٢٠]. لاپەڕە ٦٣ لە: شانۆ و هەمبەرەکەی. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

[٢١]. والاس فاولی، عصر السريالية، ترجمة خالدة سعيد.

ئـارتۆ لە تەوەرەی ئەو شـێواز و مانـا فـراوانەی خەونەوە، تــوانیی چەمکــی وشـــە و ئاخـــاوتن و دیـــالۆگی شـــانۆیی لە چوارچێـوەیەکی تـایبەتی شـانۆییدا بەرجەسـتە بکـات، دوور لە هەمــوو جــۆرە ســنوور و ســتراکتورە ئەدەبییەکــانەوە. بەم شێوەیە و لەم ڕوانگەیەوە، ئارتۆ بابەتی شانۆکەی لە نـاوەڕۆکە تونـدوتیژ و خەونەکانمـانەوە ئامـادە کـردووە و هەوڵـی داوە لە نەخشەیەکی نمایشئاسادا بەرجەستەیان بکات.




دیمەنێک لە نەمایشی ئۆپۆی پادشا



تابلۆ زیندووەکانی شانۆی ئەلفرێد گاری

## بەشی حەوتەم

# چەمکی توندوتیژی، ئەفسوون و میتافیزیک لە سیستێمە کردەییەکەی شانۆی توندوتیژدا

### *ئارتۆ و توندوتیژی*

ئەوەی تا ئێستا لێی دواین ستراکتور و هاوکێشە شانۆییەکەی ئارتۆ تەواو ناکات؛ چونکە گەوهەری شانۆ و ئێستاتیکا و دیدی ئارتۆ، بە شێوەیەکی گشتی و ڕاستەوخۆ، لە فەرهەنگی شانۆی جیهانیدا لە زاراوەی (توندوتیژ)دا وەدەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت. ئەم زاراوەیەیش زۆر لە ڕەخنەگران و هونەرمەندانی شانۆ و شانۆکاران، لە زۆر وڵاتانی جیهاندا، لە تێڕوانینێکی هەڵەوە ڕاڤەی ئەم چەمکە و ماناکانی ئەم وشەیەیان کردووە و نرخی خۆیان نەداوەتێ، یان بە هەڵە تێی گەیشتوون. ئارتۆ هەر لە سەرەتاوە لەم بەدحاڵیبوونە گەیشتبوو، بۆیە لەو نامانەدا کە بۆ هاوڕێکانی ناردوون، هەوڵی ئەوەی داوە، ئەم هەڵەیە ڕاست بکاتەوە و زیاتر چەمک و مانا و لایەنەکانی "توندوتیژی" ڕوون بکاتەوە و بە شێوەیەکی ئاسانتر بیخاتە ڕوو. ئارتۆ لە کتێبەکەیشیدا (شانۆ و هەمبەرەکەی) ڕووبەر و بەهایەکی گرنگی داوەتێ و هەموو ئەو مانایانەی لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو، وەک تیۆرێکی شانۆیی ئارتۆ، لە بوار و چەمکی وشەی توندوتیژەوە خراوەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنەوە. مانیفێستەکانی

شـانۆی تونـدوتیژییش، هەوڵـێکن بـۆ ڕوونکـردنەوەی فـۆرم و لایەنە کردەیی و دیدە ئێستاتیکییەکەی ئەم چەمکەی شانۆ.

مەبەسـت لە شـانۆی تونـدوتیژ دەرخسـتنی لایەنە پـڕ لە ئەندێشـە و ژان و ئازارەکـانی ژیـانە، لە پـاڵ دەسـتەپاچەیی مـرۆڤ لە بەردەم زۆرێـک لەو پلانـانەی، قەدەر بە هۆیـانەوە یـاری بە چارەنووسـی دەکـات[1]. کەواتە (تونـدوتیژی دەربڕینـی ئەو کێشـە سـەرەتاییە بەردەوامەیە، کە مـرۆڤ و جیهـان تێـک دەشـکێنێت.)[2] شـانۆ کـار بـۆ ئاشـکراکردنی ئەو تونـدوتیژییە نەبینـراوەی نـاخی مـرۆڤ دەکـات، ئەو تونـدوتیژییە نادیـارەی کـاریگەریی بەسـەر ڕەوتـی ژیـانەوە هەیە و ڕووبەڕووی ڕەوشـە سـەختەکانی ژیـان دەبێـتەوە. ئاشـکراکردنی ئەم تونـدوتیژییەی نـاخی مـرۆڤ، چارەسـەرێکی ڕۆحییە و تەنهـا شـانۆیش دەتوانێت ئەم چارەسـەرە ڕۆحییەی مـرۆڤ بکـات. ئـارتۆ هەست بەو تونـدوتیژییە دەکـات، کە لە دونیـادا هەیە و دەیەوێـت بیخـاتە ژێـر ڕکێفـی خـۆیەوە و لە ڕێـگەی شـانۆوە پیشـانی بدا، چونکـە ئـەو، تەنانـەت لـەنێو جەسـتەی خۆیشـیدا، هەست بەو توندوتیژییە دەکا. ئـارتۆ ئەو تونـدوتیژییە دەگۆڕێت بەو وزە و ئەو هێـزەی دونیـای لـێ ڕزگـار دەکـات؛ دەیویسـت بیـنەر لە چەمکەکـانی تونـدوتیژی ئاگـادار بکـاتەوە، بەو مەبەسـتەی ئەم بیـنەرە لە ڕووی هـزرییەوە تەکانێـک بە ئاڕاستەی ڕزگارکردنی دونیا لەم توندوتیژییە بدا.

---

[1]. لێـرەدا مەبەسـت لە قەدەر Predestination ئەو چەمـکەیە، کە هەمـوو کـارێکی مرۆڤییـانە و تەنـانەت خۆشـی و ناخۆشـی و هەمـوو ڕووداوە گەردوونییەکانیش لەسـەر بنەمـایەکی سیسـتێمئامێزی ئەزەلـی و نەگـۆڕ دەڕوات بەڕێوە.

[2]. د. سامية أحمد أسعد، في الادب الفرنسي العاصر، ل١٤١.

ئارتۆ لە نووسین و نمایشەکانیدا بەردەوام ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە پێویستە بینەران لە ڕوانگەی بەشداری و مامەڵە ئەفسوونییەکەی جیهانە میتافیزیکییەکەوە هەست بە زەبروزەنگی گەردوون بکەن، لە پاڵ هەستکردنیان بەو توندوتیژییەی لە خود و بوونیاندا کپ کراوە و لە هەستی شاراوەدا هەڵگیراوە. ئارتۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئادەمیزاد دەتوانێت لە بواری بارودۆخە پڕ لە کارەساتەکانیەوە، وەک برسێتی و کوشتن و جەنگ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، بگاتە قووڵایی ڕاستییەکانی ژیانی، چونکە (توندوتیژی پێویستە! لەبەر ئەوەی تەنها لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ بەرەو ترۆپک بەرز دەبێتەوە، تا تووشی هەورەتریشقە بێت و تێکی بشکێنێت.)[٣] ئارتۆ هەمیشە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەرکی شانۆ ئەوەیە یارمەتیی مرۆڤ بدات بۆ گەیشتن بە گەوهەری ڕاستییەکان. لەبەر ئەوە، لێرەدا و لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا، توندوتیژی بە مانای سادییەت و ڕەفتاری بەزەبروزەنگ و خوێناوی نایەت، وەک زۆر لە هونەرمەندان تێیگەیشتبوون، بەڵکو (پێویستە وشەی توندوتیژی لەژێر ڕۆشنایی واتایەکی بەرفراوانەوە لێک بدرێتەوە، نەک بەو واتا تەسکە ماددییەی بەردەوام دەیدەنە پاڵی.)

چەمکی شانۆی توندوتیژی دەبێت شیکاری و لێکدانەوە و خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت، تا بە تەواوی لە بنەما و چەمکە تیۆری و پراکتیکییەکانی دەگەین. (لی یامێسۆن)[٤] چوار خاڵی

---

[٣]. د. عبد الرحمان بدوی، نیتشە، ل٢٦٨.

[٤]. لیٚ یامێسۆن ساڵی ١٩٧٧ لە بەریتانیا لەدایک بووە، نووسەر و فەیلەسووفە و لە زانکۆی De Montfort university خوێندنی تەواو کردووە، چەندان کتێبی

بـۆ تێگەیشـتن لە چەمکـی تونـدوتیژی دەستنیشـان کـردووە، هاوکات بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئـارتۆ بە چ مەبەستێک و بە چ شێوەیەک ئەم چەمکەی بەکارهێناوە: سـەرەتا توندوتیژی وەک مێتافۆرێک بۆ پێناسەکردنی گەوهەری بوونی مرۆڤایەتی بەکار دەهێنێـت؛ ئـارتۆ لەو بـڕوایەدا بـووە، کە شـانۆ جـۆرە ڕەنگدانەوەیەکی دیـدە نیهیلستییەکەی ئەوە بـۆ گەردوون، بەم شێوەیەیش پەیوەندییەک لەنێوان دیدی خۆی بۆ دونیا و دیدی نیچە دەخوڵقێنێت.

دووەم دیـدی ئـارتۆ بـۆ بەکارهێنـانی ئەم چەمـکە (بەپێـی لێکـدانەوەکانی یامێسـۆن) جـۆرێکە لە فـۆرم و دیسـیپلین. هەرچەنـدە حەزی ئـارتۆ "جـۆرە ڕقێکە لە هەمـوو فۆرمەکـان و گەڕانە بەدوای پشـێوی و هەراوزەنـادا" زمانحـاڵی دیسـیپلین و دیسیپلینێکی توند بووە لە گەڕانەکانیدا بەدوای تەکنیکدا.

سـێیەم بەکارهێنـانی ئـەم چەمکـە لـە چوارچێـوەی زمـانی شـانۆیە. شـانۆی تونـدوتیژی مەبەسـتی ئەوە بـووە، کە بینەرەکـانی بخـاتە نێـو چەقـی ڕووداوەکـانەوە، ناچاریـان بکـات بەشـداریی نمایشـەکە لەسـەر ئاسـتێکی، یـان بە شـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکیی غەریزەیـی بـکەن. ئەم تونـدوتیژییە بـۆ ئـارتۆ بەشـێکی گرنگـی دیـدە شـانۆییەکەی بـووە و بـۆ ئەوەیـش خوڵقـاوە، تـا بینەرەکـانی تووشـی شـۆک و هێـدمە بکـات بـۆ ئەوەی بتـوانن لەو هەسـتە ڕازیبـووەی خۆیـان، کە پێشـتر لە ناوەوەیاندا چەسپاوە، دەریانبهێنێت: ئـارتۆ بینەرەکانی دەخستە ناوەندی نمایشەکانیەوە.

---

گرنگی نووسیون، بۆ نموونە دەربارەی ئەنتۆنان ئارتۆ، میشێل فۆکۆ و هارۆڵد پینتەر.

دواجار ئارتۆ ئەم چەمکەی بۆ دیدە فەلسەفییەکەی خۆی بۆ شانۆ بەکارهێناوە. فەنتازیا بۆ ئارتۆ واقیع بووە؛ خەونەکان، بیرکردنەوە و وەهم هیچ کەمتر نییە لەو واقیعەی لە دەرەوە هەستی پێ دەکەین. واقیع وا دەردەکەوێت، کە جۆرە ڕێکەوتنێک بێت لەنێوان مرۆڤەکاندا. هەمان ڕێکەوتن، کە بینەر لە کاتی چوونیاندا بۆ شانۆ و سەیرکردنی نمایشەکاندا، وەک ئەوەی شتێکی واقیعی ژیان بێت، پێی قایل بوون و ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوە.[٥]

توندوتیژی گوزارشت لەو کێشە کەونییە هەتاهەتاییەی نێوان مرۆڤ و جیهان و سروشت دەکات؛ لەسەر شانۆیش پێویستە ئەم چەمکە لە هونەری دەرهێنانەوە پەنا بەرێتە بەر پێکهێنانی دیمەنی بەکۆمەڵ بۆ ئەوەی هەست و سۆز و ناوەوەی بینەران بهەژێنێت، ئەمەیش نە لاساییکردنەوەی واقیعە و نە شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵکو پاشماوەی ڕووداوە بەهێزە ئەفسوونییەکانی خەونێکی زۆر ترسناکە.

بە بڕوای ئارتۆ، دەبێت نمایشە شانۆییەکان ئەو توندوتیژییەی لە پشت دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ستراکتورە پتەوەکەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا و مەسیحییەت و چەمکە دژوارەکانی ڕۆشنبیرییەوە، بە نهێنی ماونەتەوە، ئاشکرا بکرێن. ئەم ئاشکراکردنەیش دەروازەیەکی بەرین بۆ کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی دەکاتەوە، تا نەتوانن توندوتیژی، بە هەموو جۆر و چەمکەکانیەوە لەناو خۆیاندا بشارنەوە. ئارتۆ لە نامەی یەکەمیدا، سەبارەت بە توندوتیژی دەڵێت: (دەتوانین بە تەواوی

---

Antonin Artaud, Wikitext, wikipedia .[٥]

و بەبێ بیرکردنەوە لە خوێن و کوتکوتکردنی گۆشت لە زاراوەی توندوتیژی بگەین، توندوتیژی بە واتا فەلسەفییەکەی چی دەگەیەنێت؟ لە تێڕوانینی هزرەوە، توندوتیژی بە واتای زەبروزەنگ و دڵڕەقی دێت، لە هەمان کاتیشدا سەلماندن و بڕیارێکی بێ پاشگەزبوونەوەیە.)[٦] هەروەها لە یەکێک لە نامەکانی تریدا، بەم شێوەیە لەم زاراوەیە دەدوێت: (هەر ئەوەندەی وشەی توندوتیژی لە دەمم هاتە دەرەوە، خێرا و لای هەموان بە واتای خوێن لێک درایەوە، بەڵام شانۆی توندوتیژ لە پێش هەموو شتێکدا، لە لای من بە مانای شانۆیەکی گران و توند بۆ خۆم دێت و هیچ پەیوەندییەکی –لەسەر ئاستی نمایشکردن– بەو توندوتیژییەوە نییە، کە خۆمان و لەناو خۆماندا دژی یەکتر پەیڕەوی دەکەین، بەڵکو پەیوەندیی بەو زەبروزەنگەوە هەیە، کە ئاراستەی شتەکان دژی ئێمە دەکات. ئێمە سەربەست نین، لەوانەیە ئاسمان بەسەرماندا بڕوخێت، شانۆ پێش هەموو شتێک ئەوەمان فێر دەکات.)[٧]

کەواتە توندوتیژی لەو ڕوانگە هزرییەی ئارتۆ-وە مانای جۆرێکە لە وزە و توانایەکی بەهێز، ئەم توندوتیژییەش لە هۆشیاریدا نەبێت بوونی بۆ نییە و نابێ. تەنها هۆشیاری و هۆشمەندییە ڕێگە بە پەیڕەوکردنی ئەو کارانە دەدات، کە ڕەنگیان خوێناوییە، توندوتیژن، بەزەبروزەنگن. فریدریش نیچە لە (زەردەشت وەها دوا)دا دەڵێت: (لەناو هەموو نووسراوەکاندا، تەنها ئەوانەم خۆش دەوێن و لە لام پەسەندن، کە بە خوێن نووسراون.)[٨]

---

[٦]. أنتونين أرتو، المسرح و قرينة، ترجمة د. سامية أحمد أسعد ل٨٩.

[٧]. د. سامية أحمد أسعد، فى الادب الفرنسى العاصر، ل١٣٨.

[٨]. مجلة أفاق عربية، السنة الثامنة، العدد ١ أيلول ١٩٨٢.

خـــوێن ئەندێشـــەی ژیـــان و مـــرۆڤە، تەنهـــا لە ڕێـــگەی هۆشـمەندییەوە ئـادەمیزاد دەتوانێت لەو تونـدوتیژییە هـزری و فەلسـەفییەی ژیـان بگـات، جـا ئەگەر ئەم شـانۆیە بەم شـێوەیە هەمـوو کردارەکـانی ژیـان بەرەو کـرداری گـران و دڵتـەزێن و خوێنـاوی بەرێت، لەبەر ئەوەیە ژیـان وەک ئـارتۆ خـۆی دەڵێت (هەمیشە مردنی ئادەمیزادە.)[٩]

لە لایەکـــی دیکەیشـــەوە، تونـــدوتیژی یەکێـــک لە مەبەســـتە ســـەرەکییەکانی ئـــارتۆ دەپێکێـــت، ئەویـــش (پـــاکژبوونەوەیە)؛ پـاکژبوونەوە و هەژانـدنی نـاوەوەی بیـنەران، چـونکە ئـارتۆ و چەمکـی تونـدوتیژی بە مانـای خۆشەویسـتیی ژیـان و دڵڕەقیـی گەردوون دەردەخـات، یـان بە مانـای زانین و ئاشنا بـوونی گیـان: بەردەوامیی ژیـان تـا بتوانێت تـاریکی بڕەوێنێتەوە، ئەو تـاریکییەی وەک (شەوە) دەستی ناوەتە بینەقاقای کۆرپەی مرۆڤـایەتییەوە. بە کـورتی سـەراپای شـانۆی تونـدوتیژ شۆڕشـێکی بەزەبروزەنگـی گیـــان و پـــاکژبوونەوەی ڕۆح و گـــۆڕانیەتی. لەبەر ئەوە لەو ســـەردەمەدا بەپێـــی ئەو ڕۆشـــنبیرییە شـــانۆییەی، کە لەنـــاو هونەرمەنـــدان و بـــزوتنەوەی شـــانۆی فەڕەنســـی و ڕۆژئـــاوادا هەبـووە، ســەیر نیـیە لەم زاراوەیە نەگەیشــتبن و لە فەرهەنگــی شانۆی جیهانیدا مـافی خۆیـان نەدابێتـێ و خـرابێتە ژێر نەشـتەری ڕەخنە و ڕەخنەگرانەوە.

---

[٩]. مجلة أفاق عربية، السنةالتاسعة، العدد ١٠ حزيران ١٩٨٤.

### ئەفسوون و میتافیزیک

هونەر بریتییە لە دەرککردنێکی قووڵ بە ڕاستییە بنچینەیی و ماددییەکان، بەم مانایەیش، ئەگەر بمانەوێت هونەرێکی ڕاستەقینە و بەرز پێشکەش بکەین، ناتوانین لە ڕوانگەی چەمکی شیعرەئامێز بەولاوە زیاتر گوزارشتی پێ لێ بکەین. ئەم دەروازە ئایدیالیزمەیش بۆ هونەر تاکە شێوازی هێرشکردنە سەر بەها کۆن و تەقلیدییەکانی ئەو کۆمەڵگە پیشەسازییە تازە پێگەیشتوانەی ڕۆژئاوا بوون. ئارتۆ لەم تێڕوانینە قووڵ و فەلسەفییەوە، هەوڵی داوە جیهانێکی شیعری و درامیی بەرز دەستەبەر بکات، بە هەمان شێوەی ڕێتواڵە بەرایی و سەرەتاییەکان، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستێکی قووڵتر بڕوانێتە مرۆڤ و کێشە گەردوونییە هەمیشەییەکان، چونکە هەموو ئەو نمایشانەی ئەو شێوە ڕێتواڵە پڕ لە ئەفسوونییە لەخۆ دەگرێت، پێویستە سیمایەکی سەراپاگیریان هەبێت، تا بە شێوەیەکی نموونەیی و بەرز هەرسێ مەودا ئینسانییەکەی لە: میتافیزیک، ئایین و گەردوون، لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژگار و بەردەوامیدا یەکانگیر ببن.

ئەگەر هاتوو نمایشەکان، ئەم ڕوخسارەیان وەرگرت، ئەوا هەموو ئەو شتانەی لەسەر شانۆ ڕوو دەدەن هێزێکی گەورەی ئەفسوونییان دەبێت، جیهانی پشتەوەی دونیای لۆژیک و وشەکانیش سەقامگیر دەکەن، بەمەیش شانۆ دەبێتە گرێکی بەرزی ئەفسووناوی، کە بەردەوام لە کڵپەسەندندا دەبێت و ناوەڕۆک و پشتەوەی واقیع و گەوهەری ڕاستی و گرفتە کەونییەکانمان بۆ ڕووناک دەکاتەوە. مەبەستیش لە (ئەفسوون) لێردا، بەکارهێنانی وشەکانە، بە شێوەیەکی تایبەتمەند و پەیڕەوکردنی ڕێتواڵ و سرووتە تایبەتییەکانە؛ دەبێت ئەوەیش

له یـاد نه‌كه‌یـن، له كاتێكـدا وشــه‌كان به‌م شـێوه‌یه به‌كـار دێـن، هه‌نـدێک ئـاڵۆز ده‌بـن و تێگه‌یشـتنیان گـران ده‌بێت، به‌ڵام كاتێـک ئه‌و وشـــانه له گیـــانی ئه‌و ڕێتـــواڵ و ســـرووتانه‌دا تـــێكه‌ڵ به‌ هه‌ســـــت و نه‌ســـــتی بیـــــنه‌ران ده‌بـــــن، ئیتـــــر جیهـــــانه سه‌رسووڕهێنه‌ره‌كه دروسـت ده‌بێت: نه‌خۆش چـاک ده‌بێته‌وه، جه‌نگاوه‌ر گیانی پاڵه‌وانیه‌تی و خۆفیداكردنی تیا ده‌رده‌كه‌وێ[10]. كه‌واته وشـــه‌كان نه‌ک هه‌ر ده‌بـــنه ئه‌فســـوون، به‌ڵكـــو ده‌بـــنه ئه‌فســـانه و داســـتان، چـــونكه به مانـــا ڕووكه‌شـــه‌كه‌ی ڕاڤه ناكرێت[11].

له‌ژێـر ڕۆشـنایی ئه‌و شـتانه‌ی لای سـه‌ره‌وه ئاماژه‌مـان بـۆ كـــردوون و له ڕوانـــگه‌ی تیۆره‌كـــانی ئـــارتۆ-وه ســـه‌باره‌ت به مه‌ســـه‌له‌ی ده‌قـــی شـــانۆیی و ڕۆنـــان و پێـــوه‌دانگه درامـــی و كاره‌كته‌ر و ئه‌و جیهانه ئه‌فسوونییه‌ی نمایشه‌كان له‌سـه‌ر شـانۆ ده‌یخــــوڵقێنن، ده‌تــــوانین بڵێــــین كــــاره‌كته‌ر له‌م شــــانۆیه‌دا بـوونه‌وه‌رێكی تایبه‌تمه‌نـد و جیـاوازه، چـونكه ئه‌و بـوونه‌وه‌رانه هه‌ڵگـری گیـانێكی مرۆڤـایه‌تیی تـایبه‌تن[12]. جـا ئه‌و گیـانه چ له وێـنه‌ی بـوونه‌وه‌رێكی نمـوونه‌یی و به‌رز و پـاڵه‌وان، یـاخود له جیهانی مرۆڤێكی گێل و شـه‌ڕخواز و ئه‌هریمه‌نئاسـادا بێت، به‌م شـــێوه‌یه هه‌ر وه‌ک ئه‌وه‌ی له ئـــاوێنه‌یه‌كی ئه‌فســـوونییه‌وه له خۆمـان ورد ببیـنه‌وه (كه ئه‌ویـش شـانۆكه‌یه) و شـته نهێنـی و شــــــــاراوه‌كانی نــــــــاوه‌وه و ده‌ره‌وه‌ی ڕووه ڕووكه‌ش و نموونه‌ییه‌كه‌ی خۆیشمان لا ئاشكرا ده‌كات.

---

[10] . والاس فاولی، عصر السریالیة، ترجمة خالدة سعید، ل٥٦.

[11] . هه‌مان سه‌رچاوه، ل٥١.

[12] . گیـان (الـروح) له بۆچـوونی ئـارتۆ-دا جـۆرێكه له جـۆره قه‌شـنگ و پێشكه‌وتووه‌كانی مادده. بڕوانه گۆڤاری "فصول" ژماره ٣ی ساڵی ١٩٨٢.

بەم جـــۆرە ئەفســـوون لەگەڵ میتافیزیکـــدا (کە ڕووی پشـتەوەی شـتەکانە) و هەوێنـی کڵپەکردنـی (ئەفسـوون)ە لای ئـارتۆ و لە ڕوانگەی پڕۆسێسـە شـانۆییەکەیەوە هاوکێشـەیەکی گـرانە و ئاکامەکەیشـی خوڵقانـدنی ئەو هێـزە گەورەیەیە، کە ئەفسوونی پێ دەگوترێت. هاوکات لە بواری سرووت و ڕیتواڵە پیرۆزەکـــانەوە ئەفســـوونیش بە هەمـــوو ماناکـــانیەوە، پەردەهەڵماڵین و ئاشکراکردنی نهێنییەکـان و بەهـا ئێسـتاتیکی و نـاوەڕۆکە هزرییەکـانە، چـونکە مـرۆڤ پێویسـتی بەو جـوانییە ئەفسووناوییە هەیە، کە سەرجەمی شـاکارە هونەرییەکـان لەنـاو خۆیانـدا حەشـاریان داوە. ئـارتۆ لەم ڕوانـگەیەوە، زیرەکـانە نمایشـە شـانۆییەکانی، ڕووبەڕووی شـانۆ درامـی و ڕیـالیزمی دەروونـی و لێوانلێـو لەو تـوێژینەوە و جـۆری کـارکردنەی شانۆی ڕۆژئاوا دەبێتەوە. (چونکە هەموو جۆرە پەیوەندییەک لە کاتی پڕۆسێسێکی خوڵقێنەردا لەنێوان هونەرمەند و جیهانی واقیعیدا دەپچڕێت، ئەو کـاتە هونەرمەنـد توانـای ئەوەی دەبێت ڕۆبچێتە جیهانی ئەندێشـە و خەونـی تـایبەتییەوە.)[13] هونەرمەند (بیروباوەڕی بەو شتەیە، کە دەیبینێت و باوەڕیشی بە چی بێت ئەوە بەئەنجـام دەگەیەنێت، ئەمەیـش نهێنیـی ئەفسـوونە.)[14] ئەم دیـدە ئەفســوونییەیش لە بنەماکـانی هـونەری دەرهێنـانەوە ســـەرچاوە دەگرێـــت، لایەنە پراکتیـــزەییەکەی شـــانۆ، ئەو دەروازەیە بـۆ چەمـکە ئەفسـوونییەکەی شـانۆی تونـدوتیژی دەکـاتەوە. ئـارتۆ لە (شـانۆ و هەمـبەرەکەی)دا دەڵێت: (زمـانی نمـوونەیی شـانۆ لەگـەڵ پڕۆسێسـی دەرهێنانـدا پێـک دێـت. دەرهێنـان نـەک هـەر ڕەنگدانەوەیـەکی ئاسـایی دەقـە لەسـەر

---

[13] . والاس فاولی، عصر السريالية، ترجمة خالدة سعيد، ل٥٦.

[14] . أنتونين أرتو، المسرح و قرينة، ترجمة د. سامية أحمد أسعد ل٢٠.

تەختەی شانۆ، بەڵکو دەبێت وەکو خاڵی دەستپێک بۆ هەموو خولقاندنێک تەماشا بکرێت.)[١٥]

کە دەڵێن ئەفسوون لە شانۆدا، مەبەستمان لەوە نییە هزر و هۆش بخەینە ژێر ڕکێفیەوە، بە تایبەتی بەپێی لۆژیکی ئارتۆ خۆی، بەڵکو ئەوەی لای ئارتۆ گرنگە ئەوەیە، کە ڕەوش و بارە هەستپێکراوەکان زۆر بە قووڵی و وردتر، بە شێوازێکی باوەڕپێکراو، حسابێکی تایبەتی بۆ گیان و هەست و غەریزەکان بکات، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بابەتی ئەفسوون و ڕیتواڵەکانە، شانۆیش ڕەنگدانەوەیەکی هۆشمەندی ئەم پێکهێنەرانەیە.

ئەم شانۆیە لەپاڵ هەموو ئەو شتانەی ئاماژەمان بۆ کردوون و خستوومانەتە ڕوو، جۆرە هارمۆنییەتێکی تایبەتی جووڵە و ئاماژە و وێنە و دەنگی ئەو جیهانە پڕ لە هێمایە بەرجەستە دەکات. بەم شێوەیە، ئارتۆ و هەموو ئەو هونەرمەند و شانۆکارانەیش، کە ئەو ڕێوشوێنەیان لە شێوازی هونەر بە گشتی و هونەری شانۆ بە تایبەتی گرتووەتە بەر، بۆ شانۆ بوونەتە ئەفسوونباز و پانتایی ئاسمانییان لەسەر زەوی ڕاخستووە، لە هەمان کاتیشدا زەوییان بەرەو ئاسۆگەی ئاسمان بەرز کردووەتەوە، بەمەیش تابلۆیەکی ڕەنگینی سەراپاگیری یەک پارچەییان پێشکەش کردووە، لەگەڵ پێکەوە بەستنەوەیان بە توخمەکانی سروشت، بە مرۆڤ و کێشەکانیەوە. بە کورتی لەم دید و ڕوانگە و شێوە جۆربەجۆرانەوە، دەتوانین بڕوانینە ناوەڕۆکە هزرییەکان، چونکە فۆرم و شێوەکان توانای خۆیان بۆ هەڵچوون و

---

[١٥] . ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل١٤٤-١٤٥.

جۆشدان و تەقینەوەی گڕێ و گرفتە کەونی و ئەفسوونییەکان وەردەگرن، لەم ڕووەیشەوە ناوەڕۆکە چرە هزرییەکان، وەک گڕێکی هەمیشە هەڵچوو لە فۆرم و شێوازێکی شانۆیی و ئەفسوونیدا، لە بنەمایەکی توندوتیژەوە، وەک تۆخمێکی سەرەکی و لە هەموو دیمەنێکدا جیهانی میتافیزیک لە ڕێگەی جەستە و هەستەکانمانەوە دەڕژێنێتە گیانمانەوە. لەبەر ئەوەی چەمکەکانی ئەفسوون لەم نمایشانەدا شێوە ڕووکەشەکانی دەرەوەی شتەکان لەسەر یەک ئاست و بە هەمان شێوە وەرناگرێت، هاوکات بە یەکگەیشتنێکی بەهێزی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک کۆتایی نایەت، بەڵکو دەڕوانێتە ئەو توانا بیر و هۆشییەی سەرچاوەی لێ وەرگرتووە، لەسەر ئەم بنەمایە پارێزگاریی هەموو پەیوەندییە ئەفسوونییە بابەتییەکان دەکات. لەبەر ئەوە پێویستە لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانینە هونەری دەرهێنان –گۆشەنیگای بەکارهێنانی چەمکی ئەفسوونی– بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەیەکی کڵپەداری بەهێز، هەموو ئەو ئەنجامە بابەتییانە لە: جووڵە، وشە، دەنگ، مۆسیقا و پێکهێنەرەکانی تری بێت. (دواتر لە بەشێکی تایبەتدا، دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە و زیاتر کار لەسەر مەسەلە پراکتیکییەکانی دەرهێنان لای ئارتۆ دەکەین.)

هەمان هاوکێشە، لە بازنەیەکی کردەیی و پراکتیکدا، هاوشانی واتاکانی میتافیزیکی شانۆی توندوتیژ دەبێتەوە؛ ئەفسوون و میتافیزیک لە زنجیرەیەکی بەهێز و خێرای ئاکامەکاندا ڕیتوالێکی تژی لە نهێنی و ئایدیایی دەخولقێنێت، چونکە هەموو هەوڵەکانی ئەو نمایشکردنانە، کە بەرگێکی شیعرئامێزی بەرز لەخۆ دەگرن، ئەوە دەگەیەنن، کە ئێمە لە بازنەیەکی میتافیزیکیدا کار دەکەین، چونکە بەکارهێنانە

بێسنووره شیعرئامێزەکان، بە شێوازەکانی دەرهێنان، واتای دروستکردنی میتافیزیکە، بڕوایشم وایە، کە دروستکردنی میتافیزیکی زمان، جووڵە، سینۆگرافیا، مۆسیقا، کە (زانستی ئێستاتیکایە لە شانۆکەی ئارتۆ)دا، ئەفسوونی پرۆسێسە مەزنەکەی نمایش و شانۆی توندوتیژ و بلیمەتی سەدەی بیستەم ئارتۆ-یە. ئارتۆ لەم بارەیەوە دەڵێت: (بمانەوێت و نەمانەوێت شیعری ڕاستەقینە، شیعری متافیزیکییە)، بەڵکو دەڵێم بوار و ئاستە کاریگەرە میتافیزیکییەکەی وای لێ دەکات بەها و تانوپۆ و گەوهەر و ڕاستی و سیفەتی خۆی وەربگرێت. دروستکردنی میتافیزیکی ئاخاوتن و وتوویژ و دیالۆگ لە شانۆدا، بەپێی تیۆرەکانی ئارتۆ، کارێکی ساکار و ئاسان نییە، گەیاندنی ئەو شتە تەقلیدی و ساکارانە بە جیهانی میتافیزیک ترۆپکی ئەفسوونە. ئارتۆ هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئەم مەسەلەیە و لە چەندان دید و بۆچوونی جیاوازەوە ڕاڤەی چەمکی میتافیزیکای شانۆکەی کردووەتەوە، بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێت: (بە ڕای من، دروستکردنی میتافیزیکای زمان و جووڵەکان و هەڵوێستەکان و دیکۆر و مۆسیقا، لە گۆشەنیگای شانۆوە، واتە دەبێت بە بەراورد لەگەڵ هەموو ئەو شێوازانەی کە دەتوانن لەگەڵ زەمەن و لەگەڵ جووڵەدا یەکانگیرییان هەبێت، تەماشا بکرێت.)[١٦] دەتوانین لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئارتۆ لە ڕوانگەی جووڵەی جەستەییەوە دەڕوانێتە میتافیزیک، ئەم دیدەیش دابڕانێک لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆژئاوا و چەمکە فەلسەفییەکانی میتافیزیک دروست دەکات. بۆ ئارتۆ، چەمکی شانۆ، ئامڕازە ماتریالییەکان، ئەکتەر و

[١٦] . ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی، مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل٧٤.


جەستەی ئەکتەر، لە مەدار و مەودا فیزیکییەکاندا، واتە مەودای جـــوولەدا بەرجەســـتە دەبـــن. بەتـــایبەتی لەو ڕووەوەی، کە ئەکتەرەکـــان لە ڕێـــگەی جـــوولەی جەســـتە و بە ئـــامرازە فیزیکییەکـان پەلامـاری ئاسـتە شـاراوە و ناسـکەکانی هەسـت دەدەن، بـەو پێیـەی جەسـتە و هەناسـەی ئەکتـەر دەسـتی بەسەردا گیراوە، چونکە کە بینەران دەخەنە نێو سەرچاوەکانی دەنـگەوە، سـەبارەت بـەوەی ڕەنـگ و فۆرمەکـانی مۆسـیقا کاریگەرییـان بەسـەر هەسـت و هۆشـی بینەرەکـانیەوە دەبێت، نمایشـێکی شـانۆیی دەتوانێـت، وەک ئەزمـوون و بەرکەوتنێکـی بەهێزی هـونەرێکی گشتگری وا بێت، وەک سـەرلەنوێ مرۆڤ لەدایک ببێتەوە.

ئـارتۆ سـەبارەت بەم گۆڕانکارییە ئەفسوونییەی ئاخـاوتن و دیـالۆگ لە بـوارێکی وەسـتاو و مـردوودا، بـۆ جیهـانێکی ئەفسوونی و میتافیزیک، دەڵێت: (بەکارهێنـانی وشـە و ئاخـاوتن، وەک شێوازێکی گوزارشتئامێز بە شێوازێکی جیاواز، بە واتـای بەکارهێنـانی بە ڕێگەیەکـی نـوێی جیـاواز و نائاسـایی، بە واتـای بەدەسـتهێنانەوەی توانـا بەهێـزەکەی بـۆ لەرانەوەی جەسـتە و ماسـوولکەکان، واتـای دابەشـکردنی گرووپەکـان لە پانتاییـدا بە شـێوەیەکی چـاکە و بیرلێکـردنەوە قـوولە فەلسـەفییەی ئەو دیـالۆگ و گفتوگۆیـانە دەکـاتە ئەفسـوونێکی پـڕ لە تەلیسـم، لە جیهانی نمایشێکی ڕەنگیندا لەسەر شـانۆ.)[١٧] ئـارتۆ، لەم دەروازە هزری/ئێسـتاتیکییەوە ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە زمـانی دەقە شـــانۆییەکان لەســـەر بنەمـــای جـــوولەی جەســـتە و بنەمـــا فیزیکییەکـانەوە ڕۆ بنرێـت و وشـەکان لە جـوولە و ڕیـتم پێـک

[١٧] . نتونين أرتو، المسرح و قرينة، ترجمة د. سامية أحمد أسعد، ل٣٨.

هـاتبن، نەک وەک دەقەکـانی شـانۆی نەریـتگەرا، بریتـی بێت لە وشە و ڕستە و دەستەواژەی سارد و مردوو و بێگیـان. زمـانی شـانۆ لای ئـارتۆ پرۆسـەیەکی میکـانیزمییە، کە لەوێـدا چەنـدە زمـان شـێوازێکی کردەیـی وەردەگرێـت و دەبێـتە فـۆرمێکی ماتریـالی، هێنـدەیش هەسـتەکانمان هەمـان فـۆرمی مـاددی و کردەیـی لەخـۆ دەگـرن. ئـارتۆ بەم شـێوەیە ئامـاژە بـۆ چەمـکە فیزیکییەکەی شانۆکەی دەکات و دەڵێت: (من دەڵـێم سـەر شـانۆ شوێنێکی فیزیکی و کۆنکرێتە، داوامان لێ دەکات پڕی بکەینـەوە و وەهای لێ بکەین، کە بە زمانە کۆنکرێت و هەستپێکراوەکەی خۆی بدوێت.)[18]

بەم چەشـنە دوو بەهـای گەلێک بـالا (ئەفسـوون و میتافیزیـک) سرووتئامێزێکی ڕەها بە شێوازێکی دوور لە شـتە تەباکـان نمـایش دەکەن بۆ خوڵقانـدنی ئەو ڕەوشـە چڕە ئەفسـوونییە، بە مەبەسـتی گەیشـتنە (نەشـوە) و سـەرفرازبوون و پـاکژبوونەوە، ئەمەیـش جیهانێکی گەلێک فراوان و کـاریگەرە بۆ گۆڕین و خوڵقاندنی ئەو گیانە مەزن و پیرۆزەی ئارتۆ مەبەسـتی بـووە لە نـاوەوەی خـودی مرۆڤدا بیکات.



هێڵکارییەکی ئارتۆ

[18] . هەمان سەرچاوە.



دیمەنێک لە ئۆپۆی پادشا

## بەشی هەشتەم

## داستان، تاعوون، ڕۆشنبیری و شارستانییەت لە یەکەیەکی ئێستاتیکی و شانۆیەکی توندوتیژدا

جیهانی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژ لە ئاسۆگە و تەوەرێکی هزری و فەلسەفیی گرنگدا هاوکێشەیەکی هونەری و ئایدیایی پێک دەهێنێت و داستان و چەمکی توندوتیژی و تاعوون و ڕۆشنبیری –بە تایبەتی ڕۆشنبیری بۆرژوا و سەدەی بیستەم– خاڵە هێماگەلییەکانی پێکهێنانی ئەو هاوکێشە گرانەن و مامەڵە لەگەڵ سروشت و گەردوون و هەستی بینەراندا دەکەن. ئەمانەیش پێکەوە بەهایەکی ئێستاتیکی لەگەڵ توخمەکانی تری واتای ئەم شانۆیە، لە ئاهەنگە ڕیتوالێکی ئەفسووناویدا دەخوڵقێنن، بینەریش دەگاتە ڕەوشێکی پاکژبوونەوە و سەرفرازی و بارێکی سۆفیئاسای لێوانلێو لە گەشکەگرتندا.

وەک لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە و ڕوونمان کردەوە، کە پێکهێنەرەکانی ئەم پرۆسێسە شانۆییە بە شێوازە باو و بڵاوەکانی شانۆی ڕیالیزمیی دەروونی سەردەم ناخوڵقێت و توانای وەڵامدانەوەی پرسیارە گەردوونی و ئەزەلییەکانی باوەشی کێشە و ململانێ بەردەوامەکەی مرۆڤ –لە هەموو ڕوویەکەوە– نابێت، ئۆژین یۆنێسکۆ، کە یەکێکە لە ڕابەرانی دراما و شانۆی ئەبسێرد و یەکێکە لەو نووسەرانەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئارتۆ–ی بە سەرەوە بووە، هەرچەندە

ددانی بەم ڕاستییەدا نەناوە، بەڵام بە ئاشکرا کاریگەریی ئارتۆ بە دەقەکانیەوە دیارە[1]. نەک هەر دەقەکانی، بەڵکو ئەوەی یۆنیسکۆ دەیڵێت و باسی دەکات، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و دیاری دید و تیۆرەکانی ئارتۆ-یە، ئەوەتا دەڵێت: (هەمیشە بۆم دەرکەوتووە، ئەو کارە هونەرییە ڕاستگۆیانەی ئەندێشە خولقاندوونی، بەردەوام قووڵ و فراوان و دەوڵەمەندترن لە واقیعی ژیانی ڕۆژانە و لە ڕیالیزم لە هونەردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێبازێکە و پەیڕەوی کراوە. ڕیالیزمیش لە هونەردا هەمیشە کەمتەرخەمە لە گەیاندنی واقیع بۆ ئاست و ترۆپکی پێگەیاندن؛ بەڵکو ڕیالیزم دەبێتە هۆی گرژکردن و خنکاندن و ساختەنواندنی مەوداکانی، چونکە بە هیچ شێوەیەک حساب بۆ ڕاستییە سەرەکییە بنەڕەتییەکان و گەوهەری شارستانێتیمان، وەک ئادەمیزاد و غەرائیزەکانمان لە خۆشەویستی، ڕق، دڵتەنگی، خۆشی، ناخۆشی، مردن، سەرسووڕمان... هتد ناکرێت. لەبەر ئەوە مرۆڤ و کێشەکان لە تێڕوانینێکی نامۆیانەوە دەخاتە ڕوو، هاوکات مەوداکانی دەشێوێنێت و کورتی دەکاتەوە، بەڵام ڕاستی ئەوەتانێ لە خەونەکانماندا، لە خەیاڵدا.)[2]

لەم بەشەی کتێبەکەیشدا، دەگەڕێینەوە بۆ سەر هەندێک لەو چەمک و زاراوە گرنگانەی ئارتۆ کاری لەسەر کردوون، بۆ نموونە داستان چۆن ستراکتوری ئەم شانۆیە پێک دەهێنێت. تاعوون چ پەیوەندییەکی بە ئێستاتیکا شانۆییەکەی ئارتۆ-وە

---

[1]. بڕوانە ئەم دەقە شانۆییانەی یۆنێسکۆ (کەرکەدەن، ئەمیدیە، کرێچیە تازەکە، تینو و برسی)، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، دەستەبەرکردنی دید و تیۆرەکانی ئارتۆ-ن بۆ شانۆ.

[2]. لە پێشەکیی مسرحيات عالمية، (٥) مسرحيات طليعية، يوجين يونسكو.

هەیە، هاوکات چەمکی ڕۆشنبیری بۆ ئارتۆ چی دەگەیەنێت و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. ئارتۆ، کە دەچێت بۆ مەکسیک دەیەوێت لە چەمکە جیاوازە بەراییەکانی ڕۆشنبیری بگات، یان دەستەبەری ئەو ڕۆشنبیرییە بەراییەی مرۆڤایەتی، کە ئەو دەیویست لە شانۆی توندوتیژدا بگەڕێتەوە سەری و سوودی لێ وەربگرێت.

## داستان لە شانۆی توندوتیژدا

میتۆلۆژیا زانستێکی تایبەتمەندە و لە چەمک و زاراوە و دنیای داستان و ئەفسانەکان دەدوێت و یەکێکە لەو پێکهاتانەی لای ئارتۆ بەها و تانوپۆیەکی بێهاوتا و تایبەتمەند و گرنگی هەبووە[٣]. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەفسانە و داستانەکان لەپاڵ ئەوەی پڕن لە سەرگوزشتەی لێوانلێو لە ئامۆژگاری و خۆپاراستن لە خووڕەوشتی نابەجێ، جۆرێکیشە لە ئاماژە و هێما و دیاردەکانی سروشت و هەموو ڕووداوێک لەو سەرگوزشتە ئەفسانەییانە جۆرە سمبوڵ و هێماگەلێکن بۆ دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بنەمایەکی قووڵی فەنتازیئامێز لەخۆ دەگرن. ئەمەیش فەلسەفەیەکی کۆنە و لە نەژاددا لە خۆرهەڵاتەوە دەرکەوتووە،

---

[٣]. ئەم زانستە، بە تایبەتی لە کۆتایی چاخی هەژدە و بە درێژایی چاخی نۆزدە، بووەتە جێگەی مشتومڕ و گرنگیپێدانێکی تایبەتی، ئەم گرنگیدانەیش دەگەڕێتەوە بۆ چەندان هۆ، بۆ نموونە یەکەم، بە هۆی ئەو گرنگیپێدانەی درابووە شارستانییەتی دێرینی یۆنان، کە ئەفسانە و داستانەکان ڕۆڵێکی گەورە و دیاری تیادا هەبووە، دووەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەپیرچوونەوەیەی هزری خۆرهەڵات، بە تایبەتییش هندستان، کە داستان و میتۆلۆژیاکان جێگەیەکی بەرز و شیاوی تایبەتیان بەخۆوە گرتووە. بڕوانە کتێبی (شلنگ) د. عبدالرحمان بدوی، ل ٣٦٨.

دوای ئەوە بە زمانێکی مەجازی و بەپێی بنەماکانی (زانستی ئاوەڵواتا) Allegory[٤] لە یۆنان بڵاو دەبێتەوە، بێگومان وەک ئاماژەمان بۆ کردووە، هەموو داستانێک دەربڕینە لە هزرێکی فەلسەفییەوە[٥]. لەبەر ئەوە بەپێی توانا تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوە دەخەینە سەر هەندێک لە واتاکانی داستان و ڕوونکردنەوەی ئەو هێڵ و پێوەدانگە درامییانەی لە تەوەرە داستانی و ئەفسوونییەکاندا سیستێمێکی پەیڕەوکراوی هەیە و لەو سیستێمەدا دەسووڕێتەوە. ئەم سەرەتا کورتەیش سەبارەت بە داستان و ئەفسانەکان یارمەتیدەرێکن بۆ زیاتر نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە دیدی ئارتۆ بۆ مەسەلەی داستان و ئەفسانەکان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن و سوودلێوەرگرتن و بەکارهێنانی لە شانۆی توندوتیژدا.

ئەو ڕووداوانەی لە ئەفسانە و داستانەکاندا ڕوو دەدەن، ڕووداوی درامین و هەرگیز لە جیهانێکدا ڕوو نادەن، کە پەیڕەوی یاساکانی کات و شوێن بکات. (سۆزان ک. لانجر) تۆژەرێکی زانستەکانی میتۆلۆژییە، دەڵێت: (داستان چیرۆکی

[٤]. المجاز؛ نەژادی فۆنەتیکەکە یۆنانییە Allegorin جۆرێکە لە جۆرەکانی دەربڕین، بە تایبەتی لە کاتێکدا، کە هونەرمەند پەنا دەباتە بەر شێوازی جیاواز و خواستراو (مستعارة) بۆ دەربڕین لە شتێکی تر، بەکارهێنانی (مەجاز) وەک بارێکی دەربڕین هەموو شتە هێمادارەکان شی دەکاتەوە و ئاسانیان دەکات. ئەم شێوازەی دەربڕین مەجازی لە ڕێگەی بەرەوپێشچوونی هونەرەوە پەیوەستە بە توخمە میتۆلۆژییە دێرینەکانەوە، بەڵام (هەربرت ڕید) بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ مەجاز کردووە، بەوەی کۆکردنەوەی چەند یەکەیەکی ئاڵۆزە لە یەک وێنەی بەهێزدا، بەم واتایە مەجاز دەبێتە هۆیەکی دەربڕین لە بیرۆکەیەکی ئاڵۆزدا. ئەمەیش بە دەرکپێکردنی کتوپڕ لە پەیوەستییە بابەتییەکانەوە. بڕوانە کتێبی (حين ينكسر الغضن الذهبي) بنيوية أم طبولوجيا، تأليف بيتر موتر، ترجمة جبار سعدون السعدون، ل٨٨.

[٥]. د. عبد الرحمان بدوی، شلنج، ل٣٧١.

لەدایکبــوون و دوای ئەوە گەشــەکردنی غەریــزەی هەســت و سۆزە، هەروەها تێکشکان و کەوتنە لە بەردەم مەرگدا.)[٦]

بەهای داستان لەوەدایە، کە ئاگاداری سمبوڵ و نهێنییەکانی کێشە و دیاردە ئەبەدییەکانی سروشتە و لە ڕوانگەی جیهانێکی پڕ لە ئەفسوون و ئەندێشەوە لە بەردەم ئارەزووە دژوارەکانی ئـادەمیزاددا، بەرامـبەر بە هێـزە ئاسـمانی و سروشـتی، یـاخود هێـزە بەرزە تێکشـکێنەرەکانی گیانـدارە دڕندەکانـدا هەڵوەسـتە دەکـات. کەواتە داسـتانەکان بە زمانێـک تۆمـار کـراون دوور لە شــتە تەبــا و واقیعەکــانەوە؛ ڕووداوی داســتانەکان (ڕووداوی خەونەئـامێزن) و زمـانی تۆمـارکردن و گێڕانەوەکانیـان، هێمـا و ســـمبوڵە جۆربەجۆرەکـــانە. ئەم زمـــانەیش، کە لە داســـتان و ئەفســانەکاندا هەن، لـۆژیکێکی تایبەتیـان هەیە و زۆر جیـاوازە لەو لۆژیکە تەقلیدییەی لە کاتەکانی ئاگایماندا پەیڕەوی دەکەین: لۆژیکی زمانی ئەفسانە و داستانەکان هیچ سنوور و یاسـایەکی بۆ دانانرێت، نە یاساکانی کات و شوێن، نە هێزە ئاسـمانییەکان، تەنانەت خاوەنی هیچ جۆرە پێناسـێکی دیـاریکراویش نین، ئەمە تەنهـا زمـانێکی مەجـازی و جیهـانییە و مرۆڤـایەتی لە ڕوانـگەی کەلەپــوورێکی گەورەوە پێــی گەیشــتووە و تەنهــا ئەو زمــانە ســـمبوڵییە توانیــویەتی ســـنوورەکان ببڕێــت و گوزارشـــت لە غەریـزە جۆربەجۆرەکـانی مـرۆڤ، بەبێ جیـاوازیی چینـایەتی و نەتەوایەتی و ئابووری بکات.

ئەم زمـانە خـاوەنی پراکتیـک و ڕەوانبێژیـی تـایبەتی خـۆیەتی، بــۆیە مــرۆڤ پێویســتە لە ڕوانــگەی ئەم زمــانەوە لە داســتان و چیــرۆکە ئەفســانەییەکان و خەونەکانمــان بگــات، بەڵام ئەم زمــانە

---

٦. ليونارد كابل برونكو، مسرح الطليعة، ل١٩٣.

زۆر لەمێژە مرۆڤی هاوچەرخ و سەدەی بیستەم لەناو پاڵەپەستۆ و گێژاوی ڕۆژگار و کۆمەڵگەی پیشەسازیدا لە بیریان چووەتەوە.

داستان و ئەفسانە کۆنەکان لای ئارتۆ لەنێو پانتایی شانۆدا زیندوو دەکرێنەوە، شووناسێکی تر لەخۆ دەگرن و گوزارشت لە مرۆڤ، لە دونیایەکی گشتگری جیهانیدا، دوور لە کات و شوێنەوە، دەکەنەوە. ئارتۆ هەوڵی داوە لە ڕوانگەی شانۆکەیەوە، ئەو زمانە جیهانییە بهێنێتەوە یادی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە، شانۆنووس و هونەرمەندە شانۆییەکانیش لە تێگەیشتنێکی هۆشمەندانە و هاوچەرخانەی داستانەکان ئاگادار بکاتەوە، چونکە (داستان هەڵقوڵاوی غەریزەکانمانە و دەربڕینێکی ڕاستگۆی نەستی بەکۆمەڵمانە)[7] و (کارەکتەرەکان بەرەو ترۆپکی هۆکار و بیروڕاکان دەبات، بەمەیش دەگەینە ڕاستی.)[8]

ئارتۆ تێڕوانینێکی داستانئامێزی بۆ شانۆ هەبووە و لە زەمینەی ئەو جیهانە نامۆیەدا گەورە بووە، تا بتوانێت لە بوارە گەردوونییە گەورەکەیەوە گوزارشت لە مەسەلەی بوون بکات و وێنەی سەرسووڕهێنەری وا لەم ژیان و گەردوونەدا بخولقێنێت، کە خۆمانی تیا بدۆزینەوە و پێی شاد و دڵخۆش بین، چونکە لە ڕێگەی خولقاندنی داستانەوە، نووسەرە شانۆییەکان دەتوانن ڕاستی بدۆزنەوە و پەردە لە ڕووی نهێنییەکان هەڵماڵن، هاوکات زمانێکی چڕ و جیاوازیش بۆ شانۆ بدۆزنەوە، کە لەگەڵ ئەو دیدە داستانییەدا بگونجێت[9].

---

[7]. د. عبد الرحمان بدوی، شلنج، ل٣٨٤.

[8]. حفيظة محمد المنعم، أنتونان أرتو و مسرح القسوة، مجلة "فصول" العدد ٣، سنة ١٩٨٢.

[9]. مەسەلەی نزیکبوونەوە لە داستانەکانەوە، بە تایبەتی لە هونەری شانۆ و دراما‌دا، جگە لەو بەها هونەری و هزرییانەی دەرمانخستن، زیاتر ئەو سیما (سەرەتاییەی) مرۆڤایەتییە، چونکە خەڵکە سەرەتاییەکە، وەک ساوا وا بوون، بە

**شانۆ – تاعوون**

ئەی (تـاعوون) چ پێوەنـدییەكی بە ئـارتۆ و چەمكـی شـانۆی توونـــدوتیژەوە هەیە و ئەم زاراوەیە چۆنچـــۆنی و چ واتــــا و ڕۆڵێكی لە فەرهەنگە كردەیی و پڕۆسێسە شـانۆییەكەی ئـارتۆدا هەیە؟ ئـــارتۆ دەڵێـــت شـــانۆ هەر وەك تـــاعوون وایە، بە چاكبوونەوە یاخود بە مردن كۆتایی دێت. كاریگەریی شـانۆ بۆ ئـارتۆ –لە تێڕوانینێكـی مرۆڤـانەوە– وەك كـاریگەریی تـاعوون وایە، بەسـوودە، پاڵ بە خەڵكییەوە دەنێت چۆنن وەهـا خۆیـان ببیـــنن، دەمامكەكـــان دادەمـــاڵرێن، درۆ و پـــیلان و هێـــزی شـــەڕخوازی لە دەروون و ویژدانـــی مرۆڤـدا دەردەكەوێـت و نهێنییەكانی ژیان ئاشكرا دەكات. جوانیی تـاعوون لەوەدایە، كە بێبەزەییـانە هەمـوو دابـونەریتە كۆمەڵایەتییەكـان دەڕوخێنێت و ڕژێم بە شێوەیەكی كتوپڕ و چاوەڕواننەكراو سەروژێر دەكات، بێیاسـایی و پشـێوی بـاڵ بەسـەر خەڵكی كۆمەڵگەدا دەكێشـێت، هەمـــوو جـــۆرە هەســـت و خواســـت و غەریزەكـــانی نـــاوەوەی مـــرۆڤ، كە بە شـــێوەیەكی ناڕێكوپێـــك و بێیاســـا لە گیـــان و بێهەستیدا خەفە كراوە، دەتەقنەوە. (ئەگەر شـانۆ وەكو تـاعوون بێت، تەنها لەبەر ئەوە نییە، كە كـاریگەری لەسـەر دەستەجەمعە گرنگەكـان پیـادە دەكـات و هاوشـێوەی شـڵەژانیان تێـدا بەرپـا دەكـــات. لەبەر ئەوەیە، كە لە شـــانۆدا، هەر وەك لە تاعوونـــدا، شـــتێك هەیە كە لە یەك كاتـــدا ســـەركەوتوو و تۆڵەســـتێنە. ئەو ئاگرە خۆكردەی تـاعوون، كە بە هەر شـوێنێكدا تێپەڕێت، هەڵی

---

ئاماژە و دەنگ و بڕسكاندن و هاوار و جەستە گوزارشتیان لە خۆیان كردووە و شێوازێكی زۆر ساكار و سەرەتاییان لە پێوەندیی كۆمەڵایەتی خوڵقاندووە.

دەگیرسـێنێت، چـاک هەسـتی پـێ دەکەیـن، کە لە (لەنـاوبردن) زیاتر هیچی تر نییە.)[١٠]

شانۆ، بە هەمان شێوەی تاعوون لە دیدی ئارتۆوە، بۆ ئەوە دروسـت بـووە تـا بە شـێوەیەکی گشـتگیر و دەسـتەجەمعی، دوومەڵەکـان بتەقێنێـت و چـی پیسـی هەیە بێـتە دەرەوە. لەم ڕووەوە ئـارتۆ گوتـوویەتی: (کە دەڵێـین شـانۆ لە تـاعوون دەچێـت، لەبەر ئەوەی وەک تـاعوون پەردە لە ڕووی شـتەکان هەڵـدەماڵێت و پـاڵ بە گەوهەرێکـی تونـدوتیژەوە بـۆ دەرەوە دەنێـت، کە بە هـۆیەوە دەستنیشـانی هەمـوو جـۆرە بیـروڕا خواروخێچەکانی خەڵکی، لەسـەر هەردوو ئاسـتی تـاکەکەس و کۆمەڵیش دەکرێت.)[١١]

ئـارتۆ لە شـانۆکەیدا، تـاعوون و تونـدوتیژی پـێکەوە دەبەسـتێتەوە؛ تونـدوتیژی ئەو تـاعوونەیە بـرینە قوولەکـانی جەسـتە و ڕۆح دەکـولێنێتەوە، ئەو کارەسـاتەیە، کە لەوانەیە بەرەو ئاسـوودەیی ڕۆحمـان بەرێـت. تـاعوون و تونـدوتیژی مـرۆڤ ناچـار دەکەن ڕووبەڕووی چارەنووسـەکانیان ببنەوە و ئەو تونـدوتیژییەی لە ناوەوەمانـدا خـۆی حەشـارداوە بێـتە دەرەوە. ئـارتۆ دەیەوێـت شـانۆکەی ویژدانـی بیـنەران بەئاگـا بهێنێـتەوە و هەرەس بە بێـویژدانیی مـرۆڤ بهێنێـت، دەیەوێـت ئەم وێـنەیە لە بینەرەکانیـدا ببینێـت، ئەم وێـنەیش دیـد و ئێسـتاتیکای شـانۆکەیەتی. تـاعوون ئێسـتاتیکایە، ئێسـتاتیکایش گەوهەری مـرۆڤ هەڵدەوەشـێنیتەوە؛ ئـارتۆ لەم دەروازەیەوە

---

[١٠]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل٤٥، ٤٦.

[١١]. روبرت بروستاین، المسرح الثوری "دراسات فی الدراما الحدیثة من أبسن الی چان چینیة" ترجمة عبدالحلیم البشلاوی، ل٣٢٨.

شــانۆکەی بە تــاعوون نــاوزەد دەکــات، ئەو شــانۆیەی وەک دەردە تــاعوون هەمــوو شــتێک دەڕوخێنێــت تــا خەونەکەی، شـانۆیەکی تونـدوتیژ دروسـت بکـات، کە جـۆرێکە لە تـاعوون. ئەو ترسـەی لەسـەر شـانۆیش ڕووبەڕووی بینەران دەبێـتەوە، دەروون پــاکژ دەکــاتەوە و بەهێــزی دەکــات، تــا توانــای بەرگەگرتنــی واقیعــی هەبێــت. (ئەگەر شــانۆ وەک تــاعوون جەوهەری بێت، لەبەر ئەوە نییە کە هەڵگری ماکی تووشـکردنە، بەڵکــو لەبەر ئەوەیە، کە وەک تــاعوون ئاشــکرا دەکــات و جەوهەرێک لە توندوتیژیی شاراوە دەکاتە دەرەوە، کە لە ڕێی هەموو ئەگەرەکانی بیری گەندەڵەوە، لەسـەر تـاک، یـاخود گەل چڕ بوونەتەوە.)[١٢]

ئــارتۆ دونیــا و گەردوون و مرۆڤــایەتی بە دوومەڵێکــی گەورەی تــاعوون دادەنێــت، کە ئەو دوومەڵە گەورە بــوو و تەقی، هەرچی خوێن و کێم و پیسی هەیە، لە ناوەوەی مرۆڤدا دێتە دەرەوە، ئەو کاتە یان چاک دەبێتەوە، یاخود بە تەواوی دەمرێـت. ئـارتۆ شـێت بـووە، هەسـتی کـردووە نەخۆشــە و تووشـی تـاعوون بـووە، ئەو هەسـتە وێنەی تـاعوونی لەسـەر شــانۆ لا دروســت کــردووە و تــاعوون بــۆ چارەســەرێکی دەروونی، هاوکات پراکتیکییش بووە بۆ ئەو دیدە ئێستاتیکایەی بۆ شانۆ و بۆ تیۆرە شـانۆییەکەی هەیبووە. ئارتۆ لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە ساڵی ١٩٢٧ نووسیویەتی، دەڵێت: "من گیرۆدەی ئەو تـاعوونە بـووم، کە لە ڕۆح و مێشـکمدایە." وەنەبێت ئـارتۆ

[١٢]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل٥٠.

بەمە داکۆکی لە لادان و سادییەت[١٣] و توندوتیژی لە ژیانی ڕۆژانەدا کردبێت، بەڵکو ئەوەی ئەو پێشبینیی کردووە (شانۆ ببێتە هێنانەدەرەوەی شتە کپکراوەکانی ناوەوەمان.)[١٤] ببێتە ئامرازێکی چارەسەرکردن و ڕۆنانی شانۆیەک، کە مرۆڤی سەرلەنوێ تیایدا لەدایک ببێتەوە.

**شانۆ – ڕۆشنبیری**

(داستان، توندوتیژی و تاعوون)، کە لەوەوپێش لێیان دواین، چۆنچۆنی و بە چ شێوەیەک لای ئارتۆ و لە شانۆکەیدا، ڕووبەڕووی تێڕوانینی چەمکی ڕۆشنبیری و بنەماکانی شارستانییەت دەبنەوە؛ دەربارەی تێگەیشتن و ڕۆڵ و بەهایان، لە ڕەوڕەوەی گەشە و بەرەوپێشچوون و وریاکردنەوەی مرۆڤ و پرۆسێسی شانۆدا، چ ڕۆڵێکیان هەبووە.

گومانی تیا نییە، کە ئەنتۆنان ئارتۆ خوڵقێنەری ئەم شانۆ و دونیا جیاواز و پڕ لە ئەفسوونەیە، هەروەها خاوەنی تیۆرەکانی شانۆی توندوتیژە و تێڕوانینێکی زۆر تایبەت و هۆشیاری سەبارەت بە چەمکی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی هەبووە. بە بۆچوونی ئارتۆ، پێویستە ڕۆشنبیری لەسەر ڕێگەی هونەر لابدەین، چونکە سیفەتە خۆڕسکەکانی مرۆڤ خۆی لە: تووڕەیی، ڕقلێبوونەوە، دڵنەرمی،

---

[١٣]. وشەی سادی و سادییەت دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری فەرەنسی (مارکیز دی ساد)، کە خۆشنوود دەبوو بە ئازاردانی خەڵکی، سادیش جۆرێکە لە لادان، کە کەسانێک حەز بەوە بکەن بە هەر شێوەیەک بێت ئازاری خەڵکی بدەن، دەشبێت ئەو ئازاردانە ئازاردانێکی سێکسییش بێت.

[١٤]. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٠)، ل٣٣٠.

خۆشەویستی، مردن، ئامانج، هیوا و نامۆیی... هتد، تەنها بەهایە، کە لە ڕێگەیانەوە پێویستە هونەرمەند بڕوانێتە ئاسۆی هونەر و پێویستە هەموو شتەکان لە گەوهەر و وێنە سەرەتاییەکانی خۆیاندا بمێنێتەوە. ڕۆشنبیری پەیام و کاریکی هەیە، بەڵام هونەر گوزارشتی کەسێکی تاکە و هەر لەم دەروازەیەیشەوە، ڕۆشنبیری شتێکە گوزارشت لە تێڕوانینی هەموان دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئارتۆ بەرەو کۆمەڵگە و فەرهەنگ و کولتووری دێرین و وڵاتانی، بۆ نموونە مەکسیک دەڕوات. ئەم ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیرییە بەراییەکانی ئەم وڵات و کۆمەڵگە دێرینانە، ژیانە غەریزییەکەی لەژێر ڕۆشنبیری و مۆراڵ و لۆژیک و شارستانییەتێکی نارەسەندا نەشاردووەتەوە. ئارتۆ لەم کۆمەڵگە و شارستانییەتەدا هەوڵی تازەکردنەوەی ئەو توخمانە دەدات، کە خۆی بەشێکە لێیان؛ هەموو ڕۆشنبیرییەکی ڕەسەن و ڕاست پشت بە ئامرازە سەرەتایی و بەربەرییەکان دەبەستێت، کە بنەمایەکی تەوتەمی لەخۆ دەگرێت. هزر و دیدی ئارتۆ لەم دەروازەیەوە جیاناکرێتەوە لەو هەست و سۆزەی بۆ ئەو دونیایەی تیای ژیاوە، هەیبووە. لە پشت هەموو تیۆرەکانیەوە ویستێکی بەهێز هەیە بۆ گۆڕانکاری و بۆ گۆڕانکاریی ستراکتوری کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا. ئەوەی ئارتۆ دەیویست ئاوێزانێکی ڕۆحی بووە، دروستکردنەوەی مرۆڤ بووە و چاوەڕوانی گۆڕانکاریی شارستانییەتی نەکردووە تا شانۆیش لەو گۆڕانکارییەدا بگۆڕێت، بەڵکو ئەو بڕوای بە شانۆیەک بووە، کە بتوانێت هەنگاوی ئەو گۆڕانکارییانە بنێت و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا بکات. ڕۆشنبیری، بە هەموو ئەو لقوپۆپانەی لێی بوونەتەوە، تەنانەت فۆرمیش لە کارە هونەرییەکاندا، لەگەڵ

هەست و سۆزە خۆرسکەکەی مرۆڤدا ناگونجێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئارتۆ گوتوویەتی: (من لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیم، کە بڕوایان وایە شارستانییەت پێویستە بگۆڕدرێت، تا شانۆیش گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.)[١٥] ئارتۆ هەر لە هەمان شوێندا دەڵێت: (بەڵام من بڕوام وایە، ئەگەر توانرا شانۆ بە شێوەیەکی ئەوپەڕی گران بەکار بهێنرێت، ئەو کاتە هێزێکی دەبێت، کە بتوانێت لەگەڵیدا کار بکاتە سەر شێوەی شتەکان و خولڤاندنیان.)[١٦] ئەگەر شانۆ توانیی کۆمەڵگەیەکی خاوەن ڕۆشنبیری بخولڤێنێت، ئەو کاتە کۆمەڵگە گەورەکەیش بەرەو گۆڕانکاری دەچێت. ئارتۆ هیچ هاوتەرییبییەک لەنێوان ڕۆشنبیری و ژیاندا نابینێت، بە پێچەوانەوە، ڕۆشنبیری هەرگیز بە هاوتەبای ژیان نابینێت، لەم ڕووەوە دەڵێت: (هاوتەرییبییەکی سەیر لەنێوان ئەو دارمانە گشتگیرەی ژیان، کە بنچینەی لەدەستدانی ویست و ورەی هەنووکەییە و لەنێوان پەرۆشی بۆ ڕۆشنبیرییەک بەدی دەکرێت، کە هەرگیز هاوتەبای ژیان نەبووە و بگرە بۆ پاوانکردنیشی هێنراوەتە کایەوە.)[١٧]

ئارتۆ، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد شارستانییەت گۆڕا و گۆڕانکارییەکانی شارستانییەت بتوانێت شانۆ بگۆڕێت، بەڵکو بڕوایەکی پتەوی بە هێز و کاریگەریی شانۆ هەبووە بەسەر فۆرم و شێوازی شتەکانەوە، کە ڕێگەیان دەکردەوە بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییە گەورەکان. هەر لەبەر ئەوەیشە، یان هەر لەم دیدە ڕادیکاڵەوە

---

[١٥]. أنتونين أرتو، المسرح و قرينة، ترجمة د. سامية أحمد أسعد، ل٨٩.

[١٦]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٧]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ ل١٥.

بووه، پێشنیازی شانۆیەکی توندوتیژی دەکرد، شانۆیەک لە دەرەوەی چەمکە باو و نەریتگەراکانی شانۆی ئەورووپییەوە. توندوتیژیی شانۆکەی ئەو، توندوتیژییەکی فیزیکی و جەستەیی نەبووە، بەڵکو شانۆیەکی بەهێز بووە، هێزی مەچەک و دەسەڵات نا، بەڵکو هێز و کاریگەریی نمایشە شانۆییەکان، کە وەک هەڵوێستێکی چڕ و پێداویستییەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە ئەبەدییەکان کاری کردووە.

ئارتۆ، بۆ نموونە لە گەشتەکەیدا بۆ مەکسیک چەندان بۆچوونی جیاوازی لەسەر مەسەلەکانی شارستانییەت/ڕۆشنبیری لا دروست دەبێت. ئارتۆ لەم ڕووەوە بەراوردکارییەکی ورد و قووڵ لەنێوان کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریی ماتریالیزمی ئەورووپی، لەگەڵ بنەما ڕۆحییە قووڵ و میتافیزیکییەکەی فەرهەنگ و کولتووری وڵاتی مەکسیکدا دەکات. لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا، پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە ژیان و بە سروشتەوە لەرزۆک و بێبنەمان و دوورن لە ڕاستییە گەوهەرییەکانەوە، بەڵام لە مەکسیک بە پێچەوانەوە، مرۆڤ پەیوەندییەکی بەتین و بەهێزی بە ژیان و سروشتەوە هەیە. شانۆی ئەورووپی نەریتگەرایە و پاشکۆی دەق و بنەماکانی زانستی دەروونناسییە و دوورە لە ژیان و ڕەوشی مرۆڤەوە. شانۆ شانۆی وشە و ئەدەبە، بەڵام لە مەکسیک هەموو شتێک لە فیزیایەکی بزۆزدا، لە جووڵەی جەستە و لە دەنگ و ئاماژەکاندا بەرجەستە دەبێت. ئەو شانۆ شیعرییە پیرۆزە داستانی و ئەفسوونییەی ئارتۆ خەونی پێوە دەبینی و کاری بۆ دەکرد، سەرەتا لە نمایشە سەمائامێزەکانی دوورگەی بالی و دواتریش لە مەکسیک دەدۆزێتەوە. ئارتۆ سوودێکی زۆر لەو گەشتەی بۆ مەکسیک دەبینێ و چەندە لە خەونەکانی

خۆی بۆ شانۆیەکی شیعرئامێز نزیک دەبێتەوە، هێندەیش لە چەمکی ڕۆشنبیری قووڵ دەبێتەوە و بە شێوەیەکی تر لە پەیام و ئەرک و کارەکانی شانۆ و ڕۆشنبیری دەگات. ئارتۆ هەر لەم گەشتەیدا، زانیارییەکی زۆر و سەرچاوەی دەوڵەمەند سەبارەت بە ئایینە دێرینەکان و دۆزینەوەی کۆدی ئەو کتێبانەی باسی زانستی شتە نادیار و غەیبانییەکان دەکات، بەدەست دەهێنێت. ئەم سەرچاوە و زانیارییانە، تێگەیشتنی خۆی بۆ شانۆکەی و بۆ چەمکی ڕۆشنبیری فراوانتر و قووڵتر دەکاتەوە.

### ئارتۆ و گەشتەکەی مەکسیک

ئەنتۆنان ئارتۆ لە مانگی چواری ١٩٣٦دا ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێت سەفەرێک بۆ مەکسیک و چیاکانی باشووری ئەم وڵاتە بکات، لەوێ تێکەڵاوی هۆزەکانی (تارا هوو مارا)کان دەبێت و لەگەڵیاندا دەژی. ئەم خەڵکە تا ئێستایش پەیڕەویی جۆرە ڕیتواڵێک دەکەن، کە بە ڕیتواڵی (خۆر) ناسراوە و تایبەتە بە خۆیان؛ بەپێی بۆچوونی ئارتۆ، مێژووی ئەو ڕیتواڵە دەگەڕێتەوە بۆ کات و چاخەکانی بەر لە مێژوو. ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە ئەوەیە، کە تارا هیوو ماراکان لە کاتی ئەم ڕیتوالانەدا، جۆرە ڕووەکێکی ژەهری لە پرۆسەیەکی پاکژبوونەوەدا بەکار دەهێنن. ئەم ڕووەکە وەک جۆرە ماددەیەکی هۆشبەر وایە و ڕۆڵێکی گەورە لە سروشتی ڕیتواڵەکانیاندا دەبینێت، بێگومان ئەمەیش جێگەی سەرنجی ئارتۆ بوو. ئارتۆ لە لایەن هۆزەکانی تارا هوو ماراکانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکرێت. ئەم سەردانە ئەو هەلەیش بۆ ئارتۆ دەرەخسێنێت، کە ڕیتواڵەکانیان لە نزیکەوە ببینێت و

خۆیشـــی بەشـــدار بێـــت لەگەڵیانـــدا، ئەوەی بەشـــداریی ئەو ڕیتوالانەیش دەکات، زانیاری سـەبارەت بە خـاڵیبوون (بە مانـا فەلســـەفییەکەی)، ڕەوشـــی شـــتەکان لە دەرەوەی کـــات و شوێنەوە، ئەو ژووره خاڵییانەی، کە لە ناخی هەموو یەکێک لە ئـێمەدا هەیە، دەبێـت. تـارا هـوو ماراکـان، ئاماژەیـان بـۆ ئەوە دەکرد، کە ڕیتواڵەکانیان یارمەتیی مرۆڤ دەدات لە مەوداکانی کـات و شـوێن بێـتە دەرەوە، ئەمەیـش ئەوە بـوو، کە ئـارتۆ دەیویسـت لە شـانۆکەیدا بەدەسـتی بهێنێت. ئـارتۆ لە یەکێک لە دەقەکانیدا، سەبارەت بە ئەم هۆزانە دەڵێت: (بۆ مەکسیکییەکان، شـێت ئەو کەسـەیە کە شـتە خواوەندییەکانی دۆزیـوەتەوە و لە سروشـتدا دایناونەتەوە، نەسـتی ئەو شـێتە جووڵەی سروشـتی دۆزیـوەتەوە. بـۆ ئەوان شـێت ئەو کەســەیە کە بەشـداره لە ڕاسـتیدا، نە ڕاسـتی و نە مەرگ ئەوان دەترسـێنێت.) هەروەهـا ئـارتۆ لە باسـێکی تریـدا بە نـاوی (شـانۆ و خواوەنـدەکان) بەم شـێوەیە باسـی شارسـتانییەتی مەکسـیکی دەکـات: (مەکسـیکییە کۆنەکـان جـگە لە نهێنییـەکانی نێـوان مەرگ و ژیـان، شـتێکی تریـــان نەزانیـــوە، ئەم وێســـتگە نـــاوەکییە ترســـناکە و ئەم جموجۆڵی هەناسەدانە، ئەو کولتوورەیە، کە لە یەک کاتدا لەنێو سروشـت و هـزردا جموجـۆڵی هەیە، ئەمەیـش (میتافیزیـک)ە، گەرچی ئێمە ناتوانین لەنێو میتافیزیکدا بژیین، بەڵام لە ڕاسـتیدا دەبێت سـەرلەنوێ ژیان بچێتەوە نێو میتافیزیک، ئەمەیش ئەو دۆخە دژوارەیە، مرۆڤـی ئەمـــڕۆی شـــێت کـــردووە، دۆخـــی تەواوی ئەو ڕەگەزە ڕەســـەنانەیە، کە بەردەوام لە یەک کاتـــدا خۆیـان لەنێـوان مەرگ و ژیانـدا بینیـوەتەوە، بـۆیە کولتـوور نانووسرێتەوە، هەر وەک ئەفلاتوون دەڵێت "ئەو ڕۆژەی یەکەم وشـە نووسـرا، هـزر لەنـاوچوو"، نووسـین واتـا ڕێگەگـرتن لە

جمووجۆڵەکانی هزر لەنێو فۆرمەکاندا، هەر لەو ڕوانگەیەوە، کە نووسینەوە دەبێتە مایەی چەقبەستنی هزر لەنێو فۆرمێکدا، فۆرمیش دەبێتە ئەنگیزەیەک بۆ سەرهەڵدانی شێتی و سرووش.)[18]

ئارتۆ پێی وا بووە، کە ئەم خەڵکە بەراییە پەیوەندییان بە سەرچاوەکانی خوڵقاندنەوە هەبووە و لای ئەم خەڵکە، کە نەژادیان هیندییە سوورەکان بووە، لە ڕۆحێکی تازەدا لە لەدایکبوون نزیک دەبێتەوە و هەست بەوە دەکات، کە چۆن هێزەکانی ئافرەت/پیاو لە ناخیدا بەدوای یەکگرتنێکدا دەگەڕێن. (فۆرمی هێزە بەراییەکان، کە لە پشت پیاو و ژنەوە دێنە پێشەوە و خۆیان پیشان دەدەن.)[19] بۆ ئارتۆ ئەو ڕتیوالانە وێنەیەکی ڕاستەقینەی شانۆی توندوتیژی بوون، شانۆی گۆڕانکارییەکان، کە کاریگەرییەکی چڕ و سەراپاگیریان هەیە. ڕیتواڵەکانیش (بە شێوەیەکی تەواو و گشتگر لەگەڵ گەردووندا تێکەڵاو دەبن و دەبن بە یەک.)[20]

دواتر ئارتۆ لە نامەیەکیدا، کە شەشی مانگی دەی ١٩٤٥ نووسیویەتی، دەڵێت: (من بۆ کەیف و سەما نەچووم بۆ مەکسیک تا دواتر کتێبێکی لە بارەوە بنووسم و لە گوێ ئاگردان بخوێندرێتەوە، بەڵکو ئەو سەفەرەم بۆ ئەوە کردووە تا سەرلەنوێ ئەو گەلە بدۆزمەوە، کە بێنە ناو هزر و دید و

---

[18]. ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و خواوەندەکان، وەرگێڕانی کاردۆ، ئەنتوان ئارتۆ، کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای جەمال عیرفان،ساڵی ٢٠١٥ ل٣٠، ٣١.


[19]. لاپەڕە ٨٦ لە: Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981, s 86

[20]. لاپەڕە ٨٥ لە: ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و خواوەندەکان، وەرگێڕانی کاردۆ، ئەنتوان ئارتۆ، کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٥.

هۆشمەوە. ئەگەر من شاعیر بم یان ئەکتەر، بۆ ئەوە نییە نواندن بکەم، یان شیعر بنووسم، بەڵکو بۆ ئەوەیە لەواندا بژیم.)[٢١]

ئارتۆ دوای سەفەرەکەی بۆ مەکسیک کتێبێکی بە ناوی Les tarahumars نووسیوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە، وەک بەشێک لە توێژەرەوەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، نزیکە لەو شیعرانەی لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا دەیاننووسێت، بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەو دیاردە و شتانە دەکات، کە لە سەرووی سروشتەوەن.

ئارتۆ دوای ئەوەی بۆی ڕوون بووەوە، کە ڕۆشنبیری و تیۆر و کتێبە گەورەکان هیچیان بۆ مرۆڤایەتی بەدەست نەهێناوە، پەنجەی تاوانباریی بۆ ڕۆشنبیران بە گشتی و ڕۆشنبیرە بورژواکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی درێژ کردووە، کە لە هیچ کاتێکدا، جگە لە خزمەت و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان و گوزارشتکردن لە خودی خۆیان، لە خزمەت و بەرەی مرۆڤدا نەبوون و نین، چونکە بە ئاشکرا دەبینین ڕۆشنبیرییەت بە هیچ شێوەیەک توانای نییە یارمەتیی مرۆڤ بدات و لەو لیتە خەستە بەهێزەی کێشەکان دەستیان بگرێت و دەریان بهێنێت و ڕزگاریان بکات.



هێڵکارییەکانی ئارتۆ

---


[٢١]. لاپەڕە ٢٤ لە هەمان سەرچاوەی ژمارە ١٩.



**لە چیرۆکە بێ وشەکانی شانۆی ئەلفرێد گاری-ەوە**

## دەروازەی دووەم:

# پراکتیک




دیمەنێک لە ئۆپۆی پادشا

## بەشی یەکەم

## دەرهێنان و هونەری نواندن لە شانۆی توندوتیژدا

ئـارتۆ، هەر لەسـەرەتاوە، کە دێـتە پـاریس ئەو هەلەی بـۆ دەرەخسێت لە شانۆکاندا کار بکات، تێکەڵاوی ناوەندە هزری و هـونەرییەکەی ئەو دەمەی پـاریس ببێـت؛ لە هەمـوو ئەمـانەیش گرنگتـر بەر شـانۆکار و ڕێژیسـۆرە پێشـڕەوەکانی ئەو دەمەی پاریس، بۆ نموونە لێوگنی-پوێی و شـارڵس دوولـین دەکەوێت. دوولـین قوتابخـانەیەکی شانۆیشـی دەبێـت و ئـارتۆ یەکەم هەنگاوەکـانی لەم شـانۆیە و لەم قوتابخـانەیەدا دەنێـت و بەر جۆرێکی جیاواز لە کاری شانۆیی دەکەوێت.

ئەم دوو ڕێژیسـۆرە، لەو کـاتەدا دیـدێکی هـونەری/ ئێسـتاتیکی/ هـزری ئەڤانگـاری جیاوازیـان بـۆ هـونەری شـانۆ هەبـووە، هەر لەو دەمەدا، کـاریگەریی شـانۆی ڕۆژهەڵات و زمـانی جەسـتە و دیـدێکی ئێسـتاتیکیی جیـاواز بە کارەکانیـانەوە دیار بووە. ئارتۆ لەم شـانۆیەدا دیـدە ئێسـتاتیکییە جیـاوازەکەی بۆ شانۆکەی چەکەرە دەکات و ئامرازە کردەییەکـان و زمـانێکی جیـاواز بـۆ دەرهێنـان و فـۆرم و تەکنیکێکـی تـر، لە دەرەوەی شانۆی ڕیالیزم و نەریتگەراوە بۆ ئەو دەبێتە خەون و خولیا.

ئـارتۆ بەدوای سـەرچاوەکانی تـردا دەگەڕا بـۆ شـانۆ، نەک شـیکردنەوەی دەروونـی، لە ڕەوشـەکاندا جووڵەی دەدۆزییەوە و لە خەونەکانـدا بەدوای دیـدێکی شـانۆییدا دەگەڕا و لە

نمایشــەکانیدا زمــانی جــووڵە بەرجەســتەی شــتە نادیارەکــانی دەکــرد. ئــارتۆ کــاری لەســەر نادیارەکــان دەکــرد و دەیویســت نادیار بکات بە شتێکی دیار و بەرجەستەکراو. گەمە پڕ لە ڕاز و نیازەکــانی چاخەکــانی ناوەڕاســت، شــانۆی ئەلیزابێســی و بێگومــان شــانۆی ڕۆژهەڵاتــی، کە لەوەوبەر باســمان کــردووە، ئارتۆ بە شێوەیەکی جیاواز فێری زمانی جەستە و ئاماژەکان دەکەن. (پێویســتە نمایشــی شــانۆیی لە ڕوانــگەی هەســتی شاراوەوە ڕۆبنرێت، کەواتە جووڵە لە شانۆی ئارتۆدا، هاوکات ئەکتەریش دەبێتە ڕەوشێک لە ڕەوشەکان.)[1] بەم پێیە ئەکتەر دەبێتە ئامڕازێک بۆ پیشاندانی هەستە شاراوەکان، لە ڕوانگەی ئەم گوتەیەوە دەتوانین بڵێین، ئارتۆ بە پشتبەستن بە لێهاتوویی ئەکتــەر و دەرهێنــەر لــە نمایشــی شــانۆیی، کــاری لەســەر پیشــاندانی ئــەم هەســتە شــاراوەیە کــردووە. هەڵبــەت ئەمــەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئارتۆ، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، نەریتە باوە شانۆییەکانی پێشووتری سەبارەت بە جووڵــەی ئەکتــەر و کــاری دەرهێنــانی شــانۆیی ئــەوەی گوزارشــتیان لێــوە دەکــرد، ڕەت کردووەتــەوە. ئەو وێــنە شــانۆییانە پشــت بە ڕیتــواڵ و چەمکە ڕیتواڵییەکــانی نمایشــی شــانۆیی دەبەســتێت، لەبەر ئەوە ئەو فۆرمە ئێستاتیکییەی ئەم جۆرە نمایشــانە پشــتی پــێ دەبەســتێت، ئەفســوونی ڕیتــواڵ و ئەفســـانە و میتۆلۆژیـــا و ســـمبوڵەکانە. هەمـــوو ئەو توانـــا میتۆلــۆژی و هــزرە بەرایــی و زمــانی جەســتەیی، کە نێزیــک دەبێـــتەوە لە ســـەرەتاکانی هـــونەرەوە، یەکەی نمایشـــەکە دەتەقێنێتەوە.

---

[1]. د. صلاح القصب، مسرح الصورة بين النظرية و التطبيق، ل٣٩.

هەر لەم ڕووەوە و بــۆ دووپاتکردنـــەوەی ئەو بۆچــوونەی لای ســەرەوە ئاماژەمــان بـۆ کـردووە، ئـارتۆ دەڵێـت: (شـانۆ لە ڕووی شـێوەکارییەوە ئـاوێتەی چارەنووســی جیهـان دەبێـت و پرســـیار لە مەســـەلەی دەربـــڕین، بە تـــایبەتییش بە هـــۆی شێوەکانەوە دەکات.)[٣] شێوەکارییش ئەو وێنە چڕە شـانۆییانەن، کە دیـدە ئێسـتاتیکییەی ئـارتۆ پێـک دەهێـنن. کەواتە دەتـوانین بڵێـــین، بە شـــێوەیەکی گشـــتی گەوهەری ڕووە کـــردەییەکەی شانۆی توندوتیژ لەو مەدارەدا یەکانگیر دەبێت، ئارتۆیش زیـاتر بــۆ دەســـتەبەرکردنی ئەم لایەنە هەوڵـــی داوە، بــۆ نمــوونە لە ڕوانگەی ئەو نامانەی بۆ جاک بۆلـون و هەندێک لە هاوڕێکانی تــری نــاردوون، لەپــاڵ هەردوو مانیفێســتی یەکەم و دووەمــی شـــانۆی تونـــدوتیژدا، بە شـــێوەیەکی پوخـــت و ڕاســـتەوخۆ، سیستێمی تیۆرە کردەیی و پراکتیکییەکانی هـونەری دەرهێنـان و پێکهێـنەرە ســەرەکییەکانی تـری نمایشــە شـانۆییەکانی ڕوون بکاتەوە.

لەم بەشەی ئەم کتێبەشماندا، ئێمەیش هەوڵی ئەوە دەدەین، کە بەپێـــی توانـــا لایەنە کردەیـــی و پـــراکتیکییەکەی هــونەری شـانۆی تونـدوتیژ، بە مەبەسـتی ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمـان، زیـاتر مــۆرکێکی بابەتییــانە لە هەردوو ڕووی تیــۆری و پــراکتیکەوە لەخۆ بگرێت، بخەینە ڕوو.

لە ســەرەتادا دەمەوێـت ڕۆڵـی ئەکـتەر لای ئەنتۆنـان ئـارتۆ، لەو ڕوانـــگەیەوەی ڕەوشـــێکی جیـــاواز و دوورە لە ڕێبـــازی واقیعی و شـیکردنەوەی دەروونییەوە بخەینە ڕوو؛ ئەکتەر لەم شـــانۆیەدا بـــوونەوەرێکی خـــاوەن هێزێکـــی ئەفســـوونییە،

---

٢. حفيظة محمد عبد المنعم، أنتونان ارتـو و مسـرح القسـوة، مجلة "فصـول" العدد ٣، ١٩٨٢.

ئەفـرێنەری بـارودۆخە گشـتییە ڕیتـواڵییەکەی نمایشـەکەیە، ئەکـتەر ڕۆڵـی کۆمەڵێک وێنە، ئەندێشـە، خەون و هێماگەلێک دەگێڕێت، کە لە هەستی شاراوەی کۆمەڵگەوە تۆمار کراون و بوونیـان هەیە. لە دیـدی ئـارتۆوە ئەکتەرێکـی ڕاسـتەقینە، مامۆسـتای هـونەری چارەسـەرکردنی مـرۆڤە، کـاری ئەکتـەر، پزیشکئاسـا، چارەسـەرکردنی ڕۆحە، بێگومـان ئامـاژەی بـۆ ئەوەیش کردووە، کە ئەکتەری ڕاستەقینە دەتوانێت دەسـەڵاتی بەسەر گوزارشتەکانی جەستەی خۆیدا هەبێت، واتە دەسـەڵاتی بەسـەر ئـەو بیرۆکانـەدا هـەبێت، کـە لـە ڕێگـەی جووڵـەی جەستەیەوە گوزارشتیان لێوە دەکا، تا بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕۆح و دونیـای جەسـتەدا بکـات، دونیـایەک، کە هەمیشـە لە گۆڕانکاریدایە. هەرچی لەنێو نەستی ئەکتەردایە، ئەو دونیایەی بـە هۆیـەک لـە هۆیـەکان بـە کپکراوی لـە هەستی شـاراوەدایە یاریدەدەرێکی چاپووکی ئەو ڕۆڵەن، لەم ڕوانگەیەوە "کارکردن" لە شـانۆدا، وەک هەمـوو کـار و پیشـەیەکی تـر ئامـاژەی بـۆ ناکرێت، بەڵکو شانۆ، بە تایبەتی ئەم شێوازەی شانۆ جۆرێکە لە ژیـان و پێویسـتە تیایـدا بژیـت، ئەکـتەریش لەم ڕیتـواڵ و سـرووتەدا مـۆرکێکی تـایبەتی خـۆی لە ڕێـگەی کـارتێکەر و کاردانەوە جەستەییەکانەوە بەدەست دەهێنێت. بەم پێیە (نواندن هەمـوو ئاسـتەکانی واقیـع دەگـوێزێتەوە سـەر یەک ئاسـت -بـۆ سـەر پانتـایی شـانۆ- بۆ ئەوەی بینەر ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی ژیـان ببینێـت و هەسـت و سـۆزی بهەژەنێـت.)[٣] لەبەر ئەوە هـونەری نوانـدن سـیمایەکی سـمبولی لەخـۆ دەگرێـت و لەنێـو کۆمەڵێک کۆد و سـمبوڵ و پێکهـاتەی وێنەییـدا، گەشـە دەکـات،

---

[٣]. د. سامية أحمد أسعد، في الادب الفرنسي العاصر، ل١٤١.

هەر لەم ڕوانگەیەوە مەودایەکی مرۆڤیانەی گشتی دەبەخشێتە ڕۆڵی کارەکتەرەکە. نواندن لای ئارتۆ سیما و چەمکێکی سمبوڵی هەیە، تەنها نواندنێکی ساکار و تقلیدی نییە، بەڵکو چەمکێکی مرۆڤانەی گشتی، لە دووتوێی هێماگەلێکی بارگاویکراو بە چەندان کۆد بە ڕۆڵەکە دەبەخشێت. لێرەدا جووڵە دەبێتە هزر و وردەکاری و سمبوڵەکان و هەموو بەربەستەکانی نێوان ڕۆح و جەستە، هەست و نەست ناهێڵێت و ئەکتەر دەگەیەنێتە ئاستێکی تری ڕۆحی. زمانی جەستە تەنها پانتۆمایمێکی ساکار نییە، کە گوزارشت لە شتە واقیعییەکانی ژیان بکات، بەڵکو زمانی جەستە و پانتۆمایم و جووڵە بۆ ئارتۆ جۆرە هزرێکە، کە گوزارشت لە دیاردە و شتە سروشتییەکان بە زمانێکی سمبوڵی دەکات.

ئەوەی ئارتۆ گرنگیی پێ دەدات و ئێمەیش لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە، یەکەی نمایشە شانۆییەکە نییە، بە مانا تەقلیدییەکەی، بەڵکو یەکەی ڕووداوی شانۆیی، وەک پاڵنەرێکی بارودۆخە چاوەڕوانکراوەکەی ئەکتەرە. ئەکتەر لێرەدا و لە بنەمای ڕووداوەکانەوە، لە بواری ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی ناوەوەی خودی خۆیەوە، هەوڵی دۆزینەوەی نهێنیی هێزە پاڵنەرەکان دەدات و دەیانگەیەنێتە ترۆپکی ڕاستگۆیی. ئارتۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تەنها لە جەستەگەیشتن ئەکتەر ناگەیەنێتە تێگەیشتن لە ڕۆڵەکەی، بەڵکو دەبێت لە پشت ئەو تێگەیشتنەوە لە جەستە، ڕۆشنبیرییەکی گشتگری قووڵی گوزارشتکردن لە بەرپەرچدانەوە هەبێت.

ئەو نواندنەیشی لەم بوارەدا دەمانەوێت، کە توخمێکی گرنگ و پێویستی گەوهەری شانۆی توندوتیژییە، مانای دەربڕین، نە لە سروشت و نە لە واقیع نییە، بەڵکو

دەستەبەرکردنی توانا و هێزی ئەکتەرە بۆ بەرجەستەکردنی شتەکان، لە دەرەوەی گوزارشتکردن لە واقیعەوە. بێگومان ئەمەیش بە شێوە بینراوەکەی نا، بەڵکو گەیاندن و خولقاندنی توانای ئەو شتانە لە یەکەیەکی جوانکاری و دیالێکتیکی هەستپێکراودا. ئەکتەری ئەم جۆرە نمایشانە پێویستی بە تاقیکردنەوە، ڕۆشنبیری، هۆشیاری، ئەزموونێکی بەرفراوان و دەوڵەمەند هەیە، تا هەست بە ڕەوشی خۆ ئامادەکردنی ڕیتواڵ و ڕۆڵەکەی خۆی بکات، هەر وەک چۆن لە تاقیگەیەکی کیمیاییەوە کۆمەڵێک مادده و توخمی جیاواز لە کەمۆڵەیەکدا، بۆ پێکهێنان و گەیشتنە ئەو ئاکامانەی خزمەتی مەبەستەکانی دەکات، تێکەڵ دەکەن. ئارتۆ دەڵێت: (ئەو ئەکتەرەی هەمان جووڵە دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک جووڵە ئەنجام دەدات؛ دەجووڵێت، بێگومان بە توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک فۆرمدا دەکات، بەڵام بە هۆی تێکشکاندنیانەوە، لە پشت ئەو فۆرمانەوە، ئەکتەر بە پاشماوەی ئەو شتانە دەگات، کە لەو فۆرمانەدا دەمێننەوە و بەردەوامبوونیان بەرهەم دێنێت.)[٤]

هەموو نمایشێک زمانی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو جووڵەیەکی جەستەیش دووبارە نابێتەوە، جەستە لە جووڵە و گۆڕانکاریی بەردەوامدایە و هەموو نمایشێک تازەبوونەوەیە. هەر لەبەر ئەوەیشە، نابێت بینەران نمایشی تەنیا یەک شەو ببینن، شانۆی توندوتیژ لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوە ڕۆنانرێت، بەڵکو لەسەر کرداری پڕ لە جووڵەی بەردەوام. ئەو شێوازەیش جارێک بەکارهێنراوە، جارێکی تر بەکار

[٤] . ئارتۆ ئەنتۆنان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل٢٣-٢٤.

نـــاهێنرێتەوە، بەڵکــو گەڕانێکــی بەردەوامە بەدوای شــێوازێکی تردا.

ئـــارتۆ دەیەوێـــت بگـــاتە جۆرێـــک لە ڕاســـتیی ڕەهـــا و نزیکبوونەوە لە ڕۆحەوە، ئەمەیش لەم بەرگەدا لە واقیع بـاڵاترە، ئەو داوای شـــێوازێک لە نوانـــد دەکـــات، کە بە شـــێوازێکی "کۆدئامێز" ناو دەبرێت، چونکە بەمە نزیک دەبێتەوە لە جیهانە سمبوڵییە ئەفسوونییەکەیەوە.

ئەنتۆنـــان ئـــارتۆ لە ڕوانــگە و دیــدی نوانــدن و شـــانۆوە، بایەخی بوونی مرۆڤ دیاری دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: (کە دەژیــم هەســت نــاکەم دەژیــم، بەڵام کە دەور دەبیــنم هەســت دەکەم هەم.) ئـا بەو جـۆرە هونەرمەنـد لە چەمکـی ئەو ئـاهەنگە ڕیتــواڵییە لێوانلێــو لە ئەفســـوونە تەلیســـماوییەوە، هەســـت بە بـوونی خـۆی و چـۆنیەتیی ژیـانی خـۆی دەکـات، ئەمە جگە لە ڕەوشــی ترســە پیــرۆزەکەی ڕووبەڕووبــوونەوەی بینــەران، بە مەرجێک ئەکتەر، یـاخود هونەرمەنـد ڕاسـتگۆ بێت لەگەڵ خـۆی و هونەرەکەیدا.

نمایشـــە شـــانۆییەکان جــۆرە ئاهەنــگ و ڕیتـــواڵێکن، کە ئـــادەمیزاد لەو ڕوانـــگەیەوە، هەســـت بە دەنـــگ و ئـــازارە جۆربەجۆرەکـانی گیـانی دەکـات؛ ئەمەیـش کـارێکی گـرانە، هەر لەم ئاسۆگەیەیشـــەوە، ئەو شـــێوازە نـــاواقیعییە لە چرکەســـاتی نمایشەکەدا دەبێتە واقیعی، ئەمەیش دوای ئەوەی دەرهێنەر لە ڕوانگەی ڕەوش و فۆرمە ڕیتواڵییەکانەوە، هەڵوێستێکی تـایبەتی تـژی لە ئەفسـوونی پـێ دەبەخشـێت. ئەمە ئەفرانـدنێکی گەلێـک بەرزە. ئەی کەواتە چۆنچـــــۆنی و بەپێـــــی هەلومـــــەرجە توندوتیژەکەیەوە ئەم ڕێبازە، لە بواری کارەکتەرەکەوە دەکەینە نمـوونە و شـێوە کۆمەڵایەتییەکـان؟ ئایـا دەتـوانین پـاڵەوانێکی

مەزن، یاخود مرۆڤێکی زەبەلاح و پاڵەوانئاسا، لەسەر شانۆ بەرجەستە بکەین، بەڵام دوور لە سیفەتە گەوهەرییەکانی پاڵەوان؛ لە جەستەی گەورە و توانای بەهێزی ماسوولکەکانەوە، یان پاڵەوانیەتی بە بەرجەستەکردنی هەڵوێست و هەستە قووڵە مرۆڤایەتییەکەی ئەو مرۆڤەیە[٥].

بە واتایەکی هەندێک فراوانتر و نزیک لە بۆچوونە فەلسەفی و هزرییەکان، ئایا توانای ئەوەمان دەبێت لە بواری شتە دژ بەیەکەکانەوە بگەینە واتاکان، بۆ نموونە لای هەریەکێک لە ئێمە ئاشکرایە، کە ئەو دیمەنە یان ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر کارەکتەرەکاندا دێن، دەکەونە چوارچێوەیەکی سەخت و دژوارەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین بیبەستینەوە بە هەلومەرجێکی ترەوە، کە ئاماژەکانی لە نمایشە شانۆییەکەوە دەردەکەون. بەڵێ لە ڕوانگەی ئەم هەڵوێستە (دژانەوە) دەتوانرێت بینەران بگەیەنێتە گەوهەری ڕاستیی شتەکان، ئەمەیش ئەو ئاکامەیە، کە دەمانەوێت.

ئارتۆ هەوڵی دەدا ئەوەی لە دیدە تیۆرییەکانیدا باسی دەکردن، لە جووڵەی ئەکتەرەکاندا بەرجەستەیان بکا، بۆ نموونە، تاعوون دەبێتە جووڵەی ئەکتەر و گوزارشت لە دیدی دەرهێنەر دەکا. (تاعوون وێنەگەلێکی نوستوو، شێواوییەکی شاراوە وەردەگرێت و لەناکاو کۆمەڵێک جووڵەی پەڕانگیر پاڵیان پێوە دەنێت. شانۆیش جووڵەکان وەردەگرێت و دەیانورووژێنێت. وەک تاعوون ئەڵقەزنجیرەی نێوان ئەوەی بوونی هەیە و ئەوەی بوونی نییە، دروست دەکاتەوە، نێوان

---

[٥]. پرۆگرامی نمایشی (تساولات مسرحیة) لەسەر شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە وەرزی ساڵی ١٩٨٦. لە دەرهێنانی د. عەونی کەرومی.

توانستی ئەگەرەکان و ئەوەی لە سروشتی ماددیدا بوونی هەیە.)[٦]

تێکڕای بەرجەستەکردنی ئەو شتانەی لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون و خستوومانەتە بەرچاو، ئەرکی دەرهێنەرە و دەکەونە سەر شانی ئەو، ئەوەی دەرهێنەریش لەم شانۆیەدا بەدەستی دەهێنیت، ناتوانرێت بە شێوەیەکی تیۆری لەمە زیاتر ڕوون بکرێتەوە، بە شێوە کردەییەکەیش تەنیا لەسەر تەختەی شانۆ ڕوون دەکرێتەوە. ئەوەی دەرهێنەر بەرجەستەی دەکات، لە پڕۆسێسە شانۆیی و نمایشەکەیدا، ئەفسوونێکی تژی لە هەست و سۆزە و ناتوانرێت بە وشە – هەر وەک تێفکرینە کردەییەکەی بۆ شانۆ– تۆمار بکرێت. ئارتۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئەگەر هاتوو خەڵک وازیان لە چوونە شانۆ هێنا، ئەوە بزانە لەبەر ئەوەیە، کە بە درێژایی چوارسەد ساڵ، لە سەردەمی بوژانەوەوە، شانۆ لەسەر شێوەی ڕۆمان و وەسفکردن نمایش دەکرێت، لەم ڕووەوە شانۆ لەسەر سایکۆلۆژیەتی چیرۆک و دیالۆگەوە ڕۆ نراوە.

ئارتۆ بە هەموو شێوەیەک دژی چەمکی تەقلیدی و شێوازی شیکارییە لە پرۆسەی دەرهێناندا، دەرهێنان ڕەنگدانەوەی دەق نییە، بەڵکو خاڵی دەستپێک و دەروازەیەکی گرنگە بۆ خوڵقاندنی زمانێکی شانۆیی جیاواز، کە لەم فۆرمەدا توخمەکانی دەق/دەرهێنان، نووسەر/دەرهێنەر لە یەکەی نمایشەکەدا، ئەو زمانە ئێستاتیکییە شانۆییە دەخوڵقێنێت و بەرجەستەی دەکات. دەرهێنەر ڕۆڵێکی فرە گەورە و ترسناک دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەفرێنەر و مامۆستا و ڕێخەری ئەو

[٦] . ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧، ل٤٦.

ئاهەنگە ڕیتواڵئاساییە، کە شیعرە حسییەکانی لەسەر شانۆ و بە جەستە و جموجۆڵی ئەکتەر و تەکنیکێکی باڵا و هەموو شێوازە شیعرئامێزە گوزارشتەییەکانی تر، کە دەتوانرێت دەستەبەر بکرێت، لە مۆسیقا، سەما، هونەری شێوەکاری، پانتۆمایم، گۆرانی، دیکۆر و ڕووناکی بخوڵقێنێت و هۆشیارانە وەک سیستێمێکی زانستی و دیدێکی هونەری بەکار بهێنرێت.

شتێکی ئاشکرایە، کە هەموو ئەم بوارانەیش خاوەنی مۆرک و شیعرییەتی تایبەتی خۆیانن و لە بنەمایەکی پتەو و ڕێککەوتنێکی هۆشیارانەی ئەو شێوازە گوزارشتئامێزانەوە دێنە بەرهەم و بەرجەستە دەکرێن، دوای ئەوەی هەموویان لە بازنەیەکی تایبەتی ڕیتواڵەکاندا و بە شێوەیەکی ڕەنگین یەکانگیر دەبن.

ئارتۆ دوای ماندووبوونێکی فرە و کاری بەردەوام لەناو توخمە جۆربەجۆرەکان و کەرەسە و ئامڕازە شانۆییەکاندا گوتوویەتی: (شانۆ زیاتر هونەری دەرهێنانە وەک لەوەی دەقی شانۆیی بێت و بۆ نمایشکردن نووسرابێت.) کەواتە تەختەی شانۆ شوێنێکی دیار و ماتەریالی و بەڵگەدارە، پێویستە بهەژێنرێ و پڕ بکرێتەوە، هاوکات وەهایشی لێ بکرێت بە زمانێکی دیار و بەڵگەداری ماتەریالی و ڕوون بدوێت و کار بکاتە سەر هەست و سۆزی بینەران و ڕازیشیان بکات. ئارتۆ دەرهێنەری بە داهێنەری زمانێکی فیزیکی ناوزەد کردووە، ئەمەیش ئەو بوارەی ڕەخساندووە، کە بتوانێت و ئەو ڕۆڵەی هەبێت، سەربەخۆییەکی تەواوی هەبێت و لە دەقی نووسراو و ئەدەبی شانۆ و شانۆیەکی سایکۆلۆژی دووربکەوێتەوە، لەبری ئەوە مامەڵە لەگەڵ جەستەی ئەکتەر و پانتایی شانۆ بکات. بێگومان پێویستە تەکنیکەکانی نواندن لە نمایشە شانۆییەکەدا تا

ئەو ڕادەیە کاریگەر بن، کە وا لە بینەر بکا نەچێتە ژێر باری کاریگەریێتیی دیالۆگەکان، بەڵکو هەر ئەفسوونی نمایشەکە سەرنجی ڕابکێشێ.

بەکارهێنانی بووکەڵە و پەیکەری گەورە و چەندان جۆری دەمامکی ڕەنگاوڕەنگ و تۆن و دەنگی ناشاز، یەکێکە لە شێوازەکانی نمایشکردن لەم ڕێبازەی شانۆدا[٧]. وەنەبێت مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم توخم و کەرەستە و ئامرازانە، گۆڕینی ئەکتەر بێت بە کەرەستەی سلبی و کلێشەکاری، یان تەسککردنەوەی بوارەکانی نواند و سنووردارکردنی تواناکانی ئەکتەر و مۆرکێکی یەک شێوەیی لەخۆگرتن بێ، بەڵکو بە هۆی بەڕێکەوتنی ئەو ماوەیەوە، یان ئەو بوارەی، کە لەنێوان پەیکەر و مەودا حسییەکانی ئەکتەرەکەدایە، یاخود دەمامک و سیما پڕ لە دەربڕین و ئەندێشەکەی ئەکتەر، بەمەیش ئارتۆ ئەکتەرەکانی ناچار دەکات، بەدوای دۆزینەوە و ئامادە و دەستەبەرکردنی ئاوازێکی نەشازدا بگەڕێن. ئارتۆ ئەم ئاوازە نەشازانە بۆ گەیشتنە هەست و سۆز، هاوکات غەرائزە جۆربەجۆرەکانی ئادەمیزاد، لە ڕێگەی شێوازەکانی ئەفسوون و کاریگەرییەوە، بەکار دەهێنێت، ئەمەیش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی خوڵقاندنی پانتاییەکی جیاوازتر بۆ شانۆیەکی نوێی پڕ لە وێنە و دەنگ، کە ئەفسوونئاسا کاریگەریی بەسەر بینەرانەوە دەبێ و دەیانگەیەنێتە مانایەکی ڕووت (مجرد) لە ژیان[٨].

هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەبێت هەموو ئەو شتانە لە پەیکەر و دەمامک و شتە بەرجەستەکراوەکانی تریش، کە دەربڕی

---

[٧]. د. سامية أحمد أسعد، فی الادب الفرنسی العاصر، ل١٤٩.

[٨]. هەمان سەرچاوەی ژمارە.

بیرۆکــە ڕووتــەکانن، زۆر بە وردی دەستنیشــان بکــرێن، تــا بگەیـنە دۆزیـنەوەی شـتە نەگۆڕەکـان بـۆ بەرجەسـتەکردن و دەربڕینـی شـانۆیی، ئەمەیش سیمایەکی شـێوە سـمبوڵی لەخـۆ دەگرێت. بۆ نموونە فۆرمی (بـازنە) بەهـایەکی سـمبوڵیی گرنگـی لای ئـارتۆ هەبـووە؛ چـونکە (بـازنە) لە یەک کاتـدا ئـامڕازێکە و شـــێوەیەکی ئەنـــدازەیی هەیە، هاوکـــات دەکرێـــت فـــۆرمێکی شـانۆیش بێـت؛ بە مانـای نمایشـە شـانۆییەکە دەبێـتە بـازنەیی، بـازنەیش - لەو ڕووەوەی، کە ئـامڕازێکە - ئـارتۆ لە شـانۆیی بنەمـــاڵەی (تشنشـــی)دا، وەک ئـــامڕازێکی ســـزابەخش بـــۆ کارەکتەری (بیاتریس)، کە تاوانبارە بە کوشتنی باوکی بەکاری هێنـاوە. لە هەمـان کاتـدا ئەو بـازنەیە سـمبوڵە بۆ ئەو توانـایەی، کە جووڵەیەکی بازنەیی و بەردەوام، لەنێوان بوون و نەبووندا، بەسەر گەردووندا دەسەپێنیت[9]. بێگومان ئەم شتانە هەموویـان، هەر وەک شـانۆی نەریـتگەرا، پەیـڕەوی ڕیتمێکـی تـایبەت بە خـۆی دەکـات، بـۆ نمـوونە دەبێـت ئەکـتەر ئـەزموونی لەگـەڵ هەسـتێکی قـووڵ، بەرامـبەر دەنگەکـان هـەبێت، نەک چەمکێکـی تیۆری سەبارەت بە ڕیتم لە درامادا[10].

ڕوونـاکی یەکێکـە لـەو تەکنیـک و ئـامڕازە شـانۆییانەی، کـە ئارتۆ پێی وایە پێویستە بە شێوازێکی تر بەکار بێت، بـە تایبـەتی جۆری ئەو ڕەنگانـەی، کـە ڕووناکییەکە پەیدای دەکـەن، چونکـە جـۆری ئـەو ڕووناکییـەی پێشـتر لـە شـانۆی ئەورووپیدا بـەکار هـاتووە، تەنانـەت ئامێرەکـانی ڕوونـاکییش، ئامانجەکـەی ئـەو ناپێکن. بۆیە، پێویستیان بە پێداچوونەوەیەکی ورد هەیە.

---

[9] . حفيظة محمد عبد المنعم، أنتونان ارتو و مسرح القسوة، مجلة "فصول" العدد ٣، ١٩٨٢.

[10] . د. سمير سرحان، تجارب جديدة في الفن المسرحي، ل٨٣.

کــاری ڕووونــاکی لای ئــارتۆ تەنهــا ڕەنگــاوڕەنگکردن و ڕووناککردنەوەی سەر تەختەی شانۆ نییە، بەڵکو گوزارشتە لە هەڵچــوونی ڕەوشــە درامــی و پــڕ لە هەســت و ئەندێشــە جیاوازەکــانی تــری دیمەنەکــان، ئەمە لە لایەک و لە لایەکــی دیکەیشــەوە، کاریگــەرێتیی شــێوەی تیشــکەکان لەوەدایــە، کــە گوزارشت نەک هــەر لــە هەستکردن بــە تووڕەیی، ئاسـوودەیی، خەم، بەختەوەری... تاد دەکات، بــەڵکو گوزارشــت لــە بیرۆکــە و دیمەنــە شــاراوەکانی نێــو نەســتیش دەکــا. ئــارتۆ لە (شــانۆ و هەمــبەرەکەی)دا ســەبارەت بە هــونەری ڕوونــاکی دەڵێــت: (بــۆ ئەوەی جۆری تۆنە تایبەتییەکان بەرهەم بهێنرێ، دەبێ بنەمــای وردی و ناســکی، چــڕی، ئەســتووری لە ڕووناکیــدا ناوئــاخن بکــرێن، بە مەبەســتی دروســتکردنی کەشــی ســارد و گەرم و تووڕەیی و ترس و... هتد.)[11]

ئـارتۆ لەو بـڕوایەدا بـووە کە ڕوونـاکی بە چەشـنی بێدەنگی دەدوێــت و کــاریگەرییەکی ڕاســتەوخۆ و تــایبەتی بەســەر بینـەرانەوە هەیە، ئەمەیـش لە ڕێـگەی ئەو لێکـۆڵینەوانەوە، کە لە بــواری ڕووناکیــدا کردبــوونی. ئــارتۆ بەدوای ڕووناکییەکــدا دەگەڕا، کە تیشـکەکەی بە شـێوەیەکی شـەپۆلی بێـت، یـان وەک کڵپەی ئاگر وا بێت. ڕووناکییش بە شێوەی شەپۆل، یان کڵپەی ئاگر دەبێـتە ئەو وزەیە، یـاخود ئەو هێـزەی ڕۆڵێکی گەورەی لە ئێستاتیکا توندوتیژە شانۆییەکەیدا هەبووە.

مۆســیقا دەبێــتە تەواوکەری ڕۆڵــی کــاریگەری ڕوونــاکی؛ مۆسـیقا بە شـێوەیەکی قـووڵ و ڕاسـتەوخۆ کـار دەکـاتە سـەر هەســت و ســۆز، چــونکە دەنــگ و هــارمۆنی و تۆنــە بــەرز و

---

[11] . ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل١٤٧-١٤٨.

نزمـەکان، هەمـوو زمـانێکی جیهـانی لە بەرگێکـی مۆسـیقیدا بە هەسـتی بینەرانـدا دەچریکێنێت. لەبەر ئەوە داوای ئەوە دەکـات، کە بگەڕێـن بەدوای جـۆرە دەنـگ و لەریـنەوە مۆسـیقییەکدا، لەوەوپێش بە هـیچ شـێوەیەک نەمانبیسـتبێت. ئاشـکرایە، کە ئەم سـیفەتانە لە ئـامێرە مۆسـیقییەکانی ئەمـڕۆدا دەسـت ناکـەون، ئەمەیش وا دەکات ئەو ئامێرە کۆنانەی لە مۆزەخانەکانـدا، وەک کەلـــەپوور پـــارێزراون، بیانهێنینـــەوە یادمـــان و ســـەرلەنوێ بەکاریان بێنین، یان هەوڵـی خوڵقانـدنی ئـامێری تـازە بـدەین، کە لەگەڵ دیـــدە شـــانۆییەکانماندا و لەگەڵ ڕیتمـــی نمایشـــەکاندا دەگونجێـت و ئەو دەنگانەمـان بـۆ دەخوڵقێنێـت، کە تـانوپۆ و ئەتمۆسـفێرێکی جیاوازمـان پـێ دەبەخشـن. ئـارتۆ لەم ڕووەوە هەوڵـــی داوە ســـەرلەنوێ لە ئـــامێرە کۆنەکـــانەوە ئـــامێرێکی مۆسـیقی جیـاواز دروسـت بکـاتەوە، ئەمەیـش بەشـێکی گرنـگ بـووە لە دیـدە ئێسـتاتیکییەکەی ئەو بـۆ دەنـگ و ئەم دەنگەیـش ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەی ڕووداوەکانی نمایشـەکە و توانـا و وزەی ئەکتەرەکانـــدا بینیـــوە. ئەوەی لێـــرەدا گـــرنگە، ئەگەر بە جـۆرە کـانزایەکی تـایبەتی، تەنـانەت ئەگەر ئەو کـانزایە کـۆنیش بێـت، چەنـد دەنگێکـی بەرز و نەشـــازی وەهـــا بـــدۆزینەوە و بژەنین، کە ببێتە هۆی ناڕەحەتی و بێزارمان بکات؛ ئەمەیـش بۆ ئەوەی ڕاستەخۆ کـار بکاتـە سـەر هەسـت و سـۆزی بینـەران و لـەو بێئاگاییــەی تێیکـەوتوون، هۆشـیاریان بکاتـەوە و بیانخاتـە بەردەم ڕاستییەکان.

لە پـــاڵ ئەو ئـــامڕاز و پێکهێـــنەرانەی ڕۆڵێکـــی باڵایـــان لە دروسـتکردنی ئەو ئەفسـوونە شـانۆییەی ئـارتۆ مەبەسـتی بـووە و ئـێمە باسـمان لێـوە کـردوون و ئاماژەمـان بـۆ کـردوون، جلـوبەرگە؛ ئەو جلـوبەرگەی ئەکتەرەکـان بەکـاری دەهێنن و لە

کاتی نمایشەکاندا دەیپۆشن، تانوپۆ و بەهایەکی گەلێک جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئارتۆ هەموو جۆرەکانی جلوبەرگی نوێ و مۆدێرن وەلا دەنێت. وەک لەوەوبەریش دووپاتمان کردووەتەوە، کە ئەو شانۆیەی ئارتۆ مەبەستی بووە و کاری بۆ کردووە، ئەو مەسەلانەی چارەسەر کردووە و ئەو ڕەوش و بارودۆخانەی خستووەتە ڕوو، کە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و دوورە لە هەموو جیاوازییە چینایەتی و دینی، تەنانەت دەستنیشاننەکردن و دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە شوێنێکەوە، هەروەها کاتیشەوە. ئارتۆ هەرگیز خۆی بە هیچ کات و شوێنێکەوە نەبەستووەتەوە و هەمیشە لە دەرەوەی کات و شوێنەوە کاری کردووە، ئەمەیش مەودا و دیدێکی تر و فراوانی بەخشیوە، بە نمایش و بۆچوونە تیۆرییەکانیشیەوە. لەبەر ئەوە ئارتۆ دەستنیشانی جلوبەرگی چاخ و سەردەمە دێرین و کۆنەکان دەکات، تا نمایشەکانی زیاتر مەودایەکی جیهانگیری و فراوانتر لەخۆ بگرێت.



ئەناییس نین و ئارتۆ

### بەشی دووەم

## بینەر و ڕۆڵی بینەران لە شانۆی توندوتیژیدا

نواندن خۆی لە خۆیدا جۆرە ڕیتواڵ و نەریتێکی جوانە، ڕیتواڵ و نەریتە شانۆییەکانیش هەر لە سەرەتاوە لە ئامێزی ئاهەنگە ئایینییەکاندا لەدایک بوون و لەوێوە گەشەیان کردووە و بەرجەستە دەبوون، ئەو ئاهەنگە ئایینییانەی مرۆڤ دەرویێشئاسا ڕۆڵێکی گەورەیان تیا گێڕاوە. هاوکات، لەگەڵ گەشە و ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونی ڕۆژگاردا، ئەو ڕیتواڵ و نەریتانە لە یۆنانی کۆن لە ئاهەنگە ئایینییەکان جیابوونەتەوە و دواتر بۆ نموونە، ئاهەنگە دیۆنیسیوسییەکان، بە هەموو توخمە ئاهەنگئامێز و فێستیڤاڵەکانەوە دەرکەوتن، بێگومان بەمەیش ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەم ئاهەنگانە کۆبوونەتەوە و بەشداریی تایبەتیان لە ڕێوڕەسمی ئەو ئاهەنگانەدا کردووە. بەم شێوەیەیش تراجیدیای گریکی، دواتریش کۆمیدیاکان لەدایک بوون و نمایش کران.

بە درێژایی باسەکە و لەم کتێبەدا، کەم و زۆر ئاماژەم بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە، بە شێوەیەکی گشتی وەدەرخستنی ڕۆڵی بینەر و بەشداریکردنی و بەستنەوەیەتی بە یەکەی نمایشە شانۆییەکانەوە، کە ئەمڕۆ شانۆی هاوچەرخ دووپاتی گرنگی و بەهای ئەم لایەنە دەکاتەوە. ئەوەیشی تا ئێستا سەبارەت بە شانۆی توندوتیژ، لە

هەمـــوو ڕووەکـــانیەوە خســـتوومانەتە ڕوو، ئەوەی بـــۆ سـەلماندووین، کە ئەم شـانۆیە زۆر دوورە لە شـێوازە تەقلیـدی و نەریـــتگەرا و باوەکـــانی شـــانۆ؛ هەر لە ڕووی مـــامەڵەکردن لەگەڵ دەق و یەکەم هەنگـاوتەوە بـۆ نـاو هـۆڵی شـانۆ، تـا دوا بچـووکترین پێویسـتی و تـوخم و پێکهـاتە و پێکهێنەرەکـانی نمـایش و هەمـوو مەرجە هونەرییەکـانی تـر. بینـەریش، وەک پێکهێنەرێکـی گرنـگ و سـەرەکی لە پێکهێنەرەکـانی شـانۆ و نمایشکردندا، ئامادە بوون و ڕۆڵێکی باڵا و سـەرەکی لە هەموو بزوتنەوە و جووڵانەوە هاوچەرخەکان، بە شـێوەیەکی گشـتی و شانۆی توندوتیژ، بە شێوەیەکی تایبەتی، هەیە.

پێش هەموو شـتێک، لای ئـارتۆ دانیشـتنی بینـەران لـە کـاتی نمایشـەکاندا، بـەو شـێوەیە نییـە، کـە لـە شـانۆکانی سـەردەمی کۆنـدا بـاو بـووە، ئـەو کاتـەی بـەپێی نەخشـە کۆنـە ئیتالییەکـەی خانووسازی بەرامبەر تەختەی شـانۆ دادەنیشـتن، بەڵکو ئـارتۆ بینەرانـــی خســـتووەتە ناوەنـــدی هـــۆڵی نمایشـــەکەوە و ڕووداوەکـانی نمایشەکەیشـی دابەشـی هەمـوو کونوقـوژبن و سووچ و چواردەوری هۆڵەکە کردووە، هەر لە دەرگـای هـاتنە ژوورەوەوە تـا سـاپیتە و قـووڵایی شـانۆ و هـۆڵ و سـەر تەختەی شـانۆی بەبێ هیچ جۆرە بەربەسـتێک کردووەتە یەک پارچە. ئارتۆ بەم پلان و نەخشەیە ویسـتوویەتی هۆڵی بینەران و شـانۆ پـێکەوە ببەسـتێتەوە و بەم شـێوەیەیش (شـانۆی ڕووداو)، کە ئەو پێوەنـدییە بەتـین و ڕاسـتەوخۆیەی نێـوان بینـەران و نمـایش لە لایەک و ئەکـتەر و بینەرانـیش لە لایەکـی دیکەوە دروسـت دەکـات، بخوڵقێنێت[١]. ئـارتۆ پەنـای بـردووەتە

[١]. ئەمـڕۆ ئەم مەسـەلەیە هەمـوو تەوژم و ڕێبـازە نوێیەکـانی شـانۆ و شـانۆی ئەڤانگارد و ئەزمـوونگەری جیهـانی و هـاوچەرخ، لەم خاڵەوە بنەمـای ئەزمـوونە

بەر بەکارهێنانی تۆن و ئاواز و مۆسیقایەکی نەشاز، تا لەو ڕێگەیەوە بگات بە هەست و نەستی بینەر، لە ڕێگەی شێوازە سیحری و کاریگەرییەکانیەوە، تا کەشێکی شانۆیی وا بخولقێنێت، کە لێوانلێوە لە وێنە و دەنگ، بەمەیش کاریگەرییەکی سەراپاگیری سیحری لە بینەرەکانی دەکات.

لێرەدا ئارتۆ جۆرە (یارییەک) دەخولقێنێت، گریکییەکان لە نمایشەکانیاندا شانۆیەکی بازنەئاسایان دروست دەکرد و بینەران بە دەوریدا کۆدەبوونەوە، بەڵام ئەوەی ئارتۆ مەبەستی بووە، تەواو بە پێچەوانەی ئەو نەخشە دێرینەی گریکییەکانەوە بووە. ئارتۆ بە شێوەیەک هەوڵی داوە، لەو چەند شانۆییە کەمەی نمایشی کردوون، ئەکتەرەکان لە بینەران کۆبکاتەوە و کۆنترۆڵی هەست و نەستیان بکات و کار لەسەر ئەم هەست و سۆزە بە مەبەستی ڕاتەکاندن و ڕاچڵەکینی بینەران بکات. لە ئەنجامدا و لەم دید و گۆشە نیگایەوە، بینەران وا هەست دەکەن بەشێکن لە نمایشەکە. بینەر لەم شانۆیەدا کۆنترۆڵ دەکرێت، بە توندی ڕادەچڵەکێت و بە ئاگا دەهێنرێتەوە، بۆیە ئەو بینەرێکی ویستووە توانای ئەو بەرکەوتن و یەکگرتنەی لەگەڵ دیدە توندوتیژییەکەیدا هەبێت. لەبەر ئەوەی شانۆی توندوتیژ هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی بینەر و دروستکردنەوەی سەرلەنوێی؛ بینەران دەبن بە بەشێک لە نمایشەکە، تووشی سەرسووڕمان دەبن، ڕووبەڕووی هێدمە دەبنەوە و دەکەونە نێو گەردوونێکی تژی لە هێما و هێزە کاریگەرەکانەوە. ئارتۆ دەیویست بە نمایشەکانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و قووڵ لە

---

کردەیی و تیۆرییەکانیان دادەنێن. ڕیژیسۆرە گەورەکانی شانۆ، لە دیدی پێوەندیی نێوان نمایش/بینەرانەوە، هاوکات جوگرافیای نمایش و هۆڵی بینەرانەوە کاریان کردووە.

هەست و هۆشی بینەرەکانیدا بکات، بە شێوەیەک ئەو کاریگەرییە بەسەر جەستە و تەنانەت ڕوخساری بینەرەکانیەوە ببینرێت.

ئارتۆ دەیویست وا لە بینەرەکانی بکات هاوار بکەن و هەست بە مەترسییەکانی دونیا و ژیانیان بکەن، وەک لە بەشەکانی لەوەوبەریش ئاماژەم بۆ کردووە و بە نموونە هێناومەتەوە، ئارتۆ لەو مانیفێستانەی بە بۆنەی دامەزراندنی شانۆی ئەلفرێد گاری بڵاوی کردبوونەوە، ئەوەی دووپات کردبووەوە، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەوەی دەچین بۆ لای دکتۆر و نەشتەرگەریمان بۆ دەکات، یان دەچین بۆ شانۆدا، نییە. ئێمە تووشی کێشەیەکی تەندروستی بووین و دەزانین، کە دەچین بۆ لای دکتۆر و نەشتەرگەریمان بۆ دەکەن، نامرین، بەڵام ڕووبەڕووی مەترسی دەبینەوە و ئازارمان دەبێت. دەگریین و هاواریش دەکەین. شانۆی توندوتیژ ئەو دکتۆرەیە، کە ناچاری ئەو گریان و هاوارەمان دەکات و ڕووبەڕووی مەترسییەکانمان دەکاتەوە.

شانۆی توندوتیژ دووپاتکردنەوە و بەرجەستەکردنی بیروباوەڕ نییە، بە هەمان شێوە جیاوازی لەنێوان بینەران و ئەکتەرەکانی سەر شانۆ ناکات. ئەمەیش ئەو ئامانجەی ئارتۆ-یە، کە دەیویست لە ڕێگەی شانۆکەیەوە بینەرەکانی بگۆڕێت، هاوکات ئەکتەرەکانیشی بە پرۆسەیەکی پاکژبوونەوەدا (کاتارسیس) بڕۆن. نزیکی و تێکەڵاوبوونی بینەر و نمایش، بینەر و ئەکتەر بۆ ئارتۆ، تێکەڵاوبوونی ئەو ڕێتواڵ و ئەفسانە و داستانەیە، کە نمایشەکە بە زمانێکی جەستەیی پڕ لە ئاماژە و جیاواز دەیگێڕێتەوە و بینەران دەبن بە بەشێکی گرنگ و زیندووی ئەفسانەکان. داستان لە پانتایی شانۆدا دەخوڵقێت،

بینەر بەشێکە لەم داستانە، کە بە زمانێکی ناتەبا و دوور لە ئامرازە کۆن و نەریتگەراکانەوە بەرجەستە دەبێت و کۆنترۆڵی بینەران، لە هەموو لایەکەوە دەدات. لەبەر ئەوە کارتێکردن و کاریگەرغی شانۆییەکە دەگاتە ئاستێکی بەرزتر، هەر لەم دەروازەیەشەوە، کە لە مانیفێستی یەکەمی شانۆی توندوتیژدا، تەختەی شانۆ و هۆڵی نمایشکردن، بە شێوازە تەبا و باوەکەی لە شانۆی رۆژئاوادا وەلا دەنێت، بۆ ئەوەی شکۆ و گیانە پیرۆزە کۆنەکە بگەڕێتەوە بۆ شانۆ. ئارتۆ لەگەڵ ئەمانەیشدا، شوێنێکی سەرەکی لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دیاری کردووە —لە ناوەڕاستی بینەران—دا تا بەشێکی گەورەی ڕووداوەکانی تیا نمایش بکرێت[٢].

بینەران لەم ڕەوشەدا، بەپێی ئاستی رۆشنبیری و توانای خودی خۆیان دەگەنە قۆناغەکانی درکپێکردن، چونکە نەمایشەکە بریتیی دەبێت لە کۆمەڵە ڕووداوێک، کە هەموو کێشە کەونی و ئاییني و دەروونی و کۆمەلایەتی و ڕامیارییە جیهانییەکان لەخۆ دەگرێت. ئەمە جگە لەوەی ئەو کێشانە بینەران دەخەنە نێو بیر و لێکدانەوەیەکی سەرکێشانەوە، تا ئاستی هۆشیاری بورووژێنرێت و بەرەو پرسیار و تێڕامان و گومڕابوونیان بەرێت و لەگەڵ بوون و دیاردەکانی سرووشت بیانخاتە ململانێوە. (بینەران لەم شانۆیەدا تەنها بۆ تەماشاکردن ئامادە نابن، بەڵکو لە ئامادەبوونێکدا دەژین دوور لە (من/نا)ی خودییەوە (الانا الذاتية) بۆ چوونە جیهانی (من/نا)ی کۆمەڵییەوە

---

[٢]. حفيظة محمد عبد المنعم، أنتونان ارتو و مسرح القسوة، مجلة "فصول" العدد ٣، ١٩٨٢

(الانا الجماعية) بەمەیش ئەو زەمەنە ئەفسانەییە دەخوڵقێت، کە بۆ هەموان دەدوێت.)[٣]

بەو جۆرە بینەران وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بەشێکی گرنگی نێو نمایشەکەن و بە قووڵی کێشراونەتە نێو ڕووداوە شانۆییەکانەوە، ئا لەم ساتەدا هەرچی لەنێو نەست و هەستی شاراوەی بینەردایە، بێ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەردا هەبێ، دێتە دەرەوە و بینەر وەک جادوبەند کرابێ، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریتغی ڕووداوە شانۆییە ئەفسوونئاساکەوە. هەر ئەمەیش وای لێ دەکا، وەک لە بێئاگاییەکی قووڵ هۆشیار بێتەوە و دەرهاویشتەکانی ڕووداوە شانۆییەکان بە دەوروبەر و ژینگەی خۆیەوە ببەستێتەوە و بە دیدێکی نوێ لەم دەوروبەرە بڕوانێ. ئارتۆ لەم دیدە ڕادیکاڵە ئێستاتیکی و هونەرییەوە، سەبارەت بە بینەران دەڵێت: (لەبەر ئەوە، پێشنیازی شانۆیەک دەکەم، کە وێنە جەستەییە توندوتیژەکان هەستیاریی بینەر بخەنە ژێر تەلیسمی خۆیانەوە و بینەر بکێشرێتە نێو نمایشەکە، وەک ئەوەی بکێشرێتە نێو گێژەڵووکەی هێزە باڵادەستەکان.)[٤] کەواتە، بینەران لەم شانۆ و نمایشانەدا ئامراز و ئامێرێکی سلبی و لەکارکەوتوو، بەرامبەر بە ڕووداوەکان، نین و نابن. لە هەمان کاتدا، ئەو مرۆڤانەیش نابێ هاتبن کاتێکی خۆش و بێگیان لە نمایش و بەرهەمێکی شانۆیدا بەسەر بەرن، بەڵکو بینەران لەم دەروازەیەوە دەبنە بەشێکی سەرەکی و گرنگ و زنجیرەیەکی بەردەوامی و پێکهاتووی نمایشەکە. شتێکی بەڵگەنەویستە، کە نەخشە و

---

[٣]. جريدة القادسية، العدد ١٧٤٩، السبت، اذار، ١٩٨٦، السنة السادسة.

[٤]. ئارتۆ، ئەنتۆنان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی مستەفا قەسیم، ل١٣٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧.

جوگرافیای ئەو هۆڵ و شانۆیەی نمایشەکەی تیا پێشکەش دەکرێت، بارودۆخ و چۆنیەتیی دانیشتنی بینەران دەستنیشان دەکات.

ئارتۆ هەوڵی ئەوە دەدات بینەرەکانی لەم پرۆسە شانۆییەدا، شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە، ستراکتور و بنەما کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان تێک بشکێنێت و لە ڕێگەی ئەفسوون و داستانەکانەوە، بەهایەکی تر ببەخشێت بە پرۆسەی شانۆ. ئارتۆ نایەوێت بینەرەکانی هەست بە تەنیایی بکەن، تەنیایی ئەو چەمکە، یان ڕەوشە پڕ لە کارەساتەی مرۆڤی کۆمەڵگە مۆدێرنە ئەورووپییەکەیە، کە ئارتۆ خۆی یەکێکە لە قوربانییەکانی. ئارتۆ هەمیشە ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە کۆمەڵگە نەخۆشە، بۆیە ئەویش نەخۆشە و دووچاری ئەو قەیرانە دەروونییە سەخت و قووڵە بووە. لەبەر ئەم هۆکارانە و لەم دیدەوە، ئارتۆ بە قووڵی کاری لەسەر ئەندێشە و شوناس و ڕەوشە دەروونییەکانی مرۆڤ/بینەران، یان ڕاستتر ئارتۆ، بە شێوەیەکی فراوانتر کار لەسەر بوونی مرۆڤ و بەو شێوەیەیش بینەرەکانی دەکات.

خاڵێکی تری گرنگ هەیە، کە پێویستە لێرەدا بیخەینە ڕوو، ئەویش ئەوەیە لە تێڕوانینێکی قووڵ و هۆشیارانەی ئەو نمایشانەوە، نایەوێ وا لە بینەر بکات پەنا بۆ لاساییکردنەوە بەرێت، بەڵکو ئەم نمایشانە بینەران ڕووبەڕووی غەریزە توندوتیژ و جۆربەجۆرەکانی دەروونی دەکەنەوە، هاوکات لەگەڵ ئەو هێزە مەزنە سروشتی و گەردوونییانەی گەمارۆی خود و بوونی گێتییان داوە. بەم شێوەیە بینەران، لە ڕێگەی ئاشکراکردنی نهێنییەکانەوە دەگەنە حاڵەتی وورووژاندنی هۆش؛ بینەران سنووری هەست و نەستی کەسێتیی خۆیان دەترازێنن

و پابەندی هەست و نەستێکی کۆمەڵایەتی و دەستەجەمعی دەبن.

ئارتۆ لە مانیفێست و دەقە تیۆرییەکانی تریدا گرنگی بەم مەسەلەیە دەدات، هەروەها هەمیشە ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات، کە بە درێژایی شەوانی نمایشکردن ئەو نمایشە دووبارە نابێتەوە، بەڵکو هەموو شەوێک نمایشەکان لە تازەبوونەوەیەکی بەردەوامدان، چونکە شانۆ ژیانە، لەبەر ئەوە پێویستە هەمیشە وەک ژیان لە تازەبوونەوە و جووڵە و گۆڕان و کاری کتوپڕانەدا بێت. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت، کە کاری دەرهێنان و نواندن بدرێتە دەست ڕێکەوت، بەڵکو هونەری شانۆ لای ئارتۆ، هەموو پێکهێنەرەکانی نمایشی شانۆیی زۆر بە وردی و لەژێر ڕێسا و سیستێمێکی تایبەتیدا، هەر وەک سیستێمی جووڵانەوەی گەردوون، دەگاتە ئەنجام.



ئارتۆ لەگەڵ دکتۆرە دەروونییەکەی گاستۆن فێردییێری

## دواوشە و پوختەی ئەم کتێبە

شانۆی ڕۆژئاوا، بە درێژایی چەندان سەدە لەسەر بنەما کۆمەڵایەتیی موراڵ و سایکۆلۆژییەکی واقیعییەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و هەر لەسەر ئەم بنەمایانەیش کاری لەسەر کراوە؛ ئەمەیش بە شێوەیەکی تەواو پشتی بە دەقی شانۆیی، واتە بە وشە و زمان بەستووە. بەم شێوەیە ئەم هونەرە، هەر لە سەرەتاوە بوارێک لەنێوان هونەرمەند و بینەردا دروست دەکات. بە پێچەوانەوە هونەری شانۆ لە ڕۆژهەڵات لەسەر بنەماکانی ئاکار و هەڵوێست ڕۆ دەنرێت، ئەوەی لە کارە هونەرییەکاندا بەکار دەهێنرێت تەنها بابەتێک نییە بۆ چێژی ئێستاتیکا، بەڵکو بەشێکە لە فۆرمێک، یان ڕاستتر تەکنیکێکە بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی، بۆ نموونە دەسەڵات و ڕەوشێک، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاستە، واقیعییە و ئەبسوردیشە. ئەم ئاکار و هەڵوێستە لە هونەر و هونەری شانۆی ڕۆژئاوادا نییە، بەڵام لە ڕیتواڵ و دابونەریتە بەراییەکاندا، لای گەلانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا و ئاسیای دوور هەن. ئارتۆ لێرەوە سرووش بۆ شانۆکەی وەردەگرێت، لەو سەرچاوانەوە دژی بنەماکانی شانۆی سایکۆلۆژی و ڕیالیزمی ئەوروویی دەوەستێتەوە. ئەوەی لەم بنەما ڕۆژهەڵاتییەشدا بۆ هونەر گرنگە، ئەوەیە، کە جیاوازی لەنێوان هونەر و ئەو شتەی ئێمە دەمانەوێت بە ئێستاتیکا ئاماژەی بۆ بکەین، ناکات، بەڵکو

هونەرەکەی ئەوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە تەواوی مەسەلە خودگەرایییەکانی مرۆڤ. هەر لەم دەروازەیەوە، ئارتۆ جیاوازی لەنێوان هونەر و کولتووردا دەکات. هونەر بۆ ئەو هاوواتای هونەری ڕۆژئاوایە، هەڵە و خەوشی ئەم هونەرەیش، بە بۆچوونی ئارتۆ، بارگاوی کراوە بە ئەدەب و هۆشیارییەکی هەڵە و دوور لە ڕاستییەوە.

ئارتۆ لەم دەروازەیەوە دەیەوێت شانۆیەکی نوێ بخوڵقێنێت، هونەرێکی شانۆیی نا، بە مانا ڕووکەشەکەی ئەم وشەیە، کە جیاواز بێت لە شانۆی ڕۆژئاوا و شانۆی ئەکادیمیی ناو دەزگا هونەرییەکان، بەڵکو دەیەوێت شانۆ بکاتە کردەیەکی بەکۆمەڵ و هاوبەش. ئارتۆ دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەر جۆرێک لە سایکۆلۆژیایەکی ئەفسوونی، ئەمەیش لەسەر بنەماکانی ڕیتواڵە کۆنەکانەوە بەدەست دەهێنێت و پەنا بۆ دابونەریتە کۆنەکان دەبات. ئارتۆ لە دوو خاڵەوە کار لەسەر ڕیتواڵ دەکات، یەکەمیان گومانکردنە لە هزر و هەست، هاوکات کارکردنە بە شێوەیەکی کۆمەڵ، بینەر/ئەکتەر و کارە هونەرییەکە بە شێوەیەکی گشتی. ئارتۆ دەیەوێت هەموو میکانیزمە هزری و لۆژیکییەکان، بە تەواوی نەهێڵێت و لەبری ئەوە بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەست کار لەسەر ئەو دیدانەدا بکات، کە لە پشت نەستەکانمانەوە شاراونەتەوە. ئەم شتە شاراوانەیش، بە بۆچوونی ئارتۆ ئەو بەها گرنگانەن، کە خاڵی هاوبەشی هەموو مرۆڤێکن.

ئەم بنەما تیۆرییە دەروازە بۆ ئەو شانۆیە دەکاتەوە، کە ئارتۆ بە شانۆی توندوتیژ ئاماژەی بۆ دەکات. ئارتۆ شانۆ بە تاعوون ناوزەد دەکات، تاعوونێک، کە ئەو پشێوی و مەترسییە گەورەیە دروست دەکات، کە هەموو شتەکان، لۆژیک، هزر،

ژیـانی ڕۆژانە و واقیـع سـەرەوژێر دەکـات و پەردە لە ڕووی ڕاسـتەقینەی مـرۆڤ هەڵـدەماڵێت. شـانۆیش دەبێت بە هەمـان شـێوەی تـاعوون تونـدوتیژ و بێبەزەیـی بێـت. دەبێـت شـانۆی تونـدوتیژ، بە هـۆی تونـدوتیژییەکەیەوە بتوانێـت تونـدوتیژیی نـاوەوەی مـرۆڤ بـدۆزێتەوە و بیهێنێـتە دەرەوە. لەبەر ئەوەی ئـارتۆ نایەوێت لە نمایشـەکانیدا هـیچ جـۆرە ناوەڕۆکێـک، یـان چیرۆکێکـی لـۆژیکیی واقیعـی بەرجەسـتە بکـات و هـیچ جـۆرە پەیـامێکی سیاسـی، یـان مـۆراڵی هەبێت، بەڵکـو زیـاتر فۆرمێـک دروسـت دەکات، دەروازەیەک بۆ پەیوەندیکردنێکی ڕاسـتەوخۆ و قـووڵ لەگەڵ بینەرانـدا، ئەم فـۆرم و تەکنیکەیش ئەفسـوونێکە کـاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆی بەسـەر بینەرانەوە دەبێت. ئـەوەی ئـارتۆ دەیکـا لـە واقیعـی واقیعیتـرە، چونکـە ئـەو لـە ڕێگـەی ئـەو فۆرمـە شـانۆییەی بـەکاری دەهێنێـت، ئـەو واقیعییـە ڕووکەشـە دەترازێنێـت، کـە پێشـتر بـاو بـووە و دیـوە شـاراوەکانی واقیـع بەوپـەڕی جورئەتـەوە دەخاتـە ڕوو کاتێـک سـنووری هـەموو تابووکـان دەترازێنـێ، کـە پێشـتر بـە هـۆی پرەنسـیپ و فۆرمـە کۆمەڵایەتییـە چەسـپاو و باوەکـان نەتـرازاون. بیـنەران نە چـاودێرن و نە هـاتوون گفتوگـۆ بـکەن، یـان کـاتێکی خـۆش بەسـەربەرن، بەڵکـو شووناسـە تایبەتمەنـدەکەی خۆیـان لەنێـو پرۆسـە شـانۆییەکەدا لە بیـر دەچێـتەوە و دەبێـتە بەشـێک، یـان ئەنـدامێک لە خـودی نمایشـەکەدا. لەبەر ئەوە شـانۆ دەبێـت فـۆرمێکی شۆڕشـگێڕانەی هەبێـت، دژی بنەمـا یاسـاییەکان و بنەمـا مـۆراڵی و ئاکارییە داڕێژراوەکانی کۆمەڵگە بوەستێتەوە، شیعرێک بێت لە پشێوی و هەراوزەنادا.

زۆربەی ئەو کەسانەی لە شانۆی توندوتیژیان کۆڵیوەتەوە، یان ویستوویانە خوێندنەوەیەکی فەلسەفیی بۆ بکەن و دیدێکی

فەلسەفیی پێ ببەخشن، یاخیبوونەکەی ئارتۆ بە یاخیبوونێکی ڕۆمانتیکی ناوزەد دەکەن: مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵگە و تابۆکان و دەسەڵاتەکانی سەرەوە بۆ خوارەوەیە؛ شانۆیش دەبێت کون بکاتە ئەم دیوارانەوە، ئەم یاسایانە بڕۆخێنێت، وا بکات دەمامکەکان نەمێنن، پەردە لە ڕووی درۆ هەڵماڵێ.

ئارتۆ لە (شانۆ و هەمبەرەکەی)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەکرێت مرۆڤ ئازاد بێت لە هەموو جۆرە هێزێکی شەڕانگیز و توندوتیژ، ئەگەر ئامادەی شانۆی توندوتیژ بێت، ئەگەر مرۆڤ ڕووبەڕووی سروشتە قووڵەکەی خۆی و هێزە شاراوەکانی ناخی خۆی ببێتەوە، لێی تێبگات و ببینێت، کە ڕەنگە لە بنچینەدا ڕەتیشیان بکاتەوە، بەڵام زات نەکات. ئەم هێزانە، کە شێوەی چەندان بیروباوەڕی چەسپاون، مرۆڤیان بە ڕادەیەک دەستەمۆ کردووە، تەنانەت زات ناکات لێیان هەڵگەڕێتەوە. ئەوەی ئارتۆ دەیکا هەڵگەڕانەوەی مرۆڤە لە ناخی خۆی. ئەمەیش دواجار ئازادبوونی مرۆڤە و بێگومان چیی تر کۆیلەی ئەو سروشتە شەڕانییەی ناوەوەی خۆی نابێتەوە؛ شانۆ لە جەللادەکەی ناوەوەی خۆمان ڕزگارمان دەکات. هەر لەم دەروازەیەوە، شانۆی توندوتیژ دەیەوێت بینەرەکانی، بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆیان بەو پرنسیپە خەتەرناک و توندوتیژانەوە هەبێت، کە دونیایان ڕاگرتووە و مرۆڤایەتی دەبەن بە ڕێوە و دەستیان لە دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤدا هەیە. جا ئەم پرنسیپانە خواوەندە، چارەنووسە، یان هێز و سیستێمی هەر جۆرە میتافیزیکێکی ترە.

ئارتۆ ساڵی ١٩٣٧ سەردانی ئێرلەندە دەکات و لەوێ دەچێتە دێرەکانەوە، بەڵام ڕەفتارە توندوتیژ و مامەڵە

ڕەقەکەی، ڕەبەنەکـــان دەترســـێنێت، کە دەشـــگەڕێتەوە بـــۆ فەرەنسا لە پشت دەرگای شێتخانەکاندا توند دەکرێت و تا دە ساڵ لەو شێتخانە و نەخۆشخانەی دەروونییانەدا دەمێنێتەوە. ئـــارتۆ قوربـــانییەکی جەســـتەی خـــۆی بـــووە، لە زۆربەی دەقەکانیشیدا جەستە ئامادەگییەکی بەهێزی هەیە، بۆ نموونە ڕوو دەکاتە خواوەند و دەڵێت: "خودایە، تۆ چیت لە جەستەی من کرد؟" بێگومان جەستەیش سمبوڵێکی گرنگە بۆ شانۆی توندوتیژ، چونکە لە ڕێگەی جەستەوە لە بوونی مرۆڤ نزیک دەبێتەوە.


شانۆی ڕۆژئاوا، جگە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی نووسراو و بەکارهێنانی زمان، پەنا دەباتە بەر هەست و سۆز و بنەما سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ، نەک شتە شاراوەکانی نەستمان. دیالۆگ و زمان گرنگترین ئامرازە گوزارشتئامێزەکانی ئەم شانۆیەن. ڕیتواڵ و شانۆ بەراییەکان و شانۆی کولتوورە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست و دوور، هیچ جۆرە ناوەڕۆکێکی هزری لەخۆ ناگرن؛ بەڵکو ئەوان دیدێکی میتافیزیکیی جیاوازیان هەیە و هێزە شاراوەکانی نەستمان بەئاگا دێنێتەوە و هەوڵ دەدات، لە ڕێگەی سیستێمی عەســـاب و هەســـت و هۆشـــمانەوە کاریگەرییـــان بەســـەر بینەرانەوە هەبێت.

ئارتۆ لەم ڕووەوە و بۆ دوورکەوتنەوە لە شانۆی ڕۆژئاوا و ڕیالیزمی سایکۆلۆژی و نزیکبوونەوە لە ڕیتواڵ و ئەفسوون و شانۆیەکی جیاوازەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە شانۆیش وەک هەموو هونەرەکانی تر خاوەنی زمان و ئامرازی تایبەت بە خۆیەتی. لەم فۆرم و تەکنیکەی ئارتۆ بۆ شانۆکەی داوای دەکات، بۆ نموونە زمان دەبێت بە شتێکی تر، بونیادە

ئەدەبییەکەی دەقی شانۆیی، زمان و دیالۆگ دەبنە ئامرازێکی لاوەکیی پرۆسە شانۆییەکە. وشە ڕۆڵێکی تر دەگێڕێت و تەنها گوزارشت لە سایکۆلۆژیای ژیانی ڕۆژانە و کێشە ئاکارییەکان ناکات؛ بەڵکو وشە دەبێتە وزەیەکی فیزیکی و زمانی خەونەکانمان لەخۆ دەگرێت. زمانی شانۆ، بۆ قەرەبووکردنەوەی دیالۆگ و زمانە ئەدەبییەکە و دەقی شانۆیی، مۆسیقا، سەما، پانتۆمیم، زمانی جەستە، ڕووناکی، تاریکی، دەنگ... هتد بەکار دەهێنێت، هاوکات هاوار، خورپە، ڕیتوواڵ، ئەفسوون، دەمامک و بووکەڵە دەبنە تەواوکەر و هاوشانی ئامرازەکانی تر. لای ئارتۆ هەنگاوی یەکەمی هەموو نمایشێکی شانۆیی لە دەقەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لەسەر تەختەی شانۆکە خۆیەوە، دەرهێنەر و ئەکتەر داهێنەری یەکەمی نمایشن، کە لەسەر بنەماکانی دیدێک نمایشە شانۆییەکە دەخوڵقێنن، نەک دەقێکی شانۆیی ئامادە و حازربەدەست. ئارتۆ بۆ ئەم مەبەستە لە هۆڵی شانۆ تەقلیدییەکان دوور دەکەوێتەوە و لەبری ئەوە دەچێتە نێو پانتایی کراوە و شوێنێکی ترەوە، کە بە هەموو شێوەیەک لە بونیادی خانووبەرە تەقلیدییەکانی شانۆ جیاواز بێت، لەم پانتاییە کراوەیەدا، نمایشەکە لەنێوان بینەران و لەگەڵ بینەراندا پێشکەش دەکرێت.

دید و تیۆرە شانۆییەکەی ئارتۆ بووە بە سەرچاوەیەکی سرووشبەخشی گەورە و میتافۆر بۆ زۆر لە نەوەی شانۆکارانی دونیا، هێزێک بۆ نوێکردنەوەی شانۆ و دیدێک بۆ گەڕانێکی بەردەوامی دۆزینەوە و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت بە شانۆ. لە شەستەکانەوە شانۆکارانی دونیا، لە ئەمەریکا و ئەورووپاوە، دەگەڕێنەوە بۆ لای ئارتۆ و سوود لە دید و

تیۆره شانۆییەکانی وەردەگرن؛ یوودیت مەلینا، ژۆلیان بێک، ئاریان مونشکین، پیتەر برووک و گرۆتۆڤسکی چەند نموونەیەک لەو شانۆکاره دیارانەی دونیان، کە لەژێر کاریگەریی ئارتۆدا کاریان کردووه و سوودیان لێ وەرگرتووه. ئەم ناوه گەورانه بەشێکن له پریشکەکانی ئارتۆ.



ئەنتۆنان ئارتۆ لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا

١٩٨٦/٦/١٥ بەشـێک لەم کتێـبە، لە ئێوارەکـۆڕێکی یەکێتیـی نووسەران و ئەدیبانی کورددا، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر، لە هۆڵی ڕۆشنبیری و جەماوەری سلێمانی خوێندراوەتەوە.

## سەرچاوەکان:

١. اردش، سعد، المخرج فی المسرح المعاصر، عالم المعرفة، المجلس الوطنی للثقافة الفنون و الاداب، الكويت، ١٩٧٩.

٢. د. سمير سرحان، تجارب جديدة فی الفن المسرحی، المركز العربی للثقافة و العلوم، ١٩٨٥.

٣. هنچلف. ب، اللامعقول، موسوعة المصطلح النقدی، ترجمة د. عبد الواحد لولوة، وزارة الثقافة و الفنون، دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩.

٤. يونسكو، يوجين، (٥) مسرحيات طليعية، ترجمة و تقديم شفيق مقار، مسرحيات عالمية، ١٩٦٩.

٥. ولورث، جورج، مسرح الاحتجاج و التناقض، ترجمة د. عبد المنعم اسماعيل، المركز العربی للثقافة و العلوم.

٦. أرتو، أنتونين، المسرح و قرينه، ترجمة د. سامية احمد، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٣.

٧. بروستاين، ڕوبرت، المسرح الثوری من ابسن الی جان جينية، ترجمة عبد الحليم البشلاوی، الهيئة المصرية العامة للتاليف و النشر.

٨. برونكو، ليونارد كابل، المسرح التجريبی فی فرنسا، ترجمة يوسف اسكندر، موسسة التاليف و النشر، دار الكتاب العربی، القاهرة، ١٩٦٧.

٩. فام، د. لطفی، المسرح الفرنسی لمعاصر، الدار القومية للطباعة و النشر، ١٩٦٤.

١٠. فاولی، والاس، عصر السريالية، ترجمة خالدة سعيد، دار العودة، بيروت، ١٩٨١.

١١. ليشتابزجر، هنری، نيتشة، ترجمة خليل الهنداوی، دار بيروت للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٥٤.

١٢. الجابری، علی حسين، حوار الفلسفی بين حضارات الشرق القديمة و حضارة اليونان، دار أفاق عربية للصحافة و النشر، ١٩٨٥.

١٣. بدوی، عبدالرحمان، شلنج، الموسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الثانية، ١٩٨١.

١٤. د. سامية احمد اسعد، فى الادب الفرنسى العاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٦.

١٥. بدوى، عبدالرحمان، نيتشة، خلاصة الفكر الاوربى، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٧٥.

١٦. جارى، الفريد، ابو ملكا، ترجمة د. ابراهيم حمادة، من المسرح العالمى، العدد ١٩١، وزارة الاعلام، الكويت، سنة ١٩٨٥.

١٧. القصب، د. صلاح، مسرح الصورة بين النطرية و التطبيق، اكادمية الفنون الجميلة، بغداد، ١٩٨٦، بحث مطبوع على الالة الكاتبة.

١٨. سيرو، جنڤيڤ، تاريخ المسرح الحديث، ترجمة د. بدر الدين القاسم، وزارة التعليم العالى، دمشق، ١٩٧٤.

١٩. بروک، بيتر، المكان الخالى، ترجمة سامى عبدالحميد، جامعة بغداد، اكادمية الفنون الجميلة، ١٩٨٣.

٢٠. باورز، فوبيون، المسرح فى الشرق، ترجمة احمد رضا محمد رضا، دار الكتاب العربى للطباعة و النشر بالقاهرة.

٢١. البعلبكى، منير، موسوعة المورد، المجلد الثانى، الثالث، الرابع، الخامس، السادس، السابع، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٠.

٢٢. رووزنتال. م، يودين. ب، الموسوعة الفلسفية، ترجمة سمير كرم، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨١.

٢٣. زكى بدوى، د. احمد، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، انجليزى-فرنسى-عربى، مكتبة لبنانم بيروت.

٢٤. عيد، د. كمال، فلسفة الادب و الفن، الدار العربية للكتاب، ليبيا-تونس، ١٩٧٨.

٢٥. مونز، بيتر، حين ينكسر الغصن الذهبى، بنيوية ام طبولوجيا، ترجمة صبار سعدون، السعدون، مراجعة جبرا ابراهيم جبرا، دار الشوون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.

٢٦. محمود مطلب، مجيد، شيعر و فەلسەفە، وەرگێرانی فوئاد مجيد ميسرى، ١٩٧٨.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

١. الثقافة، مجلة الفكر العلمی التقدمی، العدد ٣-٤، اذار و نیسان، ١٩٨٤، مجلة شهریة ثقافیة عامة.

٢. مجلة افاق عربیة، العدد ١٠، حزیران ١٩٨٤، السنة التاسعة.

٣. مجلة افاق عربیة، العدد١، ایلول ١٩٨٢، السنة الثامنة.

٤. مجلة الاقلام، العدد الاول، السنة الخامسة عشرة، تشرین الاول، ١٩٧٩، عدد خاص بالمسرح العالمی.

٥. المثقف العربی، مجلة الفكر العربی التقدمی و الادب الجدید، العدد ١٧١، اب ١٩٦٩.

٦. الاقلام، مجلة تعنی بالادب الحدیث، العدد التاسع، ایلول ١٩٨٧، السنة الثانیة ا العشرون.

٧. فصول، مجلة النقد الادبي، المجلد الثاني، العدد الثالث، ابريل، مايو، يونيو، ١٩٨٢.

٨. جریدة القادسیة، العدد ١٧٤٩، السبت، اذار ١٩٨٦، السنة السادسة.

**ئەو سەرچاوانەی بۆ چاپی دووەم سوودم لێ وەرگرتوون:**

**بە عەرەبی:**

١. ایفانز، جیمس روس، المسرح التجریبی من ستانسلافسكی الی بیتر بروک، ترجمة و تقدیم، فاروق عبدالقادر، هلا للنشر و التوزیع، ٢٠٠٠.

٢. النصیر، یاسین، اسئلة الحداثة في المسرح، من اصدارات مجلة المسرح، العدد (١٠) السلیمانیة، ٢٠٠٨.

٣. أریک بینتلی، نظریة المسرح الحدیث، ترجمة عبد المسیح ثروت، بغداد، دار الشئون الثقافیة، ١٩٧٥

٤. ج. ل. ستیان، الدراما الحدیثة بین النظریة و التطبیق، ترجمة محمد جمول. وزارة الثقافة، دمشق ١٩٩٥

**بە کوردی:**

١. ئارتۆ، ئەنتۆنان، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧.

٢. ستاری، جەلال، ئانتۆنین ئارتۆ و شانۆی توندوتیژی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: پێشڕەو حسێن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.

٣. ئەنتوان ئارتۆ، کۆمەڵێک نووسەر، کتێبی شانۆکار، ژمارە ٥، دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠١٥.

**به سویدی:**


1-Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981

2-Artaud, Antonin, Van Gogh, Självmördad av samhället, översättning av Percival, Norstedts, 1995

3-Percival, Artaud, Beckett, Blake, essäer och tolkningar, Carlssons bokförlag, 1992

4-Antonin Artaud, liv och verk. En kronologi av Per Verner – Carlsson, Stockholm, 1978

5-Antonin Artaud, wikitext, Wikipedia.

6-Hansson, Alexander, Antonin Artaud och avantgardets utmaning. En artikel på Volapuknett, 2000.

7-Enckell, Johanna, Skärvor av Artaud, En essä om fransk teater efter Befrielsen, Helsingfors, 2003

8-Tjäder, Per Arne, Fruktan, medkänsla och kritisk distans, Den västerländska dramateorins historia. Studentlitteratur, 2000

9-Tjäder, Per Arne, Upp fostran, Underhållning, Uppror, En västerländsk teaterhistoria. Studentlitteratur, 2008

10-Teaterhistoria, En översikt av teaterns utveckling från äldsta tid till våra dagar, 1965

11-Estreen, Richard, Teater, Motståndskraft och frihetslängtan, Carlsson bokförlag, 2012

12-Verner – Carlsson, Per, Vita rum. Dramatens tidskrit 73/1978

13-Häggqvist, Arne, Antonin Artaud – poetisk dynamitard, Obehaliga författare – Ars förlag, Stockholm, 1953

14-Anais Nin, Dagbok, 1931–1934, översättning av Britt Arenander, bokförlaget Trevi, 1977

15-Zern Leif, Grymheters former: Reflexer av Antonin Artaud. Stockholms-Tidningen den 16/3 1965.

## پاشکۆکان

لەم بەشەی کتێبەکەدا، حەوت پاشکۆمان داناوە، کە لە چاپی یەکەمدا نین. هەندێک لەم پاشکۆیانە لەوەوەبەر نووسراون و بڵاو کراونەتەوە، بەڵام سەرلەنوێ دەستکاری کراون، هەندێکیشیان بۆ یەکەم جارە لەم کتێبەدا بڵاو دەکرێنەوە. مەبەست لەم پاشکۆیانەیش، کە لەوانەیە لێرەولەوێ هەندێک دووبارەبوونەوەیان تیا بێت، زیاتر قووڵبوونەوە و فراوانبوون و تێگەیشتنن لە شانۆی توندوتیژ، هەروەها تیشکخستنەسەرێکی زیاترە لە کەسایەتیی ئارتۆ.

## شانۆ و هەمبەرەکەی ١

هەرچەنـدە شـانۆی تونـدوتیژی (ئەنتۆنـان ئـارتۆ) ١٨٩٦-١٩٤٨ و شـانۆی داسـتانی بریشـت دوو ڕێبـازی جیـاواز و دژبەیەکن، بەڵام هیچ تیۆر و ڕێبازێکی تری شانۆیی هێندەی ئارتۆ و بریشت هەژموونیان بەسەر ڕەوتی شانۆ و تیۆری شانۆی جیهانییەوە نەبووە. ئیدیال و دیما و دیدی ئەم دوو شانۆکارە، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە، تەواو جیاوازن؛ لەگەڵ ئەوەیشدا هەردووکیان بە هەمان شێوە دژ بە وەهمی شانۆی بۆرژوازی و شانۆی ترادیشونی ڕیالیزمی ئەورووپی و چێژوەرگرتن و کاتبەسەربردن، کاریان کردووە. ئەگەر شانۆ لە لای بریشت لە ڕێگەی چێژەوە، دیدێکی ڕەخنەئامێزی فێرکاریی هەبێت، ئەوە لە لای ئارتۆ کاری شانۆ ئەوەیە، کە لە ڕێگەی هێرش و خورپە و زمانی جەستەوە هەژموونی بەسەر بینەرەکانیەوە بەجێ بهێڵێت.

دەستەواژەی (توندوتیژ) دوو چەمک لەخۆ دەگرێت، کە هەردوو چەمکی "شانۆ" و"توندوتیژی"یە و ئارتۆ بە تێگەیشتنێکی جودا لەوانەی پێش خۆیەوە سەیری دەکردن و هەوڵی بەکارهێنانی دەدا. چەمکی "شانۆ" بۆ ئارتۆ هەر ئەوە نییە لەسەر تەختەی شانۆ، لە بەردەم بینەرێکی سست و ناچالاک و کەمتەرخەم و بیرنەکەرەوە، بەڕێوە دەچێت، بەڵکو ئەو نمایشەیە، کە بینەر بەئاگا دەهێنێتەوە و کاریگەرێتییەکی

ڕۆحی لە دڵ و دەروونیدا بەجێ دەهێڵێت، کە هەرگیز بیر ناچێتەوە. بە هەمان شێوە، چەمکی "توندوتیژی" ئاماژە نییە بۆ توندوتیژیی جەستەیی یان دەروونی، بەڵکو بریتییە لە وروژاندنێکی سەختی گیان و ناوکرۆکی بینەر و خرۆشاندنێکی بێبەزەییانەی دەروونیی ئەو بینەرەی بەر ئەم جۆرە شانۆیە دەکەوێت. ئەو دەروونەی، کە سست و خاو و ملکەچ و قایل بووە. مەبەستی ئارتۆ لە چەمکی "توندوتیژی" نە سادیزمە و نە ئازاردانە، بەڵکو سووربوونێکی (بێبەزەییانەی) جەستەییە بۆ تێکشکانی واقیعێکی ساختە و پێشاندانی دیوە ڕاستەقینەکەی.

ئەنتۆنان ئارتۆ پێی وا بوو، دەق مانای شانۆنامەی قۆرخ کردووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو شێواندوویەتی. بۆیە پێویستە زمانێکی تایبەتی بۆ دروست بکرێت؛ زمانێکی شانۆیی، کە نیوەی لە چوارچێوەی بیرکردنەوەدا بێت و نیوەکەی تریشی بریتی بێت لە جووڵەی ئەندامەکانی جەستە و سیستێمێکی ئاماژەیی. ڕاستی، مرۆڤ پێویستە تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ دەستەواژەی "توندوتیژی" هەبێت، کە ئارتۆ زۆر بە چڕی بەکاری هێناوە. نووسەری ئینگلیزی (لی جەیمسن) پێی وایە، بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لە لای ئارتۆ، بەکارهێنانێکی میتافۆرییە و دەشێت ئارتۆ لە ڕوانگەی فەلسەفەی نیهیلزمییەوە بەکاری هێنابێت، بەو پێیەی پێویستە شانۆ ڕوانینێکی ڕووخێنەری تێدا بەرجەستە بێت و بینینێکی تازە بنیاد بنێت.

ئارتۆ مەبەستی تێوەگلاندنی بینەرە لە چەقی ڕووداوە شانۆییەکانەوە، واتە بینەر ناچار دەکات لەسەر ئاستی سەلیقەوە بە نمایشە شانۆییەکەوە سەرقاڵ بێت. ئەم کارە، بە

دیدی ئارتۆ، کردەوەیەکی دڵڕەقانەیە بەرامبەر بە بینەر؛ چونکە شانۆ دەکاتە شوێنێک بینەر تیایدا، لەبری ئەوەی پارێزگاری لێ بکرێت، دەخرێتە ژێر مەترسییەوە، بەو پێیەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دڵەڕاوکێ و ترس و ترش و تاڵییەکانی ژیانەوە دەکات، بەڵام ئارتۆ ئەم کارە بۆ شانۆ بە پێویست دەزانێت. بەپێی ئەم دیما و بۆچوونەی ئارتۆ، ڕیژیسۆر، ڕۆڵی خولقێنەر دەبینێت، نەک وەرگێڕی دەقە شانۆییەکە بۆ کردارێکی شانۆیی. بێگومان ئەمەیش ئەرکی ڕیژیسۆر قورستر دەکات. دواتر لەم بەشەدا، بە وردی دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم مەسەلانە.

ئەنتۆنان ئارتۆ لە شاری (مارسیلیا) لە دایک و باوکێکی بە نەژاد یۆنانی لە باشووری فەرەنسا، لە خێزانێکی کاتۆلیکیی توندڕەو لەدایک بووە، بەڵام لەم ژینگە داخراوە توندڕەوە ڕا دەکات و هەر زوو دێتە پاریس. ساڵی ١٩١٠ لە قوتابخانە گۆڤارێکی ئەدەبی دەردەکات و یەکەم شیعرەکانی خۆی تیا بڵاو دەکاتەوە، هەر لەم ساڵەدا بە (بۆدلێر) و (ئەدگار ئالان پۆ) ئاشنا دەبێت و بەرهەمەکانیان بە وردی دەخوێنێتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە. ساڵی ١٩١٥ تووشی دڵەڕاوکێیەکی بەهێز و ڕەشبینییەکی کوشندە دەبێت، هەموو ئەو دەقانەی نووسیبوونی دەدڕێنێت و کتێبەکانی فڕێ دەدات و بۆ ماوەیەکیش لەژێر چاودێریی پزیشکدا، لە یەکێک لە نەخۆشخانە تایبەتییەکانی شاری (مارسیلیا)دا دەمێنێتەوە. هەر بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە زمانی دەگیرێت، ئالوودەی ئەو دەرمانانە دەبێت، کە بێهۆشی دەکەن و لە هەمان کاتدا خەریکی وێنەکێشان دەبێت. دواتر دەردەکەوێت، کە ئارتۆ تووشی جۆرە نەخۆشییەکی دەمارگرژی و هەوکردنی دەمارەکانی مێشک بووە و تا مردن پێوەی دەتلێتەوە، کە

تەمەنیش هەڵدەکشێت زیاتر ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان دەبێت و لە هەموو ژیاندا دەبێتە مودمین. باری تەندروستی و دەروونیی دەشێوێت و هەمیشە لەژێر چاودێری و چارەسەرکردنی پزیشکیدا دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەوشی دەروونیی هەر باش نابێت و زیاتر بەرەو خراپی و خراپتر دەڕوات.

لە ساڵی ١٩٠٥یشدا خوشکێکی شەش مانگیی کۆچی دوایی دەکات، ئەم ڕووداوە زۆر کاری تێدەکات و هێندەی تر باری دەروونیی ناهەموار و ناجێگیر و ئاڵۆز و خراپ دەبێت. ساڵی ١٩١٦ بۆ یەکەم جار دوو پارچە شیعر: (یەکەم بەفربارین) و (درەختەکانی دەریا ئازاری جوانی خۆیان دەدەن) بڵاو دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٢٣یشدا یەکەم کۆمەڵەشیعری ئارتۆ بە ناونیشانی (گەمەی تریک تراکتی ئاسمان) Tric-Trac du Ciel بڵاو دەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٢٥دا دووەم کۆمەڵەشیعری خۆی بڵاو دەکاتەوە، هەر لەم دیوانەدا کورتەشانۆنامەیەک بە ناوی (تەوژمی خوێن) یان (فیچقەی خوێن) بڵاو دەکاتەوە، کە گوزارشتێکی بەهێز لە دیما و دیدە شانۆکەیی و چەمکەکانی ئەو شانۆیە دەکات، کە دواتر بەوپەڕی تواناوە بانگەشەی بۆ دەکات. بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەوشە خراپەکەی ئارتۆ و بارە ئاڵۆزە دەروونییەکەی، دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ پێناسە هونەرییەکەی، کە بە شێوەیەکی تەواو لەسەر بنەما ڕادیکاڵە سەختە دژوارەکان دادەڕێژرێت.

ئارتۆ هەرچەندە بەشێکی زۆری ژیانی (لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٣٧ەوە تا مانگی پێنجی ساڵی ١٩٤٦) لە نەخۆشخانە دەروونییەکان و شێتخانەکاندا دەباتە سەر، بەڵام بە بەردەوامی پێداگریی لەوە دەکرد، کە ئەو نەخۆش نییە، هەر

لەبەر ئەوەی، کە نەخۆشـــە؛ نەخۆشـــی بـــۆ ئەو بووبـــوو بە پێناسێکی خودگەرا و کولتووری، نەخۆشی تاراوگەیەک بووە بۆ ئەو تا لەوێوە بەدوای پێناس و شووناس و خودی خۆیدا بگەڕێت. ئەو کێشــە دەروونییە ئـالۆزەی ئـارتۆی تیا ژیـاوە، پێویستی بە تێگەیشتنی دونیا بووە، بەڵام ئەو تێگەیشتنەی ئەو ویستوویەتی، پێویستی بە ڕێگە و شێوازە ئاکاری و موراڵی و ڕامیارییە باوەکان نەبووە، بەڵکو پێویستی بەو ڕێگەیە بووە، کە (وەک سورریالیزمەکان ئاماژەیان بۆ کردووە) پێش مێژوو کەوتووە. ئارتۆ لە چەندین نامەدا، کە بۆ هاوڕێکانی ناردوون، باســـی ئەوەی کـــردووە، کە ئەو دەمـــێکە مـــردووە و خـــوا سەرلەنوێ ڕۆحی کردووەتەوە بە جەستەیدا و بە شێوەیەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی پەیوەندیی بە لایەنە پیرۆز و ڕۆحییەکانی مرۆڤەوە هەیە. لەم ڕەوشەیشدا ئارتۆ ناچار بووە بگەڕێتەوە بۆ دونیا پڕ لە نهێنییەکەی پێش لەدایکبوون و دوای مردن. کەواتە ئەو شێتییەی ئارتۆ تووشی هاتبوو، هۆی بێدەسەلاتی و بێتوانایی بووە بەرامبەر بەو جیهانە فراوانە پڕ لە هێما و کارەســـــاتە خەفەکــــراوانەی نــــاوەوەی خــــۆی. هەر لەم ڕوانگەیەیشـــەوە، ژیـــانی دەبێـــت بە شـــانۆیەکی تونـــدوتیژ، خـــاپووربوونێکی بەهێـز، کە دەروازە بـۆ زەمەنێکـی نـوێ و لەدایکبوونێکی نەشتەرگەرییانە دەکاتەوە.

گرۆتۆفسکی لە کتێبەکەیدا (بەرەو شانۆیەکی هەژار) زۆر جار دەگەڕێتەوە سەر ئارتۆ و باسی دەکات، تیشکی سەرنجی دەخـــاتە ســـەر و پێناســـەیەکی وردی ئـــارتۆ و ئـــارتۆیەکی نەخۆشمان بۆ دەکات و دەڵێت (ئارتۆ وانەیەکی گەورەمان فێر دەکات، کە هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو وانەیەمان فێر بکات. ئەو وانەیەیش نەخۆشییەکەی ئارتۆیە. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە،

نەخۆشـــییەکەی ئەو جیـــاوازە لە نەخۆشـــیی ســـەردەمەکەی. نەخۆشـــییەکەی ئەو شـــێتیی دەســـتی چەوســـانەوە بـــوو. شارســـتانییەتی ئەمـــڕۆیش بەدەســـت نەخۆشـــیی لەتبـــوونی کەســـایەتییەوە دەتلێـــتەوە. ئەم لەتبـــوونەیش لەنێـــوان هـــۆش و هەســت، جەســتە و گیانـدایە. لەم ڕووەیشـەوە کـۆمەڵ بە هـیچ شـێوەیەک ڕێـگە بە ئـارتۆ نـادات تووشـی نەخۆشـییەک بێـت، جیاواز لە نەخۆشییەکانی خۆی. هەر لەبەر ئەوە خستیانە ژێر ئەشکەنجەی چارەسەرکردنی تەوژمی کارەباییەوە، تـا ناچـاری بکەن ددان بەوەدا بنێت، کە دووچـاری نەخۆشییەکانی کـۆمەڵ بـووە.) گرۆتۆفسکی سـەبارەت بە ئـارتۆی شـانۆکاریش دەڵێت (ئـــارتۆ شـــێوازێکی دیـــاریکراوی لەدوای خـــۆیەوە بـــۆ بەجێنەهێشـتووین، هەروەهـا وێـنەی ڕێبازێکیشـی نەکێشـاوە، ئەوەی ئەو لەدوای خۆی بەجێی هێشتووە، ئەندێشـە و وێنەیە. بێگومـان ئەمەیـش گوزارشـتێکە لە کەسـایەتیی ئـارتۆ خـۆی، هاوکـــات تـــا ئاســـتێکیش ئەنجـــامی بێکـــاتی و هۆکـــارگەلێکی پێویستی ترن، کە ئەو ڕێگەیەیان لە ئارتۆ گرت تـا ئەوەی بیـری لێ دەکردەوە بخاتە بواری جێبەجێکردن و پراکتیکییەوە.)

ئـارتۆ بە شـانۆ دەژیـا، شـانۆ زمـانی ژیـان و بـوونگەرایی و مانیفێستی سەر زەمین بووە بۆ ئەو و زمـانی کتێبێکـی نوێیشـە، کە مینیاترییەکـان (پـارچە بچووکەکـان) لە پـارچە گەورەکانـدا کۆدەکـاتەوە. شـانۆ ململانێیە، ئـارتۆیش مرۆڤێکی شـانۆییە، کە لەگەڵ نـاوەوەی خۆیـدا لە ململانییەکـی بێکۆتاییـدا بـووە. هەر لەبەر ئەوە تـــا دوا ســـاتەکانی ژیـــانی، شـــانۆی بەو شـــوێنە ئەفسـوونییە دەزانـی، کە مرۆڤـی تـازەی بـۆ جیهـان تیـا لەدایـک دەبێت. هەر لەم ڕووەوە گوتـوویەتی: (کاتێـک دەژیـم هەسـت بە

خـۆم نـاکەم، کە زینـدووم، بەڵام کاتێـک گەمەی شـانۆ دەکەم هەست بە بوونی خۆم دەکەم.)

ئـــــارتۆ هەر وەک فریـــــدریش نـــــیچە ١٨٤٤-١٩٠٠ لە تێڕوانینێکـی قوتــاربوون و ســەرفرازییەوە تەماشــای بــوونی کـردووە، لەم ڕووەیشـەوە مەبەسـتی سـەرلەنوێ دۆزینـەوەی مـرۆڤ بـووە، کە بە هەزاران سـاڵ لەژێـر دابـونەریتی ئـایینی مەســـیحییەتدا تـــلاوەتەوە، ئەو دابـــونەریتەی ســـتراکتوری کولتـووری ئەورووپیـی پێک هێنـاوە. لەم ڕووەوە ئەگەر نـیچە بانگەوازی گەڕانەوەی بۆ ئاهەنگە دیونیزمییە کۆنەکانی گرێک کردبێــت، بە تــایبەتییش بەر لە ســـەرهەڵدان و گەشـــەکردنی فەلســـەفەی (ســـوکرات)ەوە، ئەوا ئـــارتۆ هەوڵـــی گەڕانەوەی کـۆمەڵگە بەراییەکـانی بەر لە مێـژووی داوە تـا لەو ڕێـگەیەوە بگاتە نهێنییە قووڵ و شاراوەکانی مرۆڤ.

ئەنتۆنان ئارتۆ ساڵی ١٩٣٨ چاپی یەکەمی کتێبی (شانۆ و هەمـــبەرەکەی) بـــڵاو دەکـــاتەوە، کە لەوەوبەر هەنـــدێک لە بەشـەکانی لە چەنـد گۆڤـارێکی ئەو دەمەدا بڵاوی کردبوونەوە. کتێـــبەکەیش، کە نووســـەر لە چەنـــد کـــاتێکی جیـــاوازدا نووسیوویەتی، تەقەلایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شـانۆی بـاو و نەریـتگەرا، لە هەمـان کاتـدا ڕۆنـانی شـانۆیەکی تـری جـوودا. بەشـــەکانی کتێـبەکە بــریتین لە: شـــانۆ و تــاعوون، شـــانۆ و ڕۆشـنبیری، ڕیـژی و میتافیزیـک، شـانۆی ڕۆژهەڵات و شـانۆی ڕۆژئـاوا، شــانۆ و کیمیـا، دەربـارەی شــانۆ لە بـالی، شــانۆ و تونــدوتیژی، مانیفێســتەکانی شـــانۆی تونــدوتیژ و نامەکـــانی زمـــان... هتـــد. ئـــارتۆ بە ناونیشـــانی کتێبەکەیشـــی (شـــانۆ و هەمـبەرەکەی) مەبەسـتی ئەوە بـووە، کە دەبێـت شـانۆ وەکـو هاوتاکەی ببینین، بەڵام وەک واقیعێکی ڕاستەوخۆی ڕۆژانە نا،

که هێدی هێدی بووه به وێنه‌یه‌کی بێجووڵه و وه‌ستاوی واقیع، به‌ڵکو هاوتایه‌ک بۆ واقیعێکی تر؛ دژوار، پڕ له مه‌ترسی، نموونه‌یی و پرنسیپه‌کانیشی وه‌ک ئه‌و نه‌هه‌نگه‌وان هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی سه‌ری ده‌رهێنا، په‌له‌یه‌تی بگه‌ڕێته‌وه بۆ ناو تاریکیی قووڵایی ده‌ریا. کتێبه‌که له ناونیشانه‌که‌یه‌وه په‌یوه‌ندیی نێوان شانۆ و واقیعی ژیان ده‌چه‌سپێنێت. به بۆچوونی ئارتۆیش، شانۆ و واقیع بریتین له دوو کیان، که له دوو مه‌ودای جودادان، به واتایه‌کی تر، یه‌کتر دووباره ده‌که‌نه‌وه، یان هاوتای یه‌کترین، هه‌ر لێره‌وه‌یش ناونیشانی کتێبه‌که ده‌رده‌که‌وێت. (هاوتا) وێنه یان سێبه‌ر نییه، هه‌روه‌ها ته‌نها جۆره په‌یوه‌ندییه‌کی زمانه‌وانی، یان په‌یڤئاسا نییه له‌نێوان شانۆ و هاوتاکه‌یدا، به‌ڵکو په‌یوه‌ندییه‌کی سه‌رانسه‌ری و پێکه‌وه‌به‌ستراو کۆیان ده‌کاته‌وه. ئه‌گه‌ر ڕوونکردنه‌وه‌یه‌کی پراکتیکییش بۆ ناونیشان و وشه‌ی (هاوتا) یان (هه‌مبه‌ر) به‌پێی تێگه‌یشتنی ئارتۆ بۆ ئه‌م هه‌مبه‌ره بکه‌ین، ده‌توانین بڵێین: ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت یه‌کێک له شانۆنامه‌کانی ئێسخیلۆس، که باس له بابه‌تێکی مێژوویی زۆر پێش سه‌رده‌مه‌که‌ی خۆی ده‌کات، به‌پێی مێتوده‌که‌ی ئارتۆ نمایش بکرێت، پێویسته به هیچ شێوه‌یه‌ک ڕه‌هه‌نده مێژووییه‌کانی ده‌قه‌که له‌سه‌ر ته‌خته‌ی شانۆ بۆ قووڵکردنه‌وه‌ی ڕاستییه مێژووییه‌کان به‌کار نه‌هێنرێت، به‌ڵکو پێویسته ڕێژیسۆر له ڕێگه‌ی دامه‌زراندنی په‌یوه‌ندییه‌کی ڕۆحیی له‌نێوان بینه‌ر و پرۆسێسی نواندن (نه‌ک ده‌قه شانۆییه‌که) دیوه شاراوه‌کانی واقیعی ڕۆژانه به سوودوه‌رگرتن له ڕه‌هه‌نده مێژووییه‌کانی ده‌قه نمایشکراوه‌که بگه‌یه‌نێته بینه‌ر. بۆیه ئه‌گه‌ر هه‌مان ده‌قی ئێسخیلۆس دوای چل ساڵی تر نمایش بکرێت، پێویسته له‌گه‌ڵ ئه‌و واقیعه هاوتا بێت،

کە ئەو دەمە ڕیژیسۆرەکە دیوە نادیارەکانی پێشانی بینەران دەدات. بەمەیش شانۆ بەردەوام لە پرۆسێسی ڕووخان و دامەزراندنەوەدایە. بێگومان ئەمەیش کرۆکی شانۆ توندوتیژەکەی ئارتۆیە.

هەرچەندە ئەم کتێبە لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا دەبێتە جێگەی سەرنج، بەڵام لە شەستەکاندا وەک کیشوەرێکی تازە، سەرلەنوێ دەدۆزرێتەوە و تا ئێستایش کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوت و تەوژمەکانی شانۆی ئەزموونگەری و ئەڤانگاردتیی جیهانییەوە دیارە. ئەکتەر و شانۆکاری فەرەنسی (ژان لوی بارۆ)، کە لەگەڵ ئارتۆ کاری کردووە و خۆی بە قوتابیی ئەو زانیوە، سەبارەت بە کتێبەکەی ئارتۆ گوتوویەتی: (بەبێ هیچ دوودڵییەک "شانۆ و هەمبەرەکەی" گرنگترین کتێبە، کە لە سەدەی بیستەمدا دەربارەی شانۆ نووسرابێت.)

کە ئارتۆ دەربارەی شانۆ دەنووسێت، بە چڕی پێ لەسەر ڕووداوە شانۆییەکە دادەگرێت، ڕووداوەکانیش تەنها ئەوە نین، کە لەسەر شانۆ ڕوو دەدەن، بەڵکو ئەو شتەیە لە هۆشی بینەراندا ڕوو دەدات، ئەو هۆشمەندییەیە، کە دەچێتە سەر شانۆ و لەگەڵ هۆشمەندیی ئەکتەردا بەریەک دەکەوێت و تێکەڵاو دەبێت. ئەکتەری ئارتۆ لە پەیوەندییەکانی خۆیدا بە ڕاز و نادیارەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی ترس ببێتەوە و پردێکی پەیوەندی لەنێوان دژەکان و ئاستە جیاوازەکاندا دروست بکات. بەم شێوەیەیش وشە و دەق ڕۆڵێکی پەراوێزئاسایان پێ دەبەخشرێت، یان بە واتایەکی تر، پێویستە وشە، کە گوزارشت لە مەسەلە سایکۆلۆژی و شانۆی ڕووداو و کێشەکان دەکات، لە دەقەکان ڕزگار بکرێت. وشە دەبێت مانایەکی تر لەخۆ

بگرێت، که مەودایەکی ڕۆحیی قووڵ و چەمکێکی چڕی وێنەیی بکاتە بنەمایەکی تر بۆ گوزارشتکردن.

ئاتۆ ڕیژیسۆر دەکاتە کەسی یەکەمی نمایشە شانۆییەکە و نووسەری شانۆنامەکانیش دەخاتە پەراوێزەوە. هونەری ڕیژیش بە هۆی جووڵە و دەربڕینی دەموچاو، بە هۆی باری جەستەیی جووڵەئامێزەوە، بە هۆی بەکارهێنانێکی کۆنکرێتیی مۆسیقاوە، هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت، کە پەیڤ و گوتن دەیانگرێتەخۆ. سەرباری ئەمانەیش بەکارهێنان و ڕێکخستنی پەیڤەکان لەخۆ دەگرێت. ئارتۆ لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەبێت لەم دیدەوە لە ڕیژی بڕوانین، دیدی بەکارهێنانێکی ئەفسوونی، نەک لە ڕووی ڕەنگدانەوەی ئەو شتانەوە، کە لە دەقە نووسراوەکانەوە سەرچاوە وەردەگرن، بەڵکو وەک ڕەنگدانەوەیەکی هەموو ئەو شتانەی دەکرێت لە ئەنجامە بابەتییەکان لە جووڵە، وشە، دەنگ، مۆسیقا، کە پێکەوە بەستراونەتەوە و وەک یەکەیەک کار دەکەن. ئەم پێکەوەبەستنەیش تەنها هەر لەسەر شانۆ بەرجەستە دەبێت، هەروەها هەموو ئەنجامەکانیشی هەر لە بەردەم شانۆ و لەسەر شانۆ دەبێت، ئەو نووسەرەیشی وشەی نووسراو بەکار دەهێنێت، لە دیدی ئارتۆوە لەم شانۆیەدا جێگەی نابێتەوە؛ لەسەریشیان پێویستە شوێنی خۆیان بۆ ئەو کەسانەی پسپۆڕی ئەم ئەفسوونە بابەتییە زیندووەن، چۆڵ بکەن. (بە هەرحاڵ دەڵێم شانۆیەک، کە ڕیژی، واتا هەموو ئەو بنەمایانەی بە شێوەیەکی تایبەتی تێیدا شانۆیین، ملکەچی دەق بکات، ئەوە شانۆی کەسی دەبەنگ و شێت و لەڕێلادەر و دژەشیعر و بەرژەوەندخوازە، واتا کەسێکی ڕۆژئاواییە.)

ئـــارتۆ لەم کتێبەیـــدا بە زمـــانێکی ســـاکار گوزارشـــت لە کۆمەڵێک تێز و دیدی هەمەچەشنەی ناتەبا، بۆ شانۆ دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکی و بەراییەکانی هونەری شانۆ؛ لەوانەیش تراژیدیا کۆنەکان، شانۆ پڕ لە ڕازونیازەکانی چاخەکانی ناوەڕاست و هەموو جۆرەکانی سەما و شانۆی ڕۆژهەڵاتی. هەروەها دووپاتی ئەوەیش دەکاتەوە، کە دەبێت شانۆ بگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما سەرەتاییەکانی، گرنگی بە مەسەلەکانی هونەری ڕیژی بدات بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر بینەرەکانیەوە هەبێت، نەک لە ڕێگەی دیالۆگ و مەسەلە فیکرییەکانەوە، بەڵکو بە جووڵە و دەنگ و ڕووناکی و هەموو ئەو تەکنیکانەی، کە شانۆی نوێ دەیانخاتە بەردەستی شانۆکارانەوە. دووپاتی ئەوەیشی کردووەتەوە، کە شانۆنامەی نووسراو نمایش ناکەن، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەن ڕاستەوخۆ سەبارەت بابەتگەلێک، بۆ نموونە ڕاستەوخۆ کاری ڕیژی لەسەر بەڵگەنامە و شاکاری ناسراو بکەن و نمایشەکانیان بونیاد بنێن. ئارتۆ لە یەکێک لە مانیفێستەکانی شانۆی ئەلفرێد گاری-دا دەڵێت: (ئەگەر ئێمە شانۆیەک دابمەزرێنین بۆ ئەوە نییە دەقە شانۆییەکان بخەینە سەر شانۆ، بەڵکو بۆ ئەوەیە بگەینە ڕەوشێک، کە لەوێدا هەموو شتە تاریکەکان، شاراوەکان و ئەوانەی پەردەیان لەسەر هەست و نەستمان هەڵنەدراوەتەوە، لە جۆرێک لە ماددە و بەرجەستەیەکی واقیعیدا دەربکەوێن. ئێمە بەدوای ئەو شتەدا ناگەڕێین، کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەردەکەوێت، وەک هەمیشە لە شانۆدا وا بووە، کە وەهم ببەخشین بەو شتەی، کە بەو جۆرە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە، ئێمە مەبەستمان ئەوە بووە چەندان

تابلۆ بە هەستمان ببینین، ئەو وێنانەی، کە شایەنی شکان و شێواندن نین و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستماندا دەدوێن.)

سەرچاوەکانی شانۆیەکی میتافیزیک بۆ ئەو لە ڕێتواڵە سەرەتاییەکانەوە، لە بنەما پڕ لە ڕاز و نهێنییەکانەوە هاتوون، کە بنیادێکی دینی و کولتووربیان هەیە و ڕەگوڕیشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی بەر لە مێژوو، هاوکات بۆ سەدەی ناوەڕاستی ئەورووپا و بۆ کولتوورە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست. ئارتۆ دەیویست چەمکی پاکژبوونەوە (کاتارسیس)ی ئەریستۆ ٣٢٢-٣٨٤ سەرلەنوێ بدۆزێتەوە، دەیویست سەرلەنوێ شانۆ بەو مەترسییانەی ژیانەوە، کە لە چاوتروکانێکدا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە و ڕوو دەدەن، ببەستێتەوە. ئەوەی زیاتر ئارتۆی بە گەوهەری سەرەتای بوون و دونیا و مرۆڤی کۆنەوە دەبەستەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگە دێرینەکان خۆی بە تەواوی لەگەڵ سروشت و دیاردەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە گونجاندووە، لەبەر ئەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەڕەخساون و ناکۆکییە چینایەتییەکانیش لەو کات و سەردەمانەدا هێشتا دروست نەبووبوون. ئەوەی زیاتر سەرنجی ئارتۆیشی ڕاکێشاوە، ئەو یەکێتییە نەپچڕاوەی نێوان مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و گەردوون، مرۆڤ و کۆمەڵ بووە لە کۆمەڵگە دێرینە بەراییەکانی مرۆڤایەتیدا.

ئەنتۆنان ئارتۆ کەوتبووە ژێر هەژموونێکی بەهێزی شانۆی ڕۆژهەڵاتییەوە و بە چاوی ئەفسوونەوە لە فۆرمەکانی شانۆی ڕۆژهەڵاتی دەڕوانی، بە تایبەتییش سەمای دوورگەی (بالی) لە ئەندۆنیسیا، کە ساڵی ١٩٣١، بە گەشتێکی هونەری دێنە پاریس و یەکێک لە نمایشە سەمائامێزەکانیان پێشکەش دەکەن. لەم

نمایشەدا، ئەوەی ئەو باسی دەکرد، بەتایبەتی فۆرمێکی ڕەهای وا، کە بە تەواوی لە دەسەڵاتی نووسەر و دەق و وشە پاک کرابێتەوە، دەبینێت. لە شانۆی بالیدا هەموو شتێک لەسەر شانۆ دەخولقێت و ڕێگەی خۆی لە ڕوانگەی وەرگێڕان و ڕەفتارێکی تایبەتییەوە دەکاتەوە و ڕیتواڵێکی نموونەیی پێش وشەکان بۆ وشەکان دەگونجێنێت. لەم شانۆیەدا هێزەکانی خێر و شەڕ لە جەنگێکی ئەبەدیدان، بینەرانیش تەنها هەر بینەرێکی ئاسایی نین، بەڵکو دەکەونە ژێر کاریگەریی هێزە بێزارکەرەکەی شانۆوە و توانای گۆڕینیان هەیە. ئارتۆ لە لاپەڕە ٩٦ی (شانۆ و هەمبەرەکەی)دا سەبارەت بە شانۆی بالی دەڵێت: (ئەو شانۆیە، لە بەرژەوەندیی ئەو کەسەی لە زمانی شانۆیی ڕۆژئاواییدا پێی دەڵێن دەرهێنەر، نووسەر دەسڕێتەوە، بەڵام ئەو دەرهێنەرە لە شانۆی بالیدا جۆرێکە لە ڕێکخەرێکی ئەفسوونکار، وەستای ئاهەنگە پیرۆزەکانە، ئەو بابەتەی کاریان لەسەر دەکات، ئەو بیرۆکانەی گیانیان بە بەردا دەکات، هیی خۆی نین، بەڵکو هیی خواوەندکانن. پێدەچێت لە یەکگرتنەوە بەراییەکانی سروشتەوە سەرچاوەیان وەرگرتبێت، کە هزرێکی دوانەیی پاڵپشتی کردوون.)

شانۆی بالی شانۆی سەرفرازی و قوتاربوونە، بە شێوەیەک هەموو شتەکان خێرا، بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ شێوازە تەجریدییەکان، گۆرانکارییەکی نامۆیان بەسەردا دێت. نمایشەکانی شانۆی بالی لە سەما، گۆرانی، پانتۆمیم و مۆسیقا و تەکنیکێکی بەرز پێک دێت و سەر بەو شانۆ دەروونییە نەریتگەراییە نییە، کە شانۆکارەکانی ئەورووپا تێگەیشتوون. هەروەها شانۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاستە بەرایی و خولقاندنە تەواوەکەی خۆی، بە تایبەتی لە ڕووی ئەندێشە و ترس و

وڕێـنەوە. ئـارتۆ بەم شـێوەیە باسـی شـانۆی بـالی دەكـات و دەڵێت: (دەكرێت داوای وانەیەكی بەرزی گیانی –سـەبارەت بەو شـتانەی نـاپێورێن– لە شـانۆی (بـالی) بكرێـت، ئەمەیـش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو توانـا وێنائـامێز و سـرووش بەخشـەی لە هـزردا هەیە. ئەم شـانۆ میللیـیە، بیـرۆكە و تێڕامـانێكی نائاساییمان دەربارەی ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو گەلە دەداتێ، كە جەژنە نیشتمانییەكان لە ئەتمۆسفێر و ستراكتوری كێشـەیەكی ڕیتـواڵییەوە نمـایش دەكـات.) ئـارتۆ دوای بینینـی نمایشـە سەمائامێزەكەی دوورگەی بالی باسی ئەوەی دەكرد، كە شانۆ پێویسـتە لە هەمـوو جۆرەكـانی وەهـم دووربكەوێـتەوە و هـونەری شـانۆیش دەبێت لە دەسـەڵاتی دەق و دیالۆگ ڕزگـار بكرێـت و لەبـری ئەوە پێویسـتە واقیعییەتێكـی تـایبەت بەخـۆی دەسـتەبەر بكـات، كە تەنهـا گوزارشـت لە خـودی خـۆی و بونیادی خۆی بكات، كە زمـانێكی میتـافیزیكیی تـایبەت بە خۆی هەبێت. لە شانۆی ڕۆژهەڵاتیدا زمـانی پەیڤ و ئاخـاوتن بـوونی نییە، بەڵام زمانی جەستە، ڕەوش و ئاماژەكـان هێندەی بەهـای دەربڕینـی زمـانەكەی دیـكە بـوونێكی بەهێـز و ڕاسـتەوخۆیان هەیە. لە شانۆی ڕۆژهەڵاتدا زمانی ئاماژەكان بەهایـان لە زمـانە ئاسـاییەكە زیـاترە و دەسـەڵاتێكی ئەفسـووناویی پڕ لە هێمـا و بەهێزیان پێ دەبەخشرێت.

ئـارتۆ بەم كتێـبەی هەمـوو بنەمـا تەقلیـدییەكانی شـانۆی ڕۆژئاوای هەڵگێڕاوەتەوە و كـاریگەریی بەسـەر چەندین نەوەی شانۆكار و نووسەرانی شانۆ و ڕەخنەگرانەوە هەبووە، هەر بۆ نمـوونە ئەو نەوەیەی كە لەدوای دووەم جەنگـی جیهـانییەوە، لەگەڵ تەوژمەكـانی شـانۆی پـووچگەرایی دەركەوتـن: سـامویێل بێكێت، یۆژین یونێسكۆ، ئـارتور ئەدامـۆڤ، فێرنـاردۆ ئارەبـاڵ و

ژان ژینیـیه، بەتـایبەتییش لە ڕووی بەکارهێنـانی چەمکەکـانی پەیـڤ و مـامەڵەکردن لەگەڵ دیـالۆگ و تێکسـت و پانتـایی و ئەتمۆسفێر و تەکنیک و ستراکتوری دەقەکانیاندا، کەوتوونەتە ژێـر ڕکێـف و کـاریگەرییە بێسـنوورەکانی ئـارتۆوە. ئەمە جگە لەوەی، کە هەمـوو تەوژمە هـاوچەرخ و مۆدێرنەکـانی تـری شانۆ، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەژێر کاریگەرییەکانی ئـارتۆدا لەدایک بوون. ئارتۆ کار بە بنەما تەقلیدییەکانی پڕۆسـەی شـانۆ و ڕاڤەی دەق ناکـات، ڕۆنـانی درامـی لەسـەر بنەمـا ئاکـارییە نەگۆڕەکـان و بنەمـا سـایکۆلۆژییەکانی کـارەکتەر بە تەواوی پشـتگوێ دەخـات. لە لای ئـارتۆ پێویسـتە ڕۆنـانە دراميیەکـان لەسـەر شـێوازێکی میتـافیزیکی ڕۆ بنرێـت و هێمـا و ئامـاژە و زمـانی جەسـتە و مەجـاز، سـیما سـەرەکییەکانی پێـک بهێنێـت. لەسـەر نووسـەرە شـانۆییەکانیش پێویسـتە مـامەڵە لەگەڵ ڕەگوڕیشە دەروونییە قووڵ و داستانییەکانی مرۆڤدا بکەن تـا لەو ڕێـگەیەوە بتـوانن ڕوخسـار و سـیماکانی کارەکتەرەکـان بدۆزنەوە و دیاری بکەن.

(ئەو نمایشـانەی شـەو لەدوای شـەو خۆیـان دووبـارە دەکەنەوە و بەردەوام ڕەچـاوی هەمـان ڕۆتـین دەکەنەوە، هەمیشـە هەمـان شـتن و وەک خۆیـان وان، چیتـر جـێگەی گرنگیپێدانی ئێمە نییە. ئێمە پێویستمان بە نمایشێکە، کە دانسقە بێـت، کە کـاریگەرێتییەکی چاوەڕواننەکراومـان پـێ ببەخشـێت، هاوکات دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە نەبێت) نمـایش و جـووڵانەوەی ئەکـتەریش لەم شـانۆیەدا، تەنهـا وەک کۆمەڵێک ئاماژەی بینراو بۆ زمانێکی نەبینـراو و نهێنیئـامێز وان. ئارتۆ وا لە شانۆ گەیشتووە، کە کردارێکی واقیعی ئەفسوونییە و تەنها مامەڵە لەگەڵ شتە بینراو و ماددییەکانی سـەر تەختەی

شــانۆ ناکــات، بەڵکــو ڕاســتەوخۆ کــار لەســەر هەســت و ڕۆحیشــمان دەکــات (ئەوەی ئـێمە بەدوایـدا دەگەڕێـین جـۆرە هەسـتێکی سـایکۆلۆژییە، کە زیـاتر لەگەڵ هێـزە شـاراوەکانی دڵماندا لە کێشـەدایە.) ئارتۆ دەڵێت: (ئەو شـانۆیەی ئێستا هەیە، ژیانمان بۆ بەرجەستە دەکات و بەدوای دیکۆرێکی ڕیالیزمی و ڕووناکیدا دەگەڕێت تـا دووبـارە واقیعـی ژیـانی ڕۆژانەمـان بـۆ بەرجەستە بکات، یان جۆرە وەهمێکمـان بۆ بەرهەم بهێنێت، کە ئەمەیش لە هەموو شتێک خراپترە.)

شــانۆ بــۆ ئــارتۆ ئەو ئــامڕازەیە، کە هەمــوو زمانەکــان: جــووڵانەوە، دەنــگ، وشــە، ئــاگر، هەوار، ڕیــتم... هتــد بەکــار دەهێنێت و سـەرلەنوێ خـۆی لەو خـاڵەدا دەبینێتەوە، کە هـزر پێویستی بە زمانێکی تـرە بۆ دەرکپێکردن و گوزارشتکردن لە دیاردەکان. ئـارتۆ هەر لەم ڕووەوە ئامـاژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت، شانۆ ژیان نوێ دەکاتەوە؛ ژیانێک مـرۆڤ دەکـاتە ئاغـایەکی وا، کە تـا ئێسـتا نەبـووە. مـرۆڤ لەم شانۆیەدا سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە، بە مەرجێک قایل نەبین بەوەی، کە تەنهـا هەر ئـامڕازێکی تۆمـارکردن بـین و شـتەکان دووبــارە بکەیــنەوە. (لەو شــانۆیەدا، کە مــن چارەنووســی کەسـێتیی خـۆم خسـتووەتە پێنـاویەوە، ئەو شـانۆیەی سـەرەتا هەناسـە دەبێتە خـاڵی دەسـپێک و دواتـر پشـت بە دەنـگ، یـان هـاوار دەبەسـتێت، بـۆ ئەوەی زنجیـرەی پەیوەنـدییەکان بونیـاد بنرێنەوە، زنجیرەی ئەو کاتەی بینەران لە میـانەی نمایشـەکەوە بەدوای واقیعـی تـایبەتی خۆیانـدا دەگەڕێـن؛ پێویسـتە ڕێگە بـۆ بینەر خـۆش بکرێت، کە خـۆی لەگەڵ نمایشـەکەدا هاوشـوناس بکات. هەناسە دوای هەناسە و سات دوای سات.)

ئـارتۆ سـەرەتا وەک لەوەوبەر ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، بە دیـوانێکی شـیعریی بچـووک دەسـت پـێ دەکـات، دوای ئەوە پەیوەنـدی دەکـات بە ئەنـدریە بریتـۆن و سـوریالیزمەکانەوە و لەگەڵ شارڵ دۆلان کار دەکات و هەندێک ڕۆڵی بچووک، بەڵام گرنـگ لەسـەر شـانۆ و لە سـینەمادا دەبینێـت. ئـارتۆ لەگـەڵ سوریالیسـتەکان هـاوڕا دەبـێ و دژی هەمـوو هـونەرێکی تەقلیدی، هەروەها ئەو ژیانە، یان کۆمەڵگە پیشەسازییە نوێیەی خۆی سەپاندبوو دەبێت، هەروەهـا دژی هەمـوو پرنسـیپەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا بوو.

لە پـاریس یەکەم هەنگـاوە شـانۆییە جیـددییەکانی لەسـەر (شـانۆی ئەتێلـێ)یەوە Theatre de l` Atelier دەسـت پـێ دەکـات، کە هونەرمەنـد (شـارلس دولـێن) ڕیژیسـۆری یەکەم و بەرپرسـیاری هـونەری ئەم شـانۆیە دەبێت. شـانۆی ئەتێلـێ بە شێوەیەکی جودا و نزیک لە پرنسـیپەکانی شانۆیەکی ئەڤانگارد و تاقیگەئاسـاوە کاریـان کـردووە و کـاریگەریی شـانۆی ڕۆژهەڵات و فۆرمەکـانی شـانۆی چاخەکـانی ناوەڕاسـتیان بەسـەرەوە بـووە. لەم شـانۆیەدا، ئەکتەرەکـان فێـری ئەوە دەبوون چـۆن دەسـتییان، قاچەکانیـان و هەمـوو جەسـتەیان بە شـێوەیەکی جـودا بەکـار بهێـنن، ئەمەیـش سـەرەتایەکی بەهێـز دەبێت بـۆ ئـارتۆ، کە هەر لە سـەرەتاوە بە شـێوەیەکی جیـاواز بیری کردووەتەوە.

ئارتۆ سوریالیزم نەبوو، بەڵکو ژیـانی خـۆی سـوریالی بـوو؛ چـونکە هەمـوو جـۆرە نەخۆشـییە دەروونـی و پریشـکەکانی شـێتێتی و بێهۆشـبوون، ژیـانی پـڕ کردبـوو لە وێنەیەکـی سـوریالیزم؛ هەروەهـا ئەکـتەریش نەبـوو، چـونکە ئەو ڕاسـتگۆییەی لەگەڵ خـودی خۆیـدا، لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی لە ژیانـدا

هەیبوو، ناچاری دەکرد هەر خۆی هونەری نواندن بێت. ئارتۆ بە زمانێکی پڕ لە ڕازونیاز دەینووسی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو زمانێکی تایبەتمەندی خوڵقاندبوو، کە لەوەوبەر هیچ کەسێک بەو زمانەی نەنووسیبوو؛ لەبەر ئەوەی ئەو بە زمانێکی مەحاڵ مەحاڵی دەنووسی. ئارتۆ لە خەونەکانیدا دەژیا و وێنای خەونەکانی بەرجەستەی ژیانی و هزری ئەویان دەکرد و لە خەونەکانیەوە شرۆڤەی ژیانی دەکات و هەر لە خەونەکانیشیەوە وێنە شانۆییەکان دروست دەکات. (بۆ ئەوەی بە وشە وێنەی ئەو هاوارە بکێشم، کە خەونم پێوە دیوە، بە کۆمەڵێک وشەی زیندوو ئەو وێنەیە دەکێشم، بە وشەگەلێکی لەبار و گونجاو، لە دەمەوە بۆ دەم، لە هەناسەوە بۆ هەناسە، نەک بۆ گوێیەکان، بەڵکو دەبێت بۆ نێو سینگی بینەران بیگوێزمەوە.) سەبارەت بە بەهای خەونیش دەڵێت: (خەون هۆشمەندییەکی قووڵ لە بێئاگاییماندا دەستەبەر دەکات و لەو کاتەی چارەنووسێکی ڕووت بەبێ ویستی خۆمان دەمانبات بەڕێوە، فێری ڕووداوەکانی بەئاگاییمان دەکات.) هەر لەم ڕوانگەیەوە ئارتۆ باسی ئەوە دەکات، کە چۆن خەونەکانمان کارمان تێدەکەن، بە هەمان شێوەیش واقیع کاریگەریی بەسەر خەونەکانمانەوە هەیە. بینەریش بڕوای بە خەونی شانۆ هەیە، بە مەرجێک وەک خەون بەکار بهێنرێت، نەک گوێزانەوە و گێڕانەوەی واقیع. ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە خەونی واقیع هەبێت، هیچ شتێکیش ڕێگەی لێ ناگرێت بڕوای بە خەونی شانۆ نەبێت. ئارتۆ هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕووداوەکانی نێو خەون، کە بە هۆی ئاگایی قووڵمەوە بەڕێوە دەچن، مانای ڕووداوەکانی ژیانی ئاگاییم فێر دەکەن، کە چارەنووسی ڕووت

منی تێدا بەڕێوە دەبات. کەواتە شانۆ وەکو ئاگاییەکی مەزنە، بەڵام ئەوە منم لەوێدا چارەنووس دەبەم بەڕێوە.)

ئارتۆ ساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ ڕۆگەر فیتراک و ڕۆبێرت ئارۆن (شانۆی ئەلفرێد گاری) دادەمەزرێنێت و چەند نمایشێکیش بۆ ئەم شانۆیەی خۆی، بۆ نموونە (خەونەنمایش)ی ستریندبێرگ پێشکەش دەکات، هاوکات دیدی خۆی بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی هونەری شانۆ دەخاتە ڕوو. شتێکی بەڵگەنەویستە، کە ئارتۆ شانۆکەی خۆی بە شانۆی (ئەلفرێد گاری) ناوزەد بکات. ئەلفرێد گاری ١٨٧٣-١٩٠٧ وەک ئارتۆ گەرەکی بووە شانۆ لە سینۆگرافیا، هونەری ڕیژی و تەنانەت لە ئەکتەریش پاک بکاتەوە. ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی ئەلفرێد گاری لە خودی نووسەرەوە دەست پێ دەکات، لەم ڕووەیشەوە، ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە (ئەو کەسەی بۆ شانۆ دەنووسێت، دەبێت هۆشیارییەکی تەواو و گشتگری سەبارەت بە زاراوە و چەمکەکانی هونەری شانۆ هەبێت و دەرک بەوە بکات، کە بۆ شانۆ دەنووسێت.)

زۆربەی ڕەخنەگر و تیۆریستەکانی بواری شانۆ و ئەدەبی جیهانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە گاری دامەزرێنەری شانۆی پێشڕەوە. ئەو شانۆیەی لە پەنجاکانی هەزارەی ڕابردوودا، بە ناوی شانۆی پووچگەراییەوە، لەسەر دەستی بێکێت و یونێسکۆدا سەری هەڵداوە، بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆی شانۆنامەکانی (ئوبوی پادشا)ی ئەلفرێد گارییە. هەروەها قۆناغی دووەمیش، کە لە چلەکاندا زیاتر لە فۆرمێکی فەلسەفیدا لە لای سارتەر و کامۆ دەرکەوت، بە بەردەوامییەکی تری بیر و ئێستاتیکای ئەلفرێد گاری دادەنرێت. گاری لە تەکنیکەکانی قەرەقۆز، شانۆی بووکەڵە، بنەما دێرینەکانی شانۆی ئێلیزابێسی

و تەکنیکەکانی شانۆی میللییەوە کار دەکات و دەقەکانی ئوپوی پادشــایش لە بنەماکــانی ئەو فــۆرم و تەکنیکــانەوە پێشــکەش دەکـات. ئـارتۆ بە شـێوەیەکی تەواو فەلسـەفەی ئەلفرێـد گـاری دەخوێنێتەوە، لە تەکنیک و چەمکە کردەییەکانی دەگات، لۆژیکە بەهێزەکەی ئوپو شـی دەکـاتەوە و دەیکـاتە کۆمەڵێک زاراوەی کردەیــی بــۆ شــانۆ تونــدوتیژەکەی خــۆی و شانۆکەیشــی بە (شــانۆی ئەلفرێـد گـاری) نـاوزەد دەکـات. ئـارتۆ ســەبارەت بە نمایشـکردنی (خەونەنمـایش)ی ئاوگوسـت سـتریندبێرگ ١٨٤٩-١٩١٢ دەڵێت: (شـانۆی ئەلفرێـد گـاری قەرزاری ئەوەیە، کە ئەم جـۆرە دەقـانە بخـاتە سـەر شـانۆ، بنەمـا و پرنسـیپەکانی ئەم شانۆیەیش ئاشـکرایە. شـانۆی ئەلفرێد گاری دەیەوێت ماناکان بــۆ شــانۆ بگەڕێنێــتەوە، نەک ژیــان، هەروەهــا جۆرێــک لە ڕاسـتییەکان، کە کەوتـووەتە قـووڵترین بەشـەکانی هەسـتەوە. لەنێــوان ژیــانە واقیعیــیەکە و ژیــانی خەونەکانمانــدا جــۆرە گەمەیەکـی پـڕ لە ڕۆح دەردەکەوێـت، کە دەکرێـت وابەسـتەی کردارەکـان بکرێت و بە شـێوەیەکی زۆر بە دیقەت ئەو واقیعە شــانۆییەی شــانۆی گــاری دەیەوێــت ســەرلەنوێ بیـدۆزێتەوە، بخوڵقێنێت.) شـانۆی ئەلفرێد گاری وەکو پەرچەکردارێک دژی شــانۆکانی ئەو دەمە دامەزراوە، بــۆ ئەوەی ئەو سەربەســتییە ڕەهـایەی لە مۆسـیقا، شـیعر و وێنەکێشـاندا هەیە ببەخشـێت بە شـانۆ، کە تـا ئێسـتا بە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش شـانۆی لـێ بێبەش کراوە.

ئەو نمایشــانەی ئــارتۆ لەم شــانۆیەدا پێشکەشـیان دەکـات بریتـی بـوون لە: (دایـکە شـێتوویێتەکە) لە نووسـینی ئـارتۆ، ئەم دەقە ون بووە و نەدۆزراوەتەوە، (ڕازونیازی خۆشەویستی) لە نووسـینی ڕۆگەر فیتـراک، (دایکێـک بە کۆشـێک منـداڵەوە) لە

نووسینی ڕۆبێرت ئاڕۆن، (سکی سووتاو) لە نووسینی ڕۆجیە فیتراک، (خەونەنمایش) لە نووسینی ستریندبێرگ، ئەم نمایشە بە سپۆنسۆری باڵیۆزخانەی سوید لە پاریس پێشکەش دەکرێت، بەڵام هەرایەکی گەورە دەنێتەوە و سوریالیزمەکانیش مانیڤێستێک دژی نمایشەکە دەردەکەن و هەوڵ دەدەن ئاژاوە بنێنەوە و یەکەم ڕۆژی نمایشەکە تێک بدەن. دواتر شانۆنامەی (منداڵەکان دەسەڵات دەگرنەدەست) لە نووسینی ڕۆجیە فیتراک نمایش دەکات. ئارتۆ بۆ ئەم نمایشانە لە ڕوانگەی شیعرە پڕ لە هێما و سوریالیزمەکانیەوە سیناریۆی بۆ داناون، یان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو شانۆییانەی نمایش کردووە، کە ڕۆجیە فیتراک دەینووسین، لەبەر ئەوەی فیتراک وەک هاوڕێ و قوتابییەک لە هەموو کەس زیاتر دەیتوانی دید و دیما پراکتیکی و تیۆرەکانی ئارتۆ دەستەبەر بکات، چونکە ئارتۆ ڕای وا بووە، کە: (هەموو نووسەرە شانۆییە گەورەکان لە دەرەوەی شانۆدا بیریان کردووەتەوە.) تێکڕای ئەم کارانەی ئارتۆ لەسەر شانۆی ئەلفرێد گاری پێشوازییەکی باشیان لە لایەن ڕەخنەگرەکانەوە لێ دەکرێت و ئەو گوتارە ڕەخنەییانەی لەسەر ئەم نمایشانە نووسراون، پۆزەتیڤن.

ئارتۆ ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکاتەوە، کە سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی شانۆ، بۆ ئەو، داڕشتنەوەی ژیانە؛ شانۆ دەبێت وەک ئاهەنگێکی ئەفسوونی وا بێت و داوای لێ بکرێت، کە لەسەر بنەماکانی پەیوەندی و چارەسەرکردن بە توندوتیژی و نوێکردنەوەی ژیانەوە بوونیاد بنرێتەوە. (شانۆ پەیوەستە بە هەستێکی دابڕێنراوەوە، بە بزاوتێکی ڕاستەقینەی هزرەوە، کە کۆپیکراوی بزاوتی ژیان خۆیەتی، بە واتای ژیان بە شێوە میتافیزیکییەکەی، لەبەر ئەوەی ئامێز بۆ چڕبوونەوە، کێش،

قوورسایی و مادده دەکاتەوە. کەواتە بە هۆی دەرئەنجامی ڕاستەوخۆوە، ڕێگە بۆ کرداری خراپ و بۆ هەموو ئەو شتانەی هاوپێچ و پەیوەستن بە بەدی و بە پانتایی، بە بەربڵاوی و بە ماددەوە خۆش دەکات؛ هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا لەو ئاگاییەدا، کە لەنێو ژان و ئازارێکی گەورەدا دەبینرێتەوە دەردەکەون. ژیان ناتوانێت ئەو توندوتیژییە نەبینراوەی هەموو ئەو ئەگەرانە لەگەڵ خۆیاندا دێنن، لە بەردەوامی خۆی بکەوێت. بەڵام ئەو توندوتیژییەی، ئەو ژیانەی سنوور دەبەزێنێت و لەنێو ئەشکەنجە و ژێرپێنانی هەموو شتەکاندا پیادە دەکرێت، ئەو هەستە حەتمییەیە، هەموو ئەمانەن، کە پێیان دەگوترێت توندوتیژی.)

ئەنتۆنان ئارتۆ لە نمایشەکانیدا بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیهانە شانۆییە ئەفسوونییە توندوتیژەی لە نووسینە تیۆرییەکانیدا باسی دەکردن ناگاتە هیچ بەرئەنجامێکی ئەوتۆ. بۆیە ئەمجارە بە یارمەتیی نووسینەکانی شیللیی شاعیر و ستندالی ڕۆماننووس شانۆنامەیەک بە ناونیشانی (بنەماڵەی تشنشی) ئامادە دەکات و لە هۆڵێکی هەژاری دوور لە هەموو مەرجەکانی هۆڵ و شانۆ نمایشی دەکات. ئەم نمایشە بەسەرهاتی (کۆنت تشنشیی خستووەتە ڕوو، کە لە سەدەی شانزەهەمدا لە ئیتالیا ژیاوە.) ئارتۆ لەم نمایشەدا زەبروزەنگی تشنشی و ئەو خۆشەویستییە سێکسییە حەرامەی بۆ بیاتریسی کچی هەیبووە، بەرجەستە کردووە. ئارتۆ بەم نمایشە هەموو دەمامک و بەربەستە دەروونی و ساختەکانی کۆمەڵگەی ئەورووپیی هەڵماڵیوە و هێرشێکی توندی کردووەتە سەر بنەما مۆراڵییەکانی شارستانییەتی ئەورووپا، کە دووڕوویی و ئابڕوویەکی پڕ لە درۆودەلەسە و دروستکراوی

له پشــتەوە حەشــارداوە. تشنشــی بـۆ ئــارتۆ دراماــیەکی پڕ لە مەترســـی و تونـــدوتیژی و جۆرێــک لە ڕازونیـــاز بـــووە، کە مرۆڤەکـــان (کارەکتەرەکـــان) هەر وەک تراجیـــدیای گریکـــی بەرجەســـــتەی هێزێکـــــی وێرانکــــــار دەکەن، کە لەوەوبەر چارەنووسەکەی دیاری کراوە.

(بنەماڵەی تشنشی) بۆ یەکەم جار لە شەشی مانگی پێنجی ســاڵی ١٩٣٥دا پێشــکەش کــراوە، بەڵام ئەم هەوڵە شــانۆییەی وەک هەمـــوو هەوڵە شـــانۆییە کردەییەکـــانی تـــری، هەر لە ســـەرەتاوە تووشـــی شکســت دەبێــت و ســـەرکەوتنێکی ئەوتـــۆ بەدەست ناهێنێت. ئەمە جگە لەوەی دەکەوێتە ژێر ڕەخنەیەکی تونـــدوتیژی ڕەخنەگـــر و ناوەنـــدە شـــانۆییەکەی ئەو دەمەی پاریسیشـــەوە. ئەم نووشوســـتییانەیش هێنـــدەی تـــر ئـــارتۆ گۆشــەگیر و شــێتگیر دەکـات و بـاری دەروونـی بەرەو هەڵدێر دەچێـــت، لەبەر ئەوە پـــاریس بەجـــێ دەهێڵێـــت و لە ســـاڵی ١٩٣٦ەوە دەچێـــــت بـــــۆ مەکســـــیک و مـــــاوەیەک لەنـــــاو هیندەسوورەکان و هۆزە بەرابییەکانی ئەم وڵاتەدا، لە دەرەوەی پرنسیپە شارستانییەکان و ژیانێکی مەدەنیئاسایدا، بە مەبەستی لێکـــۆڵینەوە لە ڕیتواڵەکانیـــان و گەڕان بەدوای کولتـــوورێکی بەرایـی و ئەفســوونیدا، دەژی. هەروەهـا لە زانکـۆی مەکسـیکۆ سـیتی چەنـد سـیمینارێک سـەبارەت، بـۆ نمـوونە بە (شـانۆ و خواوەندەکان) و (شـانۆکانی دوای جەنگ لە پـاریس) پێشکەش دەکـات. ئـارتۆ باســی ئەوەی کــردووە، کە مەکسـیکییەکان بە پــێچەوانەی ڕۆژئاواییەکــانەوە هێــزە نادیارەکــان لە هەمــوو شــتەکاندا دەبیــنن، ئەو شــتانەی ناکرێــت بە ڕامــانی خــودی شتەکان بهێنرێتە بەرهەم، بەڵکو لە ئەنجامی بەراوردکارییەکی ئەفســــــوونیدا ڕوو دەدات. هەروەهــــا لە گوتارێکیشــــــیدا بە

ناونیشـانی (داگیرکردنـی مەکسـیک)دا دەڵێـت: (ئەم وێنـانە، ئەم جـــووڵانە، ئەم ســـەمایە، ئەم ڕیتـــواڵانە، ئەم مۆســـیقایە، ئەم ئـامرازە پچـڕاوانە و ئەم دیـالۆگەی لەپـڕ دەوەسـتێت... هەمـوو ئەمانە بەوپەڕی چاودێرییەوە تۆمار دەکرێن، بەپێی توانـایش بە وشـە پێناسـە دەکرێن. بەتـایبەتی لەو بەشانەی نمایشـەکەدا، کە دیالۆگی تیا نییە، لەبەر ئەوەی پرنسیپەکانی ئێمەیش لەوەدا چڕ دەبێـتەوە، کە بگەیـنە تۆمـارکردنی ئەو شـتانەی بە وشـەکان پێناســـە نـــاکرێن و ژمارەئـــامێزکردنی، هەر وەک پـــارچە مۆسیقایەک.)

ئـارتۆ دوای مەکسـیک بەرەو ئێرلەنـدە دەکەوێـتە ڕێ، بەڵام بەرلەوەی پاریس بەجێ بهێڵێت، لە ساڵی ١٩٢٨دا سیمینارێکی گرنـگ لە زانکـۆی سـۆربۆن سـەبارەت بە (هـونەر و مەرگ) پێشـــکەش دەکـــات. ئـــارتۆ، کە دەشـــگەڕێتەوە لە ئەنجـــامی نەخۆشـــییە دەروونییەکانیـــدا بەرەو شـــێتبوون دەچێـــت و بەم هۆیەیشەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە نەخۆشخانە دەروونـی و عەقڵییەکانــدا، بێبەزەییـانە، تونـدی دەکەن و دەیـخەنە ژێـر ئەشـــکەنجەدانێکی سیســـتەماتیکەوە. ئەوەی لێـــرەدا گـــرنگە ئامـاژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە ئـارتۆ هەمیشـە لە شـانۆدا و بـۆ شـــانۆ ژیـــاوە: لە کاتێکـــدا، کە شـــیعری دەنووســـی، شـــانۆ ســـەرچاوەکانی دەبێـت، کە دەشـچێت بـۆ مەکسـیک بـۆ گەڕان بەدوای ئەو ڕۆشـــنبیرییەی تـــا ئەو کـــاتە شارســـتانییەت نەیشـێواندبوو، هەر وەک کەسـێکی شـانۆکار ڕەفتـار دەکـات. هەمـوو نووسینەکانیشـی، شـیعر، نـامە، مانیفێسـت و گوتـارە شـانۆییەکانی، دەبـنە چـاوگە گرنگەکـانی شـانۆ و (وشــە)یش دەبێتە دیالۆگێکی ناوەکی و تایبەت بە ئارتۆ.

شـانۆ لە لای ئـارتۆ ڕاکـردن لە واقیـع یـان پەنـایەک نیـیە، بەڵکو ئامڕازێکە دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی کاریگەریی بەسـەر مـرۆڤ و دونیـاوە هەبێت، ئەم کـاریگەرییەیش تەنهـا نووسـەر و ئەکـتەر نـاگرێتەوە، بەڵکـو بە پـلەی یەکەم ئەو بینـەرانەی دێـنە هـۆڵی شـانۆکانەوە دەگـرێتەوە، چـونکە شـانۆ دەتوانێت چارەنووسـی مـرۆڤ دیـاری بکـات و گۆڕانکـاری لە ژیانیاندا بکات. ئارتۆ دەڵێت مۆسیقا بە هـزرە ڕۆحییەکانی کار ناکاتە سەر مار، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە مـار ئـاژەڵێکی خشـۆکی و درێـژە، لەبەر ئەوەی بە درێـژی لەسـەر زەوی لـوول دەبێت، لەبەر ئەوەی هەمـوو جەسـتەی بەر زەوی دەکەوێـت، شـەپۆلەکانی مۆسـیقایش، کە دەگـاتە سـەر زەوی، وەک شـێلانێکی ورد و نەرم و زۆر درێـژ دەگـاتە جەسـتەی مـارەکەیش. (مـن پێشـنیازی ئەوە دەکەم بیـنەران بەو مـارە بەراورد بکەیـن، کە ئەفسـوونی لـێ دەکەیـن و لە ڕێـگەی جەستەوە بیانگەڕێنینەوە بۆ هـزرە چڕ و بەدیقەتەکان. سـەرەتا بە ئـامڕازە زبرەکـان و لەگەڵ ڕۆژگـاردا زیـاتر و زیـاتر نەرم و بەدیـقەت دەبن، ئەم ئـامڕازە زبـرانەیش لە سـەرەتاوە ڕامـان و تێبینیکردنێکـی ڕاسـتەوخۆی بینەرانـی دەوێـت. لەبەر ئەوە، بیـنەران لە شـانۆی توندوتیژیـدا لە ناوەڕسـتدا دادەنیشـن، لە کاتیکـدا نمایشـەکە چـواردەوری دەدات. گرنگیـدانیش لەم نمایشـەدا گرنگیپێدانێکی بەردەوامە؛ سـەرەتا بەدوای دەنگەکاندا لەپێنـاوی شـەپۆلەکانیدا دەگەڕێـن و دواتـریش لەپێنـاوی وێناکردنیدا.)

ئارتۆ دەیەوێت لە ڕێگەی دەنگ و مۆسیقاوە کاریگەرییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆ لە هەست و نەستی بینەرەکانیدا دروست بکات، ئەم کاریگەرییەیش بە ئامێرە نوێیەکان دروست نابێت،

لەبەر ئەوە پەنـا دەبـاتە بەر بەکارهێنـانی ئـامێرە دێـرینە لە بیرکراوەکان، یان خولْقاندنی ئامێری تازە و تایبەت. ئەمە جگە لەوەی ئـارتۆ ئـامێرە مۆسـیقییەکانیش وەک بەشـێک لە سـینۆگرافیا بـۆ نمایشـەکانی بەکـار دەهێنێـت. لەم ڕووەوە گوتوویەتی، کە: (پێویستە ئامێرە مۆسیقییەکان هێندەی بارستە و جەسـتەی مرۆڤەکـان گەورە بـن.) شـانۆ لە لای ئـارتۆ شـانۆیەکی میتـافیزیکییە و دوو ڕۆڵـی گرنگـی هەیە: چارەسـەرکردن و سـەرلەنوێ بوونیادنـانەوە، ئەم دوو چەمکەیش پەیوەندییەکی پتەو و میکانیزمییان بەیەکەوە هەیە. ئەو دیـدەی، کە دەڵێـت شـانۆ بـریتییە لە ئامـاژە و هێمـا میتافیزیکییەکان، هێندەی دیدی توندوتیژی بۆ ئارتۆ گرنگە، لە چەمکەکـانی میتـافیزیکەوە تێـڕوانینە تونـدوتیژەکەی ئـارتۆ گوزارشتی خۆی وەردەگرێت.

ئارتۆ لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: (ئەگەر شانۆ هاوشانی ژیـان بێـت، ئەوا ژیـان هاوشـانێکی شـانۆ ڕاسـتەقینەکەیە) ئەو ژیانەی، کە میتافیزیـک، تـاعوون و توندوتیژی لەخـۆ دەگرێت. مرۆڤ ناتوانێت لەو تاعوونە ڕزگاری بێت، بەڵام دەکرێت بەو تـاعوونە بسـووتێت و بەرەو پـاکژبوونەوە و چارەسـەرکردن بچێـت. ئەگەر شـانۆ لە ڕووی گەوهەرەوە لە تـاعوون بچێـت، لەبەر ئەوە نیـیە بـڵاو دەبێـتەوە، بەڵکـو لەبەر ئەوەی وەک تـاعوون پەردە لەسـەر نهێنییەکـان هەڵـدەماڵێت و ئەو گەوهەرە تونـدوتیژەی لە ناوەوەمانـدایە، کە هەمـوو هـزرە گەنـدەڵەکانی کەسـی تـاک و میللەتێکـی گرتـووەتەوە، دەهـاوێژێتە دەرەوە. شـانۆ وەک تـاعوون وایە، قەیرانێـک دروسـت دەکـات، بە چاکبوونەوە یان بە مردن کۆتایی دێت، تاعوون تەنگەژەیەکی وا دروست دەکات، نەخۆشییەکی وا بڵاو دەکاتەوە، کە لەدوای

خۆیەوە لە مردن زیاتر هیچ شتێکی تر نامێنێتەوە؛ یان پاکژبوونەوەیەکی تەواو، یاخود مردن. شانۆ وێنەیەک نییە لە واقیع، بەڵکو لە واقیع واقیعیترە و ئەوەمان پیشان دەدات، کە چۆن ژیان شانۆیەکی توندوتیژە. شانۆی توندوتیژ بەم دیدە بارگاوی دەکەین: بینەران بە هەستیان بیر بکەنەوە، ناکرێت سەرەتا لەگەڵ هزریدا بدوێن، وەک لە شانۆی ڕیالیزمی دەروونی ئاساییدا هەیە. لەبەر ئەوە ئەم شانۆیە کار لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕوو بکاتە بینەرێکی گەورە و بەربڵاو و گەڕان بەدوای جووڵانی بینەراندا لە ڕێگەی ئەو شیعرەوە، کە لە هەندێک جەژن و بۆنە گەورەکاندا هەن، کە خەڵکی دەڕژێنێتە سەر شەقامەکان.

ئارتۆ وا لە هەموو پەیوەندییەکانی مرۆڤ تێگەیشتووە، کە دیالۆگ و ململانێیەکی بەردەوامن. ئەگەر سەرنجی بابەتەکانی کتێبی (شانۆ و هەمبەرەکەی) بدەین، جۆرە پێکداچوون و تێکەڵاوکردنی شتە جودا و دژبەیەکەکانە: شانۆ و ڕۆشنبیری، شانۆ و تاعوون، شانۆ و توندوتیژی، شانۆ و کیمیا، شانۆی ڕۆژهەڵات و شانۆی ڕۆژئاوا، دەرهێنان و میتافیزیک... هتد. ئەم پێگەیشتن و بەریەککەوتنەیش چەندین فۆرم و شێواز لەخۆ دەگرێت، یان چەمکەکانی شێواز و بنەما دیاریکراوەکان، لەم بەریەککەوتنەدا، فۆرمی تر لەخۆ دەگرن و دەبنە جۆرە ململانێ و کێشەی شتە دژبەیەک و جیاوازەکان. بۆ نموونە لەنێوان شانۆ و کیمیادا یەکەیەکی گەوهەریی پڕ لە نهێنی هەیە؛ ئەگەر بە قووڵی لە شانۆ بڕوانین، دەبینین هەر وەک کیمیا بە چەند بنەمایەکی هاوبەشی نێوان هونەرەکانەوە پەیوەستە، بنەمایەک، کە لە بوارەکانی ڕۆح و ئەندێشەدا لە پێکداچوونێکی پڕ لە بزۆز و زیندوودایە، هەر وەک چۆن ئاڵتوون لە بوارە

سروشـــتییەکەدا دروســـت دەکرێـــت. ئـــارتۆ هەمیشـــە، بـــۆ دۆزینەوەی چەمکە جیاوازەکـانیش گفتوگۆ و دیـالۆگ لەنێوان ئەم توخمـــانەدا دەکـــات و لە هەمـــوو بـــار و ڕەوشەکانیشـــدا دروستبوونی ئەم جۆرە دیالۆگانە دیدە شـانۆییەکان بەرەوپێش دەبەن، لەبەر ئەوەی لایەنە دژبەیەکاکـــان لەم دۆخەدا دەبـــنە تەواوکەری یەکتـری و شـانۆیش دەبێـتە پڕۆسـە و تـوخمێکی هاوبەش.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم کتێبە و تێزە ئێستاتیکی و دیـد و تێـڕوانینە فەلسـەفییەکانی ئـارتۆ، ڕووخـانی شـانۆ و سەرلەنویێ بونیادنانەوەی شانۆیە: ڕوخانی شانۆ سایکۆلۆژییە تەقلیـدییەکەی ڕۆژئـاوا و بوونیادنـانەوەی لە ڕوانگەیەکـی سەرەتایی و لە بنەماکانی ڕیتواڵێکی ئەفسوونییەوە.

ئەنتۆنان ئارتۆ دژی شانۆی ئەورووپییە، دژی لێکۆڵینەوەی سـایکۆلۆژی و ڕووداوە، دژی ڕیپۆرتـواره، دژی شـانۆی ڕیالیزمە، دژی وشەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە وشە بە یەکێک لە کارەسـاتە ڕاسـتەقینەکەی سـەر شـانۆ دەزانێـت و دەبێـتە کێشـەیەکی بەردەوام لەنێـوان هونەرمەنـد و ئامرازەکانیـدا، هەر لەبەر ئەوەیشـە، کە پێویسـتە شـێوازەکانی ئەم کێشـەیە بدۆزینەوە و سەیری قۆناغەکانی بەرەوپێشـەوەچوونی بکەین. ئـارتۆ ئەوە دووپـات دەکـاتەوە، کە مەسـەلەکە لابردنـی وشـەی گـوتراو نیـیە، بەڵکـو گرنگیـدانە بە وشـە، بەو شـێوەیەی لە خەونەکانمانـدایە، بە بەکارهێنـانێکی تـری وزەی وشـەیە لە پانتایـدا و بەرجەسـتەکردنیەتی لە شـیعری شـانۆدا. (دیـالۆگ شـتێکی نووسـراو و گـوتراوە، بە شـێوەیەکی تـایبەتی سـەر بە شـانۆ نیـیە، پەیوەسـتە بە کتێبەوە، بەڵگەیشـمان ئەوەیە، کە لە دەستنووسـەکانی مێـژووی ئەدەبـدا ئەو جـێگەیەی بـۆ شـانۆ

تەرخـان دەکرێـت، وەکـو لقێکـی لاوەکـی لە مێـژووی زمـانی ئاخاوتن تەماشا دەکرێت.)

ئارتۆ هەمیشە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە دەبێت بگەڕێن بەدوای ئـامرازی نوێدا بـۆ نووسـینی ئەم زمـانە، هەروەهـا ئەم ئـامرازانە لەگەڵ پانتـایی شـانۆ و مۆسـیقادا خـۆی بگونجێنێـت، یان جۆرێک لە زمانێکی ژمارە بۆ دانـان بەکار بهێنرێت: ژمـارە بـۆ دانـانیش، وەک مۆسـیقا، لە ڕێگەی ژمـارەوە سیسـتێمێک بـۆ پیت و دەستەواژەکان دادەنرێت. ئاتۆ زۆر جـار لە نامەکانیدا بە چڕی باسی پەیوەندییەکانی زمان و ڕۆڵی وشە لەسەر شـانۆی ڕۆژئـاوا و شـانۆی ڕۆژهەڵاتـدا دەکـات و دیـدی خۆیشـی بـۆ بەکارهێنـان و داهێنـانێکی تـر و جیـاوازی شـیعرییەتی وشـە لە شـانۆیەکی میتافیزیکـدا دەخـاتە ڕوو: (بە هـۆی ئەو جـووڵە و هەڵوێسـتانەی بەهـایەکی هێمائـامێز لەخـۆ دەگرن، وەک ئەوەی لە هەنـدێک لە پـانتۆمیمە نەشـێوێنراوەکاندا دەبینرێت، کە دەڵـێم پـانتۆمیمی نەشـێوێنراو، مەبەسـت پـانتۆمیمی ڕاسـتەوخۆیە، کە جووڵەکان لەجیاتی ئەوەی ڕستەکان نمـایش بکەن، وەک چۆن پـانتۆمیمی ئەورووپـی ئـێمە، کە تەمەنـی تەنیـا پەنجـا سـاڵێک دەبێـت و تەنیـا شـێواندنی هەنـدێک لایەنـی بێدەنگی کۆمیـدیای ئیتـاڵییە، ئەو کـارە دەکـات، دەبێـت بیرۆکەکـان، هەڵوێسـتەکانی هــزر، ڕوخســارەکانی سروشــت بە شــێوەیەکی ڕاســتی و کۆنکرێتی نمایش بکەن، واتا بەردەوام ئاماژە بۆ شتەکان بکەن و بـــۆ وردەکـــارییە سروشـــتییەکان، وەک ئەو زمـــانە ڕۆژهەڵاتیـیەی، کە بە هـۆی درەختـێکەوە، باڵنـدەیەکی لەسـەر هەڵنیشـتووە و چـاوێکی داخسـتووە و خەریـکە چـاوەکەی دیکەیشی دادەخات، نمایشی شەو بکەن. هەروەها دەتوانرێت لە ڕێی چەندین سمبوڵی جۆراوجۆری "تەورات"ەوە بیرۆکەیەکی

ئەبستراکت، یان هەڵوێستێکی هزری نمایش بکرێت، بۆ نموونە: (حوشتر بە کونی دەرزیدا ناچێت.) سەرلەنوێ ڕۆنانەوەی شانۆیش بۆ ئەو، ڕۆنانەوەی ژیانە، بەدەستهێنانی زمانێکی تایبەتمەندی شانۆیەکی ترە، کە جەستە، دەنگ و مۆسیقا باڵادەستن، شانۆکەی ئارتۆ ئاهەنگێکی سیحرییە و نوێکردنەوەی بوونە لە ڕێگەی شانۆوە.

ئارتۆ لە مانیفێستی شانۆی توندوتیژدا دەڵێت: (جگە لە زمانی دەنگ، زمانی بینین، زمانی جووڵە و وەستان دێتە ناوەوە، بەڵام بە مەرجێک ماناکانی و فۆرمەکەی درێژ ببنەوە و بە شێوەیەک کۆبکرێنەوە، کە ببنە ئاماژە. بە مانای ئەم ئاماژانە بکەینە جۆرێک لە پیتی ئەلف و بێ. هەر لەبەر ئەوەی شانۆ پەی بەم زمان و پانتاییە بردووە، زمانی دەنگەکان، هاوار، ڕووناکی و ئەو وشانەی لاسایی دەنگ دەکەنەوە، لەبەر ئەوە دەبێت ڕێک بخرێنەوە، بە شێوەیەک کارەکتەر و شتەکان بکاتە سمبوڵی ڕاستەقینە و لەسەر هەموو ئاستەکان بەکار بهێنرێت.) ئارتۆ بە بۆنەی دامەزراندنی (شانۆی ئەلفرێد گارییەوە) دەڵێت: "ئێمە شانۆی ئەلفرێد گاریمان دامەزراندووە تا شانۆ سەربەستییە تەواو و سەراپاگیرییەکەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەو سەربەستییەی لە مۆسیقا، شیعر و هونەری وێنەکێشاندا هەیە، ئەو سەربەستییەی تاکو ئێستا و بە شێوەیەکی سەیر و بێمانا شانۆی لێی بێبەش کراوە." ئەم هونەرمەندە تێڕوانینێکی دینامیکیی بۆ شانۆ هەبووە؛ گەڕانەوەی چەمکی شانۆ و گەڕانەوەی ئەو هێز و وزەیەی، کە لەدەستی داوە، ئەویش لە دیدی ئەوەوە، تەنها بە ڕوخانی شانۆ و ڕۆنانی شانۆیەکی تر بەدی دێت. بۆ نموونە ئارتۆ هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەی تەختەی شانۆ و هۆڵی بینەران بە

تەواوی وەلاوە دەنێت و لەبری ئەوە دەیەوێت پانتاییەکانی شانۆ و جێگەی دانیشتنی بینەران، بەبێ هیچ جۆرە بەربەستێک، بکات بە یەک شوێن، بەم شێوەیەیش دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان و پەیوەندییە ڕاستەوخۆکەی نێوان بینەر و نمایش، ئەکتەر و بینەران دەگەڕێنێتەوە. لە ڕووی بەرزاییشەوە، هۆڵەکە بە ڕارەو چواردەور دەدرێت، هەر وەک تابلۆی هونەرمەندە بەراییەکان، بە شێوەیەک ئەم ڕارەوانە لە کاتێکدا ڕووداوەکان بخوازێت ئەکتەر بتوانیت لە خاڵێکەوە بە ئاسانی بچێت بۆ خاڵێکی تر. وەک لەوەوبەریش گوتمان، هەموو جووڵەی ئەکتەرەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژمارەئامێز دەکرێت، واتا بە ژمارە دیاری دەکرێن، هەر وەک زمان، بەم شێوەیەیش هیچ جووڵانەوەیەک ون نابێت و هەموو هەڵسوکەوت و جووڵە و وێنە شانۆییەکانیش پابەندی ڕیتمی خۆی دەبێت.

ئەنتۆنان ئارتۆ لەم کتێبەدا (شانۆ و هەمبەرەکەی) بە چەندان شێوە ڕاڤەی ڕەهەندەکانی چەمکی (توندوتیژی) دەکات و لەسەر چەندان ئاست دەیبەستێتەوە بە هێزی شانۆکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا خوێندنەوەی هەڵەی بۆ کراوە و هەمیشە بەستراوەتەوە بە بەرجەستەکردنی سادییەت و توندوتیژییەکی ڕاستەقینە لەسەر شانۆ. (دەکرێت پێناسەی توندوتیژییەکی تەواو، بەبێ پارچەپارچەبوونی گۆشت بکرێت، دوای ئەوە توندوتیژی، بە مانا فەلسەفییەکەی ئەم وشەیە چییە؟ لە تێڕوانینی هزرەوە، توندوتیژی مانای هێز دەگەیەنێت، پراکتیزەکردن و بڕیارێکی بێ پاشگەزبوونەوە، پێداگرییەکی ڕەها بە هەمان ئاڕاستە. هەموو فەلسەفەیەکیش وێنەیەکە لە وێنەکانی توندوتیژی، ئەمەیش لە دیدگای بوونمانەوە.)

توندوتیژی مانا ڕووتەکەی، تەنها لە سادیزم و خوێن و ئەشکەنجەداندا نابینێتەوە، بەڵکو بۆ ئارتۆ توندوتیژی مانای خودگەراییەکی قووڵ دەگەیەنێت، مانای تێگەیشتنێکی ترە لە ژیان و لە ئەزموونی مرۆڤایەتی و پەیوەندیی بە ڕوخانێکی بێبەزەییانەی واقیعی ژیانەوە هەیە.

چەمکەکانی توندوتیژی گوزارشت لەو کێشە کەونییە هەتاهەتاییەی نێوان مرۆڤ و جیهان و سروشتە، کە بەرجەستەیەکی ئەو کێشە بەراییە بەردەوامەیە، مرۆڤ و جیهان تێک دەشکێنێت. هۆشیاری، ڕەنگە خوێناوییەکان دەبەخشێت بە هەموو کردە زیندووەکان، بە تایبەتی کە بەوە قایل بووین ژیان هەمیشە مانای مردنی کەسێک دەگەیەنێت. ئەمەیش نە ئەرکی لاساییکردنەوەی واقیعە و نە شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، بەڵکو پاشماوەی ڕووداوە بەهێز و ئەفسوونییەکانی خەونێکی ترسناکە، ئەو خەونەی ئارتۆ بەردەوام باسی دەکات و دەیبەستێتەوە بە تیۆرەکانییەوە.

ئارتۆ لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: "دەکرێت وێنای توندوتیژییەکی چڕ بکەین، کە بەدەر بێت لە هەموو جۆرە توندوتیژییەکی پڕ لە خوێن و لەتوپەتکردنی جەستە." لە نامەیەکی تریدا دەڵێت: "من وشەی توندوتیژی بە مانای خۆشەویستی ژیان بەکار دەهێنم... بە مانای... گێژاوی ژیان، کە وشەکان هەڵدەلووشێت، بە مانای ئەو ئازارەی، کە بەبێ ئەو ژیان ڕەوتی خۆی وەرناگرێت." توندوتیژی بۆ ئارتۆ تەقەلایەکی بەهێزە دژی چارەنووسی مرۆڤایەتی و شانۆیش وەکو ژوورێکی نەشتەرگەری وایە، کە لەژێر چارەسەری ئەو نەشتەرگەرییەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاستە تاریکەکانی ناوەوەی خۆت دەبیتەوە: (ددانی پێدا بنێن یان نا، بە

هۆشیارییەوە بێت، یان لە نەزانینەوە، بینەر هەمیشە لە واقیعدا لە ڕێگەی خۆشەویستی، تاوان، مادده هۆشبەرەکان، جەنگ و شۆڕشەکانەوە بەدوای ڕەوشە شاعیرییەکاندا، ئەو ڕەوشانەی پڕن لە ژیان، دەگەڕێت.)

ئارتۆ لە تێڕوانینێکی فیکری و فەلسەفییەوە چەمکەکانی توندوتیژی دەبەستێتەوە بەو شانۆیەوە، کە خەونی پێوە دەبینی و زیاتر مەبەستی جۆرە دیقەت و سەرنجێکی ورد و بڕوایەکی پتەوی ڕەهایە بەو ئامرازانەی، کە دونیا و مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگۆڕێت. هەروەها لەو بەشەیدا، کە تایبەتە بە (ڕیژی و میتافیزک) دەڵێت: "سەر شانۆ شوێنێکی فیزیکی و کۆنکرێتە، داوایشمان لێ دەکات پڕی بکەینەوە، بە شێوەیەک، کە بە زمانە کۆنکرێتییەکەی خۆی بدوێت. ئەو زمانە کۆنکرێتییەی ئاڕاستەی هەست و سۆزمان دەکات، کە سەربەخۆیە لە بەرامبەر ئاخاوتندا و دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە خواستی هەستەکانمان بهێنێتە دی. چۆن شیعرێک بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە، شیعرێکیش بۆ هەستەکانمان." شانۆی توندوتیژی هەموو شتێک بەوپەڕی دیقەتەوە ئامادە دەکات و هەموو شتێک لەسەر بنەماکانی پلانێکی وردەوە دادەڕێژرێت و بە هیچ شێوەیەک مێتودەکانی ڕاگوزاری بەکار ناهێنێت.

لە سەرەتای سییەکاندا، باسی ئارتۆ وەک هونەرمەندێکی گەنج و جوان و بە توانا دەکرا، مرۆڤێک هەڵگری دید و زمانێکی بەرز و کارەکتەرێکی بەهێز. لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیشیدا، دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەروونییەکان دێتە دەرەوە، هەموو ددانەکانی دەکەون، بە هۆی خراپی و کەمیی خواردنەوە بە تەواوی لەڕولاواز دەبێت و پێشوەخت پیر دەبێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پشکۆی ئاگرەکەی ناوەوەی

ناکوژێتەوە، بە تایبەتی زمانە بەرز و پڕ لە شیعرەکەی، کە لە کتێبی (ڤان گۆگ)دا دەردەکەوێت. هاوڕێکانی ئارتۆ دوای نۆ ساڵ و بەکارهێنانی زیاتر لە پەنجا هێدمەی کارەبایی، دەتوانن لەو شێتخانەیەی تیا بەند کرابوو، ڕزگار بکەن و بیهێننە دەرەوە. کە ئارتۆ لەم "نەخۆشخانەیە" دێتە دەرەوە، بە تەواوی بە هۆی برسێتی و هێدمە کارەبایی و تەنیاییە ڕەهاکەیەوە تێک شکاوە. ئەو ئارتۆ-یەی جاران وەک یەکێک لە گەنجە جوانەکانی پاریس ئاماژەی بۆ دەکرا، بە پشتێکی کۆماوە و دەموچاوێکی چرچەوە، کە زیاتر لە وێنەیەکی کاریکاتێری و پیرەمێردێکی ناشیرین چووە، دێتە دەرەوە. لەم کاتەدا، ئارتۆ بە ئازاری ئەو شێرپەنجەیەشەوە دەتلایەوە، کە تا ئەو ساتەیش هەستی پێ نەکرابوو. ئارتۆ دەگوێزنەوە بۆ گوندێکی بچووک لە دەرەوەی پاریس.

ئارتۆ کۆڵ نادات، ساڵی ١٩٤٧ ساڵێک بەر لە مردنی، لە پاریس سەردانی پێشانگەیەکی (ڤان گۆگ) ١٨٥٣-١٨٩٠ دەکات، کە بەشێکی زۆر لە تابلۆکانی تیا پیشان درابوو، پێشانگەکە سەرنجی زۆر ڕادەکێشێت، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا گوتارێکی ڕەخنەیی خراپ لەسەر ئەم پێشانگەیە دەخوێنێتەوە، ئەمەیش وای لێ دەکات لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڤان گۆگ بنووسێت و لە پایزی هەمان ساڵدا لە کتێبێکدا بە ناوی (ڤان گۆگ خۆکوژ بە دەستی کۆمەڵگە) بڵاوی بکاتەوە. ئەم کتێبە دەبێتە جێگەی سەرنج و پاداشتی Saint-Beuve وەردەگرێت. بێگومان ئارتۆ ژیانی خۆی وەک هونەرمەندێک، لە ژیانی هونەرمەندێکی وەک ڤان گۆگدا دەبینێتەوە و ئازار و ژانەکانی ڤان گۆگ دەبێتە ئازار و ژانەکانی خۆی؛ تابلۆ و شانۆ پێناسەیەکی هونەری دوو بلیمەت

دەخاتە ڕوو، کە کۆمەڵ و دامودەزگا کۆمەڵایەتی، هونەری و سیاسییەکانی شارستانییەتی ئەورووپا تێکی شکاندوون و بە تەواوی پەراوێزی خستوون. ئارتۆ دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە، کە ڤان گۆگ بە دەستی کۆمەڵگە کوژرا و شارستانییەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت تاوانباری یەکەمی ئەم تاوانەن، هەر چۆن ئارتۆ خۆی لە شێتخانەکان بەند دەکرێت. نە ڤان گۆگ و نە ئارتۆ شێت بوون، بەڵکو کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی دەوڵەت شێتی کردن و بە شێت لە قەڵەمی داون، لەبەر ئەوە ئارتۆ ژیانی خۆی لە ژیانی ڤان گۆگ-دا دبینێتەوە.

ئارتۆ لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٧دا، واتە بە ساڵێک بەر لە مردنی، دوا نمایشی خۆی بۆ بینەران پێشکەش دەکات، لەم نمایشەدا ئارتۆیەکی ماندوو، پیر، تێکشکاو، نەخۆش، بەڵام بە ئەزموون و ویستێکی بەهێز و جەستەیەکی شانۆیی و پڕ لە جووڵە قسە بۆ بینەرەکانی دەکات: (ئێمە هێشتا لەدایک نەبووین. ئێمە هێشتا نەهاتووینەتە دونیاوە. هێشتا هیچ دونیایەک نییە. هێشتا هیچ شتێک نەخولقاوە. هۆکارەکانی بوون و دروستبوون هێشتا نەدۆزراونەتەوە.) نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (ئەندریێ جید) ١٨٦٩-١٩٥١ ئامادەی ئەم نمایشە دەبێت و کارێکی زۆری تێدەکات و بە هەستێکی پڕ لە ژان و هەڵچوونەوە لە هۆڵەکە چووەتە دەرەوە.

ئارتۆ بەرەبەیانی ١٩٤٨/٣/٤ لە ژوورەکەی خۆیدا بە مردوویی لە بەردەم تەختی نوستنەکەیدا، لەسەر ئەرزەکە بە دانیشتنەوە، کە تاکێک لە پێڵاوەکانی بە دەستەوەیە، دەدۆزرێتەوە. بەم شێوەیەش ئەفسانەی ئەنتۆنان ئارتۆ کۆتایی پێ دێت.

ئــارتۆ کــێ بــوو: بلیمەتێــک، شــاعیر، ئەکتەرێکــی شــێت، ئوســـتادێک، کە کەس لێـــی تێنەگەیشـــت... هتـــد. ئەم پـــارچە شـیعرەی ئـارتۆ خـۆی لەوانەیە وەڵامێکـی ئەو پرسـیارە بێـت، (ئارتۆ کێ بوو؟)

*من کێم؟*
*من لە کوێوە هاتووم؟*
*من ئەنتۆنان ئارتۆم*
*من ئەوە دەڵێم*
*کە دەزانم ئەوە بڵێم:*
*هەر ئێستا*
*ئێوە ئەم جەستەیەی ئێستام دەبینن*
*هەپروون بە هەپروون دەفرێت*
*لەژێر دە هەزار ڕوانگەی*
*زۆر ئاشنادا*
*خۆی ڕۆ دەنێتەوە*
*جەستەیەکی نوێ*
*کە ئێوە هەرگیز*
*جارێکی تر*
*منتان لە بیر ناچێتەوە*

لە سالانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بنەما تیۆرییەکانی شانۆی توندوتیژ و دید و دیما ڕادیکاڵەکانی ئارتۆ لە بەریتانیا و ئەمەریکا و پۆلۆنیا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و لە تیۆرییەوە دەبـنە پراکتیـک و چەمکێکـی بەرجەسـتەکراو. هەروەهـا پیـتەر بـــروک، لەدایکبـــووی ســـاڵی (١٩٢٥) لە زینـــدووکردنەوە و

بەرجەستەکردنی شانۆی توندوتیژ و سەرلەنوێ ناساندنی ئارتۆ بە شانۆی هاوچەرخ و مودێرنی جیهانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، بەتایبەتی بە خوێندنەوە هۆشیار و دیدە شانۆییە کردەییەکەی بۆ کتێبی (شانۆ و هەمبەرەکەی) دەرگایەکی بەرین بە ڕووی شانۆی توندوتیژ و ئارتۆدا دەکاتەوە. بروک لە سەرەتای شەستەکاندا، هەوڵی دەستەبەرکردنی شانۆیەکی میتافیزیکیی دا و لە بەکارهێنانی توخمەکانی جەستە و پانتایی شانۆ و شانۆیەکی فیزیکییەوە، لە دید و خەونەکانی ئارتۆ نزیک دەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش لە ساڵی ١٩٦٣دا لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی گەنجدا ستۆدیۆیەک بە ناوی شانۆی توندوتیژەوە دەکاتەوە و دواتریش لە کتێبەکانیدا (پانتایی بۆش) و (خاڵی وەرچەرخان) باسی دەکات. کە بروک نمایشی مارا-سادیش لە ساڵی ١٩٦٤دا پێشکەش دەکات، دەبێتە ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای شانۆی توندوتیژ و لەژێر ئەو کاریگەرییەدا کار دەکات.

## سەرچاوەکان

١- المسـرح و قـرينه، آنتونـان آرتـو، تـرجمه، الـدكتورة سـاميه أسـعد، ١٩٧٣ القاهره.

٢- شـانۆی تونـدوتیژ لەنێـوان تیـۆر و پراکتیکـدا، دانـا ڕەئـووف، سـلیمانی ١٩٨٨.

3-Fruktan, medkensla och kritisk distans, Per Arne Tjader. 2000

4-Uppfostran, Underhallning, Uppror, En vesterlendsk teaterhistoria, Per Arne Tjader, 2008

5-Antonin Artaud, liv och verk, en kronologi av Per Verner-Carlsson.

6-Percival, Artaud, Beckett, Blake. Essaer och tolkningar. Carlssons, 1992

## شانۆ و هەمبەرەکەی ۲

شاعیر و نووسەر و شانۆکاری فەرەنسی (ئەنتۆنان ئارتۆ) ساڵی ١٩٣٨ چاپی یەکەمی کتێبی (شانۆ و هەمبەرەکەی) لە دەزگای گالیمار-ەوە بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکەیش، کە نووسەر لە چەند کاتێکی جیاوازدا نووسیوویەتی، تەقەلایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شانۆی باو و نەریتگەرای ڕۆژئاوا، لە هەمان کاتدا ڕۆنانی شانۆیەکی تری جودا. بەشەکانی کتێبەکە بریتین لە: شانۆ و تاعوون، شانۆ و ڕۆشنبیری، ڕیژی و میتافیزیک، شانۆی ڕۆژهەڵاتی و شانۆی ڕۆژئاوایی، شانۆ ئەلشیمی، سەبارەت بە شانۆی بالی، شانۆ و توندوتیژی، مانیفێستەکانی شانۆی توندوتیژ و نامەکانی زمان... تاد. هەرچەندە ئەم کتێبە لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا دەبێتە جێگەی سەرنج، بەڵام لە شەستەکاندا وەک کیشوەرێکی تازە، سەرلەنوێ بۆ شانۆ دەدۆزرێتەوە و دەبێتە سرووش و سەرچاوەیەکی گرنگ و تا ئێستایش کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوت و تەوژمەکانی شانۆی ئەزموونگەری و ئەڤانگارتیی جیهانییەوە دیارە.

ئارتۆ لەم کتێبەیدا بە زمانێکی ساکار و هەندێک جار سەخت و گران و تەمومژاوی، گوزارشت لە کۆمەڵێک تێز و دیدی هەمەچەشنەی ناتەبا، بۆ شانۆ دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکی و بەراییەکانی هونەری شانۆ؛ لەوانەیش

تراجیدیا کۆنەکان، شانۆ پڕ لە ڕازونیازەکانی چاخەکانی ناوەڕاست و هەموو جۆرەکانی سەما و شانۆی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست، هەروەها ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە دەبێت شانۆ بگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما سەرەکی و سەرەتاییەکانی، گرنگی بە مەسەلەکانی هونەری ڕیژی بدات بۆ ئەوەی شانۆ کاریگەریی بەسەر بینەرەکانیەوە هەبێت، نەک لە ڕێگەی دیالۆگ و مەسەلە فیکرییەکانەوە، بەڵکو بە جووڵە و پانتۆمیم و دەنگ و ڕووناکی و هەموو ئەو ئامراز و تەکنیکانەی، کە شانۆی نوێ دەیانخاتە بەردەستی شانۆکارانەوە.

ئارتۆ بەم کتێبەی هەموو بنەما تەقلیدییەکانی شانۆی ڕۆژئاوای هەڵگێڕاوەتەوە و کاریگەریی بەسەر چەندان نەوەی شانۆکار و نووسەرانی شانۆ و ڕەخنەگرانەوە هەبووە، هەر بۆ نموونە ئەو نەوەیەی لەگەڵ تەوژمەکانی شانۆی پووچگەرایی دەرکەوتن: بێکێت، یونسکۆ، ئەدامۆڤ و ژان ژینییە، بە تایبەتییش لە ڕووی خوڵقاندنی ئەتمۆسفێر و بەکارهێنانی چەمکەکانی پەیڤ و مامەڵەکردن لەگەڵ دیالۆگ و ستراکتوری تێکستەکاندا، کەوتوونەتە ژێر ڕکێف و کاریگەرییە بێسنوورەکانی ئارتۆوە. ئەمە جگە لەوەی، کە هەموو تەوژمە هاوچەرخ و مۆدێرنەکانی تری شانۆ، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەژێر کاریگەرییەکانی ئارتۆدا لەدایک بوون.

ئەنتۆنان ئارتۆ ١٨٩٦-١٩٤٨ سەرەتا بە دیوانێکی شیعریی بچووک دەست پێ دەکات، دوای ئەوە پێوەندی دەکات بە (ئەندریە بریتۆن) و سوریالیزمەکانەوە و لەگەڵ شانۆکاری دیاری ئەو دەمە (شارڵ دۆلان) کار دەکات و هەندێک ڕۆڵی بچووک، بەڵام گرنگ لەسەر شانۆ و لە سینەمادا دەبینێت.

ساڵی ١٩٢٦، لەگەڵ چەند هاوکارێکیدا شانۆی (ئەلفرێد گاری) دادەمەزرێنێت و چەند نمایشێکیش بۆ ئەم شانۆیەی خۆی پێشکەش دەکات، هاوکات دیدی خۆی بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی هونەری شانۆ دەخاتە ڕوو، بەڵام هەوڵە شانۆییە پراکتیکی و کردەییەکانی ئارتۆ خۆی، هەر لە سەرەتاوە تووشی شکست دەبن، لەبەر ئەوە لە کاری شانۆیی دووردەکەوێتەوە و دەچێت بۆ مەکسیک و ماوەیەک لەناو هۆزە بەراییەکانی ئەم وڵاتەدا دەمێنێتەوە و بەشداریی ڕیتواڵەکانییان دەکات، دواتریش بەرەو ئێرلەندە دەکەوێتە ڕێ. کە دەشگەڕێتەوە لە ئەنجامی چەند ڕووداو و نەخۆشییەکی دەروونیدا بەرەو شێتبوون دەچێت و بەم هۆیەیشەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە نەخۆشخانە دەروونی و عەقڵییەکاندا، بێبەزەییانە، توندی دەکەن. ئەوی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە، کە ئارتۆ هەمیشە لە شانۆدا و بۆ شانۆ ژیاوە: لە کاتێکدا، کە شیعری دەنووسی، شانۆ سەرچاوەکانی دەبێت، کە دەشچێت بۆ مەکسیک بۆ گەڕان بەدوای ئەو ڕۆشنبیرییە بەراییەی تا ئەوکاتە شارستانییەت نەیشێواندبوو، هەر وەک کەسێکی شانۆکار ڕەفتار دەکات. هەموو نووسینەکانیشی: شیعر، نامە، مانیفێست و گوتارە شانۆییەکانی، دەبنە چاوگە گرنگەکانی شانۆ.

شانۆ لە لای ئارتۆ ڕاکردن لە واقیع یان پەنایەک نییە، بەڵکو ئامڕازێکە دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی کاریگەریی بەسەر مرۆڤ و دونیاوە هەبێت، ئەم کاریگەرییەیش تەنها نووسەر و ئەکتەر ناگرێتەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەو بینەرانەی دێنە هۆڵی شانۆکانەوە، دەگرێتەوە. ئارتۆ وا لە

هەمـــوو پێوەنـــدییەکانی مـــرۆڤ تێگەیشـــتووە، کە دیـــالۆگ و ململانێیەکی بەردەوامن.

بابەتەکـــانی کتێبـــی (شـــانۆ و هەمـــبەرەکەی)یش جـــۆرە پێکـداچوون و تێکەڵاوکردنـی شـتە جـودا و دژبەیەکەکـانە، بـۆ نمـــوونە: شـــانۆ و ڕۆشـــنبیری، شـــانۆ و تـــاعوون، شـــانۆ و توندوتیژی، شانۆی ڕۆژهەڵات و شانۆی ڕۆژئـاوا، دەرهێنـان و میتافیزیـک... تـاد ئەم پێگەیشـتن و بەریەککەوتـنەیش چەنـدان فـۆرم و شـێواز لەخـۆ دەگرێت، هاوکـات لەم بەریەککەوتـنەدا، فۆرمی تر لەخۆ دەگرن و دەبنە جۆرە ململانێ و کێشـەی شـتە دژبەیەک و جیاوازەکـان. ئـارتۆ بەشـێکی کتێبەکەیشـی بـۆ ئەلشیمی (شانۆی ئەلشیمی) تەرخان کردووە و ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـات، کە (هەمـوو ئەلشیمسـتە ڕاسـتەقینەکان دەزانـن، کە هێمـــای ئەلشـــیمی تـــراویلکەیە، هەر وەک چـــۆن شـــانۆیش تراویلکەیە) "شانۆ و هەمبەرەکەی، ل٧٩".

ئارتۆ هەمیشە، بۆ دۆزینەوەی تـوخم و تێگەیشتنی جیاجیا گفتوگۆ و دیالۆگ لەنێوان ئەم توخمانە دەکات و لە هەمـوو بـار و ڕەوشـەکانیشـدا دروسـتبوونی ئەم جـۆرە دیالۆگـانە دیـدە شـــــانۆییەکان بەرەوپـــــێش دەبەن، لەبەر ئەوەی لەم دۆخەدا، لایەنە دژبەیەکەکـان دەبـنە تەواوکەری یەکتـری و شـانۆیش دەبێتە پڕۆسـە و چـەترێک بۆ کۆکردنـەوەی ڕەهەنـدە نـاکۆک و دژبەیەکەکان.

یەکێـک لە خـاڵە گرنگەکـانی ئەم کتێـبە ڕوخـانی شـانۆ و ســـەرلەنوێ بوونیادنـــانەوەی شـــانۆیە؛ ڕوخـــانی شـــانۆ ســـایکۆلۆژییە تەقلیـــدییەکەی ڕۆژئـــاوا و بونیادنـــانەوەی لە ڕوانگەیەکی سـەرەتایی و لە چوارچێوەی بنەماکانی ڕیتـواڵێکی

ئەفسوونییەوە. ئارتۆ هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە شانۆ هونەرێکی سەربەخۆیە و دەبێت ئەو سەربەخۆییە لە دەرهێنان و نواندن و ئامرازەکانی تری بەرجەستەکردندا ڕەنگ بداتەوە: (پێم وایە ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر ڕاستییەکی سەرەتاییە، ئەوەیە شانۆ هونەرێکی سەربەخۆ و ئازادە، بۆ ئەوەی زیندوو ببێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بژی، پێویستە لەسەری ئەو شتەی، کە جیاوازی دەکات لە دەق، لە وتنی پەتی، لە وێژە و لە هەموو هۆکارە نووسراو و جێگیرکراوەکان، دیاری بکات.) "شانۆ و هەمبەرەکەی، ل١٦١".

ئارتۆ دژی شانۆی کلاسیکی ڕۆژئاوا و شانۆی ئەورووپییە، دژی ڕەوتە نەریتگەراکانی شانۆ و لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی و ڕووداوە، دژی ڕێپۆرتوارە، دژی تەکنیکە تەقلیدییە ڕیالیزمە دەروونییەکەی گێڕانەوەیە لەسەر شانۆ، دژی شانۆی کاتبەسەربردنە، دژی دەرهێنانی تەقلیدییە و بەکارهێنانی وشەیە بە شێوە و شێوازە باوەکەی شانۆی ڕیالیزم و سروشتگەرا، هاوکات دژی شانۆی بۆرژوایە. هەر لەم ڕوانگەیەوە وشە بە یەکێک لە کارەساتە ڕاستەقینەکەی شانۆ دەزانێت و دەبێتە کێشەیەکی بەردەوام لەنێوان هونەرمەند و ئامرازەکانیدا، هەر لەبەر ئەوەیشە، کە پێویستە شێوازەکانی ئەم کێشەیە بدۆزینەوە و سەیری قۆناغەکانی بەرەوپێشەوەچوونی بکەین. ئارتۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مەسەلەکە لابردنی وشەی گوتراو نییە، بەڵکو گرنگیدانە بە وشە، بەو شێوەیەی لە خەونەکانماندایە، بە بەکارهێنانێکی تری وزەی وشەیە لە پانتاییدا و بەرجەستەکردنیەتی لە شیعری شانۆدا. ئارتۆ لەم ڕووەوە گوتوویەتی: (چ شتێک ڕێگە لە من دەگرێت، کە بڕوام بەوە نەبێت شانۆ خەونە، لە کاتێکدا بڕوام

به واقیع هەبێت وەک خەونێک؟ کە من خەون دەبینم شتێک دەکەم، هەروەها لە شانۆیش شتێک دەکەم. ڕووداوەکانی خەون، کە لە ڕوانگەی هەستێکی قووڵی خۆمەوە ڕێچکە وەردەگرێت، مانای ڕووداوەکانی ئاگاییم فێر دەکەن، کە لەوێدا چارەنووس ڕێگە پیشاندەرمە.) "شانۆ و هەمبەرەکەی، ل١٠٢".

ئاتۆ زۆر جار لە نامەکانیدا بە چڕی باسی پێوەندییەکانی زمان و ڕۆڵی وشە لەسەر شانۆی ڕۆژئاوا و شانۆی ڕۆژهەڵاتدا دەکات و دیدی خۆیشی بۆ بەکارهێنان و داهێنانێکی تر و جیاوازیی شیعرییەتی وشە لە شانۆیەکی میتافیزیکدا دەخاتە ڕوو. سەرلەنوێ ڕۆنانەوەی شانۆیش بۆ ئەو، ڕۆنانەوەی ژیانە، بەدەستهێنانی زمانێکی تایبەتمەندی شانۆیەکی ترە، کە تیایدا جەستە، دەنگ و مۆسیقا باڵادەستن، شانۆکەی ئارتۆ ئاهەنگێکی سیحرییە و نوێکردنەوەی ژیانە لە ڕێگەی شانۆوە. ژیانی ئەو شانۆکەی بووە، ئەم شانۆیەش ئایدیۆلۆژی، دین و دروشمی سیاسی نەبووە، بەڵکو ئەو شتە بووە، کە بووەتە بنەما بۆ هەموو شتێکی ژیان، جەستە، جەستەی مرۆڤ و هەلومەرجەکانی. هەر لەم ڕووەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە شانۆیەکی ڕاستەقینە دەبێت ڕیتواڵ بێت. ئارتۆ کاریگەرییەکی زۆری شانۆی بالی بەسەرەوە بووە و لەم کتێبەیشدا، لە چەندان شوێندا دەگەڕێتەوە سەری و بە وردی باسی دەکات، بۆ نموونە دەڵێت: (لە شانۆی بالیدا هەست بە حاڵەتێکی پێش زمان دەکەین، حاڵەتێک کە خۆی دەتوانێت زمانێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت: مۆسیقا، ئاماژەکان، جووڵەکان و وشەکان.) "شانۆ و هەمبەرەکەی، ل٩٩". ئارتۆ باسی ئەو نەخشە وردەی ئەم نمایشانەی بالی وەک ماتماتیک، کە هیچ شتێک بەپێی یاساکانی ماتماتیک لەخۆوە و بە

ڕاگـوزاری ناکرێـت، دەکـات. سـەمازانەکانی نمایشـەکانی بـالی دیــدە شــانۆییەکەی ئەو قــوول و پشتڕاســت دەکــاتەوە: (لە ڕاســتیدا ئەم شــانۆیە بە ماتمــاتیکیکی ورد و ســەرنجڕاکێش نەخشەڕێژی کراوە. هیچ شتێک بۆ ڕێکەوت و دەستپێشخەریی کەسـێتی بەجـێ نەهێڵـراوە، ئەوە شـتێکە لە سـەمایەکی بەرز دەچێت، کە سەماکاران پێش هەر شتێک تێیدا دەبن بە ئەکتەر.) "شانۆ و هەمبەرەکەی، ل٩٢".

ئـارتۆ بە بـۆنەی دامەزرانـدنی شـانۆی ئەلفرێد گـاری-یەوە دەڵێت: (ئێمە شانۆی ئەلفرێد گاری-مان دامەزراندووە تـا شـانۆ سەربەســتییە تەواو و ســەراپاگیرییەکەی خــۆی بەدەســت بهێنێـتەوە، ئەو سەربەسـتییەی لە مۆسـیقا، شـیعر و هـونەری وێنەکێشــاندا هەیە، ئەو سەربەســتییەی، کە تــاکو ئێســتا و بە شـێوەیەکی سـەیر و بێمانـا شـانۆی لـێ بێـبەش کـراوە.) ئەم هونەرمەنــدە تێڕوانینێکــی دینــامیکیی بــۆ شــانۆ هەبــووە؛ گەڕانەوەی چەمکی شانۆ و گەڕانەوەی ئەو هێـز و وزەیەی، کە لەدەسـتی داوە، ئەویـش تەنهـا بە ڕووخـانی شـانۆ و ڕۆنـانی شانۆیەکی تر بەدی دێت.

ئـارتۆ لەم کتێـبەدا، بە چەنـدان شـێوە ڕاڤەی ڕەهەنـدەکانی چەمکــی (تونــدوتیژی) دەکــات و لەســەر چەنــدان ئاســت دەیبەســتێتەوە بە هێــزی شــانۆکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیشـــدا خوێنـدنەوەی هەڵەی بـۆ کـراوە و هەمیشـە بەسـتراوەتەوە بە بەرجەستەکردنی سادییەت و توندوتیژییەکی ڕاستەقینە لەسـەر شـانۆ. ئـارتۆ لە یەکێـک لە نامەکانیـدا دەڵێـت: (دەکرێـت وێنـای تونـدوتیژییەکی چـڕ بکەیـن، کە بەدەر بێـت لە هەمـوو جـۆرە توندوتیژییەکی پڕ لە خوێن و لەتوپەتکردنی جەسـتە.) هەروەهـا


لە نـــامەیەکی تریـــدا دەڵێـــت: (وشـــەی تونـــدوتیژی بە مانـــای حەزێکـی بەهێـز بـۆ ژیـان، بە مانـای سـەختیی گەردوونـی و پێویســتیی حەتمــی و بە واتــای ئــازادبوونی ڕۆح لەنێــو ئەو گێـژاوەی، کە تاریکییەکـان هەڵدەلووشـێت، بەکـار دەهێـنم. بە مانای ئەو ئازارە بەکاری دەهێنم، کە ژیان دوور لە پێویستیی حەتمیی ئەو ناتوانرێت پراکتیزە بکرێت.)

ئـارتۆ لە تێڕوانینێکـی فیکـری و فەلسـەفییەوە چەمکەکـانی تونــدوتیژی دەبەســتێتەوە بەو شــانۆیەوە، کە خەونــی پێــوە دەبینـی و زیـاتر مەبەسـتی جۆرە دیقەت و سـەرنجێکی ورد و بڕوایەکی پتەوی ڕەهـایە بەو ئامڕازانەی، کە دونیا و مرۆڤ و مرۆڤـایەتی دەگۆڕێت. هەروەهـا لە ڕیـژی و میتافیزکدا دەڵێت: (سـەر شـانۆ شـوێنێکی فیزیکـی و کـۆنکرێتە، داوایشـمان لـێ دەکات پڕ بکرێتەوە و وەهای لێ بکەین، کە بە زمـانە کۆنکرێت "مەلمــوس"ەکەی خــۆی بــدوێت. ئەو زمـــانە کــۆنکرێتییەی ئاڕاســتەی هەســتەکان دەکرێـت، کە ســەربەخۆیە لە بەرامـبەر ئاخاوتنــدا و دەبێــت لە پــێش هەمــوو شــتێکەوە خواســتی هەستەکان بهێنێتە دی. چۆن شیعرێک بۆ زمانی ئاخـاوتن هەیە، شیعرێکیش بۆ هەستەکانمان. ئەو زمـانە فیزیکی و کۆنکرێتەی ئاماژەی بۆ دەکەم، نابێت بە زمانێکی شانۆیی ڕاستەقینە، تەنهـا لەو کـاتەدا نەبـێ، کە ئەو بیرۆکـانەی گوزارشـتیان لـێ دەکـات، لەنێو زمانی ئاخاوتندا جڵەوگیر نەکرێن و تێیان بپەڕێنێ.)

پیـــتەر بـــرووک لە زینـــدووکردنەوە و بەرجەســـتەکردنی شــانۆی تونـدوتیژ و سـەرلەنوێ ناسـاندنی ئـارتۆ بە شــانۆی هــاوچەرخ و مــودێرنی جیهــانی ڕۆڵێکــی گەورەی گێـڕاوە، بە تایبەتی بە خوێندنەوە هۆشیار و دیدە شانۆییە کردەییەکەی بۆ

ئەم کتێبە، دەرگایەکی بەرین بە ڕووی شانۆی توندوتیژ و ئارتۆدا دەکاتەوە. بڕووک لە سەرەتای شەستەکاندا، هەوڵی دەستەبەرکردنی شانۆیەکی میتافیزیکی دا و لە بەکارهێنانی توخمەکانی جەستە و پانتایی شانۆ و شانۆیەکی فیزیکییەوە، لە دید و خەونەکانی ئارتۆ نزیک دەبێتەوە.

**ئەنتۆنان ئارتۆ، شانۆ و هەمبەرەکەی، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧.**



یەکێک لە دەستنووسەکانی ئارتۆ

# پریشکی خوێن

دەقێکی کورتی شانۆیی

نووسینی: ئەنتۆنان ئارتۆ

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا ڕەئووف

**پیاوە گەنجەکە**

تۆم خۆش دەوێت و هەموو شتێک جوان و دڵگیرە.

**کچە گەنجەکە**

(بە دەنگێکی بەگوڕ و لەرزۆکەوە)

تۆ منت خۆش دەوێت و هەموو شتێک جوان و دڵگیرە.

**پیاوە گەنجەکە**

(بە تۆنێکی نزمتر)

تۆم خۆش دەوێت و هەموو شتێک جوان و دڵگیرە.

**کچە گەنجەکە**

(بە تۆنێکی نزمتر لە دەنگی پیاوە گەنجەکە)

تۆ منت خۆش دەوێت و هەموو شتێک جوان و دڵگیرە.

**پیاوە گەنجەکە**

(لەپڕ کچە گەنجەکە بەجێ دەهێڵێت)

تۆم خۆش دەوێت.

(بێدەنگی)

بەرامبەرم ڕاوەستە.

**کچە گەنجەکە**

(وەک ئەو دەکات)

(بەرامبەر پیاوە گەنجەکە دەوەستێت)

ئاوا.

**پیاوە گەنجەکە**

(بە هەستێکی ناسکەوە، بەڵام بە دەنگێکی نەختێک بەرزەوە)
من تۆم خۆش دەوێت، من گەورەم، من ئاشکرام، من پڕم، من چڕم.

**کچە گەنجەکە**

(بە هەمان دەنگبەرزکردنەوەکەی ئەو)
ئێمە یەکتریمان خۆش دەوێت.

**پیاوە گەنجەکە**

ئێمە چڕوپڕین، کە دونیا بە شێوەیەکی باش دامەزراوە.
(بێدەنگی)
(دەنگێک، کە لە سووڕانەوەی چەرخەیەکی گەورەوە دەچێت و ڕەشەبایەکی بەهێز دروست دەکات. باوبۆرانێکی بەهێز هەردووکیان لەیەک جیا دەکاتەوە. لەم چرکەساتەدا دوو ئەستێرە دەبینرێت، کە بەر یەکتری دەکەون، هەر وا ڕیزێک لاقی مرۆڤی زیندوو گلۆر دەبنەوە، پێکەوە لەگەڵ پێ، دەست، تۆپەڵە قژ، ماسک، کۆڵەگەگەلێک، هەیوانگەل، پەرستگە، کەمۆڵە، کە دەکەونە خواری، بەڵام بەکاوەخۆ و بەکاوەخۆتر، وەک ئەوەی هەڵدێرێنە ناو بۆشاییەوە، ئەوسا سێ دووپشک لەدوای یەکەوە، لە کۆتاییدا بۆقێک و قالۆنچەیەکی فیرعەونیش، کە ئەوەندە بەکاوەخۆ دەنیشنەوە مرۆڤ بێ ئاوات دەبێت، ئەوەندە بەکاوەخۆ، کە مرۆڤ دەخاتە ڕشانەوە.)

**پیاوە گەنجەکە**

(بە هەموو هێزی خۆیەوە هاوار دەکات)
ئاسمان شێت بووە.

(له ئاسمان دەڕوانێت)
با بە ڕاکردن لێرە دەرچین.
(لە بەردەم خۆیەوە پاڵ بە کچە گەنجەکەوە دەنێت)
(سوارچاکێکی چاخەکانی ناوەڕاست، بە جلوبەرگ و کەرەسەیەکی چەکەمەنیی جەنگیی ئێجگار قورسەوە دێتە ژوورەوە، بەدوای ئەودا دایەنێک، کە مەمکەکانی بە هەردوو دەستی هەڵگرتوون دێتە ژوورەوە، هەناسەبڕکێیەتی، چونکە مەمکەکانی زۆر ئاوساون.)

**سوارچاکەکە**

گوانەکانت لەوێدا دابنێ. ئەوراقەکانم بەرێ.
(دایەنەکە، ناڵە و هاوارێکی زێدەڕۆییانەی تیژی لێوە دێت.)
ئۆ! ئۆ! ئۆ!

**سوارچاکەکە**

گووی سەگ، ئەوە چیتە؟

**دایەنەکە**

کچەکەمان لەوێیە، لەگەڵ ئەوە.

**سوارچاکەکە**

ئۆهۆو، هیچ کچێک لێرە نییە! بێدەنگ بە.

**دایەن**

من پێت دەڵێم ئەوان یەکتر دەگێن.

**سوارچاکەکە**

جا ئەوە چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە، کە ئەوان یەکتری بگێن؟

**دایەنەکە**

گانکردن لەنێوان خوشک و برا.

**سوارچاکەکە**

قەیرە.

(دایەنەکە، دەستەکانی بە قووڵی دەخاتە نێو گیرفانەکانیەوە، کە هێندەی مەمکەکانی گەورەن)

گەواد!

(لەپڕ دایەنەکە کاغەزەکانی بۆ فڕێ دەدات)

**سوارچاکەکە**

پوو، ئێستا وازم لێ بهێنە با نانەکەم بخۆم.

(دایەنەکە ڕادەکاتە دەرەوە)

(هەڵدەستێتەوە سەرپێ، لەناو پارچە کاغەزێکدا پارچە پەنیرێکی سویسرایی دەردەهێنێت. لەپڕ دەکەوێتە کۆکەکۆک و قورگی دەگیرێت)

**سوارچاکەکە**

(بە دەمی پڕەوە)

ئاە، ئۆهۆ. مەمکەکانتم پیشان بدە. مەمکەکانتم پیشان بدە.

ئەوە بۆ کوێ چوو؟

(ڕادەکاتە دەرەوە.)

(پیاوە گەنجەکە دەگەڕێتەوە)

**پیاوە گەنجەکە**

دیم، زانیم، تێگەیشتم. ئێرە شوێنێکی گشتییە، قەشەکە، پینەدۆزەکە، بازرگانی سەوزەواتەکە، قادرمەی کڵێساکە، چرای قەحبەخانەکە، تەرازووی دادوەری، لەوە زیاتر ناتوانم!

(قەشەیەک، پینەدۆزێک، چاودێری کڵێسایەک، ژنە گەوادێک، دادوەرێک، ئافرەتێکی سەوزەفرۆش، وەک سێبەر دێنە سەر شانۆ.)

**پیاوە گەنجەکە**

من ئەوم لێ ون بووە، ئەو کچە گەنجەم بدەنەوە.

**هەموویان**

(بە تۆنی دەنگی جیاوازەوە)

کێ، کێ، کێ، کێ.

**پیاوە گەنجەکە**

ژنەکەم.

**مجەوری کڵێساکە**

(پیاوێکی ورگ زلە)

ژنەکەت، ها تۆ وا دەڵێیت، قەشمەرەکەت!

**پیاوە گەنجەکە**

قەشمەر! لەوانەیە ئەوەی تۆ!

**مجەوری کڵێساکە**

(دەکێشێت بە ناوچەوان خۆیدا)

لەوانەیە ڕاست بێت.

(ڕادەکاتە دەرەوە)

(قەشەکە، خۆی لە گرووپەکە جیا دەکاتەوە و قۆڵی دەخاتە سەر ملی پیاوە گەنجەکە.)

**قەشەکە**

(وەک لەسەر کورسیی پاکانەکردن دانیشتبێت.)

زۆر جار، کە باسی دەکەیت، مەبەستت لە چ بەشێکی جەستەیەتی؟

**پیاوە گەنجەکە**

خوداحافیز.

(قەشەکە، کە بە وەڵامەکەی چیتر خۆی پێ ناگیرێت، یەکسەر بە دیالێکتی سویسرایی دەست بە قسەکردن دەکات.)

**قەشەکە**

(بە دیالێکتی سویسرایی)

بەڵام چیی تر ئەمە وا ناکرێت. ئێمە بەو گوێیە گوێ ناگرین. دەبێت داوا لە بورکانەکان بکات، داوا لە بوومەلەرزەکان بکات. ئێمە بۆمان هەیە لەسەر کورسیی پاکانەکردنەوە، لە کردارە بچووکە پڕ لە شەرمەزارییە مرۆییەکان خۆش بین. ئەوەیش هەموو شتێکە، ژیان ئاوایە.

**پیاوە گەنجەکە**

(بە شێوەیەکی بەهێز هەڵچووە)

ئا، ئاوایە، ژیان ئاوایە. ئا، هەمووی بە فیڕۆ دەچێت.

**قەشەکە**

(بە هەمان دیالێکتی سویسرایی)

بەڵێ ئاوا.

(لەم چاوتروکـانەدا، شـەو تـاریکیی خـۆی بە شـێوەیەکی کتـوپڕی بەسـەر تەختـەی شـانۆکەدا بـڵاو دەکـاتەوە. زەوی دەلەرێت. هەورەبرووسکە بە شێوەیەکی زیکزاک لە هەمـوو لایەکەوە دەبینرێت، لەنێو ئەمەیشـدا هەمـوو کارەکتەرەکـان دەبینرێن، کە ئێستا دەکەونە ڕاکردن، بەنـاو یەکتریدا دێن و دەچـن، دەکەون، سـەرلەنوێ هەڵدەسـتنەوە و وەک شـێت ڕادەکەن. لە چرکەسـاتێکدا دەسـتێکی ئێجگـار گەورە، قـژی ژنە گەوادەکە دەگرێـت، کە گـڕی تێـبەر دەبێـت و بە بەرچاوی بینەرانەوە گڕ دەگرێت.)

**دەنگێکی زەبەلاح**

دەڵەسەگ، سەیری جەستەی خۆت بکە!

(جەسـتەی ژنە گەوادەکە بە شـێوەیەکی تەواو ڕووت و ترسـناک لەبـن ژێرکـراس و تەنـوورەکەیەوە وەک کرمێکـی لێ دێت.)

**ژنە گەوادەکە**

خوایە، وازم لێ بێنە.

(ژنە گەوادەکە گاز لە مەچەکی خودا دەگرێت. فیچقەیەکی زۆر گەورەی خوێن سەر شانۆکە دەگرێتەوە و بە خێراییەکی ترووسکەئاسای زیاتر لە هەموو ئەوانەی تر، قەشەکە دەبینرێت، کە ئاماژەی خاچئاسا دەکات. کە ڕووناکی دەگەڕێتەوە، هەموو کارەکتەرەکان مردوون و لاشەکانیان لەسەر زەوییەکە بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بووەتەوە. تەنها پیاوە گەنجەکە و ژنە گەوادەکە ماون، کە بە چاو، بە شێوەیەکی عاشقانە لە یەکتر ڕادەمێنن.)

(ژنە گەوادەکە، دەکەوێتە باوەشی پیاوە گەنجەکەوە.)

**ژنە گەوادەکە**

*(بە ئاخهەڵکێشانێکەوە، وەک ئاستێکی بەرزی ڕەوشێکی عاشقانە)*

بۆم بگێڕەرەوە ئەمە چۆن ڕووی دا.

(پیاوە گەنجەکە سەری خۆی لەنێو دەستەکانیدا دەشارێتەوە. دایەنەکە کچە گەنجەکەی لە شێوەی پاکەتێکدا لەژێر باڵی خۆیدا هەڵگرتووە، دەگەڕێتەوە. کچە گەنجەکە مردووە. دایەنەکە دەستی لێ بەردەدات و دەکەوێتە سەر زەوییەکە و دەشکێت و وەک شفتەیەک پان دەبێتەوە.)

دایەنەکە چیی تر مەمکی نییە، سنگی تەواو ساف و ڕێکە.

لەم ساتەوەختەدا، سوارچاکەکە دێتە ژوورەوە، پەلاماری دایەنەکە دەدات و بە توندی ڕای دەوەشێنێت.)

**سوارچاکەکە**

(بە دەنگێکی ترسناکەوە)

لە کوێت داناون؟ پەنیرە سویسرایییەکەم بدەرەوە!

**دایەنەکە**

(بە تۆنێکی زۆر نێرانە)

ئەوەتا.

(کراسەکانی بۆ هەڵدەماڵێت.)

(پیاوە گەنجەکە دەیەوێت لەو شوێنە ڕابکات، بەڵام لە شوێنی خۆی، وەک بووکەڵەیەکی ڕەق بوو، وشک بووە.)

**پیاوە گەنجەکە**

(وەک ئەوەی بە هەواوە هەڵواسرابێت و بە دەنگی ئەکتەرانی شانۆی بووکەڵەوە، کە دیار نین و خۆیان لە پشتی بووکەڵەکانەوە دەشارنەوە، قسە دەکات)

ئازاری دایکم مەدە.

**سوارچاکەکە**

(بۆ دایکەکە)

نەفرەتلێکراو.

(نایەوێت ڕاستییەکان ببینێت، چاوی خۆی دادەخات.)

(ژمارەیەکی زۆر دووپشک لەژێر تەنوورەکەی دایەنەکەوە دێنە دەرەوە و لە زێیدا مێرووولە دەکەن، کە دەئاوسێن و لەت دەبن و دەبنە شووشە و بە چەشنی خۆر، تیشک دەدەنەوە.)

(پیاوە گەنجەکە و ژنە گەوادەکە، وەک ئەوەی کەللەسەریان کرابێتەوە، ڕادەکەنە دەرەوە.)

**پیاوە گەنجەکە**

(هەڵدەستێتە سەرپێ و لەبەر ڕووناکییەکە هیچ نابینێت.)

پاکیزە! ئاە، ئەو بەدوای ئەوەدا دەگەڕا.

**پەردە**

## تێبینی:

پیتەر برووک بۆ ئەنجامی ئەو وۆرکشۆپەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابرووددا، لە شانۆی شاهانەی شەکسپیر بۆ ناساندنی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژ کردی، ئەم دەقەی ئارتۆ لە کۆتایی وۆرکشۆپەکەدا، وەک بەرئەنجامێکی کارەکانییان نمایش دەکەن.

ئەنتۆنان ئارتۆ ئەم دەقەی Le jet de sang (پریشکی خوێن)ی لە ساڵی ١٩٢٥دا، لەگەڵ دووەم کۆمەڵە شیعرەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە.

بە سوپاسەوە، هاوڕێی دێرینم، حەمەشوان جافەر، ئەم وەرگێڕانەی لەگەڵ دەقە فەڕەنسییەکەدا بەراورد کردووە.

ئەم دەقەی ئارتۆ لەم کتێبەوە وەرگیراوە:

Artaud av Artaud, texter i urval, inledning och redigering av Percival, tolkningar av Roger Fjellstrom, Leif Janzon, Percival och Lasse Soderberg. Almqvist & Wiksell Forlag AB, 1981

## چەند پارچە شیعرێکی ئەنتۆنان ئارتۆ

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا ڕەئووف

## شاعیری ڕەش

شاعیری ڕەش، مەمکێکی پاکیزەیی
دووچاری بەڵات دەکا،
شاعیری تفتوتاڵ، ژیان دەکوڵێت و
شار دەسووتێت،
ئاسمانیش بە باران هەڵدەمژێت،
قەڵەمەکەت دڵی ژیان دەکڕێنێت.

دارستان، دارستان، چاو ڕێشکەوپێشکە دەکا
بەسەر تۆوی گزگلی سنەوبەری فرەلقدا
قژ لە باوبۆران، شاعیرەکان
سواری ئەسپ و سەگ بوون.

چاوەکان وێران دەبن، زمانەکان دەشکێن
ئاسمان بەخوڕ دەڕژێتە کونەکەپووەوە
وەک شیرێکی ژیانبەخش و شین؛
من بە لێوی ئێوەوە
ئەی ژن، دڵێک لە سرکەی ڕەق، هەڵدەواسم.

**من کێم؟**

من کێم؟
من لە کوێوە هاتووم؟
من ئەنتۆنان ئارتۆم
من ئەوە دەڵێم
کە دەزانم ئەوە بڵێم:
هەر ئێستا
ئێوە ئەم جەستەیەی ئێستام دەبینن
هەپروون بە هەپروون دەفڕێت
لە ژێر دە هەزار ڕوانگەی
زۆر ئاشنادا
خۆی ڕۆدەنێتەوە
جەستەیەکی نوێ
کە ئێوە هەرگیز
جارێکی تر
منتان لە بیر ناچێتەوە

## باخچەی ڕەش

بەڵام ئەوان لەنێو زەوی مردوانەوە وەدیارکەوتن
ئەم گوڵانە وەک خەونێکی درێژی بەهەدەرچوو وەرین
بە خۆڵەمێش و ئەو دووکەڵە ناڕاستەقینەوە
لە باخچەیەکی گوڵەسەوسەنی شەوەکیدا، یەک لەدوای یەک
وەک سەعاتەکانی تاریکی، ڕووت بوونەوە
لە قەڵبەزە ترسناک و هەرە بە هورووژمەکانی وەرزی ساڵدا
ڕووەو ئاوی ڕەش. ساتەوەختی دوایین بریقەی ئەڵماس
پرشنگی دا
درەوشایەوە
ڕۆشناییەکی سەرسووڕهێن
لە خۆرێکی وەرگەڕاوەوە گوڵەسەوسەنەکان تاریکیی
ئاسمانیان
لەو باخچە جوانەدا ڕەواندەوە
ئەوەی کە هەڵکشان و داکشانی شەپۆلەکانی زەریا تێکوپێک
دەشکێ.
مەعدەنی ڕەقی کۆڵەکە پیرۆزەکانیشتان و
لاسکی گوڵەکان، لەرینەوە. — لە شەو بنۆڕە و
کلیلی دەروازە گەردوونییەکانی خۆی، کە لە قۆچن
بە فەیزی ئەو ڕۆحە خواوەندییە درەوشاوە ڕزگاربوانە
دەبەخشێت.

**بۆ خاتوو مانوێل کانۆ دێ کاسترۆ**

ئاگر لە ئاودا،
هەوا لە زەویدا
ئاو لە هەوادا و
زەوی لە دەریادا.

ئەوان هێشتا بە تەواوی شێت نین، ئەوان هێشتا بە ڕووی یەکدا تووڕ نەدراون، لەگەڵ ئەوەیشدا هەرچەندێکیش زیاتر کەللەیی بن، هەرچەندێکیش زیاتر کەللەیی بکرێن، ئەوان لەیەک نزیکتر و زیاتر ئاشنای یەکترن.

لەوێدا، دایک بێت و کوڕەکانی خۆی دەخوات،
لەوێدا، دەسەڵات دەسەڵات دەخوات
بەبێ شەڕ هیچ سەقامگیرییەک نییە

دێوانەییەکی
کوشندە
باڵ بەسەر دونیادا دەکێشێت
لەبەر ئەوەی مرۆڤ
لەم شەوەدا
سەرلەنوێ لە ڕەهاییدا
نیشتەجێ دەکرێتەوە

٨-٨-٣٧=٨

ئێستایش دەبێ شتێک بڵێم
کە ڕەنگە بە لای زۆر کەسەوە سەیر بێت
من دوژمنی شانۆم
هەمیشەیش هەر دوژمنی دەبم...
چەندێک شانۆم خۆش دەوێن
هێندەیش بە هەمان پاساو، دوژمنیم.

ئەم شیعرانە لەم سەرچاوەیەوە کراون بە کوردی:

Artaud av Artaud, texter i urval. Inledning och redigering av Percival, Almqvist & Wiksell Förlag AB, 1981

## من ئەو شاعیرەی ناوەوەتم خۆش دەوێت

هەندێک لە گفتوگۆکانی نێوان ئەنتۆنان ئارتۆ و ئەنابیس نین

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا ڕەئووف



ئەناییس نین پێوەندییەکی نزیکی بە ئارتۆوە هەبووە

*(ئەنـــاییس نـــین) ۱۹۰۳-۱۹۷۷ خـــانمێکی کۆســـمۆپۆلیتیک، نووســـەر و ڕۆژنـــامەنووس بـــووە، لە ســـییەکانی ســـەدەی ڕابـردوودا لە پـاریس ژیـاوە و پەیوەنـدییەکی چـڕ و کـراوە و زۆری بە نووســـەرانی ســـەردەمەکەی خـــۆیەوە هەبـــووە، بـــۆ نمـوونە لەوانە هێنـری مـیللەر و ئەنتۆنـان ئـارتۆ. ئەم خـانمە بە یاداشـــــت و یادەوەرییەکـــانی، کە لە حەوت بەرگـــــدا بـــــڵاو کـراونەتەوە و وەرگێـڕاونەتە سـەر زۆربەی زمانەکـانی دونیـا، ناوبـانگی لـە هـەموو جیهانـدا دەرکـردووە. لەم یاداشـتانەیدا بە وردی پەردەی لەســـەر هەمـــوو پەیوەنـــدییەکانی خـــۆی لەگەڵ نووســـەر و هونەرمەندەکانـدا هەڵـداوەتەوە و چـی لەنێوانیانـدا ڕووی داوە، تۆمـاری کـردوون. لێـرەدا هەنـدێک لەو پەیـڤ و گفتوگۆیـانەی نێـوان ئەنـاییس نـین و ئـارتۆ دەخەمە ڕوو، کە ئەنـاییس نـین، لە یاداشـتەکانیدا دەیـانگێڕێتەوە. ئەنـاییس نـین و ئارتۆ هاوڕێ بوون و ئـارتۆ هەسـتێکی بەهێزی خۆشەویسـتیی بۆ ئەناییس نین هەبووە.*

**ئارتۆ:**

مـرۆڤ بۆ مـن وەک تارمـایی دەردەکـەون و مـن گومـانم لە ژیان هەیە و لێی دەترسم، هیچ شتێک بۆ من لە واقیع ناچێت؛ مـــن هەوڵ دەدەم بچـــمە نـــاویەوە، بەشـــێک بـــم لەو. مـــن لەو بـــڕوایەدا بـــووم، کە تـــۆ زۆر لە مـــن لەگەڵ دونیـــا و واقیعـــدا گونجاویـت، ئەو شـێوازەت کە لەگەڵ دونیـادا دەیگـوزەرێنی و

دەگونجێیت، درەوشاندنەوەکەت. من لە هەموو ژیانمدا هیچ ئافرەتێکم نەدیوە، کە ئاوا ڕۆحانی دەرکەوێ، لەگەڵ ئەوەیشدا تۆ مرۆڤێکی گەرمی. هەموو شتێک لە تۆدا، من دەترسێنێت، چاوە گەورەکانت، چاوە زێدە گەورەکانت، چاوە تیژ و سەرنجڕاکێشەکانت، کە هەر دەڵێی پەشمەکن، چاوە ڕوونەکانت؛ لەوە ناچێت هیچ نهێنی و ڕازونیازێکیان تیادا بێت، مرۆڤ لەو بڕوایە دایە، کە هەموو شتێکی لێوە دەبینێت، تۆی لە چاوتروکانێکدا تیا دەبینریت، لەگەڵ ئەوەیشدا، لەژێر ئەو ڕوونییەی چاوەکانتدا، ڕازونیازێکی بێسنوور هەیە، لە پشت چاوە ڕووتە ئەفسانەییەکانتەوە.

**ئەناییس نین دەڵێت ئارتۆ بە زمانێکی نەرمی میهرەبانییەوە پێی گوتم: "لە خەڵک وایە من شێتم، تۆ لەو بڕوایەدایت، کە من شێت بم؟ ئەمە ئەو شتەیە تۆ دەترسێنێت؟"**

ئەناییس نین دەڵێت: من لەو ساتەوەختەدا دەمزانی ئارتۆ شێتە، من ئەوەم لە چاوەکانیدا دەبینی، دەشمزانی کە من ئەو شێتێتییەی ئەوم خۆش دەویست، من ئەوەم لە دەمیدا دەبینی، کە لێوەکانی بە ماددەی هۆشبەر ڕەش هەڵگەڕابوون، دەم و لێوێک من نەمدەویست ماچیان بکەم. ئارتۆ ماچت بکات، وەک ئەوە وایە لەگەڵ ئەو بەرەو مردن ڕاتبکێشن، بەرەو نەخۆشی شێتی؛ دەشمزانی، کە ئەو لە ڕێگەی خۆشەویستیی ئافرەتێکەوە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ژیان، سەرلەنوێ هەڵسێتەوە، لەدایک ببێتەوە، گەرم بێتەوە، سەبارەت بەو گومڕابوونەی ئەو لە بەرامبەر ژیاندا، سەخت بوو بچێتە ژێر باری خۆشەویستییەکی ئاسایی مرۆڤانەوە. من بە ئارتۆم گوت، ئەو شاعیرەی ناوەوەتم خۆش دەوێت.

ئەناییس نین لە شوێنێکی تردا دەڵێت: نزیکبوونەوە لە ئارتۆ تووشی ئەو ژەهرەت دەکات، کە خەریکە ئەو دەشێوێنێت و تێکی دەدات، بە دەستەکانی خەونەکانمی گرتووە، لەبەر ئەوەی وەک خەونەکانی ئەو وا بوون. من لە ناوەوەمدا جێگە بۆ ئەو شیعرە دەکەمەوە، کە لە خەونەکانمدا دێن و دەچن، لەبەر ئەو ژان و ئاگرەی لەودایە، بەڵام بۆ مرۆڤ نا. من ناتوانم لە ڕووی جەستەییەوە خۆم بەوەوە ببەستمەوە.

**ئارتۆ**

/.../ من بۆم دەرکەوتووە، کە تەنییاییە هەتاهەتاییەکەم پڕ بووە، بە هەموو شێوەیەک. بە شێوەیەک پڕ بووە، کە دەمترسێنێت؛ چارەنووس ئەوەی بۆ ڕەخساندووم، زۆر زیاتر لەوەی خەونم پێوە دەبینی./.../

**ئارتۆ**

/.../ شتێکی تر ئێمە پێکەوە دەبەستێتەوە: بێدەنگییەکانت. بێدەنگییەکانت لەوانەی من دەچن. تۆ تەنها کەسێکیت، کە لە بێدەنگییەکەمدا لە بەرامبەریدا هەست بە شەرم ناکەم. تۆ بێدەنگییەکی گشتگر و تەواوت هەیە: مرۆڤ هەست دەکات، کە بێدەنگییەکەت هەڵگری بەهایەکی گرنگە، پڕ لە ژیانە، وەک سەرقاپێک لەسەر شوێنێکی قووڵ لابەریت، کە مرۆڤ دەتوانێت لە قووڵایی زەوییەوە گوێی لە چرپەکان بێت. هیچ شیعرێکی درۆ لەم قسانەی مندا نییە، کە ئێستا من بە تۆی دەڵێم، خۆت ئەمە باش دەزانیت. من دەمەوێت بەم شێوە بەهێزە گوزارشت لە خۆم بکەم، ئەو کاریگەرییە ڕاستەقینانەی لە تۆوە وەرمگرتوون. کە لە وێستگەکە پێکەوە وەستابووین،

پـێم گـوتی: "ئـێمە وەک دوو ڕۆحـی لەدەسـتچوو وایـن لە فەزایەکـی ئێجگـار بێسـنووردا"، مـن هەسـتم بەم بێـدەنگییەت کردبوو، ئەم بێدەنگییە پڕە لە جووڵە، کە قسـەی بۆ مـن دەکرد وای لە من کرد، بمەوێت لە خۆشیدا بگریم./.../

**ئارتۆ**

من نامەوێت تۆ لەدەست بدەم.

**ئەناییس نین**

تۆ من لە دەست نادەیت.

**ئارتۆ**

نارکۆتیکا خەریکە دەمکوژێت. مـن هەرگیـز نـاتوانم وا لە تـۆ بکەم منت خۆش بووێت... تـۆ لای خـۆم بهـێڵمەوە. تـۆ مرۆڤیت. تۆ خۆشەویستییەکی تەواوت دەوێت.

**ئەناییس نین**

جووڵەکان هیچ ناگەیەنن. مـن ئەو جـۆرە پەیوەنـدییەم لەگەڵ تۆدا ناوێت، بەڵکو جۆرێکی تر، لەسـەر ئاستێکی تر.

**ئارتۆ**

ڕاناکەیـت لـێم؟ دوورنـاکەویتەوە و ون نابیـت؟ تـۆ بـۆ مـن هەمـوو شـتێکی، تـۆ دانسـقە و جیـاوازی. هەرگیـز لەوەوبەر ئافرەتێکی وەک تۆم نەدیوە. بـاوەڕ نـاکەم. مـن ترسـی گـەورەم ئەوەیە، ئەمە هەمووی خەون بێ. تۆ ون بیت.

**ئەناییس نین**

ئارتۆ دەسـتەکانی گـرژ کردبوون، دەسـتی منـی گـرت، وەک کەسێک کە خـەریکە دەخنکێت.

**مانگی هەشتی ساڵی ١٩٣٣**

**دیمەنێک لەگەڵ ئارتۆدا**

ئەو پێی گوتم، بەرلەوەی تۆ هیچ شتێک بڵێیت، پێویستە من ئەوە بە تۆ بڵێم، کە من لە نامەکانتەوە تێگەیشتووم، تۆ چیتر منت خۆش ناوێت، یان ڕاستتر، کە تۆ هەرگیز منت خۆش نەویستووە. خۆشەویستییەکی تر تۆی داگیر کردووە. بەڵێ، من دەزانم. هەست دەکەم و لەوانەیە ئەو خۆشەویستەیش باوکت بێت. هەموو گومان و دوودڵییەکانی من سەبارەت بە تۆ ڕاست دەرچوون. هەست و سۆزی تۆ لەقە و جێگیر نین و هەمیشە دەگۆڕدرێن. ئەم خۆشەویستییەیش بۆ باوکت هەتانە، شتێکی قێزەوەنە، من دەبێت ئەمەتان پێ بڵێم. تۆ ئەو وەهمە دەدەیت بە هەموومان، کە هەموو خۆشەویستیی خۆتت پێ داوین، من لەو بڕوایەشدام کە من تەنیا کەسێک نیم تۆ ناپاکیت لێ کردبێ، من هەست دەکەم تۆ چەندان پیاوی ترت خۆش دەوێت. من هەست دەکەم ئەلێنیدی-ت برینداری کردووە، لەوانەیشە کەسانی تریش.

ئەناییس نین دەڵێت، کە ئارتۆ ئەم قسانەی پێ گوتم، من بە بێدەنگی دانیشتم. بەرگریم لە خۆم نەکرد و پێم نەگوت ئەوەی تۆی دەیڵێیت هەڵەیە و وا نییە، بەڵام ئارتۆ هەڵە بوو کە شتەکانی بەو شێوەیە لێک دەدایەوە. ئەو هەموو شتێکی بە پیس دەبینی.

## هۆڵی سیمینار لە سۆربۆن

ئالێنــدی و ئــارتۆ لە پشــت مێــزە گەورەکەی مامۆســتاوە دانیشتبوون. ئالێندی "ئارتۆ"ی بە خەڵکەکە ناساند. هۆڵەکە پڕ بــوو لە خەڵــک. تەختەڕەشــەکە باکگراونــدێکی زۆر ســەیری دروست کردبوو. خەڵکی لە هەموو تەمەنێک ئامادە بوون، ئەو خەڵکەی گوێیـان لە سـیمینارەکەی ئالێنـدی، سـەبارەت بە دیـدە نوێیەکان گرتبوو.

ڕووناکییەکە هێندە بەشـەوق بوو، بۆیـە وای لـە ئارتۆ کرد، پێڵووەکــانی بخاتــە ســەریەک، تــا وەک دوو خــاڵی ڕەش دەرکــەون، بە تــایبەتییش چاوەکــانی ئەو زۆر قــووڵ بــوون. ئەمـەیش وای کردبـوو چاوەکانی بـە گرانـی بجووڵێنێتـەوە. ئەو بـەئازار دیـار بـوو. قـژی، کە تـا ئاسـتێکی زۆر درێـژ بـوو، جاربەجــار دەکەوتە ســەر نــاوچەوانی. جووڵانــەوەکانی، ئەکتەرئاسا، خێرا و ئاسایی بوو. سیمای دەموچاوی لاواز بوو، وەک ئەوەی بە نەخۆشـیی لـەرزوتا وێران بووبێت. چاوەکـانی لەوە دەچـوون مـرۆڤ نەبیـنن. لە چـاوی ئەوانە دەچـوون، کە خەونـی ئاینـدە دەبیـنن و دیـدێکیان بـۆ داهـاتوو هەیە. قۆڵـەکانی درێژ بوون، بە پەنـجەی درێژەوە. بە تەنیشـت ئەوەوە، ئالێنـدی ئارام و واقیعی دیار بـوو. قورس و جیددی بـوو. ئەو لە پشـت مێـزی مامۆسـتاکەوە دانیشـتبوو، بەهێـز و لە بیرکردنەوەیەکـی قووڵدا بوو.

ئارتۆ لەم هۆڵە گەورەیەدا چووە سەر شـوێنی قسـەکردنەکە و دەسـتی کـرد بە باسـەکەی سـەبارەت بە "شـانۆ و تـاعوون". ئەو داوای لە مــن کــرد، کە لە ڕیــزی پێشــەوە دابنیشــم. لەوە دەچوو ئەوەی ئەو دەیویست چڕبوونەوە بێت، فۆرمێکی بـاڵاتر لە هەست و ژیانی دەویست. ئەو هەوڵی دەدا ئێمە ئەوەمان بیر

بکەوێـــتەوە، کە لە کـــاتی تاعوونـــدا زۆربەی کـــارە بەرز و جوانەکـان لە بـواری هـونەر و شـانۆدا خوڵقـاون، لەبەر ئەوەی، کە مرۆڤ لەژێر هەڕەشـەی مەرگدا بەدوای نەمریدا دەگەڕێت، یان هەوڵ دەدات ڕا بکات، یان لە خودی خۆی بگـات؟ دواتـر بە شـێوەیەکی نادیـار و نەبینـراو سـەرەداوی باسـەکەی، کە ئێمە گوێمـــان بـــۆ ڕاگرتبـــوو بەردا و کەوتە گەمەی ئەوەوە، کە ئەو خـۆی بە تـاعوون مـردووە. هـیچ کەسـێک بە تەواوی نەیزانـی کەی دەسـتی پـێ کـرد. بـۆ ئەوەی سیمینارەکەیشـی بەرجەسـتە بکات، ئەو خۆی ڕۆڵی ترسی مەرگی بینی. وشـەی La Peste بە فەڕەنسـی زۆر ترسـناکترە لە The Plague بە ئینگلیـزی. بەڵام هیچ وشەیەک نەیدەتوانی پێناسـەی ئەوە بکـات، یـان ئەوە بگێڕێتەوە، کە ئـارتۆ لە هـۆڵی سـیمینارەکەی سـۆربۆن دەیکـرد. ئەو تەواو ســـیمینارەکەی خـــۆی، شـــانۆ، بیروبۆچوونەکـــانی، دکتـۆر ئالێنـدی، کە لەوێـدا بەتەنیشـتیەوە دانیشـتبوو، بیـنەران، قوتـــابییە گەنجەکـــان، ژنەکەی ئالێنـــدی، مامۆســـتاکان و دەرهێنەرەکانی لە بیر چووەوە.

سـیمای دەموچـاوی لە ترسـاندا تەواو تێـک چـوو، مـرۆڤ دەیبینی چۆن ئارەقە هەمـوو قژی تەڕ کردبوو. چاوەکـانی زەق بووبوونەوە، دەمارەکـانی گـرژ بووبـوون، پەنجەکانی لە هەوڵـی ئەوە دابـوون لە جـووڵە نەکەون. ئـێمە هەسـتمان بە گەرووە وشـک و سـووتاوەکەی دەکـرد، ئازارەکـانی، تـا ئەو ئـاگرەی لە ڕیخۆڵەکانیـدا بـوو. ئەو لە شــەڕی دەسـتەویەخەدا بـوو لەگەڵ مەرگ. دەیقیـژان. دەیبۆڵانـد. ئەو بەرجەسـتەی مەرگـی خـۆی دەکرد، لە خاچدانی خۆی.

سەرەتا خەڵکەکە واقیـان وڕ مـابوو و دەمیـان داچەقانـدبوو. دوای ئەوە کەوتنە پێکەنین. هەموویان پێدەکەنین! کردیانە هەرا

و دەنگەدەنگ. دوای ئەوە یەک لەدوای یەک چوونە دەرەوە، بە غەڵبەغەڵب و بە دەنگی بەرز نارەزایی دەربڕین. ئەوان دەرگاکەیان بە توندی لەدوای خۆیانەوە دەدا بەیەکدا. تەنیا کەسێک، کە هیچ جووڵەی نەکرد ئالێندی، ژنەکەی و لالیۆ و مارگەریتە بوون. نارەزایی زۆرتر لەناو بینەران دروست بوو. بوو بە گاڵتەجاڕی، بەڵام ئارتۆ بەردەوام بوو، تا کەوتە هەنسکەبڕێ و لەسەر ئەرزەکە لێی کەوت. کە هۆڵەکەیش، جگە لەو گرووپە بچووکەی هاوڕێکانی خۆی، چۆڵ بوو، ڕێک هاتە بەردەمی من و دەستی ماچ کردم. داوای لێ کردم لەگەڵی بڕۆم بۆ قاوەخانەیەک. ئەوانی تر هەموو سەرقاڵ بوون. ئێمە لە بەردەرگای سۆربۆن-دا لە هەموویان جیا بووینەوە، من و ئارتۆ چووینە دەرەوە. تەمێکی تەنک بوو. ئێمە بە پیاسە ڕۆیشتین، بە پیاسە بە نێو شەقامە تاریکەکاندا ڕۆیشتین. ئەو هەستی دەکرد بریندار بووە، سەری لەو گاڵتەپێکردنە دەرنەدەچوو. تووڕەییەکەی خۆی هەڵدەڕشت. "ئەوانە هەمیشە دەیانەوێت گوێیان لە شتێک بێت؛ دەیانەوێت گوێیان لە سیمینارێکی بێلایەنە بێت سەبارەت بە شانۆ و تاعوون، بەڵام من دەمەوێت خودی هەستپێکرنەکەیان پێ بدەم، خودی تاعوونەکە، تا تووشی ترس ببن و خەبەریان بێتەوە. من دەمەوێت لە خەو خەبەرییان بکەمەوە. ئەوان نازانن، کە مردوون. مەرگی ئەوان تەواو گشتگرە، وەک کەڕ بوون، کوێر بوون. من ترسی مەرگم بەرجەستە کرد. مەرگی خۆم، بەڵێ، هەموو ئەوانەیشی لە ژیاندان."

تەمەکە سیمای دەموچاوی کردبووە سیحر، قژی لەسەر ناوچەوانی لادەدا. گرژ و گرفتار دەبینرا، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی ئارام قسەی دەکرد. ئێمە لە قاوەخانەی La

Coupole دانیشــتین. ســیمینارەکەی لە بیــر چــووەوە. "مــن پــانزە ســاڵە هــۆگری نارکۆتیکــام. مــن، کە بــۆ یەکەم جــار نارکۆتیکــام بەکارهێنـــا زۆر گەنـــج بـــووم، بـــۆ ئەوەی ئەو ژانەســـەرە گەورەیەی هەمبوو، لە بیر بچێتەوە و چـاک بێت. هەنـدێک جـار هەســت دەکەم، کە مــن نانووســم، بەڵکــو پێناســەی خەباتێــک دەکەم، خەباتی لەدایک بوون، لە ڕێگەی نووسینەوە."

ئەو شیعری خوێنـدەوە. ئێمە باسـی فۆرممـان کـرد. شـانۆ و کارەکانی.

"ئێوە چاوەکانتان سەوزە، هەندێک جاریش وەنەوشەیی."

ئەو ئـــارام بووبـــووەوە. ئـــێمە زیـــاتر بەژێـــر بـــارانەکەدا پیاسەمان کرد. بۆ ئەو تـاعوون خراپتـر نەبوو لەو مـردنەی، کە بـە هـۆی بێدەربەسـتبوون یـا لـە ئەندازەبـەدەر بەتەنگـەوەهاتنی قازانج، یاخود ئەو گەندەڵییـەی لـە دەورووبەرمانـدا بـوو، ڕووی دەدا. ئەو دەیویست مرۆڤ وا لـێ بکـات هۆشـیار بـن لەوەی کە خەریـکە دەمـرن. ناچاریـان بکـات بچـنە نێـو ڕەوشـێکی زیـاتر شیعرییەوە.

"دوژمنکـاری تەنهـا ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات، کە تـۆ ئەوانـت تـــووڕە کـــردووە"، مـــن گـــوتم. بەڵام چ هێـــدمەیەک بـــوو، کە شـــــاعیرێکی هەســتناســـــک ببینـــــی، ڕووبەڕووی بینەرێکـــــی دوژمنکارانە و بێبەزەیی بێتەوە، چ بینەرێکی بوودەڵە بوون!

**ئارتۆ نامەم بۆ دەنووسێت:**

مــن زۆر بیــرم لە هەمــوو ئەو شــتانە کــردەوە، کە ئێــوە سەبارەت بە سیمینارەکەی من باستان کرد. من دوای ئەوەی هەســتم بــە نوشووســتی و دۆڕان کــرد، ڕۆیشــتم، بەڵام ئێســتا هەست بە هەمــان شــت نـاکەم. لەو کـاتەوە، مـن گـوێم لە زۆر کـــاردانەوە بـــووە و لەو بـــڕوایەدام کـــاریگەرییەکی تەواو و بەهێــزی هەبــووە. هەرچەنــدە منــیش دەمزانــی، چ مەبەســتێکم هەبــووە و دەمویســت بە تێگەیشــتنێکی چەنــدە ســەرنجڕاکێش بگەم، کە پلانەکەم بۆ دانا بوو. بەڵام، کە هەمـوو شـتەکان بەو شـێوەیە دەرکەوتـن، جۆرێـک لـە نائـارامی و هەسـت و سـۆزی وروژانـد، کـە جێگـەی ڕەزامەنـدی خەڵکەکـە و قایلکـەر نـەبوو بـەو شـێوەیەی، کە مـن مەبەسـتم بـوو. ئێـوە تێگەیشـتن، بەڵام نەک لە ڕوانـگەی قســەکانی مـنەوە، قســەکانی مـن نەبـوون بە بنەما بۆ تێگەیشتنی ئێوە.

شتێک لەو دەستنووسەی House of Incest، کە بـە منتـان دا، زۆر پێیەوە سەرسامم، ئەوەیە، کە لـەوە دەچـێ ئێوە ئاگاداری هەموو ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و تا ڕادەیـەک نهێنییـە بن، کـە مـن، ســـەبارەت بـــە شـــڵەژان و تێکچـــوونی بـــاری دەروونیمـــەوە، بەسەرمدا هاتوون، بێ ئەوەی خوازیاریان بووبم.

داوای لێبوردن دەکەم، کە هێندە کاتی خایـان تـا نامەتـان بۆ بنووسم، بەڵام من کارم بۆ دەزگایەکی بڵاوکردنـەوە دەکرد، تـا کتێبێکیــان ســەبارەت بە هالیۆگــابەلاس[1] بــۆ ئامــادە بــکەم، کە بڕیــارم داوە بینووســم. هەمــوو ڕۆژەکــان کــارم لەم کتێــبەدا کردووە و کارێکی زۆری لێکۆڵینەوە و پشکنینیشـم لە کتێبخـانە

[1] . هالیۆگـابەلاس ئیمپراتـۆرێکی ڕۆمـانی بـوو، کە لەنێـوان سـاڵانی ٢١٨-٢٢٢دا فەرمانڕەوایی کردووە.

هەیە. هەر لەبەر ئەوەیشــە، کە تــا ئێســتا تەلەفــۆنم بــۆ ئێــوە نەکــردووە. بــۆ ئامــادەکردنی کیێبــی هالیۆگــابەلاس هەوڵــم داوە زانیـــاریی ڕێـــک و ڕاســـتەقینە دەربـــارەی ئەستێرەناســـی کلـدانییەکان کـۆبکەمەوە. مـن زۆر خۆشـحاڵ دەبـم، کە بتـوانم دەربـــارەی هەمـــوو ئەم شـــتانە قســـە لەگەڵ ئێـــوەدا بـــکەم[٢]. پێڵاوەکـانم کـون بـوون. قەرزەکـانم نادەمـەوە. مـن دەمەوێـت House of Incest تەواو بکەم.

**سەرچاوە:**

Anais Nin, dagbok, 1931 – 1934, översättning, Britt Arenander, bokförlaget Trevi, 1977

---

[٢] . ئـارتۆ مەبەسـتی کلـدانییە دێرینەکـانی ناوچەکـانی بابـل-ی کـۆن و ئەو کڵێسـانەیە، کە هەیـان بـووە. ئەم کلـدانییانە بە ئەستێرەناسـی و هـونەری سـیحر بەناوبانگ بوون.

## ژووری سپی

چارلس مارویتز لە دیداری گاستۆن فێردییێرێ

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا ڕەئووف

*تا ئێستا، بە شێوەیەکی گشتی لە نێوەندە ڕۆشنبیری و هونەرییەکەی فەرەنسادا، دەنگۆیەکی وا هەیە، کە ئارتۆ لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندا، بە تایبەتییش لە (ڕۆدێز) برسی کراوە و مامەڵەیەکی توند و نامرۆڤانەی لەگەڵدا کراوە. ئارتۆ خۆی ڕۆڵێکی زۆری لەم مەسەلەیەدا بینیوە، چەندان جار شتی دەربارەیان نووسیوە و هێرشی کردوونەتە سەر، بە تایبەتییش لە نامە و دەقە شیعرییەکانی و یادەوەرییەکانی ئەو ماوەیەدا، هەروەها لە کتێبی (ڕۆژژمێرێک لە دۆزەخەوە). ئەم دیدارەیش لەگەڵ ئەو دکتۆرەی (گاستۆن فێردییێرێ) ئەو ماوەیە لە نەخۆشخانەی ڕۆدێز ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی چارەسەرکردنی ئارتۆ-ی کردووە، زۆر شتمان لەم بارەیەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە.*

## ژووری سپی

چارلس مارویتز لە دیداری گاستۆن فێردییێرێ

چـــــارلس مـــــارویتز ١٩٣٤-٢٠١٤ (شـــــانۆنامەنووس و دەرهێــنەری شـــانۆ و ڕەخنەگــر) ســـاڵی ١٩٦٦ بەرنامەیـــەکی تایبەت بە ئارتۆ بۆ ڕادیۆ ئامادە دەکات. لە کاتی ئامادەکردنی بەرنامەکەدا، زنجیرە دیدارێک ساز دەکات، ئەمەیش یەکێکە لەو دیــدارانە لەگەڵ دکتـــۆری دەروونـــی گاســـتۆن فێردییێـــرێ کردوویەتـــی. ئەوەی جێـــی ئامـــاژەبۆکردنە، چـارلس مـارویتز یەکێـک بـووە لەو ئەکـتەر و هاوکـارانەی پیـتەر بـرووک، کە لە شەسـتەکاندا لە شـانۆی شەکسـپیری پادشـایەتی کـار لەسـەر تیۆرەکانی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژ دەکەن.

گاســـتۆن فێردییێـــرێ ١٩٠٧-١٩٩٠ دکتـــۆری ســـەرەکی و سەرپەرشـتیاری نەخۆشـخانەی دەروونـی بـووە لە ڕۆدێـز، کە ئارتۆ لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣ – ١٩٤٦دا لەوێ چارەسـەر کراوە. ئارتۆ لە ساڵی ١٩٣٧دا دەچێت بۆ ئیرلاند، دوای ئەم سـەفەرەی لە چەندان نەخۆشخانەی دەروونیدا دەرگای لەسـەر دادەخرێت و دەخرێتە ژێر چاودێرییەکی توندەوە.

چـــــارلس مـــــارویتز دیـــدی ئەو دەقەی لەســـــەر ئـــــارتۆ دەینووسـێت، لە کـاتی کـۆکردنەوەی زانیارییەکانیـدا دەبێـت، کە بۆ بەرنامەی ڕادیۆکەی ئامادەی دەکات.

**مارویتز**

دەکرێت باسی یەکەم چاوپێکەتنی خۆتمان لەگەڵ ئارتۆدا بۆ بکەن؟

**فێردیێرێ**

من دەمەوێ پێش هەموو شتێک باسی یەکەم چاوپێکەوتنی خۆم لەگەڵ ئارتۆدا لە ڕۆدێز بکەم. بەڵام من کەسایەتیی ئارتۆ-م زۆر لە پێشترەوە دەناسی، لەبەر ئەوەی منیش وەک ئارتۆ لە هەمان بازنەی ئەو ناوچانەدا بووم، کە ئارتۆی تیا دەبینرا، ئەوانەی دوای – سورریالیزمەکان، تەنها – بازنەی سورریالیزمەکان، ئەگەر ئێوە واتان دەوێت. لەو سەردەمەدا، هاوڕێکانم زۆربەی کات داوایان لە من دەکرد، ئاگام لە ئارتۆ بێت. ئەوان دەیانگوت، کە ئارتۆ تەواو توندوتیژ بووە، زوو زوو شێتگیر دەبێت و بە شێوەیەکی ناشیرین و نابەجێ هەڵسوکەوت دەکات و هەندێک جار هێندە سەیر ڕەفتار دەکات، چاوەڕێی خراپتری لێ دەکرێت. لەوانەیە ئێوە بزانن، کە مەسەلەکە بە تایبەتی سەبارەت بە گۆچانێکی پیاسەکردن بوو، کە ئارتۆ هەیبوو، ئەم گۆچانە هەرگیز لە ئارتۆ جیا نەدەبووەوە و هەمیشە بە دەستیەوە بوو. گۆچانەکەی سانت پاتریک. ئارتۆ بەم گۆچانە هەڕەشەی لە خەڵکی بێتاوان دەکرد، بە تایبەتییش بۆ میوانەکانی سەر شۆستەی قاوەخانەی La Coupole، قاوەخانە کولتوورییەکەی پاریس. من بە هیچ شێوەیەک بەوە قایل نەبووم ئاگام لە ئارتۆ بێت، بە تایبەتی باش دەمناسی و دڵسۆزی ئەو سەربەستییەیش بووم، کە بە ئازادیی شیعر ناو دەبرێت، سەرباری ئەوەیش من لەو بڕوایەدا بووم هەر دەستتێوەردانێک لە منەوە بێسوود دەبوو. بەڵام

ساڵی ١٩٤٢ ئەو دەستتێوەردانە پێویست بوو، ئەمە بۆچی؟ چ شتێک لەو کاتەدا ڕووی دا؟ بەڵێ، نەخۆشەکانی نەخۆشخانە دەروونییەکانی فەڕەنسا هەڕەشەی مردنیان لەسەر بوو، ئەمە لە ناوەڕاستی داگیرکردنی فەڕەنسادا بوو، خواردن هەر زۆر کەم بوو، ئەوەی دەدرایش بەشە ئازووخەیەکی زۆر کەم بوو، بە شێوەیەک برسێتی بەری پێ نەدەگیرا، کە ئەمەیش بە شێوەیەکی گشتی بووە هۆی جۆرە تێکچوونێکی دەروونی و لە هەندێک ڕەوشیشدا دەبووە هۆی مردن. ئارتۆ یەکێک بوو لەم نەخۆشانە و لەو کاتەدا لە نەخۆشخانەی دەروونی Ville Evrard جێگیر کرابوو. ئەو، وەک دەڵێن نەخۆشیی دەروونیی هەبوو، شێتێک، کە بە تەواوی لە کۆمەڵگە دابڕابوو – تەنانەت توانای نانخواردنیشی نەبووە، وەک لە دواتردا بۆم دەرکەوت. تەواو لاواز بووبوو، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی گۆشەگیر بوو. من ئەمانە دووپات دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی من ئێستا دەیبەستمەوە بەو گیروگرفتانەی لەگەڵ ئارتۆ هەمان بوو، بە تایبەتییش چالاکی و شێوەی هەڵسوکەوتی. بە هەرحاڵ، من ئاگاداری ئەوە کرامەوە، کە مەسەلەکە چییە و گرفتەکە لە چیدایە، کاتێک یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی، هاوکات هاوڕێی منیش بوو، ڕۆبێرت دێسنۆ-ی شاعیر، هات بۆ لام و گوتی: "بە پێداگرییەوە داوات لێ دەکەم، ئێمە چیتر ناتوانین، کە ئاوا دانیشین و هیچ نەکەین، ئێمە پێویستە فریای ئارتۆ بکەوین." ئێمە هەموومان لەگەڵ دێسنۆ هاوڕا بووین، کە دەبێت ئارتۆ لە سنووری مەرگ و ژیاندا بپەڕێنرێتەوە. من دەمتوانی بەڵێنی ئەوە بدەم، کە ئەو لەو نەخۆشخانە دەروونییەی ڕۆدێز، کە من لەوێ سەردەستەی دکتۆرەکان بووم، ئەو چارەسەرە باشەی ئەو پێویستی بوو، وەربگرێت. دێسنۆ، تەنها هاوڕێیەکی

باش و دڵسۆز نەبوو، بەڵکو ئەو خەڵکێکی زۆری دەناسی و پەیوەندیی زۆری هەبوو. ئەو چوو بۆ بنکەی پۆلیسی ناوچەی سەینە، لێرەولەوێ دەگەڕا و پرسیاری دەکرد و هەوڵی دەدا، تا لە کۆتاییدا توانیی ئارتۆ لە سنوورە دەستکردەکانەوە بپەڕێنێتەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان. سەرەتا بردمان بۆ نەخۆشخانەیەکی دەروونی لە سەینە، شوێنێک کە هەمیشە دەبوایە نەخۆشی زیاتریان وەربگرتایە، زیاد لەوەی ئەوان توانای پێڕاگەیشتنیان هەبوایە، هەر لەبەر ئەوە دەیانویست پاڵ بەو کەسانەیشەوە بنێن، کە لەوێ زیادە بوون. (لەبەر ئەوەی لە پاریس، وەک دەزانن ژمارەیەکی ئێجگار زۆر نەخۆشی دەروونیمان هەیە و ناشکرێت چاوەڕوان بین پاڵیان پێوە بنێین و ڕزگارمان بێت لێیان.) من لەوەوبەر لەوێ سەردەستەی دکتۆرەکان بووم. من لەگەڵ هاوپیشەکەم لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین، کە ئەو ئارتۆ بۆ چەند ڕۆژێک لەوێ لای خۆیان بهێڵنەوە، تا دواتر بینێرن بۆ ڕۆدێز. بەم شێوەیە ئارتۆ پاریسی بەجێ هێشت. بۆ ماوەیەکی کورت لە نەخۆشخانەی دەروونی لە شێزاڵ-بێنۆیت خستمان و دواتر، بەیانییەک بە یاوەریی سیستەرێک هێنایان بۆ ڕۆدێز. سەعات شەش یان حەوت بوو، لەوانەیە پێنجی بەیانییش بووبێت – بە تەواوی کاتەکەم نایەتەوە یاد. من خۆم لە وێستگەی شەمەندەفەر وەرمگرت. من ئارتۆم دی، کە بە هەنگاوی گەورە و وزە و هێزێکی تەواوەوە لە فارگۆنەکە دابەزی و بەرەو ڕووی من هات و سوپاسگوزاریی خۆی بۆ دەربڕیم. ئەو وەک هاوڕێیەکی دێرین سڵاوی لێ کردم، هاوڕێیەک بەردەوام بینیوویەتی. (یارمەتیم بدە با لەم خاڵەدا، تەواو ورد و بەسەرنج بم)، من زۆر جار ئەوم لە دوورەوە بینیبوو، بەڵام

هەرگیز لە نزیکەوە نەمناسیوە. من نەمتوانی پێی بڵێم، کە ئەو لێی تێک چووە و ئێمە یەکتری ناناسین. من هەستم بەوە کرد، کە سەری لێ شێواوە و تێک چووە، هەروەها ئەوەیشم دەبینی، کە ئەو لە سنووری نەخۆشییەکی دەروونی قووڵ و گراندایە. هەر لەبەر ئەوە، ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ هەر شتێک ئەو گوتی من بە بەڵێ و بە دڵی ئەو وەڵامیم دایەوە. "دێتەوە یادتان، کە ئێمە لەو قاوەخانەیە – یان لە فلان قاوەخانە بووین؟ کە ئێمە لە مۆنتپەرنەسێ ئەو ڕۆژە – یان ئەو ڕۆژەیان؟" من گوتم: "بەڵێ، دێنەوە یادم. چەندە مایەی خۆشحاڵییە ئێوە هاتوون بۆ ئێرە." هێندەی پێ نەچوو، من وەک هاورێیەکی نزیک مامەڵەم لەگەڵ دەکرد، نەک وەک نەخۆشێکی دەروونی، کە تەواو لە هەموو دونیا دابڕا بوو. هەر لەو ساتەوەختەیشەوە، من هەوڵی ئەوەم دەدا، کە ئەو بەها مرۆڤایەتییانەی بۆ بگێڕمەوە ئەو لە دەستی دابوون. خێزانەکەم یارمەتیی دەدام، کە ئەم گەمە بچووکەم بە باشی بکەم، کە هەموو شتێک لە دەوری ئەم مەسەلەیە هەوڵێکی ئەزموونگەری بوو، هەر کە گەیشتینە نەخۆشخانەکەیش لە ڕۆدێز خێزانەکەم، هەر خێرا ژەمەخواردنی نیوەڕۆی بۆ ئامادە کرد. ئەگەر بڵێم خواردنی نیوەڕۆکە قاوەڵتییەکی چەور بوو، درۆ دەکەم – شتێک بوو، کە پیاو ناچار بوو بیکات، لە خۆشەویستییەوە بوو بۆ ئارتۆ و بۆ شیعر، بەڵێ بە کورتی، لە خۆشەویستیی ئارتۆ و شیعر بوو. لێرەدا، لەم بارودۆخ و دەوروبەرەدا، خێزانەکەم سەبرێکی ئێجگار زۆر و گەورەی هەبوو، هاوکات تێڕامانی خۆی پیشان دا. ئەو خۆی وەک پیشە پزیشکی نەخۆشییە دەروونییەکان بوو. سوپاسی ئارتۆی کرد، کە هاتووە بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ. ئەو خۆی لەگەڵ هەموو

ڕەفتارە سەیر و ناشایستەکانیدا گونجان –ئەو ڕەفتارە سەیرانەیش لە کاتی ئەو نانخواردنی نیوەڕۆیەدا ئێجگار زۆر بوون– لەوە دەچوو کە نانی لەگەڵ خەڵک نەخواردبێت، یان سفرەی ڕازاوەی بۆ چەندان ساڵ نەبینیبێت. خێزانەکەم چاوی لەو پیسوپۆخڵییە و بەبێزخواردنەی ئارتۆ پۆشی و گوێی پێ نەدا. ئارتۆ لە کاتی نانخواردنەکەدا، لەپڕ گۆرانیی بۆ دەگوت و لەسەر ئەژنۆ لە بەردەمیدا دەکەوت، خێزانەکەم بەرگەی هەموو ئەم شتانەی گرت... دوای چەند ڕۆژێک بڕیارمان دا، کە ئارتۆ بخەینە ژوورێکی تایبەت بە خۆیەوە. ئامادەکردنی ژوورێکی تایبەت لە نەخۆشخانەی دەروونی و لە ناوچە و هەرێمە دوورەکانی فەڕەنسادا شتێکی هەر وا ساکار و ئاسان نەبوو. دوای تەنها چەند هەفتەیەک لە تاراوگە ("تاراوگە" لەبەر ئەوەی ئەم نەخۆشخانەی هەرێمە فەرەنسییەکان، هەموو تایبەتمەندێتییەکانی سیستێمە کۆنەکەی گۆشەگیرکردنییان مابوو)، بەم شێوەیە ئارتۆ لە تاراوگە ژوورێکی تایبەت بە خۆی وەرگرت، لەوێدا دەیتوانی ئەوەی دەیەوێت بیکات، بێ ئەوەی کەس بتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت –دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێم– کە ئارتۆ بە شێوەیەکی مەترسیدار پیسوپۆخڵ بوو. دەبوایە ئێمە بەردەوام بە شێوەیەکی تەواو پاکمان بکردایەتەوە، پاشماوەی خواردنی کۆن لابەین، هەروەها قنەجگەرە، کە لە هەموو شوێنێکی ژوورەکەدا فرێی دەدا. هەموو هەفتەیەکیش بە شێوەیەکی دراماتیکی ناچار دەبووین بەزۆر بیبەین و بیشۆین. (وەک دەزانن، تەنانەت ساڵەکانی بەراییش ئەو ئەکتەرانەی کاریان لەگەڵدا دەکرد لە بۆنە ناخۆشەکەی تۆقیبوون.) هەندێک کات بە هیچ شێوەیەک قایل نەدەبوو خۆی بشوات، من ناچار دەبووم بە شێوەیەکی فەرمی

داوای ئەوە بکەم و ناچاری بکەم (من داوای لێبووردن دەکەم، کە وشەی داواکردن و ناچارکردن بەکار دەهێنم)، کە لەگەڵ سیستەرەکاندا بڕوات بۆ حەمامەکە و خۆی بشوات. بەڵێ، وەک خۆتان دەزانن ئا لەم ساتەوەختەدا بوو، کە من بە دەنگ ئارتۆ-وە چووم. بەر لەوەی من یارمەتیی بدەم و بۆ ماوەیەکی زۆر هاوڕێکانی تکایان لێ دەکردم و داوایان لە من دەکرد، کە ئاگام لە ئارتۆ بێت. ئەمەیش پێویستی بە کۆنترۆڵێکی تەواو بوو، بۆ ئەوەی هەوڵی ڕزگارکردنی ژیانی بدەین، هەر بەم مەرجانەیش من قایل بووم، کە بە دەنگ ئارتۆ-وە بچم و ژیانی ڕزگار بکەم.

**مارویتز**

دەتوانن پێناسەی جۆر و فۆرمی شێتییەکەی ئارتۆ بکەن؟

**فێردییێرێ**

خودی چەمکی شێتێتی، شتێکە ئێمە بەرەو بەدحاڵیبوون دەبات. لە دەستووری ساڵی ١٨٣٨دا نووسراوە، مەبەستم ئەو دەستوورەیە، کە دەستنیشانی چەمکی شێتێتی کردووە لە فەڕەنسا، لەوێدا نووسراوە و بە ناوی گەلەوە بڕیار دراوە، کە ئەو کەسانەی جێگەی مەترسیی گشتی و ئاسایشی مرۆڤ دەبن، وەک شێت لەقەڵەم دەدرێن. ئێستا ئارتۆ بە هەموو مانایەکی ئەو وشەیە، مرۆڤێکی ترسناکە و کۆمەڵگە ناچارە خۆی لەدەستی بپارێزێت و دوور بخرێتەوە. ئێوە لەوانەیە ئەوەتان لە یاد بێت، ئارتۆ خرایە نەخۆشخانەیەکی دەروونییەوە، دوای ڕووداوێک لە پاپۆڕێکدا، کە لە ئیرلەندەوە دەگەڕایەوە، ڕووی دابوو. ئەو چوو بوو بۆ ئیرلەندە تا شوێن

پێـی (سـانکت پاتریـک)ی پیـرۆز بکەوێـت، بە هەمـان شـێوەی، وەک چەند ساڵێک لەوەوبەر چوو بوو بۆ مەکسیک تا بەدوای ڕیتواڵە کۆنەکاندا بگەڕێت. لە پاپۆڕەکەدا، لە دبلن-ەوە تووشـی ڕەوشـێکی لەپـڕی شـێتانەی تونـدوتیژ دەبێـت، کە کـاپتنی پاپۆڕەکە ناچار دەبێت لە مەخزەنی پاپۆڕەکەدا دەرگای لەسـەر دابخـات تـا نەفەرەکانی تـر بریندار نەکات. کە دەشگەنەوە Le Havre ئارتۆ بە فانیلەی قۆڵبەسـتراوی -لەو بڕوایەدام- دەیبەن بۆ شێتخانەی ڕیۆیۆن. بەداخەوە هەموو تۆمارەکانی Le Havre و ڕیۆیـۆن لە کـاتی ڕزگـارکردنی فەرەنسـادا سـووتێنراون و لەگەڵ بەگەڕخستنی هەموو هەوڵەکانیشمدا، تەنها دۆکیومێنتێک چیـیە، هیـی ئەو قۆنـاغە دەسـتم نەکەوت، جـگە لە کـاتی تۆمارکردنەکەی نەبێت.

**ماروێتز**

بەڵام، ئەی نەخۆشییەکەی...

**فێردییێرێ**

بەڵـێ باسـی ئەوەیـش دەکەیـن. مـن مـرۆڤێکم دی، تـازە لە گۆشـەگیرییەکەی هـاتبووە دەرەوە. لەو سـاتەدا ترسـناک دەرنەدەکەوت، بەڵام وەک لە کـاتی هـاتنی ڕەوشـە لەپـڕە شـێتییەکانیدا، ترسـناک دەبـوو. ئەگەر ئێـوە دەتانەوێـت بە شـێوەیەکی تیـۆری لـە ڕوانگـەی دەروونزانییـەوە پـوختەی نەخۆشییەکەیتان بۆ بخەمە ڕوو، ئا بەم شێوە قسە دەکەم: لە شـێتێتییەکەی ئـارتۆ-دا جـۆرە ململانێـیەک هەبـوو، هێـز تـاقیکردنەوەیەکی ئێجگـار گەورەی لەنێـوان خـوا و شـەیتاندا هەبـووە؛ هەنـدێک جـار لەم ململانێـیەدا خـوا سـەرکەوتنی

بەدەست دەهێنا، بۆیە ئارتۆ لەم کاتانەدا بڕوایەکی تەواوی بە خودا دەبوو، بڕوایەکی ترسناک. لە هەفتەیەکدا چەندان جار دەچوو بۆ نوێژی بە کۆمەڵی کڵێساکان و بۆ چەندان سەعات لەگەڵ قەشەی نەخۆشخانەکە دادەنیشت و قسەی دەکرد. هەندێک جاریش شەیتان فریوی دەدا و دەستی دەگرت بەسەر ڕەوشەکەدا، بەم شێوەیەش هێرشی دەکردە سەر ئەو ئافرەتانەی بە ڕێکەوت بە بەردەمیدا دەڕۆیشتن و سەرکۆنەی دەکردن و قسەی ناشیرینی پێ دەگوتن و تفی دەکردە مرۆڤ، هەر تەنها لەبەر ئەوەی لەو شوێنەدا بوون و دەیبینین. لەبەر ئەوە من ناتوانم، وەک فرانسۆیس مەوریسیا، ئارتۆ وەک کەسێکی گەورەی پڕ لە ڕازونیاز ببینم. بە هەرحاڵ، ئەگەر وایش بێ، من ئەو هەر بە کەسێکی پڕ لە ڕازونیاز و لە هەمان کاتیشدا بە شێت دەزانم. ئێمە دەبێت ئەوە بزانین، کە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشێکدا دەکەین، کە تا ئەوپەڕی خەیاڵی لە ڕەوشێکی شێتیدا دەژی، بەڵام لە هەمان کاتدا، بە شێوەیەکی سەیر هەستیار و ناسکە و هۆشیاریی خۆی پاراستووە. وشەی "شێتی" لە زانستەکانی دەروونیدا مانای "بێهێزبوونی وزە هەستیارییەکان" ناگەیەنێت. ئەمەیش ئەو شتەیە، کە مرۆڤ، بە تایبەتییش مرۆڤی ڕۆشنگەر و خوێنەوار لەم شتە ناگەن. کەسانێک هەن، کە هەمیشە لە ڕووی هەستەوە سەرلێشێواون، بەڵام هۆش و هزر و توانای بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان تەواوە و هیچ کێشەی نییە. ئەم ململانێیەی نێوان خودا و شەیتانیش بۆ نموونە شتێکی زۆر ئاساییە بۆ ئەو کەشیشانەی پەیڕەوی یاسا توندەکانیان دەکەن. ئەمەیش لەسەر چەندان ئاستی دەروونی و ڕۆحی هەن. ئەمە لەنێو ئەو خەڵکانەیشدا هەیە، کە بە تەواوی بێ فەرهەنگ و کولتوورن،

بۆ نموونە ئەو شوانانەی بەسەر چیاکانمانەوەن، بە هەمان شێوە لەنێو کەسانێکدا کە لەسەر ئاستێکی بەرز خاوەن فەرهەنگ و کولتوورن، بۆ نموونە ناوەندە هۆشیارەکەی پاریس، یان دونیای زانکۆکان. ئەمەیش ئاساییترین شێوازە، کە مرۆڤە دەروونناتەواوەکان گوزارشت لە خۆیانی پێ دەکەن.

ئەوەی من لێرەدا نامەوێت سەبارەت بە ئارتۆ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیکەم، دیاریکردنی ڕەوش و بارە دەروونییەکەیەتی، دەستنیشانکردنی نەخۆشی، لەم سەردەمەدا کارێکی ئاسانە، بەڵام دەستنیشانکردنی نەخۆشیی دەروونیی کەسێکی نەخۆش و پۆلێنکردنی لەژێر هەر ناوێکدا بێ، کارێکی تا ڕادەیەک سەخت و ترسناکە، چونکە ناتوانین کەسێکی دەروونتەخۆش پۆلێن بکەین، هەر وەک چۆن مێشومەگەز، پەپوولە یان گوڵ پۆلێن دەکەین. زۆر پێویست و گرنگە، پێش هەموو شتێک، بەدەر لە هەموو جۆرە دەستنیشانکردنێک، خودی مرۆڤەکە ببینین. سەبارەت بە ئارتۆ، نەخۆشییەکەی بە وردی دیار نەبوو، لە شیزۆفرێنی دەچوو و نەدەچوو، لەو شێرپەنجەیەی دەکرد، کە نەخۆشەکانمان هەڵدەلووشێ، بە تایبەتییش ئەوانەی تووشی ورێنە دێن. سەبارەت بە ئارتۆ، من دەمەوێت بیسەلمێنم، کە لە هەندێک باردا جۆرێک لە هۆشیاریی تیایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە سەرەوە باسم کردن، هیچ ئاماژەیەکیان بەم ئاڕاستەیە تێدا نییە، بۆیە دەتوانم وشەیەکی کۆنی ئەڵمانی بۆ ئەم بارە دەروونییەی ئەو بەکار بێنم و بڵێم: شیزۆفرێنای درەنگوەختە، واتە ئەو شیزۆفرێنیایەی لە تەمەنێکی درەنگدا تووشی مرۆڤ دێ.

**مارویتز**

باشـــه ئێـــوه چ ســـــەرکەوتنێکتان لە چارەســـــەرکردنی نەخۆشەکەتاندا بەدەست هێنا؟

**فێردییێری**

بەڵـێ، ئـێمە ئـارتۆ-مـان لە ڕۆدێـز لا بـوو. ئەو بە هـۆی ئەو دەرفەتـــانەوەی ئـــێمە بۆمـــان ڕەخســـاندبوو، خـــۆی لە هاوسـۆزییەکی تەواودا دەبینیـیەوە. ژوورێکـی تـایبەتی خـۆی هەبوو، کە من لەوەوبەر ئاماژەم بۆ کردووە. خواردنی تەواوی پێ دەدرا، تەنانەت دەتوانم بڵێم، زیاد لە بەشی خۆی پێ دەدرا. ئەڤێیـڕۆن هەرێمێکـی دەوڵەمەنـدە و بـازاڕێکی ڕەشـی باشـی تیایە. ئەوسا من بەڕێوەبەری نەخۆشـخانە دەروونییەکە بـووم. خۆراک بە یـارمەتیی ئەو بـازاڕە ڕەشـە بـۆ نەخۆشـەکان دابین دەکرا. بەم شـێوەیە ئـارتۆ زیـاد لە پێویست خواردنی دراوەتێ. ئارتۆ جگـەرەی زۆر دەکێشـا، لەبەر ئەوە بەڕێوەبەرەکە هـەمان ئەو پاکەتە جگەرەیەی پێ داوە، کە ئارتۆ ویستوویەتی. چەنـدی ویســـتووە پێـــی دراوە. ئـــارتۆ ئەو کەســـانەی بینیـــوە، کە لە ژوورەکەی خۆیدا سەردانیان دەکرد، بۆ نموونە هونەرمەندێک، کـە نـاوی فرێـدریش دو لانگلەبـێ بـوو، هەروەهـا لەو کـاتەدا، کەسێک کە لە بەندیخانە ڕایکردبوو و خۆی لە نهۆمەکەی مندا حەشـار دابـوو، هەمـوو ڕۆژێـک سـەردانی ئـارتۆی دەکـرد، یـان پێکەوە پیاسـەیەکیان بەدەوروبـەری بـاخچەی نەخۆشـخانەکەدا دەکرد. ئارتۆ ئەو کاتە دەیتوانی تا ڕادەیەک لە ژوورەکـەی بێتـە دەرەوە. تەنـانەت تـا دەرەوەی ئەو شـوێنانەیش دەڕۆیشـت، کە بە ناوچەی خانووبەرە ناوزەد دەکرا و دواتر دەیوێرا، سـەرەتا

لەگەڵ هاوڕێیەکی، کە متمانەی پێ دەکرد، پاشانیش بە تەنیا دەهاتە ئەو ناوە.

چ جۆرە چارەسەرێکی وەردەگرت؟ سەرەتا چارەسەرێک، کە من دەمەوێت ناوی بنێم فیزیکی؛ خواردنێکی ڕێکوپێک و فرەباش زۆر گرنگە لە هەموو چارەسەرێکدا. هەندێک دەرمانی تایبەت بە ئارامبوونەوەی وەردەگرت، هیچ ماددەیەکی بێهۆشکاری (نارکۆتیکا)ی وەرنەدەگرت. (دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەگەری پرسی ژەهراویبوونی ئەنتۆنان ئارتۆ بە ماددەی بێهۆشکەرەکان.) لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هەر ناچالاک و بێدەربەست دەبوو، بە شێوەیەک، کە تەواو دەبووە جێگەی نیگەرانییەکی قووڵ، گۆشەگیر دەبوو. لێرەدا مەسەلەکە سەبارەت بە یەکێک لە گەورەترین شاعیرەکانی سەردەمەکەی خۆیەتی، ئەو پیاوەی کە (شانۆ و هەمبەرەکەی)ی نووسیوە، کە شۆڕشێک بوو دژی نەریت و ڕێسا شانۆییەکانی سەردەمەکەی خۆی و ئێستا ئەو لێرەدا دانیشتووە و هیچ ناکات، بە قووڵی بیر دەکاتەوە، کە نادیارە لە هەموومانەوە. هەڵبەت ڕۆژێک هەر دێ لەم دۆخە دەربچێ و هەر لەبەر ئەم هۆیەیش من خۆم ئەو مافەم هەبوو، نەهێڵم نەخۆشییە دەروونییەکان تەنگی پێ هەڵبچنن، لەبەر ئەوەی نەخۆشییە دەروونییەکەی کەم دەبووەوە. من بڕیارم دا چارەسەری لەرینەوەی میکانیکی بەکار بهێنم، هاوکات ئارتۆ چەندان هێدمەی کارەبایی لێ درا، کە پێویستە ددانی پیا بنرێت، ئەو ترسێکی زۆری لێی هەبوو، ئەگەر دەشتانەوێت دەتوانین باسی ئەوەتان بۆ بکەین، کە ئارتۆ چۆن ڕووبەڕووی ئەم هێدمە کارەباییانە بووەتەوە. من ڕاستییەکان بۆ ئێوە دەگێڕمەوە.

**مارویتز**

چەند هێدمەی کارەباییتان لێ داوە؟

**فێردییێرێ**

لەو بڕوایەدام نۆ جار بووبێت – شەش تا نۆ جار. تا ئەو ئاستە شتێکی ئاسایی بوو لەو کاتەدا، ئەگەرچی نەریتە پزیشکییەکان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جۆراوجۆرن و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

**مارویتز**

لەو سەردەمەدا، ئەو هێدمە کارەباییانە شتێکی تاقیکردنەوەئاسا نەبوون؟ شتێک نەبوون کە مرۆڤ لە ناوەڕاستی چلەکاندا زۆر کەم شتی لە بارەوە دەزانین؟

**فێردییێرێ**

شتێکی زۆر باو بوو. ئەمە جۆرە چارەسەرێکە، کە وا دەکات جەستە گرژ بێت، بەر لەوەی دەست بکرێت بە بەکارهێنانی هێدمەی کارەبایی، ئێمە فۆرمێکی ترمان لە هێدمەی کارەبایی، وەکو چارەسەر، بۆ نەخۆشەکانمان بەکار دەهێنا، کە بە تەواوی دەستنیشان کرابوو و بە شێوەیەکی گشتی بەکار دەهێنرا. لەبری ئەوەی جۆرە نۆبەیەکی فێ بە هۆی کارەباوە دروست بکەین، ئێمە دەرمانی هۆشبەرمان وەک چارەسەرێکی ناوەکی، کە دەچووە شادەمارەکانی خوێنەوە، بە نەخۆشەکانمان دەدا، دەرمانێکی هۆشبەر ناوی (کاردیسۆڵ)ە، لە بیرمە، کە منیش ساڵی ١٩٤٠ کاردیسۆڵ-م داوە بە نەخۆشەکانم. کەواتە ئەمە فۆرمێکی چارەسەرکردنی

کلاسیکییە و پزیشکەکانی دەروونزانی دەمێک بوو تاقییان کردبووەوە و تێپەڕێنرابوو. ئێمە لە نەخۆشخانەی دەروونیی ڕۆدیز ڕۆژانە نزیکەی نیو دەرزەن هێدمەی کارەبایمان بەکار دەهێنا.

**مارویتز**

ئارتۆ گوتوویەتی، کە ئەو بەڕاستی دوای یەکێک لەم هێدمە کارەباییانە، بۆ ماوەی نزیکەی پێنج خولەک مردووە. ئایا ئەمە ڕاستە؟!

**فێردییێرێ**

بەڵێ، بێگومان، هەر لەبەر ئەوەیشە، کە هێدمەی کارەبایی نۆبەی فێ دروست دەکات. دوای نۆبەیەکی فێلێهاتن، کە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئاستەکانی گرژبوون گەشە دەکات، هاوکات هێدی هێدی دەچێتە قۆناغێکی بەجۆش و ئارامبەخشەوە، دوای ئەوە نەخۆشەکە دەکەوێتە بارێکی گیانەلائاساوە، کە لەوانەیە چەند چرکەیەک بخایەنێت، هەندێک جار زۆرتریشە. دوای ئەوە ماوەیەکی زۆر کورت خەوی لێ دەکەوێ، ئینجا هۆشیار دەبێتەوە. بەڵام لە بەخەبەرهاتنەوەکەدا، وەک لە هەموو فێیەکدا هەیە، نیشانەیەک هەیە، ئەوەیش ئەوەیە فێلێهاتووەکان نازانن چی ڕووی داوە. ئەوانەی لەسەر شەقامەکان و لەپڕ فێیان لێ دێت، لەو کەسانەی لەوێدا بە دەوروبەریەوە دەوەستن دەپرسێت: "من لە کوێم؟" ئارتۆ-یش لە نەخۆشەکانی دەپرسی، کە لە دەوری ئەو وەستابوون، هەروەها سیستەرەکان و ئەو دکتۆرانەیشی بە ڕێکەوت بەوێدا تێدەپەڕین: "من لێرە چی دەکەم؟ من لە کوێم؟

من کێم؟" ئەمەیش شتێکی تەواو ئاساییە، ئەم جۆرە هەستە ترسناکانەیش لە کاتی بەئاگاهاتنەوەدا، لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە ئاماژەیەکی تەندروستییە. ئەمە نەخۆشەکە، کە لە بارێکی بوورانەوەی مەرگئاسادایە، وا لێ دەکا جارێکی تر ببووژێتەوە و بێتەوە هۆش خۆیەوە. ئەمەیش ئەو ئاستەیە، کە ئێمە دەمانەوێ پێی بگەین. بەم شێوەیە ئارتۆ لە ئەنجامی ئەم چارەسەرکردنەدا، کەمتر یان زیاتر لە مرۆڤەکانی تر تووشی نارەحەتی نەبووە. بێگومان ئەو بە هیچ شێوەیەک هەستی بە هیچ شتێک بەم هێدمە کارەباییانە نەکردووە. ئێمە لەوە دڵنیایین، کە چارەسەری هێدمەی کارەبایی بە تەواوی دوورە لە هەموو جۆرە ئازارێک. ئەوەی گرانە، ئەوەیە دوای هێدمە کارەباییەکە لە خۆی بەئاگا بێتەوە و باری دەروونیی بگەڕێتەوە دۆخی جارانی. ڕەوشەکە وەکو ئەو دۆخەیە، کە مرۆڤ تووشی دێ، کاتێک لە ژوورێک، بۆ نموونە ژووری هۆتێلێک، لە خەو بێدار دەبێتەوە و تا ماوەیەکی کەم ناتوانێ، وەکو پێشتر بە ڕووناکییەکە ڕابێت. وەک ئەمە وایە. هیچ شتێکی تر نییە. لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی ئارتۆ-یش سەبارەت بە ترسناکیی چارەسەری هێدمەی کارەبایی باسی کردوون، ئەو چارەسەرە توندوتیژە هێدمە کارەباییانە، کە ئێستا بە هەمان هێدمەی کارەباییدا دەڕۆن. ئەو چارەسەرە نامرۆڤانەی هێدمەی کارەبایی، کە هەمان هێدمەی کارەباییە ئەوی هۆشیار کردەوە، کە لە کوێیە و چییەتی.

**ماروێتز**

باشە ئارتۆ دوای ئەم هێدمە کارەباییانە زۆر گۆڕابوو؟

**فێردییێرێ**

دوای ئەمــانە بــوو، کە ئــارتۆ داوای کــرد ســەرلەنوێ بخـوێنێتەوە. ئـێمە ڕێگەمـان پـێ دا بخـوێنێتەوە. چیمـان دەسـت بکەوتـایە دەمانـدایە، ئەو کـاتە شــەڕ بـوو. ئـارتۆ هەمـوو ئەو کتێبـانەی خوێنـدنەوە، کە مـن خـۆم وەرمگرتبـوون. (دونیـا سەیروســەمەرەکەی ئەلآیـس)ی خوێنـدەوە، مـن لەو بـڕوایەدا بووم پێویستە دەست بکاتەوە بە نووسین، بۆ ئەوەی یارمەتیی بـدەم بگەڕێـتەوە سـەر نووسـین، ئەو کتێـبەم بەکـار هێنـا، کتێبەکەم وەک بەهانەیەک هێنایەوە و گوتم: "من ئینگلیزییەکەم زۆر خراپە، وەریشی بگێڕم، یەک دونیا هەڵە دەکەم و شتەکان بە هەڵە تێدەگەم. یارمەتیم بدە تا ئەلآیس وەربگێڕم." ئەویش ئـالآیس-ی بـۆ وەرگێـڕام، هاوکـات (کـۆرپەی سـووتاو)ەکەی ڕۆبێـرت ساوسـۆیڵ-یشـم دایە، کە مـن خـۆم زۆر حەزم لـێ دەکرد، ئەوەیشی بۆ وەرگێڕام. دواتر ئەو وەرگێڕانەم نارد بۆ پیار سێگش، کە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا (شیعر) بڵاوی کردەوە. ئەوەیــش یەکەم جــار بــوو شــتێکی ئــارتۆ دوای دەرگالەسەرداخستنی لەم نەخۆشخانانەدا، بڵاو بکرێتەوە. هەر لەبەر ئەوە سەرلەنوێ هیوایەکی باشمان بەو هەبوو.

**ماروێتز**

دەتانزانی کە ئارتۆ هـات بۆ ڕۆدێز نەخۆشیی شێرپەنجەی هەبوو؟

**فێردیێری**

ئـــارتۆ بـــه درێژایـــی ئـــەو ماوەیـــەی ناســـیومە، هـــەرگیز شـــێرپەنجەی نـــەبووە. شـــێرپەنجەی ئـــارتۆ یەکـــێکە لەو درۆودەلەسانەی، کە ژیانی ئەویان بارگاوی کردووە. لەوانەیە لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا دووچاری جۆرێک لە شێرپەنجە بووبێت، کە کۆتایی بە ژیانی هێناوە، بەڵام بەر لەمە چەندان بەڵگەی تر هەن، کە بۆ من زۆر زەحمەتە بڕوا بەوە بکەم، ئارتۆ لە ڕۆدێز شێرپەنجەی هەبووبێت. ئەو هەرگیز هیچ جۆرە ئاماژەیەکی لەو جۆرەی پیشان نەداوە، بە تایبەتییش گەدە یان شێرپەنجەی ناوسک، کە باسی لێوە دەکرێت. زۆر بە ئاسانی ئەم جۆرە نەخۆشییانە دەدۆزرێتەوە و بە خێراییش دەتکوژێت و کوشندەیە. ئارتۆ زۆر دواتر مرد، بێ ئەوەی تەنها یەک نیشانەی شێرپەنجەی لێ دیار بێت.

**مارویتز**

بە بۆچوونی ئێوە، سەبارەت بە ئارتۆ و ئەو چارەسەرەی وەریگرت، دوای ئەم هەموو ساڵە هیچ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو؟

**فێردیێری**

هەموو ئەوانەی بەردەوام و بە شێوەیەکی ئاسایی ئارتۆ-یان دەبینی، ئەوانەی لەگەڵ ئەودا دەژیان و چاویان لەو گەشەیەی بوو، بە ماوەیەکی زۆر بەر لە سەفەرەکەی بۆ ئیرلەندە، هەستیان بە نەخۆشییە دەروونییەکانی ئەو کردبوو. ئەوان زۆر باش لەوە گەیشتبوون، کە نەخۆشییەکەی لە هەر کاتێکدا بێت بە تەواوی سەرهەڵدەدات. ئەگەر لە پاپۆڕەکەیشدا

له ئێرلەندەوە دەرنەکەوتایە، ئەوە لە شوێنێکی تر هەر سەری هەڵدەدا. لەپڕ ڕۆژێک، دوای شەڕێک ئارتۆ-یان هەر بەرەو بنکەیەکی پۆلیس بەکێش دەکرد و دەرگایان لە ژوورێکی بچووکی یەککەسیدا، لە نەخۆشخانە تایبەتییەکانی پۆلیس لە پاریس، لەسەر دادەخست. هەموو دەمانزانی، کە هەر دەبێت ئا بەم شێوەیە کۆتایی بێت.

**مارویتز**

ئەی چی بە هاوڕێکانی ئارتۆ دەڵێن، کە دەڵێن ئارتۆ بە هیچ شێوەیەک شێت نەبووە؟

**فێردییێرێ**

ئەوانەی وا دەڵێن هەرگیز ئارتۆ-یان نەدیوە و هەرگیز نەیانناسیوە. تەنها یەک کەسم پیشان بدە -جا ئەو کەسە ئەندازیار، یان مامۆستا، یان شاعیر، یان هەر شتێک بێت ئێوە بتانەوێت- کە ئارتۆی ناسیوە و ئارتۆی لە پاریس، کاتێکی درێژ بەر لەوەی دەرگای لەسەر دابخرێت، بینیوە، کە بڵێت ئارتۆ بە شێوەیەکی ترسناک و ناهاوسەنگ خۆی دەرنەخستبێت. ئەوانەی دەڵێن ئەو شێت نەبووە، ئەو هاوڕێیانەی بوون، کە ئارتۆ-یان لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا بینیوە، ئەوانەی دوای مردنەکەی بوون بە هاوڕێی "ئارتۆ". لە کۆتاییدا، ژیانی ئارتۆ وەکو ئەفسانەی لێ هات، لەو ئەفسانەیەشدا دەیانگوت: ئارتۆ شاعیرێکی زۆر گەورە بووە، بە شێوەیەکی گەورە گۆشەگیر کرابوو، پشتگوێ خراوە و خەڵکی زۆر نەیار بوون بەرامبەری و تا ئاستی نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، هاوکات دەیانگوت ئەو مرۆڤێکی

ئاسـایی بـووە، بە هـیچ شـێوەیەک شـێت نەبـووە. هەروەهـا لە بەرامـبەر بەئەفسـانەکردنی ژیـانی ئـارتۆ و بەئەفسـانەییبوونی کەسـایەتییەکەی، کەسـانێکی تـر خـرانە نێـو ئەم دونیـا ئەفسـانەییەوە، ئەویـش پێویسـتە بـاس بکرێت. ئەمـانیش بریتـی بـوون لە پزیشـکە دەروونزانـەکان، دزەکـان، هـەروەها سادیستەکان، کە هاوشێوەی دکتۆر گـەلیکاری[*]، بـە دەموچـاوی ترسـناکەوە دەهـاتنە بـەرچاو و وایـان لە نەخۆشـەکانیان دەکـرد ئازار بچێژن. منیش ڕێک هەمان ئەو ڕۆڵەم هەبوو لـە بەرامبـەر ئارتۆدا.

**مارویتز**

ئێوە لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی ئارتۆدا لە پاریس بوون؟

**فێردییێری**

نەخێـر، مـن لەو کاتـانەدا لە پـاریس نەبـووم. لەو بـڕوایەدام ئێـوە مەبەسـتتان لەو سـیمیناره بێـت، کە ئـارتۆ لە هـۆڵی VieuxColombier گێڕابووی.

**مارویتز**

ئێ.

---

[*] دکتۆر کەلیگاری، فیلمێکی ترسـناکی ئەڵمـانییە و سـاڵی ١٩٢٠ بەرهەم هێنراوە؛ ئەم فـیلمە کـاریگەرییەکی گەورەی بەسـەر فـیلمە دەربڕینخوازەکانـدا هەبـووە. **وەرگێڕ**.

**فێردیێرێ**

مـن بۆخـۆم لەو سـیمیناره نەبـووم، بەڵام هاوڕێکـانم لەوێ بـوون و بە تەواوی نیگـەران بـوون، کە بەڕاسـتی ئـارتۆ لە ڕەوشـێکی زۆر خراپـدا ببیـنن، کە خـۆی پیشـان دەدات – قوربانییەک وڕێنە دەکات، هەموو دەمارەکانی هەڵئاوسابوون، دەسـت و سـەر ڕاوەشـاندن، هاوارهـاوارکردن، تـف و گاڵتەجاڕی، تاوانبارکردن – قسـەکردن بـە ڕستەی ناڕێکوپێک، یان نەتوانینی خوێندنەوەی ئەو سیمینارەی، کە خۆی بۆ ئامادە کردبوو. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر ئەوانی دڵگران کردبوو، بینەرەکان بوون، ئەو خەڵکەی تەنها بۆ ئەوە هاتبوون تا چاو ببڕنە ئەو، بۆ ئەوەی سەیری سیمینارەکە بکەن، بەڵام بە هەستێکی شاراوەی لەخۆڕازی و لووتبەرزییەوە. هەروەها من ئەوەیش دەزانم، کە کەسانێکی زۆر لەبەر خۆشەویستییان بۆ ئارتۆ چووبن بۆ ئەوێ و گوتوویانە: "ئەمشەو ئارتۆ قسە دەکـات، ئـێمە پێویسـتە بچـین بـۆ ئەوێ." بەڵام هۆڵەکەیـان لە ئەنجـامی مـامەڵەی بینەرەکـانی تـردا، بە هەسـتێکی بەهێـزی ناخۆشەوە بەجێهێشتووە.

**مارویتز**

کەواتە مەبەستی ئێوە ئەوەیە، کە ئەو دوای هاتنەدەرەوەی لە ڕۆدێز چاک نەبووبووەوە؟

**فێردیێرێ**

ئــارتۆ هەرگیــز چــاک نەدەبــووەوە. ئەو بەدەســت نەخۆشـییەکی دەروونیـی وەهـاوە دەتـلایەوە، کە چارەسـەری نەبوو. مانـای چییە، چارەسـەری شـێتێکی وەک ئـارتۆ بکەی؟

زۆر بە ئاسانی: ڕەوشێکی وەهای بۆ برەخسێنیت، کە بتوانێت لەناو خەڵک و لە کۆمەڵگەدا بژی. کە ئارتۆ ڕۆدێزی بەجێ هێشت، مێرخاسێکی وەها بوو، فێری ئەوە بووبوو بە شێوەیەکی ڕاست مامەڵە بکات، مەبەستم ئەوەیە، کە دەست نەنێتە بینی هەر کەسێک بە ڕێکەوت دەیبینی، یان سووکایەتی بە ئافرەتێک بکات، کە بە بەردەمیدا دەڕوات، هەر لەبەر ئەوەی بلووزێکی لە بەردایە بە دڵی ئەو نییە. ئەمە هەموو ئەو چارەسەرە بوو، کە لە توانادا بوو بۆ ئەو.

**سەرچاوە:**

ئەم دیدارە لە پرۆگرام و گۆڤاری دراماتن، ژمارە ٧٢، ساڵی ١٩٧٨ وەرگیراوە. بەڵام بەداخەوە، لە گۆڤارەکەدا هیچ زانیارییەک نەنووسراوە، بۆ نموونە ئەم دیدارە بە چ زمانێک کراوە و کێ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی سویدی.

Vita rum. Charles Marowitz intervjuar Gaston Ferdiére, Dramatens tidskrift, nr, 72 Stockholm 1978

## کورتەیەک لە کرۆنۆلۆژیای ژیان و بەرهەمەکانی ئەنتۆنان ئارتۆ

١٨٩٦ لە شاری مارسیلیا لەدایک بووە.

١٩٠١ تووشـــی نەخۆشـــییەک دەبێـت، کە دواتـر هەمـوو ژیـانی پێـوەی دەتلێتەوە.

١٩٠٥ خوشـکە بچـووکەکەی دەمرێـت، ئـەم ڕووداوە کـاریگەرییەکی زۆر خراپی بۆ سەر دەروونی دەبێت.

١٩٠٦ تووشـی ڕووداوێکـی کەوتـنە نـاو ئـاو دەبێـت، کە خەریـک بـووە بخنکێت.

١٩١٠ یەکەم شیعری خۆی لە گۆڤارێکی قوتابخانەکەیاندا بڵاو دەکاتەوە.

١٩١٦ دوو پارچە شیعری بڵاو دەکرێتەوە.

١٩١٨ لە یەکێک لە نەخۆشـخانەکاندا خـانمە هونەرمەنـدی شـێوەکار یوڤـانە گلـێس دەبینێـت، کە دواتـر تـا ماوەیـەکی دووردرێـژ نامـە لەگـەڵ یـەکتردا دەگۆڕنەوە.

١٩١٨ بـۆ چارەسـەرکردن دەچێـت بـۆ سویسـرا و تـا سـاڵی ١٩٢٠ لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە.

١٩٢٠ دەچێـت بـۆ پـاریس و شـانۆکار و ڕێژیسـۆری دیـاری ئەو دەمەی پـاریس (لێـوگنێ-پـوێ) دەبینێـت. فەلسـەفەی ڕۆژهەڵاتـی دەخوێنێـت و لە گۆڤـارێکی ئەدەبیـدا کـار دەکـات. یەکەم ڕۆڵ لە شـانۆی Théatre de l´Oeuvre دەبینێت.

١٩٢١ کۆمەڵێـک شـیعر و گوتـار بـڵاو دەکـاتەوە. ڕێژیسـۆری شـانۆیی (شارڵس دوولین) دەبینێت و لە گرووپ و قوتابخانە شانۆییەکەیدا کار دەکات.

١٩٢٢ یەکەم ڕۆڵـی خـۆی لەگەڵ گـرووپەکەی شـارڵس دوولـین لە شانۆنامەیەکی مۆلییردا دەبینێت. لەم ساڵەدا کۆمەڵێک شیعر و گوتـاریش بـڵاو دەکـاتەوە، لە نمایشـەکانی گـرووپەکەی دوولـین، وەک ئەکـتەر و دیـزاینەری جلوبەرگ بەردەوام دەبێت.

١٩٢٢ ڕۆڵی (تیریسا) لە شانۆنامەی ئەنتیگۆنە، لە نووسینی ژان کۆکتۆ-دا دەبینێت.

١٩٢٣ گۆڤارێکی ئەدەبی دەردەکات، کە تەنها دوو ژمارەی لێ دەردەچێت و هەموو بابەتەکانی ناو ئەم گۆڤارە لە نووسینی خۆی دەبن. واز لە گرووپە شانۆییەکەی شارلس دوولین دەهێنێت و لەگەڵ گرووپێکی تردا کار دەکات.

١٩٢٣ یەکەم دیوانی شیعریی بە ناوی (گەمەی تریکت تراکتی ئاسمان) بڵاو دەکاتەوە.

١٩٢٤ دووەم کۆمەڵە شیعر بڵاو دەکاتەوە. وەک ئەکتەر لە چەندان نمایشی شانۆیدا بەشدار دەبێت، هاوکات لە دوو فیلم و بۆ ماوەیەکیش لە بەرلین دەژی و کار لە پرۆژەیەکی هونەریدا دەکات.

١٩٢٤ باوکی دەمرێت و دایکی دەگوێزێتەوە بۆ لای ئارتۆ لە پاریس.

١٩٢٤ پەیوەندی دەکات بە سوریالیزمەکانەوە.

١٩٢٥ دەبێتە بەرپرسیاری ئۆفیسی لێکۆڵینەوەکانی سوریالیزمەکان. کۆمەڵێک دەق دەنووسێت، کە لە بڵاو کراوەکانی سوریالیزمەکاندا بڵاو دەکرێنەوە. هەندێک لە شیعرەکانی بڵاو دەکاتەوە و کۆمەڵێک نامە دەنووسێت.

١٩٢٥ دەقێکی ئەراگۆن لەسەر شانۆی Theatre du Vieux – Colombier پێشکەش دەکات.

١٩٢٥ دەبێتە سەرنووسەری سێیەمین بڵاوکراوەی خولی شۆڕشی سوریالیزم و ژمارەیەک بابەتی تایبەت بە هزری سوریالیزمی تیا بڵاو دەکاتەوە.

١٩٢٥ دوو کۆمەڵەشیعر بڵاو دەکاتەوە.

١٩٢٦ لەگەڵ ڕۆگەر فیتراک و ڕۆبێرت کارۆن شانۆی ئەلفرێد گاری دادەمەزرێنن. وەک ئەکتەر لە فیلمێکی سینەماییدا بەشداری دەکات و یەکەم مانیفێستی شانۆی ئەلفرێد گاری دەنووسێت. هەر لەم ساڵەیشدا، پێوەندیی لەگەڵ سوریالیزمەکاندا تێک دەچێ و دەریدەکەن. لە کۆتایی ساڵیشدا، وەک ئەکتەر لە فیلمێکی تری سینەماییدا ڕۆڵ دەبینێت.

١٩٢٧ وەک ئەکتەر ڕۆڵی مارا لە فیلمی ناپۆلیۆن دەبینێت. یەکەم نمایشی شانۆی ئەلفرێد گاری (دایکەشێتەکە) لە نووسینی ئارتۆ پێشەکەش دەکرێت، دوای ئەوە: ڕازونیازی خۆشەویستی لە نووسینی ڕۆگەر ڤیتراک، دایکێک لەگەڵ منداڵی زۆردا لە نووسینی ڕۆبێرت ئارۆن، لەسەر شانۆی ئەلفرێد گاری نمایش دەکات. لە دوو فیلمی تردا بەشداری دەکات.

١٩٢٨ سيمينارێک لە زانکۆی سۆربۆن لەسەر (هونەر و مەرگ) پێشکەش دەکات. شانۆیی (خەونەنمایشێک) لە نووسینی ستریندبێرگ پێشکەش دەکات. لە چەند فیلمێکی تردا بەشداری دەکات. چوارەم نمایشی شانۆی ئەلفرێد گاری (منداڵەکان دەسەلات دەگرنە دەست) لە نووسینی ڕۆگەر ڤیتراک پێشکەش دەکرێت.

١٩٢٩ دوا نمایشی (منداڵەکان دەسەلات دەگرنە دەست) پێشکەش دەکرێت. بەشداری لە فیلمێکی تردا دەکات و دەیەوێت کۆمپانیایەکی فیلم دابمەزرێنێت، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نابن.

١٩٣٠ بۆ بەشداریکردن لە فیلمێکدا، کە لە شانۆنامەی (ئۆپێرای دوانزە قورشییەکە)ی برتۆڵد برێشت-ەوە وەرگیراوە لە بەرلین دەژی.

١٩٣١ وەک ئەکتەر لە چەند فیلمێکی تری سینەماییدا کار دەکات. نمایشێکی سەماکارەکانی دوورگەی بالی لە پاریس دەبینێت و کاریگەرییەکی زۆری تێدەکات. سەرلەنوێ بۆ کاری هونەری دەچێتەوە بۆ بەرلین. سیمینارێک لە زانکۆی سۆربۆن سەبارەت بە دەرهێنان و مێتافیزیک پێشکەش دەکات.

١٩٣٢ یەکەم مانیڤێستی شانۆی توندوتیژ بڵاو دەکاتەوە.

١٩٣٣ پەیوەندیی لەگەڵ خانمە نووسەری ئەمەریکی ئەنانییس نین دروست دەکات. سیمینارێک لە زانکۆی سۆربون سەبارەت بە شانۆ و تاعوون پێشکەش دەکات. دووەم مانیڤێستی شانۆی توندوتیژ دەنووسێت.

١٩٣٤ لە فیلمێکدا بەشداری دەکات، کە لە جەزائیر وێنەی دەگرن. سیمینار پێشکەش دەکات و بەشێک لە دەقەکانی دەنووسێت.

١٩٣٥ نمایشی بنەماڵەی تشنشی لە پاریس نمایش دەکات.

١٩٣٦ دەچێت بۆ مەکسیک. سیمینارێک سەبارەت بە (شانۆ و خواوەندەکان) لە زانکۆی مەکسیکۆ سیتی پێشکەش دەکات. سیمینارێک سەبارەت بە (شانۆی دوای جەنگ لە پاریس) لە سەنتەرێکی فەرەنسی لە مەکسیکۆ پێشکەش دەکات. دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو سیسیلیا شارەمێی-دا دەکات.

١٩٣٧ لە سیسیلیا شارەمێی جیا دەبێتەوە و هاوسەرگیرییەکەیان سەرناگرێت. سەفەر دەکات بۆ ئێرلەندە و ئەم سەفەرەی سەرەتای کۆتایی ژیانی ئارتۆیە و تووشی قەیرانێکی قووڵی ڕۆحیی گەورە دەبێت. دەیگەڕێننەوە بۆ فەرەنسا و لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندا دەیخەن.

١٩٣٨ چاپی یەکەمی کتێبی (شانۆ و هەمبەرەکەی) لە دەزگای گالیمار بڵاو دەکرێتەوە. لە یەکێک لە نەخۆشخانە دەروونییەکانی پاریس دەیخەن.

١٩٣٩ دەگوێزرێتەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە دەرەوەی پاریس و دەکەوێتە وێنەکێشان و نامەنووسین.

١٩٤٣ دەگوێزرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی دەروونی لە ڕۆدێز و دەکەوێتە ژێر چاودێریی دکتۆر گاستۆن فێردییێرێ.

١٩٤٤ چاپێکی نوێی (شانۆ و هەمبەرەکەی) بڵاو دەکرێتەوە.

١٩٤٥ کتێبی (لە سەفەری وڵاتی تاراهیومارەکانەوە) بڵاو دەکاتەوە.

١٩٤٦ لە نەخۆشخانەی ڕۆدێز دەچێتە دەرەوە. (نامە لە ڕۆدێز)ەوە بڵاو دەکاتەوە.

١٩٤٧ تابلۆکانی ڤان گۆگ لە پێشانگەیەکدا دەبینێت، هەڵسەنگاندنێکی خراپی لەسەر دەخوێنێتەوە و ئەویش بە کتێبێکی بچووک بە ناوی (ڤان گۆگ خۆکوژ بە دەستی کۆمەڵگە) وەڵامی دەداتەوە. کتێبەکە لە هەمان ساڵدا بڵاو دەکرێتەوە. لە گەلەری پاریس پێشانگەیەک بۆ تابلۆکانی دەکرێتەوە و ئارتۆ شیعرەکانی لەم پێشانگەیەدا دەخوێنێتەوە.

١٩٤٨ پاداشتی Saint- Beuve بۆ کتێبەکەی ڤان گۆگ وەردەگرێت، پرۆگرامێک بۆ ڕادیۆی فەرەنسی ئامادە دەکات، بەڵام لەدوا ساتەکاندا، ڕادەگیرێت و بڵاو ناکرێتەوە.

١٩٤٨ بە نەخۆشیی شێرپەنجەی گەدە کۆچی دوایی دەکات.



**ئارتۆ لە ماڵەکەی خۆی، لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا**

**سوپاس و پێزانین**

له كاتی سەرقاڵیم بەم كتێبەمەوە، لەگەڵ هاوڕێم كاك عەلی عوسمان یاقوب چەندان جار گفتوگۆی جیددیمان كردووە و هەمیشە ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی كردووم، دەروازەی تری بە ڕووی لێكۆڵینەوەكەمدا بۆ كردوومەتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەركی پیاچوونەوەی كتێبەكەی خستە سەر شانی خۆیی و سوودم لە تێبینییە وردە زمانەوانییەكانی وەرگرتووە. زۆر سوپاسی دەكەم.

## له بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نووسەر

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراكتیكدا، لێكۆڵینەوە ١٩٨٨

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی كوردییدا، لێكۆڵینەوە ١٩٩٥

٣-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێكۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی كوردستان.

٤-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێكۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی كوردستان.

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێكۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧-شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێكۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێكۆڵینەوە، لە بڵاوكراوەكانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩

١١-شانۆی سوێدی، لێكۆڵینەوە، لە بڵاوكراوەكانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠

١٢-لە كلاسیكەوە بۆ مۆدێرن، لێكۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠

١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠

١٤-تەرمیناڵ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١

١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەكی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣

١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێكی بێدەرەتان و نووسەرێكی ڕچەشكێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەكردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤

١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤
١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥
١٩-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥
٢٠- هارۆڵد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەڵات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥
٢١-تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦
٢٢-لاش نۆرێن، هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦
٢٣-ئەنتوان چێخەف لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧
٢٤-ساڵێک لەگەڵ کیژۆڵەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٨
٢٥-من و تۆ لەگەڵ با دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٨
٢٦-خەونەنمایشێک، سەرەتایەک بۆ مۆدێرنیزم لە شانۆی ئەوروپیدا، ناوەندی شانۆی تاڤ، ٢٠١٨
٢٧-ژیانێکی تر، شیعر، دانا رەئووف، وەرگێڕانی کەریم تاقانە، وەشانخانەی باڵندە، ٢٠١٩
٢٨-بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین تاریک داهات!، لە بڵاوکراوەکانی گروپی شانۆی گۆدۆ، ٢٠١٩
٢٩-ئەنتوان چێخەف لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس، چاپەمەنی مانگ، ئێران ٢٠١٩
٣٠- بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین تاریک داهات!، چاپەمەنی مانگ، ئێران ٢٠٢٠
٣١-ئاوگوست ستریندبێرگ، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن، دەزگای ڕەهەند، ٢٠٢٠
٣٢-وەک ئەوەی ژیان لەوێ بێت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠٢٠

**بە سوێدی**

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کاڵسۆن، ٢٠٠٨
٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦
٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢٠

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٩٢٩ | دایکم | تاهیر بن جەللون | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| ٩٣٠ | پەیوەندیی مامۆستا و قوتابی | هەورامان وریا قانع | |
| ٩٣١ | پاڵەوانی هەزاررِوو | جۆزیف کامبڵ | سەلاح حەسەن پاڵەوان |
| ٩٣٢ | خود، کۆمەڵگە و دژەکانیان | بەکر عەلی | |
| ٩٣٣ | وێڵگەی شەیتان | بورهان شاوی | حەمەڕەشید |
| ٩٣٤ | وەک ئەوەی ژیان لەوێ بێت | دانا رەئووف | |
| ٩٣٥ | کەرکەدەن | یوژێن یونیسکۆ | بەیان سەلمان |
| ٩٣٦ | مێدێ | ژان ئانوی | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٩٣٧ | سێبەرەکان | یۆن فۆسە | هاودەم ساڵح جاف |
| ٩٣٨ | ئەسکۆرِیاڵ<br>شەوێکی باراناوی | میشێل دی جیلڕود<br>ئیسماعیل ئەکبەر محەمەد | تاهیر ساڵح سەعید |
| ٩٣٩ | چەند هونەرمەندێک و هەندێک لە سەکۆکانی شانۆی هاوچەرخی فەرەنسی | د. شوان جافر | |
| ٩٤٠ | وەک قەقنەس دەسووتێم | گەزیزە | |